WWW.RUDAW.NET

# رووداو
RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (290) دووشەممە 2013/12/23 2ی بەفرانباری 2713 (750) دینار



## مادهوبالا لە بۆلیوود بۆ (رووداو) دەدوێ

**رووداو- هیندستان**

پەیامنێری (رووداو) خۆی دەگەیەنێتە ئەستێرەکانی سینەمای هیندی لە شاری سینەمای بۆلیوود لە مۆمبای و، هەڤپەیڤین لەگەڵ هەردوو هونەرمەندی ناسراوی هیندی ڤیڤان دشینە (ئارکەی) و درەشتی دهامی (مادهوبالا) دەکات. ئەو دوو هونەرمەندە هیندییە کە لە بۆلیوود سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەلقەکانی درامای مادهوبالا بوون، ئامادەیی خۆیان نیشان دا بێنە شاری هەولێر، ئەگەر لایەنێک بانگهێشتیان بکات. ئارکەی کە هەواداری زۆرن لە نێو گەنجانی کورد بە تایبەتیش کچان گوتی "با کچانی کورد دڵیان بە من خۆش نەکەن، چونکە تازە من ژنم هێناوە". هەروەها گوتی "زانیاریم لەسەر گەلی کورد هەیە، زۆرجار خەڵکی کوردستان لە رێگەی فەیسبووکەوە پەیامم بۆ دەنێرن". بەڵام مادهوبالا دەڵێت ئەو هیچ زانیارییەکی لەبارەی گەلی کوردەوە نییە.

« 12



حەیران ئینشیقاقی تێکەوت

2



بەغدا ..
"پێشمەرگە" و "جیهادی" کێشەیان لەسەرە

7



ئەفریقای باشوور لە باشووری کوردستان ناچێت

10

جێگری سەرۆکی حکومەتی دەوێ

# یەکێتی: رێککەوتنی ستراتیژی بنەمای سەرەکی بەشداریمانە لە حکومەت




## پارتی:
## رێککەوتنەکە تەنیا بریتی نییە لە دابەشکردنی 50 بە 50ی پۆستەکان

« 4




رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (290)  دووشەممە  2013/12/23

## تۆمەتبارانی کەیسی سووتانی هۆتێل سۆمای ئازاد دەکرێن



**رووداو– سلێمانی**

رۆژی یەکشـــەممە دادگای سلێمانی دانیشتن□کی لەســـەر کەیسی سووتانی هۆتێل سۆما ئەنجامداو دواجار بڕیاردرا سەرجەم ئەو کەسانە ئازادبکرێن، کە لە دۆسییەکە تێوەگلابوون. شەوی 2010/7/16 هۆتێل سۆما، کە دەکەوێتە سەر شەقامی سالم لە شاری سلێمانی ئاگری گرت و بەو هۆیەوە 27 کەس گیانیان لەدەستدا، لەنێویاندا 13 بیانی هەبوون.

### دوای مردنی دایکی لە نیپاڵ

# سلێمانی.. کچە نیپاڵییەک لەناو ئەو ماڵەی کاری بۆ دەکردن خۆی دەخنکێنێ



**چۆمان مەحموود**
**رووداو– سلێمانی**

لاما، بە بێدەنگی و بێ ماڵئاوایی لەو خێزانە کوردەی کاری بۆ دەکردن، خۆی خنکاند. بڕیارە لـــە رۆژانی داهاتوودا تەرمەکـــەی ببرێتەوە بۆ زێدی خۆی لە نیپاڵ، بەڵام تا ئێســـتا چیرۆکی خۆخنکاندنەکـــەی بە تەمومـــژاوی ماوەتەوە، چونکە دوای خۆی هیچی جێنەهێشتووە کە باس لە هۆکاری خۆخنکاندنەکەی بکات.

ئەو کیژۆڵە ئەســـمەرە نیپاڵییـــە، لە ماڵی خێزانێکی خواپێداوی گەڕەکی عەقاری شـــاری سلێمانی وەک کارگوزاری ماڵ کاری دەکرد. ئەو خێزانە سەریان سوڕماوە لەو کارەی لاما و دەڵێن ئەو کچە هیچ کێشەیەکی نەبووە لەگەڵیان، لە کاتی رووداوەکەش کەسیان لە ماڵ نەبوون.

ئـــەو کچە نیپاڵییە کە تەمەنی 24 ســـاڵە، سەرلەبەیانی رۆژی 2013/12/22 لەناو ماڵێک لە سلێمانی بە پەت خۆی خنکاندووە، پۆلیس دەستیکردووە بە لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە. ئەو خێزانە کوردە بە پۆلیسی سلێمانییان راگەیاندووە کە بیستوویانە دایکی لاما لەو ماوەیەدا نەخۆش بووەو باری تەندروستی خراپ بووە، بەرلەوەی لامـــا خۆی بخنکێنێـــت دایکی کۆچـــی دوایی کردووە، پێدەچێت بەهۆی کۆچی دوایی دایکی خۆی خنکاندبێ، بەڵام ئەوە تەنیا گومانی ئەو خێزانەیە لەسەر خۆخنکاندنی لاما.

نیپال یەکێکە لە وڵاتە هەژارەکانی رۆژهەڵاتی ئاســـیا، دەرفەتی کار لەو وڵاتـــەدا زۆر کەمە، بۆیە زۆر لە دانیشتووانی ئەو وڵاتە بە تایبەتی گەنجەکانیان بە هەردوو رەگەزەوە روو لە وڵاتانی ئەورووپاو ئاســـیا و کەنداو دەکەن بۆ کارکردن، هەندێک لەوانەش روویان لە کوردستان کردووە.

سارییای 35 ســـال کە یەکێکە لەو دایکانەی لـــە نیپاڵەوە هاتووە و لە ماڵێکدا لەسـلێمانی گیرســـاوەتەوە، لەماڵی هاووڵاتیەکدا خزمەتی ژنێکی نەخۆش دەکات، بە (رووداو)ی راگەیاند "دوو منداڵم بەجێهێشـــتووە، مێردەکەشـــم لە کەنـــداو کار دەکات، هەر منداڵێـــک دەبینم وا دەزانم منداڵی خۆمن، حەز دەکەم یەکســـەر لە باوەشیان بگرم".

نەقیـــب ســـەرکەوت ئەحمـــەد، گوتەبێژی پۆلیسی ســـلێمانی لەبارەی خۆخنکاندنی ئەو کچە بە (تـــۆڕی میدیایـــی رووداو)ی راگەیاند "کاژێر دوانزەی نیوەڕۆ پەیوەندییان پێوەکردین کە کەسێک خۆی خنکاندووە، کاتێک گەیشتینە شـــوێنی رووداوەکە، بینیمان کچێکی گەنج بوو بە پەتێکەوە هەڵواسرابوو، تەرمەکەمان رەوانەی پەیمانگای پزیشکی دادوەری سلێمانی کردووە تاوەکو ئاشکرا ببێت کەسەکە خۆی کوشتووە یان کوژراوە، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان خۆی خنکاندووە".

بەهۆی باشبوونی رەوشی ئابووریی خەڵکی کوردستان و ســـەرقاڵبوونی ژنان بە کاروباری دەرەوە، ئێســـتا هەندێـــک لـــەو ماڵانەی باری گوزەرانیان باشـــە کارگـــوزاری کچ دەهێنن بۆ ماڵەکانیان. بوونی کارگوزار لەو ماڵانە ئێســـتا لە حاڵەتـــی تێپەڕاندووە و بووەتـــە دیاردە و چاولێکەری.

بەڕێوەبـــەری کۆمپانیای میـــری بابان کە کرێکاری بیانی دێنێتە کوردســـتان، سەبارەت بە هێنانی ئەو کچانە دەڵێت "مافیان پارێزراوە، پارێزەر و توێژەری کۆمەڵایەتییان هەیە، تەنانەت سەندیکای کرێکارانیش چاودێرییان دەکات و لە خەمیان دەپرسێتەوە".

ئەو بەرپرسەی کۆمپانیاکە پێیوایە مامەڵەی خەڵکیش لەگەڵیـــان لە هەرێمی کوردســـتان لەوپـــەڕی باشـــیدایە. قســـەی خاوەنـــی ئەو کۆمپانیایـــە تـــەواو پێچەوانەی ئـــەوە بوو کە پەیامنێـــری (رووداو) لە کاتی هێنانە دەرەوەی تەرمـــی ئەو کچە نیپاڵییە لە ماڵەکەی عەقاری بینی، کاتێک تەرمەکە لەماڵەکە هێنرایە دەرەوە، کەس لەو خێزانە خەمی ئەوەیان نەبوو تاوەکو دەرگای دەرەوە بەڕێی بکەن.

وابڕیارە تەرمی لاما لە رێگەی فڕۆکەخانەی ســـلێمانییەوە ببرێتەوە بۆ نیپال. رۆیشتنەوەی نیپاڵییـــەکان بەگشـــتی بۆ وڵاتەکەیـــان لەو کاتانەدایـــە کە پارەی بەشـــی چەند ســـاڵێک ژیان لەگەڵ خۆیان دەبەنـــەوە، بەڵام لاما وای نەکـــرد و دیار نییە کێ پارەی رەوانەکردنەوەی تەرمەکەشی دەدات.

# حەیران ئینشیقاقی تێکەوت

## "ئەوانەی کراونەتە سەرپەرشتیار پەیوەندییان بە حەیرانەوە نییە و پارتی دایناون"

**سۆران بەهائەددین**
**رووداو– هەولێر**

کۆنفرانســـی ناوەنـــدی حەیران کـــە رۆژی 2013/12/16 لە هەولێر بەســـترا، ئینشیقاقی تێکـــەوت، ژمارەیـــەک لـــە بەشـــداربووانی کۆنفرانسەکە هۆڵەکەیان بەجێهێشت، بەڕێوەبەری کۆنفرانســـەکەش هـــاواری دەکرد "خۆ هێشـــتا هیچمان نەکردووە، وەرنەوە".

جێهێشتنی کۆنفرانســـی ناوەندی حەیران لە هەولێـــر، دوای ئـــەوە هات کە نـــاوی 17 کەس وەکو سەرپەرشـــتیاری ناوەندەکە خوێندرایەوە، ژمارەیەکیش ناڕازی بـــوون لەو ناوانە و گوتیان "ئەوانـــەی ناویـــان خوێندرایـــەوە زۆربەیـــان پەیوەندییان بە حەیرانەوە نییە، ئەوانە حیزبین و پارتی دایناون".

ســـەعدوڵڵا شـــێخانی، لێکۆڵەری حەیران و سەرپەرشـــتیاری ناوەندی حەیـــران لە هەولێر، بـــە (رووداو)ی گـــوت "ئەوانەی لـــە ناوەندەکە وەردەگیرێن، لەســـەر چەنـــد بنەمایەکە: دەبێ حەیرانبێژ بن، دانەری حەیران بن لە شیعر و ئاواز، نووســـەر و لێکۆڵەری حەیران بن، میوزیکژەنی حەیران بن، ئەوانەی کاری ئەرشیف و پاراستنی حەیرانیان کردووە.

ئـــەو ناوەندە تا ئێســـتا 100 ئەندامی هەیە کە هەموویان خەڵکی هەولێرن، شـــێخانی گوتی "حەسەن سیساوە سەری لیستەکەی گرتووە، 40 حەیرانبێژ 20 موزیکژەن و 20 نووســـەر لەگەڵ پارێزەری حەیران و ئەوانەی کاریان بۆ کەلەپوور کردووە، ناویان لە لیســـتەکەدایە". گوتیشـــی "مانگانە 4 ملیۆن دینار وەردەگرین کە بۆ کرێی بارەگا و پاسەوان و چایچی و مەسرەفە".

یەکێک لەوانەی ناڕازی بوو لە کۆنفرانسەکە بە (رووداو)ی گوت "ئەوانەی خۆیان بە دامەزرێنەری ناوەندی حەیـــران داناوە، هەموویـــان پارتین و زۆریشـــیان پەیوەندییان بە حەیرانـــەوە نییە، لایەنگرانی حیزبەکانی دیکەیان فەرامۆش کرد".

سەعدوڵڵا شـــێخانی وەڵامی ئەوان دەداتەوە و دەڵێت "ئەوانەی هەســـتان، دەیانگوت بێزارین لـــەوەی کە هیچ حیســـابمان بۆ نەکـــراوە، ئەو قســـەیە هیـــچ بنەمایەکـــی نییە، ئێمـــە لەوێ حیزبایەتـــی ناکەیـــن، 80%ی حەیرانبێژەکانی هەولێر نەخوێندەوارن، یان خوێندەوارییان کەمە، ئاگاداری ســـەردەمی عەولەمە نین، حەیرانبێژی یەکێتی و پارتی هەیە، بەڵام لە دانیشـــتنەکاندا باســـی سیاســـەت ناکەین، حەیران کەلتوورە و کاری هەمووانە بیپارێزین، ئەگەر حەیرانبێژ نەبێت ناوەندەکەمان بە هیچ ناچێت، بۆیە چووینە لایان و لەگەڵیان رێککەوتین، شەو لە ماڵی حەیرانبێژێک کۆبووینەوە".

شـــێخانی هەروەها دەڵێـــت "ئەمجارە ماڵی خۆمـــان رێکخســـتووە، 4 حەیرانبێـــژ وەکـــو سەرپەرشـــتیاری وەرگرتنی حەیرانبێژان دیاری کران کە دەسەڵاتی تەواویان هەیە".

شێخانی کە لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر حەیران کردووە، دەڵێت "ئێستا 80 حەیرانبێژمان هەیە و نزیکەی 50 کەســـیان بەناوبانگـــن، ئەوانەی مردوویشن نزیکەی 60 کەس دەبن لە هەولێر، بۆیە ئەو ناوەندە گرنگی خۆی هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی حەیران، بەنیازین لە هەموو بۆنەکان فێستیڤاڵی حەیران ساز بکەین".



دیمەنێک لە کۆنفرانسی ناوەندی حەیران لە هەولێر (فۆتۆ: رووداو)



# بزووتنەوە دەستبەرداری هێنانەوەی مەلا کرێکار دەبێ

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو– سلێمانی**

ئەندامێکـــی مەکتەبـــی سیاســـی بزووتنەوەی ئیسلامی رایگەیاند کە بەهۆی ئەوەی لەلایەن خێزانی مـــەلا کرێکارەوە داوامان لێکراوە چیتر کار لەســـەر هێنانەوەی مەلا کرێکار نەکەین، "دەستبەرداری ئەو مەســـەلەیە بووین". ئەندامێکی پێشووی مەکتەبی سیاســـی بزووتنەوەکەش دەپرسێ "ئیسلامییەکان سەلامەتیی ئەندام و لایەنگرانی خۆیان پێ گەرەنتی دەکرێ، تاوەکو کار بۆ هێنانەوەی مامۆستا کرێکار و سەرکردەکانی دیکە بکەن لە دەرەوە؟".

شـــوان قەڵادزەیی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی، بڕوای وایە بەهۆی هەڵوێستی خێزان و کەسوکاری مەلا کرێکار، ئەمیری پێشووی ئەنسارولئیســـلام ئەوان ناتوانن لە هەوڵەکانیان بە ئاکامێک بگەن لەگەڵ بەرپرســـانی یەکێتی و پارتی بۆ کۆتاییهێنان بە دۆسیەی مەلاکرێکار و گێڕانەوەی بۆ هەرێمی کوردســـتان "ئێمە هەر هەوڵێک بدەین، کاک خالیـــد رەنجدەری بـــرای وەڵاممان دەداتەوە و دەڵێ پێویست ناکات هیچ لایەنێکی ئیسلامی خۆی بەو پرســـەوە ســـەرقاڵ بکات و خۆمان چارەسەری دەکەین".

چەند مانگێـــک لەمەوبەر، داواکاری گشـــتی لە نەرویج بڕیاری دا مەلا کرێکار بەتۆمەتی هەڕەشـــە لـــە خەڵکانێک کە بڕوایان بە ئاینی ئیســـلام نییە، یان لەسەر هاندانی خەڵک بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی، بداتە دادگا و لە رۆژی 2012/2/15ەوە دادگاییکردنی مەلا کرێکار لە نەرویج دەستیپێکرد. چەند داوایەک لەســـەر مەلا کرێکار هەیە و بەپێی پەرەگرافەکانی 140 و 99 و 227 لە یاســـای ســـزادانی نەرویجی و پەرەگرافی 147، یاســـای تیرۆری نەرویجی پێشێل کردووە، بەڵام لە هەموو دانیشتنەکاندا، مەلا کرێکار جەخـــت لـــەوە دەکاتەوە کە هیچ لـــەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵی راست نین.

ئەبوبەکر تاماس، ئەندامی پێشـــووی مەکتەبی سیاســـی بزووتنەوەی ئیســـلامی، دەڵێ مانگی 3 دواهەمین دانیشـــتنی دادگایی مامۆستا کرێکارە لە دادگای نەرویج و گوتیشی "بزووتنەوەی ئیسلامی کە نەتوانێ گرەنتی سەلامەتی ئەندامەکانی خۆی بکات، چۆن دەتوانێ مەلا کرێکار بهێنێتەوە بۆ سلێمانی بەو هەموو کێشەیەی لەدەوری کۆکراوەتەوە؟". گوتیشی "ئەگەر ســـێ لایەنە ئیسلامییەکەش گرەنتی بدەن، هێشتا ناتوانن تاوەکو رەزامەندی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتییان پێنەبێ".

مەلا کرێـــکار یەکێک بـــوو لە ســـەرکردەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی، ساڵانێک لە سلێمانی گوتاربێژی مزگەوتی جیهاد بوو کە لە گوتارەکانیدا زۆر بە توندی رەخنەی لەیەکێتی و پارتی دەگرت. دواتر لە شەڕی نێوخۆی بزووتنـــەوە و یەکێتیدا، چووە هەڵەبجە و پاشتریش کە لە بزووتنەوەی ئیسلامی جیابوونەوە، رێبەرایەتی جوندولئیسلامی گرتە ئەستۆ.

ئەندامێکی سەرکردایەتی بزووتنەوە کە نەیویست نـــاوی بڵاوبکرێتـــەوە، دەڵێ ئەگـــەر بزووتنەوەی ئیســـلامی، یان کۆمەڵی ئیســـلامی و یەکگرتووی ئیســـلامیش کارئاســـانی بۆ گەڕانەوەی بکەن "ئەو ناگەڕێتـــەوە و خـــۆی ناخاتەوە نێو ئـــەو لایەنانە، چونکە لە هەڵبژاردنەکانی پێشووشدا ئەو بە ئاشکرا پشـــتگیری ئەوانی نەکـــرد و داوای لە خەڵک کرد دەنگ بە ئیســـلامییەکان نەدەن". گوتیشی "ئەو لە ئیسلامییەکان نائومێدە".

بەڵام شـــوان قەڵادزەیـــی، ئەندامـــی مەکتەبی سیاســـی، باس لەوە دەکات کە لە دانیشـــتنەکانی ئەوان لەگەڵ مەکتەبی سیاســـی پارتی و یەکێتی، باسی گێڕانەوەی مەلا کرێکاریان بە تەنیا نەکردووە و قســـەیان بۆ گێڕانەوەی ئەو سەرکردانەی دیکەی بزووتنەوە کردووە کە لـــە دوای 2003وە لە رێگای ئێرانـــەوە هەرێمـــی کوردســـتانیان جێهێشـــتووە "پێمانگوتوون واباشـــە چیتر ئەوانە لەدەرەوە نەبن و بگەڕێنەوە، چونکە لەوانەیە ئێستا بیروبۆچوونیان گۆڕابێ، مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتیش دەڵێن ئێمەش پێمان باشە، بەڵام هیچیتر ئەو گفتوگۆیانە بەرەوپێش نەچوون".

قەڵادزەیی زیاتر لەبارەی ئەو سەرکردانەوە باسی رای یەکێتی و پارتـــی و دەزگا ئەمنییەکانی کرد و گوتـــی "رای ئەوان بۆ گەڕانەوەی ئەو ســـەرکردانە ئەرێنی بوو کە هیچ داوایەکی خەڵکیان لەسەر نییە و سکاڵایان بەدواوە نییە".

ناوبراو هەروەها دەڵێ، ئەگەر کەســـوکاری مەلا کرێکار سەرپشکیان بکەن، ئەوان دەتوانن کارئاسانی بۆ گەڕاندنـــەوەی بکەن بۆ هەرێمی کوردســـتان "بەڵام پێمانگوتراوە خۆمان ئەو کێشـــەیە چارەسەر دەکەین".

ڕووداو
ژمارە (290) دووشەممە 2013/12/23

## کاتی تۆمارکردنی قەوارەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دیاری کرا

**ڕووداو- هەولێر**

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بانگهێشتی ئەو قەوارە سیاسییانە دەکات کە دەیانەوێت لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەشداری بکەن بۆ ئەوەی ناوەکانیان تۆمار بکەن. سەربەست مستەفا ئامێدی، سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند وادەی تۆمارکردنی ناوی لیست و قەوارەکانیان دیاری کرا، کە لە 2013/12/24 تا 2013/12/27 دەبێت. سەربەست ئامێدی گوتی "بەهیچ شێوەیەک ئەو وادەیەی دانراوە درێژناکرێتەوە، ئەوەش بۆ ئەوەیە ئەگەر کەسێک ئێستا بەنیاز بێت نوێی بکاتەوە ڕێگای پێدرابێت".

### داواکەی تاوتوێ دەکەن

# نەوشیروان مستەفا بۆ سەرکردە زویرەکانی گۆڕان:

# لە کۆنگرە دەسەڵاتی بڕیاردانتان هەیە

**عوسمان بانیمارانی:**

### سەرنج و تێبینی ئێمە لەسەر شێوازی بڕیاردان و سیاسەتی گۆڕان نەگۆڕاوە

**هەڵسوڕاوێکی باڵای پێشووی گۆڕان:**

### گۆڕان وەکو دووکانێکی لێهاتووە و تەنیا یەک کەس بەڕێوەی دەبات

**سەفین مەلا قەرە:**

### ئەگەر سەرکردە زویرەکان بەشدار نەبن، کاریگەرییان لەسەر کۆنگرە دەبێ

**هێڤیدار ئەحمەد و نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- هەولێر، سلێمانی**

نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان هەموو هەوڵەکانی خۆی خستووەتە گەڕ بۆ بەشدارکردنی سەرکردە زویرەکانی گۆڕان لە یەکەمین کۆنگرەی گۆڕاندا کە بەبێ هیچ هەڵبژاردنێک و بەبێ داوەتکردنی هیچ لایەنێکی سیاسی کوردستانی و عێراقی و جیهانی لە کۆتایی ئەم هەفتەیە لەشاری هەولێر بەڕێوەدەچێ.

هێشتا دیار نییە ئەوانەی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا بەردی بناغەی بزووتنەوەی گۆڕانیان دانا و ئێستا لە سیاسەتی کەسی یەکەمی ئەو بزووتنەوەیە نیگەرانن، بەشداری کۆنگرەکە دەکەن یان نا.

### دەسەڵاتی بڕیاردانیان دەداتێ

هەڵسوڕاوێکی باڵای بزووتنەوەی گۆڕان کە نزیکە لە نەوشیروان مستەفا، ئاشکرای کرد کە ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەکە هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی سەرکردە نارازییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بەشداری کۆنگرە بکەن. ئەو هەڵسوڕاوە بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "کاک نەوشیروان سەردانی ماڵی کاک عوسمانی حاجی مەحموودی کردووە و پێشتریش سەردانی ماڵی کاک قادری حاجی عەلی کردووە، بە تەلەفۆنیش قسەی لەگەڵ هەریەک لە سەلاح ڕەشید، سالار عەزیز و عوسمان بانیمارانی کردووە بۆ ئەوەی بەشداربن لە کۆنگرەدا".

ئەو هەڵسوڕاوە بەشێک لە قسەکانی نەوشیروان مستەفا کە لەگەڵ سەرکردە زویرەکانی کردووە باس کرد و گوتی "تەنانەت کاک نەوشیروان پێیگوتوون دەسەڵاتی بڕیاردانیشتان هەیە لە کۆنگرە، فەرموون بەشداربن. بەڵام هەریەکەیان بەشێوەیەک وەڵامیان دایەوە و کەسیان نەیانگوت بەشدار دەبن یان نا".

سەلاح ڕەشید، یەکێک لە هەڵسوڕاوە زویرەکان تێبینی هەیە لەسەر بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئێستای گۆڕان و پشتڕاستیکردەوە کە نەوشیروان مستەفا، پەیوەندی بە ئەوانەوە کردووەو بە (ڕووداو)ی گوت "بەڵێ کاک نەوشیروان بۆ بەشداریی ئێمە لە کۆنگرەدا پەیوەندی پێوە کردین، بەڵام هێشتا وەڵاممان نەداوەتەوە".

### بۆ دەستهەڵبڕین ناچن

دوای دروستکردنی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان لەلایەن نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەکە کە لە 2012/11/10 یەکەم کۆبوونەوەی خۆی بەست، هەریەک لە قادری حاجی عەلی، عوسمانی حاجی مەحموود، سالار عەزیز و عوسمان بانیمارانی، وەک نارەزاییەک لە شێوازی دروستکردنی ئەنجوومەنەکە چوونە ماڵەوە و تاوەکو بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی پەرلەمانی کوردستان تەنیا یەکجار سەردانی گردی زەرگەتەیان کرد و دووبارە بایکۆتی کارکردنیان لەنێو گۆڕان کردەوە.

لە ماوەی ڕابردوودا نەوشیروان مستەفا چەند جارێک سەردانی ئەو سەرکردە نارازیانەی کردووە یان بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردوون، بەڵام ئەو سەردان و پەیوەندیانە لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕان زیاتر وەکو پەیوەندی و سەردانی کۆمەڵایەتی لێکدرانەوە.

(ڕووداو) زانیویەتی کە سەرکردە زویربووەکان پێکەوە دادەنیشن و تاوتوێی داواکەی ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەن کە ئایا بەشدار دەبن لە کۆنگرەکە یان نا.

یەکێک لە سەرکردە زویربووەکان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "کارەکانی کۆنگرە هەمووی تەواوبووە و لەنێو کۆنگرەش هیچ هەڵبژاردنێک نییە، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان هەڵنابژێردرێ، ئیدی نازانین محەلی ئێمە لە ئیعراب چییە، ئەگەر بەشداریش بین دەچین دەست هەڵدەبڕین بۆ بڕیارێک کە نە لە دوور و نە لە نزیکەوە لێی ئاگادار نین و بەشدار نین لە داڕشتنی".

### "گۆڕان بووە بە دووکان"

ئەو هەڵسوڕاوە ئەوەشیگوت کە "پێمباشە بە بەشداریکردن یان نەکردن ڕایەکی هاوبەشمان هەبێ"، چونکە بە بڕوای ئەو "گۆڕان وەکو خۆیەتی و ئەو سیاسەتەی ئێمە لێی ڕازی نین هەر ماوە و بگرە بزووتنەوەکە وەک دووکانێکی لێهاتووە، کە یەک کەس بەڕێوەی دەبات و ئەمەش نابێ".

ئەو هەڵسوڕاوە ئەوەشی بە بیری ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان هێنایەوە کە ئەگەر ئەوان نەبوونایە و بەخەڵکیان نەگوتبا دەنگ بە گۆڕان بدەن لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان، ئەوا گۆڕان ئەو هەموو دەنگەی نەدەهێنا".

لای خۆیەوە عوسمان بانیمارانی یەکێک لە سەرکردە زویربووەکانی بزووتنەوەی گۆڕان نەیشاردەوە کە داوەتکراوە بۆ کۆنگرە و بە (ڕووداو)ی گوت "کاک نەوشیروان خۆی تەلەفۆنی بۆ کردم کە بەشداربم لە کۆنگرەکە، بەڵام تاوەکو ئێستا بڕیارم نەداوە، لە ڕۆژانی پێش کۆنگرە بڕیاری کۆتایی دەدەم".

ئایا وەڵامی هەر چوار سەرکردە زویرەکە هاوبەش دەبێ یان نا، بانیمارانی گوتی "جارێ دیار نییە ئایا وەڵامێکی هاوبەشمان دەبێ یان نا، بەڵام لە شێوەی بەڕێوەبردنی بزووتنەوەی گۆڕان نارازین و سەرنج و تێبینیمان هەیە و ئاگاداری پرۆگرامی کۆنگرە نین".

عوسمان بانیمارانی بێ ئاگایی خۆی لەسیاسەت و بڕیارەکانی ئێستای کەسی یەکەمی نێو گۆڕان دەربڕی و گوتی "نازانین ئەجێندای کاک نەوشیروان بۆ کۆنگرە و بەڕێوەبردنی گۆڕان لە دوای کۆنگرە چییە و چۆن دەبێ".

### ئەگەر بەشدار نەبن کاریگەرییان دەبێ

جەمال محەممەد، سەرۆکی جڤاتی نیشتیمانی گۆڕان لەبارەی هاتن و نەهاتنی سەرکردە زویرەکان گوتی "ئاگادارین کە کاک نەوشیروان داوای لێکردوون بەشداربن لە کۆنگرەکە و وەڵامەکەی ئەوانیش ئیجابی بووە". گوتیشی "ئومێد دەکەم ئەوان بەشدار بن لە کۆنگرەکەدا".

هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕانیش باسی کاریگەری سەرکردە زویربووەکان دەکات لەسەر کۆنگرە. سەفین مەلا قەرە لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی گوت "پێمان ناخۆشە کە بەشدار نەبن لە کۆنگرەکە، چونکە ئەگەر بەشدار نەبن کاریگەرییان دەبێ".

سەبارەت بەوەی ئایا لەنێو کۆنگرە هەڵسەنگاندن بۆ کار و بڕیارەکانی نەوشیروان مستەفا وەکو ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان دەکرێ، سەفین مەلا قەرە گوتی "کاک نەوشیروان مەعسوم نییە لە ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانی ئەویش دەکرێ".

### 350 ئەندامی هەڵبژێردراو لەکۆی 1180 بەشدار

ئەمە یەکەمین کۆنگرەی بزووتنەوەی گۆڕانە ئەنجام دەدرێ، ئەندامێکی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە ژمارەی تەواوی ئەندامانی کۆنگرەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "هەزار و 180 ئەندامن کە تەنیا 350 ئەندام بە هەڵبژاردن هاتوون و ئەوانی دیکە بە تەزکیە دێن".

سەبارەت بە هۆی بەستنی کۆنگرەی گۆڕان لە شاری هەولێر، ئەندامەکەی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە گوتی "سەرەتا بەنیازنەبووین ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە بگاتە هەزار کەس، بەڵام داواکاری هەبوو لە نێو ئۆرگانەکانی گۆڕان و نارازیبوون لەوەی هەندێ کەس نەبنە ئەندامی کۆنگرە، بۆیە ژمارەکە زیادکرا، ئەمەش وایکرد کە هۆڵەکەی گردی زەرگەتە بەشیمان نەکات، بۆیە داوامانکرد کۆنگرە لە تەلاری هونەر لە سلێمانی ئەنجام بدرێ، بەڵام بە بیانووی نۆژەنکردنەوە و خولی دروومان، هۆڵەکەیان پێنەداین، بۆیە بڕیار درا لە هەولێر کۆنگرە بکرێت".

### "کەس بانگ ناکەین"

بەپێی قسەی بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان، کۆنگرەی یەکەمی بزووتنەوەکەیان گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە شێوازی کاری سیاسی بزووتنەوەکەدا بەدیناهێنێت، بەو پێیەی زیاتر تایبەت دەبێ بە هەڵسەنگاندنی کاری بەش و ئۆرگانەکانی ئەو بزووتنەوەیە لە ماوەی 4 ساڵی ڕابردوودا. ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ، لە دوای کۆنگرەوە "بایەخێکی زیاتر بە شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان دەدەین".

محەممەد حاجی، هەموو ئامانج و تەوەرەکانی یەکەمین کۆنگرەی گۆڕانی لە چەند خاڵێکدا کورتکردەوە "پێداچوونەوە بە سیاسەت و گوتاری سیاسی و گوتاری ئیعلامی و کاری فراکسیۆنەکانیدا دەکات و بەرنامەیەکی نوێ بۆ کاری سیاسی داهاتووی خۆی دادەڕێژێت". ناوبراو چاوەڕوانیش دەکات، بزووتنەوەکە "لەو کۆنگرەیەدا پێداچوونەوە بە کەموکوڕییەکانی خۆشیدا بکات".

ئەندامێکی لیژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە کە بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتی لێدوانی نییە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی هەموو ئامادەکارییەکانی کۆنگرە لە تەواوبووندان و ئێستا دەتوانین کۆنگرەکە ببەستین.

وەک ئەو ئەندامەی لیژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە باسیکرد، دەیانەوێ لە زۆر ڕووەوە کۆنگرەکەی ئەوان لەوانەی پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی دیکە جیاوازبێت "تەنانەت نامانەوێ هیچ لایەن و پارتێکی سیاسی بەشداری لە کۆنگرەکەدا بکات و داوەتنامە بۆ هیچ لایەنێک نانێرین، چونکە تایبەتە بەخۆمان و پێویست ناکات لایەنەکانی دیکە بانگ بکرێن".

### "پۆستەکانی سلێمانی باسدەکرێن"

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لەئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کە ئەندامی کۆنگرەکەیە، دەڵێت ڕاپۆرتێکی ئامادە کردووە تاوەکو لە کۆنگرەدا بیخوێننەوە. هەندێک لە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەشی بۆ (ڕووداو) ئاشکراکرد و گوتی باسی ئەو گۆڕانکارییانە دەکەین لە لیستی 109ی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ڕوویدا و دواتر فراکسیۆنی گۆڕان دروستکرا".

دانا عەبدولکەریم، هەروەها دەڵێت "گرنگە بەلامانەوە لە کۆنگرەدا باسی دەسەڵاتی لامەرکەزی پارێزگاکان ببەینە کۆنگرەی گۆڕان، بۆچی لە عێراق پارێزگاکان دەسەڵاتی لامەرکەزییان هەبێ و لە هەرێمی کوردستان ئەو مافە لە پارێزگاکان قەدەخە کراوە".

پێشتر ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی 2013/11/21ی وەک دوا وادە دانا بۆ پارێزگاری سلێمانی، بۆ ئەوەی دەست لەکار بکێشێتەوە و ئەنجوومەنەکە پارێزگارێکی دیکە دابنێ، بەڵام ئەو ڕۆژە سەرۆک فراکسیۆنەکان کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و بڕیاریاندا ئەوە جێبهێڵن بۆ ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان. دانا عەبدولکەریم دەڵێ "بێگومان لە کۆنگرەدا باسی ئەنجامەکانی ئەو گفتوگۆ سیاسییەش دەکەین لەبارەی گۆڕینی پارێزگار و پۆستە ئیدارییەکانی سلێمانی".

### "هەندێک بارەگا دەبەنە بادینان"

لەوەتەی بزووتنەوەی گۆڕان دامەزراوە، زیاتر وەک بزووتنەوەیەکی ناوچەیی سەیری دەکرێ، چونکە مەکۆی سەرەکی و بەشێکی هەرە زۆری ئەندامانی جڤات و بارەگاکانی لە پارێزگای سلێمانین و تەنانەت لە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەشدا، نەیتوانی لە پارێزگای دهۆک ئەو هەڵبژاردنە ئەنجام بدات بە هۆی کەمیی ژمارەی ئەندامانیەوە.

محەممەد حاجی، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێ لە دوای کۆنگرە "قورسایی زیاتر دەبەینە هەولێر و بەشێک لە دامەزراوەکانی بزووتنەوەکە دەبەینە هەولێر، هەرچەندە ئێستا ژمارەیەک بارەگا و ژوورەکانمان لە هەولێرن". بەبڕوای ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە "هەندێک بارەگای دیکەش ببەینە پارێزگای دهۆک و بادینان، ئێمە لە 12 ژووری بزووتنەوەکە ئێستا 4 ژوورمان هێناوەتە هەولێر".

### "هۆڵەکەمان بەکرێ گرتووە"

ئەندامێکی لیژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە ڕایگەیاند، پێشتر ڕەخنەی زۆریان لێدەگیرا بەوەی ناوچەگەرێتی دەکەن و لە چوارچێوەی سلێمانی ناچنە دەرەوە "بۆیە هەولێرمان هەڵبژارد کۆنگرەکەی تێدا ئەنجام بدەین". ڕێباز محەممەد عەبدوڵڵا گوتیشی، لەبەر ئەوەی هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە و جموجوڵە سیاسی و ئیدارییەکانی حکومەت لەو شارەیە، پێمانخۆش بوو لەو شارە بێ.

ڕێباز محەممەد، جەخت لە قسەکانی ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی گۆڕان دەکاتەوە کە گوتی هیچ لایەنێک بانگهێشت ناکرێ "هیچ میوانداریيەک لە کۆنگرەی بزووتنەوەی گۆڕاندا نییە، نە وەک حیزبەکان و نەوەک کەسایەتییەکان".

ڕێباز محەممەد، دەڵێ کۆنگرەکە "لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵڵا دەبەسترێ و بۆیە ئەو شوێنەمان هەڵبژارد، چونکە سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانە، کاتێک داوامان کرد ئەو هۆڵەمان بدەنێ، بە سوپاسەوە داواکەیان قبوڵکردین و وەزارەتی ناوخۆ پاسەوانێتی دەرەوەی هۆڵەکە بەڕێوەدەبات و ناو هۆڵەکەش خۆمان پاسەوانێتی دەکەین و بەپێی گرێبەستێکیش هۆڵەکەمان بەکرێ گرتووە، بەڵام هێشتا لەسەر پارەکەی نەگەیشتووینەتە ئەنجام".

### ڕاپۆرتی ژنان ڕەتکرایەوە

بەقسەی محەممەد حاجی "کۆنگرەکە تەنیا 2 ڕۆژ دەخایەنێ و لەیەکەمین ڕۆژەوە بەجدی دەستپێدەکات و ڕاپۆرتی ژوورەکان دەخوێنرێتەوە و دواتریش ڕاسپاردە و پێشنیازەکان باسدەکرێن".

بەڵام چیمەن محەممەد ڕەشید، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی و ئەندامی لیژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە، دەڵێت 5 لیژنە کاریان بۆ کۆنگرە کردووە و هەر لیژنەیەک ڕاپۆرتی خۆی دەخوێنێتەوە "ڕاپۆرتی ژنانیشمان ئامادەکردبوو، بەڵام ڕاپۆرتی ژنان ڕەتکرایەوە و گوتیان با ژن و پیاو لەیەک جیانەکرێنەوە، پێویست ناکات ژنان ڕاپۆرتیان هەبێ".

جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان 6 کورسی تایبەت کردبوو بە ژنان، 4 لەوانە بەهۆی ئەوەی بوونە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە جڤاتەکە نەمان و ئێستا تەنیا 2 ژن ئەندامی جڤاتی نیشتمانین. چیمەن ڕەشید دەڵێ "لە کۆنگرەدا شوێنی ئەو 4 ژنە پڕناکرێتەوە، بەڵام لە هەوڵداین بۆ کورسییەکانی هەولێر و دهۆک و کەرکووک و ناوچە کێشە لەسەرەکان ژن ئامادە بکەین و بیکەینە ئەندامی جڤاتی نیشتمانی".



## 30%ی مووچەکەیان بۆ بزووتنەوەی گۆڕانە

**ڕووداو- هەولێر**

پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بڕیاریاندا بڕی ئەو پارەیەی لە مووچەکانیان دەیدەن بۆ بزووتنەوەکەیان زیاد بکەن.
سەرچاوەیەکی ئاگادار لەناو فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بە (خەندان)ی ڕاگەیاندووە "بڕیارمان داوە 30%ی مووچەکانمان بگەڕێنینەوە بۆ بزووتنەوەکەمان". جگە لەوەش دەبێت 10%ی مووچەکانیان ببەخشن بە سندوقی کۆمەکی نەخۆشانی شێرپەنجە. ئەم بڕیارەی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان لە کاتێکدایە کە پەرلەمانتارانی خولی پێشووی ئەو بزووتنەوەیە 10%ی مووچەکانیان دەدا بە بزووتنەوەکەیان.

# داوا دەکرێ کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی دوابخرێ

**حاکم قادر، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان:**
**پێشنیاز هەن بۆ دواخستنی کۆنگرە**

**فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان:**
**ئەگەر کۆنگرە دوابخرێ دەبێ پلینیۆمێکی تایبەتی بۆ ببەسترێ**

**هەڵۆ پێنجوێنی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:**
**هیچ دەسەڵاتێک نییە لەنێو یەکێتی کۆنگرە دوابخات**



**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

تەنیا مانگێک و 10 ڕۆژ ماوە بۆئەوەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان چوارەم کۆنگرەی خۆی ببەستێ، بەڵام ئێستا دەنگێکی بەهێز لەنێو ئەو حیزبەدا هەیە کە پێیوایە دەبێ کۆنگرە دوابخرێ و تاوەکو ئێستاش بڕیاری کۆتایی لەبارەی دواخستنی کۆنگرەکە نەدراوە.

وا بڕیارە ڕۆژی 2014/1/31 یەکێتی نیشتمانی کوردستان چوارەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێت، بەڵام هەندێک داوادەکەن دوابخرێ.

حاکم قادر، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و ئەندامی لیژنەی باڵای ئامادەکاری چوارەم کۆنگرەی یەکێتی پشتڕاستیکردەوە کە داوایەک بۆ دواخستنی کۆنگرە لە نێو حیزبەکەیدا هەیە "ڕاستە، بەڵام ئەوەی هەیە تەنیا پێشنیازە". حاکم قادر ئەوەشی بە (ڕووداو) گوت "هەموو هەوڵەکانی خۆمان دەخەینە گەڕ بۆئەوەی کۆنگرە لە کاتی خۆیدا بکرێ".

یەکێتی ئێستا بۆ هەر بڕیارێک و هەنگاوێک بە وریاییەوە مامەڵە دەکات، چونکە لە دوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە 21ی ئەیلولی ڕابردوو ئەنجامدرا، یەکێتی تووشی شکستێک هات کە بۆ یەکێتییەکان چاوەڕواننەکراو بوو. بۆیە هەر زوو بڕیاریاندا کە بەزووترین کات کۆنگرە ببەستن و بە خۆیاندا بچنەوە.

### پێڕەوی ناوخۆ هۆکارە

یەکێتی 14 لیژنەی ئامادەکاری پێکهێناوە بۆ کۆنگرەی چوارەم. فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ڕەخنە لە کاری لیژنەکانی یەکێتی دەگرێ کە ئامادەکاری دەکەن بۆ کۆنگرە "ئامادەکارییەکان بۆ کۆنگرە هێشتا سستن و داوا دەکرێ پەلە بکرێ لە کاری لیژنەکان".

ئەسەسەرد باسی چۆنیەتی دواخستنی کۆنگرەی یەکێتی دەکات و دەڵێت "ئەگەر تا حەفتەیەک پێش کۆنگرە کاری لیژنەکان کۆتایی نەهات، ئەوا بڕیار دەدرێ دوابخرێ". ئەوەشی ڕوونکردەوە کە لیژنەی پێڕەوی ناوخۆ کێشەی هەیە.

سەبارەت بە دەسەڵاتی دواخستنی کۆنگرەش ئەندامەکەی سەرکردایەتی یەکێتی کە خۆی سەرۆکی یەکێک لەو لیژنانەیە، گوتی "دەسەڵاتی دواخستنی کۆنگرە تەنیا لەدەست پلینیۆمدایە و پلینیۆمیش تەنیا دەتوانێ بۆ سێ مانگ کۆنگرە دوا بخات نەک زیاتر".

### دەڵێن لەبەر هەڵبژاردنە

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی هۆی ئەو پێشنیازانە بۆ دواخستنی کۆنگرە ڕوون دەکاتەوە و پێیوایە ئەوانەی ئەو پێشنیازانە دەکەن بەهۆی "دڵسۆزییانە" بۆ یەکێتی.

هەڵۆ پێنجوێنی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو ڕایەی پێشنیاز دەکات کۆنگرە دوابخات بیانووەکەی ئەوەیە کە یەکێتی زیاتر تەرکیزی لەسەر هەڵبژاردنەکانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بێ". گوتیشی "دەسەڵاتێک نییە لەنێو یەکێتی کۆنگرە دوابخات، چونکە ئەو دەسەڵاتەی کە هەیە لەنێو یەکێتیدا شەرعییەتی نامێنێ و کۆتایی دێ".

ئێستاش هەندێ دەنگۆ لەنێو یەکێتی هەن کە ترسیان لەوە هەیە لەکاتی کۆنگرەدا باڵێکی یەکێتی جیاببێتەوە و لە هەڵبژاردنەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان یەکێتی ئەوەندەی دیکە لاواز ببێ، بەڵام پێنجوێنی بەدووری دەبینێ لەم کاتەدا جیابوونەوە لە نێو یەکێتیدا ڕووبدات "هەر کێشەیەک هەبێ پێش کۆنگرە چارەسەر دەکرێ و یەکێتی بەکێشەوە ناچێتە نێو کۆنگرە". بۆیە بە قسەی ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی "هیچ ترسێک نییە لەوەی یەکێتی لە کاتی کۆنگرە یان دوای کۆنگرە تووشی ئینشیقاق ببێ و هەموو شتێک تەوافوقی لەسەر دەکرێ".

### مەرج هەیە بۆ سەرکردایەتی

هەڵۆ پێنجوێنی باسی گۆڕانکارییەکانی یەکێتی دەکات لە کۆنگرەی چوارەم کە سەرەتا بە پێڕەوی ناوخۆدا دەچێتەوە و بەشێوەیەک دایدەڕێژن لەگەڵ ئەم سەردەمە بگونجێ و بگرە "شێوازی سەرکردایەتی یەکێتی و کاروباری مەڵبەندەکان و مەکتەبەکان دەگۆڕێ و هەندێ مەکتەب نامێنن".

هەڵۆ پێنجوێنی کە بەکەسێکی نزیک لە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد هاوسەری تاڵەبانی دادەنرێ، هەندێ لەو مەرجانەی ئاشکرا کرد کە هەر کەسێ بیەوێ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیدا ببێ بە ئەندامی سەرکردایەتی "ئەوەی دەچێتە سەرکردایەتی مەرجی بۆ دادەنرێ و لە کۆنگرەش پێشنیاز دەکرێ کە ئەو کەسە تەمەنی لە 23 ساڵ کەمتر نەبێ و گەنجەکانیش دەبێ خوێنەوارییان هەبێ، کەفائەت، مەعریفەی سیاسی و ئەزموونیان هەبێ".

### 120 ئەندامەکە چییان لێدێ؟

بەرپرسانی یەکێتی دەڵێن نابێ ئەندامانی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی لە هەزار کەس زیاتر بن. پێشتر بۆ دەستنیشانکردنی ئەندامانی کۆنگرەی یەکێتی هەندێکیان لە ڕێگەی مەڵبەندەکانەوە هەڵدەبژێردران. جگە لەوەش جەلال تاڵەبانی وەکو سکرتێری گشتی یەکێتی دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو کە 120 کەس بە تەزکیەی تایبەتی خۆی هەڵبژێرێت و بیانکاتە ئەندامی کۆنگرە، ئێستا گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکرێ کە ئەو 120 کەسە چۆن هەڵبژێردرێن و کێ دەسەڵاتی هەڵبژاردنیانی هەبێت.

فەرید ئەسەسەرد دەڵێ "یان ئەوەتا دەسەڵات بدرێتەوە هەردوو جێگرەکەی سکرتێری گشتی یان هەڵبوەشێنرێتەوە یان ژمارەکە کەمبکرێتەوە و دەسەڵاتەکە بدرێتە مەکتەبی سیاسی". بەڵام هەڵۆ پێنجوێنی دەڵێ "ئێستا ڕایەکی وا هەیە کە دەسەڵاتی هەڵبژاردنی ئەو 120 کەسە بدرێتە ڕێکخستن و بە هەڵبژاردن بێ".

---

## لە دوا کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیدا

# یەکێتی لەسەر پۆستە وەزارییەکان نەگەیشتە ئەنجام

**عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:**
**ڕێککەوتنی ستراتیژی بنەمای سەرەکی بەشداریی یەکێتییە لە حکومەتدا**



**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

یەکێتی دیسان نەگەیشتە ئەنجام لەسەر ئەوەی داوای چ پۆستێکی حکومی دەکەن لەپارتی. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتیش دەڵێ حیزبەکەی بۆ بەشداریکردن لە حکومەتدا "مەرجی هەیە بۆ پارتی".

بڕیار وابوو لەم هەفتەیەدا خولی سێیەم و کۆتایی دانوستاندنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت دەستپێبکرێ، بەڵام لەبەر نەبوونی هیچ ڕایەکی ڕوون و یەکلاکەرەوەی یەکێتی لەسەر ئەو پۆستانەی لە حکومەتی نوێی دەوێ، لایەنەکان و بەتایبەتی پارتی چاوەڕێی یەکێتی دەکەن.

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ئەوەی وەڵامی کۆتایی ئامادە بکات و بیخاتە بەردەم لیستی براوە کە پارتییە، لە 2013/12/21 لەشاری سلێمانی بە سەرپەرشتی بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری گشتی یەکێتی کۆبووەوە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) یەکێتی نەیتوانی لەنێوخۆیدا بگاتە ئەنجام و وەڵامی کۆتایی بۆ پارتی ئامادە بکات.

عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕای حیزبەکەی لەبارەی وەرگرتنی پۆستە سەرەکییەکان بە (ڕووداو) گوت "ڕای زۆرینەی یەکێتی لەسەر ئەوەیە کە دەبێ پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ ئێمە بێت".

ئەم داوایەی یەکێتی لە کاتێکدایە کە بزووتنەوەی گۆڕان وەکو هێزی دووەمی هەڵبژاردنەکان تاڕادەیەک لەگەڵ پارتی ڕێککەوتوون لەسەرئەوەی کە پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ گۆڕان بێت و پارتیش بەوە ڕازی بووە. تەنانەت داوایەکی پێشتری یەکێتی ڕەتکردەوە کە لەکابینەی هەشتەمدا دوو جێگر بۆ سەرۆکی حکومەت دابنرێ.

عیماد ئەحمەد مەرجی حیزبەکەی بۆ بەشداریکردن لە کابینەی نوێ ئاشکرا کرد و گوتی "یەکێتی بڕیاری کۆتایی داوە کە بەشدار دەبێ لە حکومەت، بەڵام ڕێککەوتنی ستراتیژی بنەمای سەرەکی بەشداریی یەکێتییە لە حکومەتدا".

عیماد ئەحمەد کە لە حکومەتی ئێستادا جێگری سەرۆکی حکومەتە، ئەوەشی ئاشکرا کرد کە "ڕای هەرە زۆری نێو یەکێتی ئەوەیە دەبێ پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت بدرێ بە یەکێتی". گوتیشی "هەندێ ڕا لەنێو یەکێتی هەیە دەڵێن پۆستی سەرۆکی پەرلەمان گرنگە، بەڵام ڕای زۆرینە لەسەر جێگری سەرۆکی حکومەتە".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، بڕیار وایە لەنێوان ڕۆژی سێشەممە و چوارشەممەی داهاتوو هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی لە شاری هەولێر کۆببنەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستانیش چەند جارێک لەبارەی دابەشکردنی پۆستەکان لەگەڵ یەکێتی هەڵوێستی خۆی ئاشکرا کردووە. دڵشاد شەهاب، ئەندامی لیژنەی دانوستاندنکاری پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە "پارتی لەگەڵ ڕێککەوتنی ستراتیژییە لەگەڵ یەکێتی، بەڵام ڕێککەوتنەکە تەنیا بریتی نییە لە دابەشکردنی پۆستەکان بەشێوەی 50 بە 50، چونکە هەریەک لە ئێمە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بەلیستی جیا بەشداربووین".

لای خۆیەوە عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی باسی وادەی پێکهێنانی حکومەتی کرد و ڕایگەیاند "بەپێی ئەو گفتوگۆیانەی دەکرێ، پێدەچێ لەو چەند ڕۆژەدا کۆبوونەوەکان دەستپێبکەنەوە و پۆستە سەرەکییەکان یەکلا ببنەوە تاوەکو سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرێ و دواتر سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی بەفەرمی دەستنیشان بکرێن بۆ پێکهێنانی حکومەت".

عەدنان موفتی گوتیشی "ڕەنگە تاوەکو 27ی مانگی داهاتوو تەشکیلەی حکومەت بخرێتە بەردەم پەرلەمان".

موفتی پێش کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو کە ئەو کۆبوونەوەیە بۆ ئەوەیە حیزبەکەی "وەڵامی کۆتایی" ئامادە بکات لەبارەی ئەوەی لە حکومەتی داهاتوودا چی دەوێ و داوای چی دەکات لە پارتی.

رووداو
کوردستانی
ژمارە (290) دووشەممە 2013/12/23

## YPG: 2900 ئەندامی ئەلقاعیدەمان کوشتوون



**رووداو- هەولێر**

ناوەندی چاپەمەنی یەکینەکانی پاراستنی گەل لە راگەیێندراوێکدا ئاماری شەڕ و پێکدادانەکانی ساڵی 2013 بۆ رای گشـــتی بڵاوکردەوە. بەپێی ئامارەکەی YPG لە ماوەی ئەوســـاڵەدا 376 سەربازی سەر بە رژێمی سووریان کوشتووە، هەروەها 2 هەزار و 923 چەکداری بەرەی نوسرە و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شامیان کوشتووە. هەر لەو ساڵەدا 379 ئەندامی هێزەکانی YPG و ئاسایشی رۆژئاوای کوردستان گیانیان لە دەستداوە.

### دارایی و ئاسایش و بەڕێوەبەرایەتی کاتی لە کێشە

# کۆبوونەوەی هەردوو ئەنجوومەنەکەی رۆژئاوای کوردستان تائێستا بێ ئەنجامە

### ئەندامێکی ئەنجوومەنی نیشتمانی: وا بڕوات ناگەینە رێککەوتن



کۆبوونەوەی هەردوو ئەنجوومەنەکەی رۆژئاوای کوردستان لە هەولێر

(فۆتۆ: رووداو)

**شیفا گەردی**
**رووداو- هەولێر**

کۆبوونەوەکانـــی هـــەردوو ئەنجوومەنی نیشـــتمانیی کـــورد و ئەنجوومەنی گەل لە رۆژئاوای کوردســـتان کە چەنـــد رۆژێکە لە شـــاری هەولێـــر بەڕێوەدەچێ، هێشـــتا بە ئەنجامێکی ئەوتۆ نەگەیشتووە و ئەندامێکی شـــاندی ئەنجوومەنـــی نیشـــتمانیی کورد نائومێدانە دەڵێـــت "ئەگەر وابڕوات ناگەینە رێککەوتـــن"، ئـــەوە لەکاتێکدا بەرپرســـی دۆسیەی رۆژئاوا لە ســـەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان گەشـــبینە بەوەی کە "هەردوولا دەگەنە رێککەوتن".

بەگوێـــرەی زانیارییەکانـــی (رووداو) ناکۆکیـــی ســـەرەکی لـــە نێوان هـــەردوو ئەنجوومەنی کوردی رۆژئاوای کوردســـتان لەســـەر کۆمیتەکانـــی دارایی، ئاســـایش و بەڕێوەبەرایەتی کاتییە.

ئەنجوومەنی نیشـــتیمانی کورد پێداگری دەکات لەســـەرئەوەی کە ئەگەر ســـەرجەم خاڵەکانـــی نێـــو رێککەوتنامـــەی هەولێر جێبەجێ نەکرێن ئەوان بە هیچ شـــێوەیەک ناگەنە رێککەوتن لەگەڵ ئەنجوومەنی گەلی رۆژئاوای سەر بە پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD.

مـــاوەی چەند رۆژێکە کۆبوونەوەی نێوان هەردوو ئەنجوومەنەکە بە ناوبژیوانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەردوو سیاسەتمەدار لەیلا زانا و سەرۆکی شارەوانی مەزنی ئامەد عوســـمان بایدەمیر لە هەولێـــر بەردەوامن، بەڵام تائێستا دانوستاندنەکان بە ئەنجامێک نەگەیشتوون.

ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لە سووریا، داوا دەکات کۆمیتەکانی دارایی، سەربازی و ئەمنی سەر بە دەستەی باڵا چالاک بکرێن و بەڕێوەبەرایەتی کاتی بە هاوبەشی لە نێوان هەردوولادا بەڕێوەببردرێ.

دەربـــارەی کۆمیتـــەی ســـەربازی، ئەنجوومەنـــی نیشـــتیمانی خوازیـــارە کە هێزێکی ســـەربازی یەکگرتـــوو لە رۆژئاوای کوردستان دروست بکرێت، بە شێوەیەک کە یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG)ی سەر بـــە پارتی یەکێتی دیموکـــرات و هێزەکانی پێشـــمەرگە لە رۆژئاوای کوردســـتان کە لە باشـــووری کوردستان مەشـــقیان پێکراوە، هاوکات هەموو هێزە چەکدارەکانی دیکە لە خۆبگرێت و پێکـــەوە ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستان بپارێزن.

بەڵام PYD نایەوێ لـــە دەرەوەی YPG هیچ هێزێکی دیکە لە رۆژئاوای کوردســـتان هەبێـــت و ئەوەی بیـــەوێ دەتوانێت لە ناو ریزەکانـــی YPG خزمەت بـــکات، هاوکات دەربارەی پرســـی ئاسایشـــی رۆژئاواش بە هەمان شـــێوە هیچ هێزێکـــی دیکە جگە لە ئاسایشی PYD لە رۆژئاوا قبوڵ ناکەن.

ئاڵـــدار خەلیـــل، ئەندامـــی شـــاندی دانوستاندنکاری ئەنجوومەنی گەلی رۆژئاوای کوردســـتان ئەم قســـانەی بـــۆ (رووداو) پشتڕاســـتکردەوە و گوتی "جگە لە YPG هیچ هێزێکی دیکە لە رۆژئاوا قەبوڵ ناکەین، ئەوەی بخوازێت کاری ســـەربازی لە رۆژئاوا بکات، دەبێ بێتە ناو ریزەکانی YPG".

ئالدار ئەوەشی گوت کە تا ئێستا لەگەڵ ئەنجوومەنی نیشتیمانی، پرسەکانی تایبەت بە هێزە چەکدارەکان، ئاســـایش و داراییان گفتوگۆ نەکردووە.

لە بارەی پرســـی ئەمنیش لە رۆژئاوا کە ئێســـتا لە دەستی ئاسایشـــی PYD دایە، ئەنجوومەنی نیشتیمانی داوا دەکات کە ئەو هێزانە سەر بە دەســـتەی باڵای کوردی بن و لە ژێر فەرمانی ئەو دەســـتەیە کار بکات و نابێ بەبێ ئەو دەســـتەیە هیچ کارێک لە رۆژئاوا ئەنجام بدات.

پرســـێکی دیکە کە تا ئێســـتا هەردوو ئەنجوومەن لە سەری رێکنەکەوتوون، پرسی دارایـــی و داهاتی دەروازە ســـنوورییەکانی ســـێمالکا، تلکۆچـــەر و ســـەرجەم باج و داهاتەکانی کارەبا، ئاو، تەلەفۆن و باجەکانی دیکەن کە ئێســـتا لە دەســـتی PYD دان و بەتەنیا داهاتەکانی دابەش دەکات.

ئەندامانـــی ئەنجوومەنـــی نیشـــتیمانی دەڵێن ئەوکاتەی دەروازەی ســـێمالکا کراوە بـــوو، پەیەدە 90%ی داهاتـــی دارایی ئەو دەروازەیـــەی بۆ خـــۆی دەبرد و بەســـەر رێکخستنەکانی خۆی وەکو YPG، ئاسایش و شارەوانییەکانیدا دابەش دەکرد.

هەروەها دوای ئەوەی کە هەموو هێزەکانی سەر بە رژێم لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی رۆژئاوای کورستان کشانەوە، PYD دەستی بەسەر سەرجەم دەزگاکانی دەوڵەتدا گرتووە و پارەی کارەبا و ئاو و تەلەفۆن لە خەڵکی وەردەگرێ و زۆربەی جاریش باجی لەســـەر خاوەن دووکان و کارگەکان سەپاندووە.

لەلایەکی دیکەوە ئاڵدار خەلیل گوتی کە ئەوان داوایان لە ئەنجوومەنی نیشـــتیمانی کورد کردووە شاندی کورد بە ناوی دەستەی باڵای کوردی بەشداری لە کۆنگرەی جنێف دوو بکەن و ئەنجوومەنی کوردیش یان دەبێ بێتە نـــاو بەڕێوەبەرایەتی کاتی یانیش نابێ دژی بوەستێ.

کۆبوونـــەوەکان پشـــێوی زۆریان پێوە دیارە، (رووداو) لە نزیکەوە کۆبوونەوەکانی نێـــوان هـــەردوو لای چاودێـــری دەکرد، لە شـــوێنی کۆبوونەوەکان کە لـــە یەکێک لە هۆتێلەکانی شـــاری هەولێـــر بەڕێوەدەچێ، بە پێچەوانەی ئـــەو لێدوانانەی کە هەردوو لا بـــۆ دەزگاکانـــی راگەیاندنـــی دەدەن و کۆبوونەوەکان بە ئەرێنی ناودەبەن، دوێنێ یەکشـــەممە هەردوو ئەنجوومـــەن بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ یەکتر کۆنەبوونەوە، بەڵکو هەریەکە بەجیا لەگـــەڵ حەمید دەربەندی، بەرپرســـی دۆسیەی رۆژئاوا لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردســـتان کۆبوونەوە و دواتریش کۆبوونەوەکان بۆ ئەمڕۆ دووشەممە دواخران، بێ ئەوەی کاتەکەی دیاری بکرێ. ئیبراهیم برۆ، ئەندامی شاندی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کـــورد لەوبارەیەوە گوتی "رۆژانی پێشـــتر کۆبوونـــەوەکان ئاســـاییتر بەڕێوەدەچوون، ئێستا PYD کۆبوونەوەکان ئاستەنگ دەکات و بەو شێوەیە بێ ناگەینە رێککەوتن".

بـــەڵام بەرپرســـی دۆســـیەی رۆژئـــاوا لـــە ســـەرۆکایەتی هەرێمـــی کوردســـتان بـــە (رووداو)ی گـــوت کە ئـــەوان هەموو هەوڵێک دەدەن بـــۆ نزیککردنەوەی هەردوو ئەنجوومەنەکە لە یەکدی.

دەربارەی دیاریکردنی شاندی کوردیش بۆ کۆنگرەی جنێـــف دوو، ئیبراهیم برۆ گوتی کـــە ئەنجوومەنی نیشـــتیمانی رێککەوتوون لەسەر دیاریکردنی شاندی نێردراوی کورد بۆ کۆنگرەی جنێف، ئەگەر هاتوو کورد سەربەخۆ بەشدار بێ، بۆ شاندەکەش پێنج کەس دیاری کراون کە دیارترینیان "حەمید حاج دەروێش، سکرتێری پارتی پێشقەڕۆی کورد لە سووریا و عەبدولحەکیم بەشـــار، ســـکرتێری پارتی دیموکراتی کورد لە سووریان.

ئەم گفتوگۆیانـــە لەکاتێکدا بەڕێوەدەچن کـــە شـــاندێکی PKK بەئەندامێتی هەریەک لە جەمیل بایک هاوســـەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردســـتان و موراد قەرەیـــڵان فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاراستنی گەل لە سەرەتای ئەم مانگەدا ســـەردانی پارتـــی دیموکراتی کوردستانیان کردووە.

مســـتەفا قەرەســـوو ئەندامی دەستەی بەڕێوبەرایەتـــی KCK لـــە لێدوانێکیـــدا بۆ ئاژانسی (فرات نیوز)ی نزیک لە PKK ئەوەی پشتڕاســـت کردبووەوە کە ســـەرکردایەتی پارتـــی و PKK کۆبوونەتـــەوە و لەســـەر چوار خاڵ رێککەوتوون، لەوانە: باشـــکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ باشوور، کۆنگرەی نەتەوەیی، پێڤاژۆی ئاشـــتی لـــە باکوور و رەوشی رۆژئاوای کوردستان.

بـــەڵام تا ئێســـتا نازانرێت کـــە چۆن و دەربارەی چـــی گەیشـــتوونەتە رێککەوتن لەسەر رۆژئاوا.

حەمیـــد دەربەنـــدی لـــە لێدوانێکیدا بۆ (رووداو) هاتنـــی ئەو شـــاندەی PKKی نە پشتڕاست کردەوە و نە رەتیشیکردەوە، تەنیا گوتی "دانوســـتاندن و گفتوگۆ لەوبارەیەوە هەبوون".

دەربەندی گوتیشی کە سبەی (دووشەممە) کۆبوونەوەی هەردوو ئەنجوومەن بێ ئەنجام نابێت و هەردوولا دەگەنە رێککەوتن.

# چالاکوانانی رۆژهەڵاتی کوردستان کێشەکانیان دەگەیەننە پەرلەمانی ئەوروپا

**ناسر پیرۆتی**
**رووداو- هەولێر**

شـــاندێکی هەشت کەســـی لە پەرلەمانی ئەوروپا بە مەبەســـتی نووسینی راپۆرتێک لەبـــارەی رەوشـــی مافی مرۆڤ لـــە ئێران ســـەردانی تارانیان کرد و لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمـــان و ژمارەیـــەک لـــە بەرپرســـانی حکومەتـــی ئێران کۆبوونـــەوە. ئەوان بەبێ رەزامەنـــدی بەرپرســـانی ئێرانـــی، لەگەڵ چەندیـــن چالاکوانی مافـــی مرۆڤی ئێرانیش کۆبوونـــەوە و دواتر چاویـــان بە ژمارەیەک چالاکوانی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستانیش کەوت.

حامیـــد فەرازی، چالاکوانی سیاســـی و یەکێک لە بەشـــداربووانی ئەو کۆبوونەوەیە لەبـــارەی تەوەرەکانی گفتوگۆیـــان لەگەڵ وەفـــدی پەرلەمانی ئەوروپـــا بە (رووداو)ی راگەیاند "لەو دیدارەدا باس لە ئاستەنگەکانی بەردەم کاری سیاسی بۆ چالاکوانانی کورد لە ئێران، پەراوێزخستنی کورد لە بەڕێوەبردنی ناوچەکانی خۆی، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و بـــاری نالەبـــاری ئابووری لـــە رۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها گرفتەکانی پەیڕەوانی ئاینی یارسان کرا".

فەرازی ئاماژەی بەوەشدا کە راپۆرتێکیان بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فارسی رادەستی وەفـــدی پەرلەمانی ئەوروپا کـــردووە و بە تێروتەسەلی و بە بەڵگەوە لەسەر ئەو بابەتانە و چەندیـــن بابەتـــی دیکەی وەکو رەوشـــی زیندانیانی سیاســـی کورد و لەسێدارەدانی چالاکوانانی کورد روونکردنەوەی پێویستیان بۆ داون.

ئەو چالاکوانە سیاسییە هەروەها دەڵێت وەفدەکەی پەرلەمانی ئەوروپا زانیاری کەمیان لەسەر رەوشی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەبـــووە، بۆیە بـــە گەرمی پێشـــوازیان لە راپۆرتەکەیان کردووە و رایانگەیاندووە کە لە داهاتـــوودا پەیوەندییەکانیـــان لەگـــەڵ چالاکوانانی کورد پـــەرە پێدەدەن. بەڵێنی ئەوەشیان پێداون کە لە رێگەی گوشارهێنان بۆ ســـەر کاربەدەســـتانی ئێـــران هەوڵ بۆ باشکردنی رەوشـــی مافی مرۆڤ لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان دەدەن.

ئـــەوە یەکەمجـــارە چالاکوانانی کورد لە نێوخۆی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردســـتان بە ئاشـــکرا لەسەر پرســـی مافی مرۆڤ لەگەڵ لایەنێکی بیانی کۆببنەوە. بە گوتەی حامید فەرازی، چالاکوانانی سیاســـی لە رۆژهەڵاتی کوردســـتان خەریکی خۆڕێکخســـتنەوەن بە مەبەستی ئەنجامدانی کاری سیاسی ئاشکرا و یاســـایی و حکومەتی ئێستای ئێرانیش بە ســـەرۆکایەتی حەسەن رووحانی، بە بەراورد لەگەڵ حکومەتەکانی پێشوو کەمتر بە چاوی ئەمنـــی دەڕوانێتە ئەو جـــۆرە چالاکییانە. بۆیـــەش چالاکوانانی نێوخـــۆی رۆژهەڵاتی کوردســـتان دەیانەوێ وەکـــو دەرفەتێک بۆ خستنەڕووی پرسی کورد لە ئاستی نێوخۆی ئێران و نێودەوڵەتیدا، کەڵک وەربگرن.

کۆبوونەوەی وەفـــدی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپـــا لەگەڵ چالاکوانانـــی مافی مرۆڤ نارەزایـــی تونـــدی باڵـــی تونـــدڕەوی نێو دەسەڵاتی ئێرانی لێکەوتەوە. ئەوان وەفدی پەرلەمانی ئەوروپا بـــەوە تۆمەتبار دەکەن کە پابەندی پرەنســـیپەکان نەبوونە و یاسا و رێســـاکانی ئێرانیان پێشـــێل کـــردووە، لەکاتێکـــدا سیاســـەتوانانی میانڕەو و نزیک لە ریفۆرمخوازان، ســـەردانی ئەو وەفدەیان بە نیشانەی خواســـتی حکومەتی ئێران بۆ ئاســـاییکردنەوەی پەیوەندییەکانـــی لەگەڵ رۆژئاوا لێکدایەوە.

بـــەڵام کاربەدەســـتانی حکومەتی ئێران و لایەنـــە ئەمنییـــەکان تائێســـتا هیـــچ کاردانەوەیەکیـــان لەبەرامبـــەر کۆبوونەوەی چالاکوانانـــی کـــورد و وەفـــدی پەرلەمانی ئەوروپا نەبووە.



رووداو
ژمارە (290) دووشەممە 2013/12/23

## گەنجێکی دیکەی سلێمانی لە سوریا دەکوژرێت




**رووداو- دووربین**

پێگـەی دووربین، کە خاوەنەکەی مەلا کرێکار ئەمیری پێشـووی ئەنسارولئیسـلامە بڵاوی کردووەتەوە کـە رۆژی 2012/12/22 لەئەنجامی رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هێزەکانی رژێمی سوریا، گەنجێکی خەڵکی سلێمانی لەشاری حەلەب کوژرا. بەپێی زانیاری پێگەکە ئەو گەنجە تەمەنی 18 ساڵە و ناوی کاوان بووە لە گەڕەکی خەباتی شاری سلێمانی لەدایک بووە، ئەو گەنجە خوێندکاری پۆلی شەشی دیراساتی ئیسلامی بووە. ماوەی 8 مانگە گەشتووەتە شام و پەیوەندی بە بەرەی نوسرەوە کردووە و نازناوی خەتاب کوردستانی بووە.

### موئەید تەیب، گوتەبێژی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق:

# با کورد لە خولەکانی داهاتووشدا بەتەمای چارەسەرکردنی کێشەکانی نەبێت

**مالیکی چانسی بەهێزی نییە بۆئەوەی ببێتەوە بە سەرۆک وەزیران**



**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

موئەید تەیب، گوتەبێژی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، بێ ئومێدیی خۆی لـە حکومەتی بەغدا راگەیانـد و گوتی کە ئەوەی تاوەکو ئێستا کورد بەدەستی نەهێناوە لە خولەکانی داهاتووش بەدەستی ناهێنێ.

هەرچەنـدە کـورد یەکێکە لـە کۆڵەکەکانی حکومەتی ئێستای عێراق، بەڵام بەردەوام کێشەی لەگەڵ ئـەو حکومەتەدا هەیـە، موئەید تەیب، بـەدووری دەزانێت کێشـە بەردەوامەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسـەر ببن. ئەو دەڵێت "ئێمە کاتێک دەچینە هەڵبژاردن، بۆ ئەوەیە بەشداری لە حکومەتدا بکەین و گۆڕانکاری دروست ببێ، بەڵام هیچ گۆڕانکارییەک دروست نابێت، شیعە هەر دەنگ بە شـیعەکان دەدەن و سـوننەکانیش دەنگ بە سوننە دەدەن، لەبەرئەوە هەروا دەمێنێتەوە و بگرە پەرلەمانتاری توندڕەوتر لەوانەی ئێسـتا و رابردوو دەگەنە پەرلەمان".

ئـەوە دوو خولە حکومەتی عێراق لە دەسـتی نووری مالیکیدایە کە کورد زۆرترین کێشەی لەگەڵی هەیـە و تەنانەت ئامادە نەبـووە ئەو رێککەوتنە جێبەجێ بکات کە بە رێککەوتنی هەولێر ناسراوەو ئەو حکومەتەی ئێستای لێ هاتە بەرهەم.

سەبارەت بە ویلایەتی سێیەمی نووری مالیکی، موئەیـد تەیب پێیوایە دوو فاکتەر هەن بۆ ئەوەی مالیکی جارێکی دیکە ببێتەوە سـەرۆک وەزیران، ئەوانیـش ئەنجامەکانـی هەڵبـژاردن و فاکتەری دەرەکی لەوانەش ئێران، تورکیا، ئەمریکا و سعودیە کە رۆڵیان لە پێکهێنانی حکومەتەکانی عێراقدا هەیە "بـەڵام لایەنی هەرە بەهێزی ئێرانە، چونکە هێزی هەرە بەهێز لە عێراق شـیعەیە". لەگەڵ ئەوەشدا موئەید تەیب پێیوایە "مالیکی چانسـێکی زۆری نییە بۆ جاری سـێیەم ببێتەوە سەرۆک وەزیران، چونکە ئێستا ناکۆکی زۆر لە نێو شیعەکاندا هەیە، بەتایبەتی لە نێوان سەدر و مالیکی".

هەرچەندە زۆر لە شارەزایان پێیانوایە داینەمۆی کێشـەکانی نێوان هەولێر و بەغدا خودی مالیکی و چواردەورەکەیەتی، بەڵام موئەید تەیب پێیوایە کێشەکە پەیوەندی بە کەسـێک و دووانەوە نییە "دەبێ کورد بزانن، نە لەو خولە و نە لە خولەکانی داهاتووش هیچ کێشەیەکی کورد چارەسەر ناکرێ، بۆیە دەبێت کورد بیر لە شـتێکی دیکە بکەنەوە، کاتێـک قۆناغی فیدراڵی تەواوبـوو، دەبێ بیر لە کۆنفیدراڵی یان سەربەخۆیی بکاتەوە".

دوا قەیـران لە نێوان هەولێر و بەغدا لەسـەر هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا سەری هەڵدا، سەبارەت بە بۆچوونی سوننە و شیعە لەسەر ئەو رێککەوتنەی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، موئەید تەیب گوتی "سوننەکانی عێراق نزیکبوونەوەی هەرێمی کوردستان و تورکیایان پێ خۆشە، چونکە ئەوان ترسیان لە شیعە هەیە، بەڵام بەشێکی زۆر لە شیعەکان پێیان ناخۆشە". بە بڕوای موئەید تەیب، هەرچەندە پەیوەندی نێوان هەولێر و ئەنقـەرە بەهێزتر بێت ئەوەندە پێگەی کورد لە بەغدا بەهێزتر دەبێت.

ئێسـتا کورد زیاتـر لـە 60 پەرلەمانتاری لە بەغدا هەیە، بەڵام هەمیشـە جێی رەخنەی خەڵک بوونە و پێیانوایە هیچ قورسـاییەکیان نەبووە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا. موئەید تەیب ئـەوە دەگەڕێنێتـەوە بۆ کەمیی ژمارەی نوێنەرانی کورد لە بەغدا.

هەروەها دەڵێـت "لە خولی رابردوو کورد یەک فراکسـیۆن بوو، بەڵام ئەمجارە یەک فراکسـیۆن نین، ئەوەش کاریگەری خۆی هەبووە، بۆنموونە لە کێشەی فەرەج حەیدەی، سەرۆکی کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان گۆڕان لەگەڵ بۆچوونی ئێمەدا نەبوون، لـە هەندێک کاتدا ئێمە هاودەنگ نەبووین، بەڵام لە پرسە گشتییەکانی وەک بودجە هاودەنگین".

موئەید تەیب پێیوایە بە خراپ باسکردنی ئەدای وەزیر و پەرلەمانتارانی کـورد لە بەغدا "زوڵمە"، چونکە هەموویان "سیاسەتێکی دروستیان پەیڕەو کردووە، ئەدای ئەوان باشە، بەڵام ئەدای حکومەتی عێراق خراپە".

زیاتر لە سـاڵێکە کورد گەورەترین پشتیوان و داکۆکیکاری مافەکانی لە بەغدا لێ دابڕاوە، ئەویش جەلال تاڵەبانی، سـەرۆک کۆماری عێراقە کە بە بڕوای زۆر لە شـارەزایانی سیاسـی، مام جەلال ئەندازیـاری چارەسـەرکردنی گرفتەکانـی نێوان پێکهاتەکانی عێراق بووە.


موئەیـد تەیب پێیوایە غیابـی مام جەلال لە بەغدا بۆشـاییەکی زۆری دروسـتکردووە "ئەگەر رەوشی تەندروسـتی مام جەلال باش بووایە و لە شوێنەکەی خۆی بووایە بۆ ئێمە وەک کورد باشتر دەبوو، چونکە غیابی مام جەلال کاریگەری لەسەر پێگەی کورد هەبووە لە بەغدا".

سەبارەت بە پڕکردنەوەی شوێنەکەشی گوتی "نە کورد و نە شـیعە و سوننە کەسیان لەگەڵ ئەوەدا نین کەسێکی دیکە لە شوێنی مام جەلال دابنرێت، بـەڵام عەرەبـەکان گلەییان لـەوە هەیە کە هیچ زانیارییەک لە بارەی تەندروستی مام جەلال نییە". گوتیشی "هەتا ئێستا کەس لە حکومەتی عێراقی هیچ زانیارییەکی دروستی لەبارەی تەندروستی مام جەلال نییە، هەتا ئوسـامە نوجێفی هەوڵی دابوو سەردانی بکات، بەڵام نەیتوانیبوو".

# دوو وێنە تازەکەی ئۆجەلان مشتومڕ دەنێنەوە

**● پەروین بۆڵدان: ئەو وێنانە جیاوازن لەوانەی لەلای ئێمەن**

**● عوسمان ئۆجەلان: بە بینینی ئەو وێنانە هەستم بە ناخۆشی کرد**





**رووداو- ئەنقەرە**

بـۆ دووەمیـن جـار، لەکاتـی رفانـدن و دەسـتگیرکردنیەوە لەسـاڵی 1999، وێنەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەنێو زیندانەوە بڵاوکرانەوە.

دوو وێنەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، رێبەری پارتی کرێکارانی کوردسـتان PKK ، لەکاتی سەردانی شـاندێکی پارتی ئاشتی و دیموکراسی BDP کە پێکهاتبوون لە سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی BDP و پەرویـن بوڵـدان بـۆ لای ئۆجەلان لە زیندانـی دوورگەی ئیمرالی لە تورکیا ، گیراون و بڵاوکرانەوە.

ئەو وێنانە کە لەلایەن پارتی دیموکراسیی گەلان HDPەوە بڵاوکراونەتەوە، بوونە جێی سـەرنجی خەڵکی کوردسـتان و تورکیا، چونکە شێوەیەک لە ژیان و تەمەنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەردەخەن، دوای 14 ساڵ لە بەندکردنی.

پێش ئێسـتا بڵاوکرایەوە کە لەکاتی سەردانی شـاندی BDPدا بـۆ لای عەبدوڵـڵا ئۆجەلان لە زیندانـی ئیمرالـی، هەندێ وێنـەی فۆتۆگرافی عەبدوڵـڵا ئۆجەلان و شـاندەکە دراونەتە ئەوان، بەڵام وەزارەتـی داد بە بیانووی ئەوەی بابەتەکە زۆر هەستیارە و هەستیاری دروستدەکات، رێگەی نەدەدا وێنەکان بڵاوبکرێنەوە.

لە یەکێک لەو وێنانەدا عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەسەر مێزێک گفتوگۆ لەگەڵ هەردوو ئەندامی پەرلەمانی تورکیا سـەلاحەدین دەمیرتاش و پەروین بوڵدان دەکات کە ئەو دوو بەرپرسەی BDP ، پەیامەکانی ئۆجـەلان دەگەیێننـە سـەرکردایەتی PKK لە قەندیلیش.

لە وێنـەی دووەمـدا، عەبدوڵـڵا ئۆجەلانی لەدایکبووی سـاڵی 1948 ، بە سـەر و سمێڵی سـپییەوە دیارە ، بەڵام وەک سـەردەمی پێش دەستگیرکردنیشی لە کینیا، قەڵەو دیارە.

پەروین بۆڵدان، سـەبارەت بەو وێنانە دەڵێت "ئەو وێنانە لەهەمان رۆژدا کە ئێمە سـەردانیمان کردووە گیراون، بـەڵام ئەو وێنانە نین کە لەلای ئێمـەن. شـێوازی گیرانی ئەو وێنانـە جیاوازن لەوانـەی لەلای ئێمە هەن. ئـەوەش نازانین کە لەلایەن کێوە بڵاوکراونەتەوە".

ئەو وێنانە لـەرۆژی 17ی ئابی 2013 لەکاتی سەردانی شـاندێکی BDP و HDPدا بۆ ئیمرالی گیراون. لەسـەرەتای مانگی تشـرینی یەکەمی 2013شـدا، پەروین بۆڵـدان، ئیدریس بولوکان، هاوکاری سەرۆک وەزیران و سری سورەیا ئوندەر وێنەیان لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان گرتووە.

پارتی کرێکارانی کوردستان PKK گومان لەوە دەکات کـە بۆچی لەوکاتـەی رکابەرییەکی زۆر کەوتووەتە نێوان جەماعەتی فەتحوڵڵا گیولەن و حکومەتی رەجەب تەیـب ئەردۆغان، ئەو وێنانە بڵاودەکرێنەوە.

هەر لەبارەی بڵاوبوونەوەی ئەو وێنانە، عوسمان ئۆجەلان، برای عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە سـاڵانێکە لە PKK جیابووەتەوە و ئێسـتا لە شارۆچکەی کۆیـە نیشـتەجێیە، بـە (رووداو)ی راگەیاند: "رێگادانی دەوڵەت بۆ بڵاوبوونەوەی وێنەکانی ئاپۆ هەرچۆنێک بێت هەنگاوێکی باشـە، بڕوامان وایە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو وێنانە ژیانی ئاپۆ باشـتر دەبێت و هەنگاوی دیکەش دەهاوێژرێن".

گوتیشی: "ئاپۆ بەر لە 14 ساڵ قژی ئەوەندە سـپی نەبووبوو، ئەوکات زیندووتریش دیار بوو، ئێستا وەک کەسێکی پیر دەردەکەوێ، لە بینینی ئەو وێنانەش هەستم بە ناخۆشی کردووە کە ئاپۆ بەو شێوەیە پیر بووە و پێی ئێشام".

لەبـارەی ئەو شـاندانەی پارتی ئاشـتی و دیموکراتی کە سـەردانی لای ئۆجەلان دەکەن و ئەمانەتی گواسـتنەوەی قسـەکانی ئەو گوتی: "پێشـووتر هەندێک لە پارێزەرانی ئۆجەلان وەک مەحموود شەقار قسـەکانی ئاپۆیان دەگۆڕین و شتی گرنگ هەبوو باسیان نەدەکرد، بەڵام پەروین بوڵـدان و سـەلاحەدین دەمیرتاش کەسـایەتی باشن".

گوتیشی: "پەروین بوڵدان کەسێکە شەهیدی داوە و هاوسـەرەکەی شـەهید بـووە، هەروەها سـەلاحەدینیش کار دەکات و کاری باشیشـی لەدەستدێ".

### پێشبینی وەزارەتی پلاندانانی عێراق بۆ ساڵی داهاتوو:

# ژمارەی دانیشتووانی کوردستان دەبێتە 5 ملیۆن و 10 هەزار و 87 کەس

**پێشبینی وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵ بۆ ژمارەی دانیشتووانی پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2014:**

- هەولێر: 1 ملیۆن 749 هەزار و 915 کەس
- سلێمانی: 2 ملیۆن و 39 هەزار و 767 کەس
- دهۆک: 1 ملیۆن و 220 هەزار و 396 کەس
- کەرکووک: 1 ملیۆن و 508 هەزار و 854 کەس
- نەینەوا: 3 ملیۆن و 525 هەزار و 348 کەس
- دیالە: ملیۆنێک و 548 هەزار و 493 کەس
- سەلاحەددین: ملیۆنێک و 509 هەزار و 153 کەس
- بەغدا: 7 ملیۆن و 665 هەزار و 292 کەس
- ئەنبار: ملیۆنێک و 675 هەزار و 606 کەس
- بابل: ملیۆنێک و 953 هەزار و 184 کەس
- قادسیە: ملیۆنێک و 220 هەزار و 333 کەس
- واست: ملیۆنێک و 303 هەزار و 137 کەس
- موسەننا: 770 هەزار و 476 کەس
- میسان: ملیۆنێک و 50 هەزار و 580 کەس
- بەسرە: 2 ملیۆن و 744 هەزار و 758 کەس
- پارێزگای زیقار: ملیۆنێک و 979 هەزار و 561 کەس
- کەربەلا: ملیۆنێک و 151 هەزار و 152 کەس
- نەجەف: ملیۆنێک و 389 هەزار و 549 کەس

**دەستەی ئاماری کوردستان: هەر ئێستا ژمارەی دانیشتووانی کوردستان 5 ملیۆن و 300 هەزار کەسە**

**ئاسۆ فیشەکی**
**رووداو- هەولێر**

حکومەتی عێراق تازەترین پێشـبینی لە بارەی ژمارەی دانیشتووانی عێراق و هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە و بەپێی ئەو پێشـبینیە ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە سـاڵی 2014دا دەبێتە 5 ملیـۆن و 10 هەزار و 87 کەس، بەڵام سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دان بەو ئامارەدا نانێت و دەڵێت هەر ئەمسـاڵ ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان 5 ملیۆن و 300 هەزار کەسە.

پرسی ژمارەی دانیشتووانی عێراق یەکێکە لەو پرسانەی بە درێژایی زیاتر لە 10 ساڵی دوای رووخانی رژێمی پێشووی عێـراق بەهۆی هۆکاری سیاسـی و دارایـی و ئابووری بە هەڵواسـراوی ماوەتەوە، لە کاتێکدا نە هەرێمی کوردستان و نە حکومەتی عێراق دان بە ئامارەکانی یەکدیدا نانێن لەبارەی ژمارەی دانیشتووانەوە.

نەبوونـی ئامارێکـی ورد و دروسـت لەبـارەی ژمارەی دانیشـتووانەوە دەیان گرفتی بەدوای خۆیـدا هێناوە چ لە پرۆسـەی هەڵبژاردن، یان لە پرسـی دیاریکردنی پشـکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی ساڵانەی عێراق یان لە بوارەکانی تەندروستی و فێرکردن و پلاندانان کە راستەوخۆ پێویستیان بە ئاماری دانیشتووانەوە هەیە.

سـیروان محەممەد ئەمین، بەڕێوەبەری دەستەی گشتی ئاماری هەرێمی کوردسـتان بـە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو ئامارانـەی کە وەزارەتی پلاندانانی عێـراق لەبارەی ژمارەی دانیشتووان لە عێراق و هەرێمی کوردستان بڵاویدەکاتەوە بێ بنەمان و پشـت بە هیچ ئامار و داتایەکی دروست نابەستن، چونکـە ئێمە وەک دەسـتەی ئاماری هەرێمی کوردسـتان کە لە سـەرۆکی دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق پرسیمان، گوتی ئەو ئامارانە لەلایەن نووسینگەی وەزیری پلاندانانەوە بڵاوکراونەتەوە و ئێمە پێشبینیمان نەکردووە".

بەڕێوەبەری دەستەی گشتی ئامار گوتیشی "ئەو ئامارانەی عێراق لە بارەی دانیشـتووانەوە بڵاویاندەکاتەوە پشـت بە دوایین سـەرژمێری سەردەمی رژێمی پێشوو لە نەوەتەکانی سـەدەی رابردوو دەبەسـتن دوای ئەوەی بەپێی پێوەرێکی دیاریکراو پێشبینی زیادبوونی دانیشتووانی بۆ زیاد دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا پشت بەو پێشـبینییە دەبەستێ تەنانەت رەنگە لە پرسی دیاریکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی عێراقیش، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان دان بەو پێشبینییەدا نانێ".

بەپێی دوایین پێشبینی دەستەی گشتی ئاماری هەرێمی کوردستان کە پشـت بە پرۆسەی ژماردنی خێزانەکانی هەرێمی کوردسـتان دەبەسـتێ کە لە ساڵی 2009 لە چوارچێوەی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی لە عێراق ئەنجامدرا، دەسـتەی ئامار پێشبینی دەکات ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2013دا گەیشتبێتە 5 ملیۆن و300 هەزار کەس.

ئەمە لەکاتێکدایە بەپێـی دوایین راپۆرتی وەزارەتی پلاندانی عێـراق لە بارەی ژمارەی دانیشـتووانەوە کە کۆپییەکی بۆ (رووداو) نێردراوە، پێشـبینی دەکرێ بۆ ساڵی 2014 ژمارەی دانیشتووانی عێراق بگاتە 36 ملیۆن و 50 هەزار و 552 کەس، هاوکات پلاندانانی عێراق پێشبینی دەکات ژمارەی دانیشـتووانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2014دا بگاتە 5 ملیۆن و 10 هەزار و 78 کەس، هەر بەپێی ئەو پێشبینییە بێ، دانیشتووانی هەرێمی کوردستان نزیکەی 14%ی دانیشتووانی عێراق پێکدێنن.

# "پێشمەرگە" و "جیهادی" لە پرۆژە یاسای خانەنشینی کێشەیان لەسەرە



نەهرۆ محەممەد
رووداو- هەولێر

پرۆژە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق لە دوا قۆناغدایە و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەخرێتە دەنگدانەوە. بەگوێرەی پرۆژەکە، خانەنشینی لە تەمەنی 63 ساڵی دەبێت و هەر فەرمانبەرێک 40 ساڵ خزمەتی هەبێ بە مووچەی بنەڕەتی 100% خانەنشین دەکرێ. هاوکات خزمەتی "جیهادی"و پێشمەرگایەتی ناکۆکی لەسەرەو کورد لە دژی "جیهادی" دەوەستێتەوە، کە ئەگەر خزمەتی پێشمەرگایەتی هەژمار نەکرێت. لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق رۆژی چوارشەممەی رابردوو بە ئامادەبوونی سەرۆکی دەستەی گشتی خانەنشینیی عێراق و قوسەی سوهێل، جێگری سەرۆکی یەکەمی پەرلەمان لەبارەی پرۆژە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو کۆبووەوە. ئەمین هادی عەباس، ئەندامی لیژنەی دارایی بە (رووداو)ی گوت لە کۆبوونەوەکەدا "زۆربەی خاڵە ناکۆکییەکانمان یەکلایی کردەوە".

بە گوێرەی پرۆژەکە، دوو جۆرە خانەشین هەن یەکەم: خانەنشینی سەپێندراو کە لە تەمەنی 63 ساڵی خانەشین دەبێ. دووەم: ئارەزوومەندانە کە خزمەتی فەرمانبەرایەتی 15 ساڵ بێت. یاساکە مەدەنی و سەربازی دەگرێتەوە.

نەجیبە نەجیب، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا خانەنشینی لە تەمەنی 63 ساڵی بێت، هاوکات مادەی 39ی پرۆژە یاساکە هەڵبوەشێتەوە کە مامۆستایانی زانکۆ، داواکاری گشتی، دادوەرەکان، باڵیۆز و کونسوڵەکانی سەر بە وەزارەتی دەرەوە دەگرێتەوە، چونکە ئەوان یاسای تایبەت بەخۆیان هەیە.

ماجیدە تەمیمی، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بە (رووداو) گوت "لە پرۆژە یاساکەدا هەموو ئەو بڕگانەمان هەڵوەشاندەوە کە زیانی هەبووە بۆ هەر چین و توێژێک".

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە سەرەتای مانگی ئەیلولی رابردوو دوای نارەزاییەکی زۆر، پرۆژە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی پەسەندکرد و رەوانەی پەرلەمانی عێراقی کرد. گرنگی یاساکە لەوەدایە کەمترین مووچەی خانەنشینی 400 هەزار دینار دەبێ، یاسای خانەنشینی یەکدەخرێت و دەبێتە یەک یاسا و ئەو کەسانەشی لە کەرتی تایبەت کاردەکەن خزمەتیان بۆ هەژمار دەکرێ.


نەجیبە نەجیب، روونیکردەوە بەگوێرەی یاسای نوێی خانەنشینیی یەکگرتوو، کەمترین مووچەی خانەنشینی 400 هەزار دینارە، هاوکات هەر فەرمانبەرێک 40 ساڵ خزمەتی هەبێت بە 100%ی مووچەی بنەڕەتی خانەنشین دەبێت، 36 ساڵ بە 90 کەمتر، 30 ساڵ خزمەتیش بە 80%ی مووچەی بنەڕەتی خانەنشین دەبێ.

ئەمین هادی کە سەر بە فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسایە، دەڵێ پرۆژەکە رێککەوتنی زۆربەی لایەنەکانی لەسەرە و لە پرۆسەی دارشتنەوەی یاساییدایە، بۆیە چاوەڕێ دەکرێ لە دوای تەواوبوونی پشوو لە هەفتەی یەکەمی دانیشتنی پەرلەمان بخرێتە دەنگدانەوە. ماجیدە تەمیمی کە سەر بە فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسایە، پێیوایە لە ماوەی 10 رۆژی داهاتوودا پرۆژەکە دەنگی لەسەر دەدرێ و پەسەند دەکرێ.

بەگوێرەی زانیارییەکانی (رووداو)، "خزمەتی جیهادی" یەکێکە لەو پرسانەی کێشەی لەسەرە، شیعەکان داوا دەکەن ئەوانەی کاتی خۆی لە دژی رژێمی بەعس جەنگاون، بۆیان بە خزمەت هەژمار بکرێت بەناوی "خزمەتی جیهادی"، لە بەرامبەر ئەمەدا کورد داوای هەژمارکردنی خزمەتی پێشمەرگایەتی دەکات و واژووی بۆ کۆکردووەتەوە.

عالیە نسەیف، پەرلەمانتاری عێراقیەی ئازاد بە (رووداو)ی راگەیاند "بەهیچ شێوەیەک نابێ خزمەتی جیهادی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە، بەو پێیەی پێشمەرگە تایبەتە بە هەرێمی کوردستان و رۆڵی لە دەرەوەی هەرێم تێپەڕ ناکات، بۆیە مافی ئەوەیان نییە داوای پارەی زیاتر بۆ پێشمەرگە بکەن". پەرلەمانتارەکەی دەوڵەتی یاساش دەڵێ "لەسەر ئەوە رێککەوتووین کە هەر کەسێک لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق لەسەردمی ئۆپۆزیسیۆن لە رابردوودا لە دژی رژێمی پێشوو جەنگاوە یاساکە بیگرێتەوە". بەڵام پەرلەمانتارەکەی هاوپەیمانی کوردستانی دەڵێ ئەگەر ئەوان لەسەر خزمەتی پێشمەرگایەتی رازی نەبن، ئێمەش لە دژی خزمەتی جیهادی دەوەستینەوە و دەنگی بۆ نادەین". لەبارەی خانەنشینی پێشمەرگە ئەمین هادی، پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا گوتی "پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پارەی خانەشینیی پێشمەرگە لە بەشە بودجەی خۆی بدات، هەروەک چۆن حکومەتی عێراق دابینی دەکات". هەروەها دەڵێ "ئەو یاسایە ئیتیحادییە و پێویستە هەموو عێراق بگرێتەوە بە هەرێمی کوردستانیشەوە". بەڵام نەجیبە نەجیب دەڵێ "یاساکە راستەوخۆ هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە، بەڵکو دەبێ حکومەت و پەرلەمانی کوردستان لەسەری رازی بن، ئەوسا هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە".

پرۆژە یاساکە لە 43 مادە پێکهاتووە و خوێندنەوەی یەکەم و دووەمی بۆ کراوە، چاوەڕێی دەنگدانی کۆتاییە. بەگوێرەی یاساکە ئەگەر پەرلەمانتار تەنیا خزمەتی پەرلەمانی هەبێ، ئەوا ناتوانێ خانەنشین بێ، چونکە بە گوێرەی یاساکە ناتوانرێ هیچ کەسێک خانەشین بکرێ کە 15 ساڵ خزمەتی نەبێت. هاوکات سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان بەگوێرەی دوایین مووچەی خۆیان خانەنشین دەبن بە 100%ی مووچەی بنەڕەتی خۆیان و پەرلەمانتاران بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین دەکرێن.



عەبدولڕەحمان سدیق •
asidiq1962@yahoo.com

# ڕەوشی ئازادیی ئاینی لە عێراق

بەپێی لێدوانێکی وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری رەوەند و ئاینەکان لەوەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، رۆژ لەدوای رۆژ ژمارەی مەسیحییەکان لەعێراقدا روو لەکەمبوونەوە دەکات، بەجۆرێک کە لەیەک ملیۆن و 200 هەزارەوە لەساڵی (1990)دا، بۆ تەنیا 200 هەزار کەمبووەتەوە لەئێستادا.

بێگومان هۆکار زۆرن بۆ ئەم کەمبوونەوەیە، لەپێش هەمووشیاندا نەمانی ئاسایش و ئارامیی لەعێراقدا و کەمیی رێژەی گەشەکردنی ژمارەیان و کۆچکردنی ئارەزوومەندانە و کۆچپێکردنی زۆرەملێ و هاندانیان بۆ کۆچکردن لەلایەن هەندێک لەوڵاتانی ئەورووپاوە و نەبوونی هەلی کارو کارانەبوونی ئەو یاسایانەی کە مافەکانیان دەپارێزن.

سەبارەت بە پەیڕەوکارانی ئاینی ئێزدی و سابیئەش ئەم دیاردەیە بوونی هەیەو ئەوانیش لەژێر هەڕەشەی توندڕەوەکاندا ناچار دەکرێن خاکی خۆیان بەجێبێڵن.

بەڵام لەهەموو ئەم هۆیانە لەپێشتر دەرکەوتنی هزری توندڕەویی ئاینی و مەزهەبییە لەعێراق و ناوچەکە، بەجۆرێک کە رووبەری ئازادیی ئاینی لەعێراقدا زۆر بچووک بووەتەوە و هزرێکی توندڕەو و جیهانبینییەکی تەسکی هەندێک گرووپ و رێکخراوی بەناو ئیسلامی تەنگی بەخاوەن ئاینە جیاوازەکان هەڵچنیوە.

کێشەی هەرە گەورەی ئەم جۆرە رێکخراوانەش ئەوەیە کە ئاین بەشێوەیەکی ئاسۆیی و لەشکڵی دەرەوە زیاتر بایەخ پێدەدەن و ئاین لای ئەوان ئەوەیە کە پانتایی و رووبەرێکی ئاسۆیی دەگرێت لەژیانی تاکەکان و لەکۆمەڵگەدا، بەڵام لەڕووی ستوونی و لەڕووی تێگەیشتن و وردبوونەوە و تێگەیشتنی ورد لەدەقی ئاینی زۆر لاواز و کەم تفاقن، بۆیە دەتوانین بڵێین شێوازی دەرەکی ئاین و شتە رووکەشیەکانی ئاین و دەستگرتن بە شێواز و سرووتە ئاینییەکان بەشێوەیکی ئاسۆیی لای ئەوان زیاترە لە تێگەیشتنی ورد و قووڵ دەربارەی دەقە ئاینییەکان.

ئیسلام لای ئەوان بەمۆدێلە سیاسییەکەی هاتووەتە ئارا، مۆدێلی سیاسیش ئەوەندەی (دیعایە)یە، ئەوەندە (دەعوە) نییە، ئەوەندەی رووکەشییە لەتێگەیشتن و رووبەڕووبوونەوەیە لەمەیداندا، ئەوەندە رۆچوون نییە بەناخی مرۆڤەکاندا، بۆیە ئاین مۆرکی شەڕ و کوشتار و دەسەڵاتخوازی و پاوانخوازیی وەرگرتووە لەجوگرافیا و مێژووی زۆر لە لایەنەکان و هەر ئەوەشە کە وایکردووە زیاتر مۆرکی سیاسی و مۆرکی رووکەشی ئاین زاڵ بێت، هەتا قووڵبوونەوە و عیرفانیەت و پاککردنەوەی ناخ و دروستکردنی پردی پەیوەندیی راستگۆیانە لەنێوان تاکەکان و خوادا کە تاک و کۆمەڵگەی ئەمڕۆمان پێویستییەکی یەکجار زۆریان پێیەتی.

بۆیە ئەمڕۆ پێویستە کار لەسەر تۆخکردنەوەی ئەو راستییە بکرێت کە ئازادیی ئاینی وەک هەر جۆرێکی دی لە ئازادییەکان مافێکی رەوای هەموو تاک و کۆمەڵگەیەکە و لێرەوەش جێگەی خۆیەتی کە کۆمەڵگە و دەوڵەت پێکەوە لە خەمی دەستەبەرکردنی ئەم مافە گرنگەی مرۆڤەکاندا بن، لە پێناوی رێکخستنی پەیوەندیی ئاشتیانەی نێوان تاک و گرووپەکانی نێو کۆمەڵگە.

ئازادی بەگشتی و ئازادیی ئاینی بەتایبەتی، یەکێکە لەو پێوەرانەی کە ئازایەتی هەر دەسەڵاتێک دەخاتەڕوو لە بواری ئازادییە گشتییەکاندا، چونکە ئەو دەسەڵاتە ئازایە کە ئازادی لە کەس زەوت ناکات. لەڕووی دەرەوەشدا یەکێک لە پێوەرە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بۆ بەچاک ناسینی هەر حکومەت و دەسەڵاتێک، مەسەلەی ئازادی و ئازادیی ئاینییە بۆ دوورکەوتنەوە لەو پێشێلکارییانەی کە دژ بە ئازادیی ئاینی دادەنرێن، وەک :

یەکەم: بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن دژ بە کۆمەڵە ئاینییە ئاشتیخواز و بێ زیانەکان، بەجۆرێک لە ترساندا نەوێرن بەئاشکرا بچنە پەرستگاکانیان.

دووەم: توندوتیژی دژی کەمینەکان و ناسنامەی ئاینییان.

سێیەم: توندوتیژی کۆمەڵگە دژ بە کۆمەڵە ئاینییەکان و دەستەوەستان و بێباکی دەسەڵاتیش لەم بارەیەوە.

چوارەم: دارشتنی یاسا و پەیڕەوکردنی سیاسەتی هەڵاواردنی ئاینی بۆ زاڵکردنی زۆرینە لەسەر کەمینە.

www.abdulrahmansidiq.com
www.prdek.com

*نووسەر و لێکۆڵەر، یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لەدوای رووخاندنی رژێمی سەدام.

# 27 پەرلەمانتار دەتوانن داوای دانیشتنی پەرلەمان بکەن

## بۆ قەرەبووکردنەوەی 3 مانگ بێکاری بیر لە هەڵگرتنی پشووەکانی پەرلەمان دەکرێتەوە

نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

وادەردەکەوێ هەڵبژاردنەکەی مانگی ئەیلول تەنیا زەحمەتی و ماندوێتی بۆ دەنگدەران هێشتبێتەوە، چونکە دوای سێ مانگی تەواو بەسەر تێپەڕبوونی هەڵبژاردن، هێشتا بەفەرمی نێچیرڤان بارزانی رانەسپێردراوە بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ. پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت "لەچاوەڕوانی زیاتر هیچمان پێناکرێ"، بەبڕوای پەرلەمانتارێکی کۆمەڵی ئیسلامیش "ئێستا دیار نییە پەرلەمان لەسەر زەوییە یان لە ئاسمان". بەڵام پەرلەمانتارێکی پارتی دەڵێ "بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان 27 پەرلەمانتار دەتوانن داوای دانیشتنێکی پەرلەمان بکەن".

ماوەی 3 مانگە هەڵبژاردن تەواو بووە و جگە لە دانیشتنێک بۆ سوێندخواردنی پەرلەمانتاران، هیچی دیکە لەو هەڵبژاردنە شین نەبووە. بەڵام ئێستا دۆخەکە تەواو جیاوازە ،چونکە کەس ئۆپۆزسیۆن نییە و هیچ فراکسیۆنێکی پەرلەمانی بەرهەڵستکاری ئەو دۆخە سیاسییە نییە کە لەلایەن حیزبەکانەوە هاتووەتە ئاراوە.

### گۆڕان: لە دابەشکردن باشترە

بێستوون فایەق، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان، وایدەبینێ کە دواکەوتنی دانیشتنەکان خراپە و کارێکە هیچ پاساوێکی یاسایی گونجاوی نییە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا بۆخۆی بڕوای وایە "دوابکەوێ باشترە لەوەی وەک ساڵانی پێشوو پۆستەکان لەسەر بنەمای رێککەوتنی ستراتیژی لە نێوان دوو لایەندا دابەشبکرێ".

پێشتر 88 ئەندامی پەرلەمان بەیاننامەیەکی نارەزایەتییان بڵاوکردەوە، بەیاننامەکە داوا دەکات چیتر حیزبەکان گفتوگۆکانیان دوانەخەن و پێکبێن لەسەر پێکهێنانی حکومەت و دیاریکردنی سەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆ ئەوەی پەرلەمان دەست بە دانیشتنەکانی بکات "ئێمە نەمانزانی ئەو بەیاننامەیە ئاراستەی چ لایەنێک بکەین، چونکە روون نییە چ لایەنێک لەم دۆخە بەرپرسە، وەک پەرلەمانتار لەم دۆخەدا لەو بەیاننامەیە زیاتریشمان پێناکرێ"، بێستوون فایەق وایگوت.

### یەکێتی: حیزبەکان لێی بەرپرسن

پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی سەوز، وایدەبینن کە حیزبەکان لەو دۆخە بەرپرسن و ئەندامێکی فراکسیۆنی سەوز دەڵێ "ئەگەر حیزبەکان هەریەکە و لای خۆیەوە شتێک لە داواکاریەکانیان کەم نەکەنەوە، ناگەنە رێککەوتن و ئەو دۆخە بەو شێوەیە دەمێنێتەوە". سالار مەحموود گوتیشی "لەئێستاوە دیارە بۆ 4 ساڵی داهاتوو متمانە کەم دەبێ لە نێوان لایەنەکان".

هەندێک لە پەرلەمانتاران بۆچوونیان وایە، مادام پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەنێوان گۆڕان و یەکێتیدا یەکلایی نەبووەتەوە، دەبێ پەرلەمانتاران یاداشتێک ئاراستەی ئەو دوو حیزبە بکەن بۆ ئەوەی دەستوبرد بکەن لە یەکلاکردنەوەی ئەو مەسەلەیە، بەڵام سالار مەحموود ئەوە رەتدەکاتەوەو دەڵێت "مەسەلەی پەرلەمان و حکومەت بوونەتە یەک پاکێج و دەبێ بەیەکەوە یەکلایی ببنەوە".

د.فرسەت سۆفی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی زەرد، پشتگیری قسەکانی سالار مەحموود دەکات و پێیوایە "هەموو حیزبەکان بەرپرسیارێتی ئەو دۆخەیان بەردەکەوێ و دەبێ هەموو لایەنەکانیش خۆیان چارەسەری بکەن".

### یەکگرتوو: خۆمان سەرۆک دیاری دەکەین

ئەندامێکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی، لەو بڕوایەدایە تەنیا ئاسۆیەک لە پەرلەمانتارانەوە دیاربێ، کۆبوونەوەیەکی دیکەی پەرلەمانە بۆ ئەوەی ئەو پرسەی تێدا بخەنە بەرباس و چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە کە هەمووان کۆک بن لەسەری. شێرکۆ جەودەت، گوتی کە ئێستا ئەوان تاوتوێی رێگایەکی دیکە دەکەن "خۆمان وەک پەرلەمانتاران کۆببینەوە و رۆژی 2014/1/1 وەک دوا مۆڵەت بدەینە حیزبەکان، ئەگەر رێکنەکەوتن، ئەوکات خۆمان سەرۆکایەتیەکی کاتی دیاری بکەین بۆ ئەوەی دەست بە دانیشتنەکانی پەرلەمان بکەین".

هەرچەندە سالار مەحموود، پەرلەمانتاری یەکێتی پێیوایە کە ئەوە "رێگاچارەیەکی کرداری و سەرکەوتوو نییە"، بەڵام شێرکۆ جەودەت، خاڵی هاوبەش لەوەدا دەبینێ کە هەموو فراکسیۆنەکان کۆکن لەسەر ئەوەی ناکرێ ئەو بارودۆخە بەو شێوەیە درێژە بکێشێ و دەڵێ "کاتێک رازی بووین بەوەی دانیشتنی پەرلەمان بە کراوەیی بمێنێتەوە و مۆڵەتمان دایە لایەنە سیاسییەکان، بۆ ئەوەبوو بگەنە رێککەوتن نەک کات بکوژن".

پەرلەمانی کوردستان، پشووی وەرزیی هەیە و لە نێوان هەر وەرزێکدا ماوەیەک پشوویان هەیە، شێرکۆ جەودەت دەڵێ، وەک فراکسیۆنەکان بیریان لەوەش کردووەتەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو 3 مانگەی هیچ کارێکیان تێدا نەکردووە، پشووەکان نەهێڵن.

### پارتی: 27 پەرلەمانتار دەتوانن داوای دانیشتن بکەن

"بەپێی مادەی 6 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، یەک لەسەر چواری پەرلەمانتاران دەتوانن داوای دانیشتنێکی پەرلەمان بکەن، بەڵام ئایا حیزبەکان ئەوە قبوڵ دەکەن"، د.فرسەت سۆفی، ئەندامی فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان، بۆخۆی وەڵام دەداتەوە و پێیوایە کە ئەوە سەرناگرێ.

بەبڕوای ئەو پەرلەمانتارەی پارتی، کە پەرلەمان نەتوانێ کۆببێتەوە و پرۆژەی بودجە تاوتوێ بکات و چالاکییەکانی خۆی ئەنجام بدات و چاودێری کاروبارەکانی حکومەت بکات "گرفت و کێشەی یاسایی دروست دەبێ، بەڵام باشترە ئەو ماوەیەش چاوەڕوانی حیزبەکان بکرێ بەڵکو پێکبێن".

فرسەت سۆفی گوتیشی "ئەوەندەی من بزانم ئەو هەفتەیە هەفتەی یەکلاکەرەوەی پۆستەکان دەبێ، نێچیرڤان بارزانی بەرلەوەی سەردانی بەغدا بکات، ئەو کێشانە دەبڕێنێتەوە". هەروەها گوتیشی، خۆ هێشتا بەفەرمی ئەو رانەسپێردراوە بۆ پێکهێنانی حکومەت و ئەوە گفتوگۆی نێوان حیزبەکان خۆیانە "بێگومان کاتێک رادەسپێردرێت، هێشتا مانگێکی دیکەی دەوێ".

### کۆمەڵ: بەهۆی گۆڕان و یەکێتییە

بەپێی بۆچوونی ئەندامێکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی، پۆستی سەرۆکی پەرلەمان دەبێ لەنێوان یەکێتی و گۆڕاندا یەکلایی بکرێتەوە و بابەتەکە پەیوەندی بەو دوو لایەنەوە هەیە. فەخرەدین قادر، هەروەها دەڵێ "بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بۆ گۆڕانە و دیارە گۆڕان بۆخۆی حەزی لە وەرگرتنی جێگری سەرۆکی حکومەتە، ئەوە وایکردووە ئەو مەسەلەیە یەکلا نەبێتەوە".

بێدەنگیی ئەوجارەی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکان لە کاتێکدایە کە هەر دوای هەڵبژاردنەکان گوتیان حیزبەکانیان بەشداریی حکومەتیش بکەن ئەوان بەردەوام دەبن لە رەخنەگرتن و چاودێریکردن، بەڵام فەخرەدین قادر، دەڵێ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەسەڵاتی ئەوەی پێنەداوین هەڵوێستی لەوە زیاتر رابگەیێنین و گوتیشی "ئێمە هەر لەسەرەتاوە بە یاساشکێنی دەستمانپێکرد، پێش ئەوەی سوێند بخۆین چووینە سەر کورسییەکانمان، سوێندمان خوارد و دواتر چووینە ماڵەوە".



(فۆتۆ: سیروان عەزین)

## ڕێکانی خەڵات دەکرێت



ڕووداو- ئۆکسفۆرد

ئەحمەد ڕێکانی، سەرۆکی یەکێتی وەبەرهێنەرانی هەرێمی کوردستان وەک بازرگانێکی شایستە لە شاری ئۆکسفۆردی بەریتانیا، خەڵاتی (سیمیت ئۆف لیدەرس) ی پێبەخشرا. لە مەراسیمەکەدا کە نوێنەرانی 55 وڵاتی جیهان ئامادەی بوون، ئەحمەد ڕێکانی لەسەر ئاستی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕوانامەی ساڵی 2013 ی پێ بەخشرا، کە ئەو توانیویەتی وەک سەرۆکی ڕێکان گرووپ، سەرۆکی یەکێتی وەبەرهێنەرانی هەرێمی کوردستان و کەسایەتییەکی دیاری بواری ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان، لەم ساڵەدا چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری لە هەرێمی کوردستان ئەنجامبدات.

# پرۆژە قەیرانخولقێنەکە 35 تریلیۆن دینار کورتهێنانی هەیە



## پرۆژەی بودجەی 2014ی عێراق لە چوار شوێندا باسی بڕینی پشکی هەرێمی کوردستان دەکات

ئارام کاکەخان
ڕووداو- هەولێر

شـــارەزایانی بواری ئابووری دەڵێن پرۆژە یاسـای بودجەی عێراق بۆ سـاڵی داهاتوو چەند ماددەیەکی تێدایە کە زیانی بۆ هەرێمی کوردستان هەیە و ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردســتان ڕازی بێت بە پەسەندکردنی ئەوا تووشی قەیرانی دارایی دەبێت.

بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی داهاتوو بە 174 تریلیۆن و 649 ملیار و 144 ملیۆن و 774 هەزار دینار خەمڵێندراوە، داهاتەکەشی بە 139 تریلیۆن و 640 ملیار و 628 ملیۆن و 585 هەزار دینار، بەوپێیە عێراق بۆ ساڵی داهاتوو 35 تریلیۆن و 8 ملیار و 516 ملیۆن و 189 هەزار دینار کورتهێنانی هەیە.

### دەبێ کوردستان ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل بنێرێ

داهاتی عێراق کە زۆربەی لەسـەر نەوتە، بەپێی پرۆژە یاسای بودجە دەبێت حکومەتی عێراق ڕۆژانە 3 ملیۆن و 400 هەزار بەرمیل هەنـاردە بکات. لـەو بـڕەش 400 هەزار بەرمیلـی دەبێت لە بیرە نەوتەکانی هەرێمی کوردســتانەوە هەنـاردە بکرێت. نرخی هەر بەرمیلێـک نەوتیش بە 90 دۆلار حیسـاب کراوە.

عەلـی حەمـە سـاڵح، پەرلەمانتـاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت بودجەی عێراق دوو گرفتی هەیە کـە یەکەمیان پەیوەنـدی بە خودی بودجەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە قەبارەی کورتهێنان زۆر گەورەیـە، دووەمیان ئەوەیە بودجەی عێراق پشت بە تاکە سەرچاوەیەک دەبەسـتێ کە نەوتە "خراپترین بودجەکانی دونیـاش ئەو بودجانەن کە تەنیا پشـت بە یەک سەرچاوە دەبەستن".

### کەرتی ئەمنی زۆرترین و کشتوکاڵ کەمترینی بۆ دانراوە

بەپێـی پـرۆژە یاسـاکە، بودجـەی بەگەڕخستن (تەشـغیلی) بە 110 تریلیۆن و 501 ملیـار و 816 ملیـۆن و 554 هەزار دینـار خەمڵێنـراوە کە دەکاتـە 63.3%ی بودجـە، بودجـەی وەبەرهێنانیـش بە 64 تریلیـۆن و 147 ملیار دینـار خەمڵێندراوە کـە 36.7%ی بودجە پێکدێنێ. بودجەیەکی زۆر بۆ کەرتی ئەمنی و سـەربازی دەوڵەت و کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ زۆر کەمی بۆ تەرخانکراوە. بەپێی پرۆژەکە، خەرجییەکانی ئەمنـی و بەرگری 22 تریلیۆن و 31 ملیار و 569 ملیۆن دیناری بـۆ تەرخانکراوە، بەڵام کەرتی کشـتوکاڵ 3 تریلیۆن و 243 ملیار و 729 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، کەرتی پیشەسازیش تەنیا 2 تریلیۆن و 460 ملیار و 466 ملیۆن دینار.

حکومەتی عێراق پێشبینی دەکات داهاتە نەوتییـەکان لە سـاڵی داهاتوودا بگاتە 9 تریلیـۆن و 410 ملیار دینار و بە بەراورد بە ساڵانی پێشـوو 6.9% زیاد بکات کە بریتین لە باج و ڕەسمەکان.

ئەمسـاڵ بودجەی عێراق، جگە لە داهاتە نەوتییەکان، لەسەر بنەمای هەناردەکردنی 2 ملیـۆن و 900 هـەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا دانرابـوو، بـەڵام بۆ سـاڵی داهاتـوو بڕی هەناردەکردن دەبێتە 3 ملیۆن و 400 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بۆ ساڵی 2015 پێشبینی هەناردەکردنی 3 ملیۆن و 850 هەزار بەرمیل نـەوت دەکرێت، هەروەها بۆ سـاڵی 2016 ڕێژەکە بەرز دەبێتـەوە بۆ 4 ملیۆن و 650 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

بەگوێـرەی شـیکردنەوە ئابوورییەکان، لەوانەش شیکردنەوەی ژووری لێکۆڵینەوەی ئابـووری بزووتنـەوەی گـۆڕان "بیرێکـی ئابوورییانە لە پشتی ئەم بودجەیەوە نییە کە بایەخ بە زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆی عێراق و کەمکردنـەوەی قەبـارەی هاوردەکردن و زیادکردنـی دەرفەتـی کار و بەرزبوونەوەی داهاتـی تاک و پەرەپێدانی کشـتوکاڵ و پیشەسـازی بـدات، بەڵکو ئـەم بودجەیە زیاتـر سـیمایەکی ئەمنی و سـەربازی و سیاسـی هەیە، باشـترین بەڵگەش بۆ ئەمە زیادبوونی نائاسـایی خەرجیە سیادییەکان و خەرجییەکانـی ئەمنـی و بەرگرییـە و تەرخانکردنـی بـڕە پارەیەکـی کەمـە بۆ کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی".

### پشکی هەرێمی کوردستان

پشکی هەرێمی کوردستان لەم بودجەیەدا 18 تریلیـۆن و 836 ملیـار و 121 ملیۆن و 421 هەزار دینارە کە دەکاتە 10.8%ی کۆی گشتی بودجەی عێراق.

بەپێـی شـیکردنەوەی ژووری لێکۆڵینـەوەی ئابـووری بزووتنـەوەی گۆڕان کە وێنەیەکی لـێ دراوەتە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)، خەرجیە سـیادییەکانی عێـراق گەورەترین کاریگەرییان لەسـەر کەمبوونەوەی پشـکی هەرێمی کوردستان هەیە لە بودجەی عێراقدا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بودجەی سیادی لە بودجەی گشتی عێراق دەردەهێنرێت، پاشان 17%ی پشکی کورد لە بودجەی گشتی جیادەکرێتەوە.

خەرجییەکانی حاکیمەش سـاڵ بەساڵ زیـاد دەبـن، هەرچەندە بەپێی یاسـای بودجەی عێراق 17%ی خەرجییە حاکیمەکان بۆ هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە، بەڵام بەشـێک لـەم خەرجییانە لـە ڕابردوودا نەگەیشتوونەتە هەرێمی کوردستان، لەوانە خەرجییەکانی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانـی کارەبـا، ئەوە سـەرباری بودجەی پێشـمەرگە کە تائێسـتا بەغدا ئامادە نییە خەرجییەکانی دابین بکات.

### ئەو مەرجانەی زیان بە کوردستان دەگەیەنن

حکومەتی عێـراق چەندین مەرجی داناوە بۆ هەرێمی کوردستان کە ئەگەر جێبەجێیان نەکات لە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان دەبڕێت، یەکێک لەو مەرجانەش هەناردەکردنی 400 هەزار بەرمیل نەوتە لە ڕۆژێکدا.

ڕەشـید تاهیر، بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گـوت "ئەگەر پرۆژەی بودجـەی عێراق بەو فۆرمەی ئێستا پەسەند بکرێت لە پەرلەمانی عێراق ئێمە زەرەرمەند دەبین".

عەلی حەمە ساڵح، پەرلەمانتاری گۆڕانیش دەڵێـت "کۆمەڵێک ماددە لە پرۆژەکەدا هەن ئەگەر بچنە بواری جێبەجێکردنەوە هەرێمی کوردستان دووچاری قەیرانی گەورە دەبێت، بۆ نموونە بەپێـی پرۆژەکە دەبێت هەرێمی کوردسـتان لە ڕێگەی بۆڕی نەوتی عێراقەوە ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات کە نرخەکەی لە سـاڵێکدا دەگاتە نزیکەی 9 ملیـار و 125 ملیۆن دۆلار، ئەگەر نەینێرێت ئەوا لە بەشـە بودجەکەی دەبڕدرێت، بۆیە ئەگەر ئەم پرۆژە یاسـایە تێپەڕێت، هەرێمی کوردستان تووشی قەیرانی دارایی و ئابووری دەبێت". ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان ئاماژەی بـە چەنـد خاڵێکـی دیکەی نێـو پرۆژەی بودجەی عێراق دا کـە حکومەتی عێراق لە کاتی ناکۆکییە سیاسییەکاندا دەتوانێت وەکو کارتی فشـار لە دژی هەرێمی کوردسـتان بەکاریان بهێنێت.

ئـەو بودجەی پێشـمەرگەی بـە نموونە هێنایەوە و گوتی "یەکێک لە بڕگەکانی بودجە، دابینکردنی خەرجییەکانی هێزی پێشمەرگەیە بە مەرجێک سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بگەنە ڕێککەوتن، کە ناگەنە ڕێککەوتن، لە ئەگەری دروستبوونی ناکۆکی سیاسـیدا دەتوانرێت بە ئاسانی دەستکاری ئەو بڕگەیـەی بودجە بکرێـت و قەیران بۆ هەرێمی کوردستان دروست بکات".

هەروەهـا داهاتی خاڵە سـنوورییەکانی هەرێمی کوردسـتانی بەنموونە هێنایەوە کە ئـەو دەڵێت "لـە سـاڵی 2003وە تاوەکو ئێسـتا تەسـفییە نەکراوە و تەحقیقی تێدا نەکراوە". بۆیە "ئەگەر دەرکەوت ئەم پارانە نەگەڕاونەتەوە بۆ خەزێنەی گشـتیی عێراق، ئەوا لە بەشـە بودجەی هەرێمی کوردستان دەبڕدرێت".

بەڵام ڕەشید تاهیر لەبارەی داهاتی خاڵە سنوورییەکانەوە گوتی "داهاتی گومرگەکانمان لە 2003وە تاوەکو ئێسـتا تەسلیمی بەغدا کردووە".

### باسی کورد لە بودجەی عێراقدا

بەهیچ شـێوەیەک لـە بودجەی 2014ی عێراقدا خەرجی و مووچەی هێزی پێشمەرگە مسـۆگەر نەکـراوە، تەنیا ئـەوە نەبێت کە لـە بڕگەیەکـی مەتاتیدا هاتـووە "لەدوای ڕێککەوتنـی ئەنجوومەنـی وەزیرانی عێراق و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردسـتان مووچەو خەرجیی پڕچەککردن و ئامادەکردنی پاسـەوانانی هەرێم (پێشـمەرگە) دەدرێت، بەشێوەیەک کە بگونجێت لەگەڵ دەستوور). ئەو بڕگەیەش ساڵانە دووبارە دەبێتەوە بەبێ ئەوەی جێبەجێ بکرێ.

بەپێی پرۆژە یاساکە، حکومەتی ناوەندی هـەردوو دیوانـی چاودێری دارایـی عێراق و هەرێمـی کوردسـتان ناچـار دەکات بە دیاریکردنـی قازانجی حکومەتی ناوەندی کە هەیەتـی لە هەرێمی کوردسـتان، دواتریش وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردسـتان ناچار دەکات ئـەو بـڕە قازانجە هەر لەمسـاڵدا بخاتە سەر حیسابی وەزارەتی دارایی عێراق بەشـێوەی مانگانە. بەڵام بەهیچ شێوەیەک بـاس لەو بەرکەوتانە نـاکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیەتی لەلای حکومەتی ناوەندی. هەروەها بەپێی پرۆژەکە، وەزارەتی دارایی عێراق کاتێک بەشی دیاریکراوی بودجە دەداتـە هەرێمی کوردسـتان کە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان داهاتی خۆی تەسلیمی حکومەتی ناوەند کردبێت.

هەر بەپێی پرۆژەکـە، بڕی یەک تریلیۆن دینار بۆ هەقدەسـتی کۆمپانیاکانی نەوت لە هەرێمی کوردسـتان تەرخانکراوە، لەکاتێکدا بڕی 16 تریلیۆن دینار بۆ کۆمپانیاکانی نەوت لە ناوەڕاست و خواروی عێراق تەرخانکراوە، بـەڵام حکومەتی هەرێمی کوردسـتان مافی کۆمپانیا نەوتییەکانی بە 3 ملیار و 500 ملیۆن دۆلار خەملاندووە. سـەبارەت بە قەرەبووی مادەی 140یش هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتـووە و هەروەکو سـاڵی ڕابردوو تەنیا 172 ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە. بەمجۆرە ئەمساڵیش هەموو هاووڵاتیانی ناوچە ناکۆکی لەسـەرەکان قەرەبوو ناکرێنـەوە. ماددەی 10ی پرۆژە یاسـاکە لە چوار بڕگەدا باسی بڕینی بەشـە بودجەی هەرێمی کوردسـتان دەکات، ئەگەر ڕازی نەبوو بەو مەرجانەی لە بڕگەکاندا باسکراون.

پرۆژە یاساکە هێشتا هەر لەلای حکومەتە و ڕەوانـەی پەرلەمان نەکراوە، پێشـبینی دەکرێت زۆرترین گفتوگۆی لەسـەر بکرێت، بەو پێیەی بەرپرسـانی وەزارەتـی دارایی هەرێمی کوردسـتان پێیانوایە لوغمێکی زۆر لە نێـو بودجەدا بۆ کورد دانـراون. بەڵام عەلی حەمە ساڵح دەڵێت "شەڕی بودجە لە پەرلەماندا ناکرێت، شەڕی بودجە دەبێت لە ئەنجومەنی وەزیران و لـە وەزارەتی دارایی عێراق لە کاتی دارشـتنی بودجەدا بکرێت، چونکە لـە پەرلەماندا بـە زۆرینەی دەنگ تێدەپەڕێنرێ".

# کۆمپانیای ماراتۆن زەماڵەی خوێندنی نەوت بۆ 7 قوتابی کورد دابین دەکات




کیرا واکەر
ڕووداو- هەولێر

لەگەڵ گەشەکردنی ئابووری و زۆربوونی دەرفەتـی کار، لە چەند سـاڵی داهاتوودا هەرێمی کوردستان کەموکورتییەکی بەرچاو لە ژمارەی پیشەوەر و کرێکاری بە توانا لە بوارە جیاجیاکانـدا بەخۆوە دەبینێ ئەگەر حکومەت هەنگاو نەنێ بۆ زیادکردنی توانای کرێکاری ناوخۆیی.

وەک هەنگاوێـک بـۆ چارەسـەری ئەم کێشـەیە، بە تایبەتیش لـە کەرتی نەوت و غـازی کوردسـتان، سـاڵێک لەمەوبەر پرۆگرامـی دابینکردنی زەماڵـەی خوێندن بۆ قوتابیانی هەرێمی کوردسـتان لەلایەن کۆمپانیای نەوتی ماراتۆنی نێودەوڵەتی بە هاوکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان دامەزرا.

پرۆگرامەکە هـاوکاری دارایی بۆ حەوت خوێنـدکاری کـوردی دەرچـووی قۆناغی پێـش زانکۆ بۆ خوێندنی نـەوت و غاز لە زانکۆی تەکسـاس دابین دەکات. زانکۆکە بەناوبانگترین زانکۆیـە بۆ خوێندنی نەوت و غـاز لـە جیهانـدا. یەکەمیـن گرووپی سـوودمەند لە پرۆگرامەکە لە ناوەڕاسـتی مانگی کانوونی دووەمی 2014دا دەست بە خوێندن دەکەن.

عادل چـاوش، سـەرۆک و بەڕێوەبەری گشـتی کۆمپانیای ماراتۆن لە کوردسـتان گوتی "ئەمە یەکەمین پرۆگرامی لەو جۆرەیە بـۆ خوێندکارانـی قۆناغی پێـش زانکۆی هەرێمی کوردستان".

گوتیشـی کە دامەزراندنی ئەو پرۆگرامە بەمەبەسـتی دابینکردنی هەلی خوێندنە بۆ خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات و گەڕانەوەیان بۆ کوردستان تا ببنە پێشەنگ لـە پیشەسـازیی نەوت و غـازی هەرێمی کوردستاندا.

پرۆگرامەکـە بەشـێکە لـە پابەندیـی کۆمپانیای ماراتۆن بە پێشخستنی هەرێمی کوردسـتان لە ڕێگەی بەشی کۆمەڵایەتی و هاوکاری کۆمپانیاکەوە.

دەستپێشـخەرییەکانی ئـەم کۆمپانیایە لەسـەر بنەمـای ئەوەیە کـە کۆمپانیاکە بەرپرسـە لە کارو چالاکییەکانی لە بواری کۆمەڵایەتـی و ئەخلاقی و ژینگەیی لە هەر شـوێنێک کاربکات. ئەم دەستپێشخەرییانە زیاتر بواری خوێندن، تەندروسـتی، ژینگە و مافی مـرۆڤ دەگرێتەوە بـۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی.

کۆمپانیای ماراتۆن پرۆگرامی هاوشێوەی لە هەردوو وڵاتی غینیا و گابۆن لەسـاڵانی 2004 و 2005 دا بـە سـەرکەوتوویی ئەنجامداوە.

ماسـتەرپلانی پرۆگرامەکە لە ڕۆژئاوای ئەفریقاوە هێنراوەتە کوردستان و بە جۆرێک ڕێکخـراوە کە لەگەڵ ژینگەی کوردسـتان بگونجێ.

هەڵمەتێکـی بەرفراوانی ڕێکلام لە ڕادیۆ و کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی کوردستان کرا تا ئەو خوێندکارانەی مەرجەکان دەیانگرێتەوە خۆیان ناونووس بکەن بۆ پرۆگرامەکە.

وەک بەشـێک لە پرۆگرامەکە، قوتابیان بەشداری چەند خولێکی هاوینەی کۆمپانیای ماراتۆن دەکەن بـۆ پەیداکردنی ئەزموونی سەرەتایی لەو بوارەدا.

چـاوش گوتـی "خولەکان لـە هاویندا دەکرێـن، جا لە کوردسـتان بێـت یان لە وڵاتانی دیکە کە کۆمپانیاکە کاری لێدەکات وەک ئەفریقا و ئەورووپا و ئەمریکا".

خوێندکارانی قبوڵکراو لە چەند بوارێکی جیاجیادا دەخوێنن وەک جیۆلۆجی و فیزیا، هەروەها لـە بەشـەکانی ئەندازیاری وەک پترۆڵ، میکانیک، مەدەنی، کارەبا، کیمیاوی و پرۆسێسکردن.

کۆمپانیای ماراتۆن پشـتگیری لۆجستی بۆ خوێندکارە وەرگیراوەکان دابین دەکات، بەڵام پرۆسـەی وەرگرتن و چاوپێکەوتن و هەڵبژاردنی خوێندکاران لە ئەستۆی زانکۆی تەکساسدایە.

مەرجەکانی وەرگرتن بریتین لە نمرەیەکی باش کە لانیکـەم 90 نمرە بێت لە قۆناغی شەشـەمدا. هەروەهـا لە هەمان سـاڵی پێشکەشکردنی داواکاری، قوتابی دەرچووی یەکێک لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان بێت و خواستی خوێندنی هەبێت لە کۆلێژی نەوت و غاز لە زانکۆی تەکسـاس و ژیانی هاوسەرگیری پێکنەهێنابێت.

لان ماکلنتـۆش، ڕاوێژکاری تەکنیکی لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان گوتی لـە کاتێکدا پیشەسـازی نەوت و غازی کوردسـتان لە گەشەکردندایە، کۆمپانیاکان نایانەوێت پشت بە هێنانـی کارمەند لە دەرەوە ببەسـتن. ئامانجیـان دامەزراندنی کارمەندی ناوخۆی بەتوانایـە لە بوارەکەدا و هاندانی قوتابیان بۆ پەیداکردنی ئارەزوو لەپیشەسازیی نەوت، بۆ ئەم مەبەسـتەش خوێندنی پرۆگرامێکی گونجاو لەو بـوارەدا هەنگاوێکی گرنگە لە گەیشتن بەم ئامانجە.

چـاوش گوتی، دۆزینـەوەی کێڵگەکانی نـەوت و غازی ئـەم دواییـەی کۆمپانیای ماراتۆن ئاماژەدانە بەوەی کە کۆمپانیاکە لە چەند ساڵی داهاتوودا لە هەرێمی کوردستان دەمێنێتـەوە. گوتیشـی "هـاوکات لەگەڵ بەرفراوانکردنـی کار و چالاکییەکانمـان لە ساڵانی داهاتوودا، بەردەوام دەبین لە گەڕان بە دوای قوتابیی بەهرەمەند".

## د.دلاوەر عەلائەددین، وەزیری پێشووی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:

# لە زانکۆکاندا لۆبیەک هەبوو دژی ریفۆرم لە سیستمی خوێندن



**د.دلاوەر عەلائەدین، پرۆفیسۆری بایۆلۆجی لە زانکۆی نۆتینگهامی بەریتانی و وەزیری پێشووی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان، بە ئەندازیاری ریفۆرم لە خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان دادەنرێت، ئەو کە لە ساڵی 2009 تاوەکو بەهاری رابردوو وەزیری خوێندنی باڵا بوو، رۆڵێکی کارای گێڕا لە بنیاتنانەوەی سیستمی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان.**

**د.دلاوەر لەم هەڤپەڤینەدا لەگەڵ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) باسی ئەو ئاستەنگانە دەکات کە بەرەوڕووی پرۆسەی ریفۆرم لە خوێندنی باڵای کوردستاندا دەبنەوە.**

**هەڤپەیڤین: ئەلێکساندرا دی ستیڤانۆ**

## زۆرترین خۆپیشاندان لە دژی وەزارەتی ئێمە کرا

## لە زانکۆ حکومییەکاندا دهۆک باشترینە و لە ئەهلیەکانیش زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی

**ڕووداو: چاککردنی سیستمی خوێندن لە هەرێمی کوردستان بۆچی گرنگە؟**

**د.دلاوەر عەلائەدین:** ماوەیەکی درێژ مافی بنیاتنانەوەی وڵاتەکەمان و وەبەرهێنان لە خەڵکەکەمان و دابینکردنی داهاتوویەکی گەش بۆ نەوەکانمان لێ زەوت کرابوو. پاش ئازادکردنی کوردستان لە ساڵی 1991 سیستمێکی شکستخواردووی حکومڕانی و ژێرخانێکی ئابووری رووخاومان بۆ مایەوە. ڕووبەڕووی بارودۆخێکی سیاسی خراپ بووینەوە لە جەنگی ئیقلیمی و شەڕی ناوخۆ. بە خۆشحاڵییەوە ئەمانە ئێستا بوون بە رابردوو، کاتێکی زۆرمان لەبەر دەستە تا قەرەبووی ئەو نەهامەتیانەی رابردوو بکەینەوەو هەرێمی کوردستان بخەینە سەر نەخشەی سیاسی جیهان.

**ڕووداو: بەبڕوای تۆ کۆمەڵگەی کوردی لە پێشکەوتنێکی خێراتردایە بە بەراورد بە سیستمی خوێندنەکەی؟ ئەگەر وایە، ئایا پەلەنەکردن لە باشکردنی سیستمی خوێندن چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر گەشەکردنی ئابووری هەرێمی کوردستان؟**

**د.دلاوەرعەلائەدین:** ئابووری کوردستان لە گەشەکردنێکی خێرادایە هەروەها کۆمەڵگەی کوردیش لە گۆڕانکارییەکی خێرادایە، بەڵام لە هەمانکاتدا سیستمی خوێندنی کوردستان زۆر لە دواوەیە. ئابوورییەکی بەهێز ناتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێ بەبێ ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەی خوێندەوار و کارا کە لەناو وڵاتەکەوە سەرهەڵبدەن. بۆشاییەکە هێشتا زۆرە لە نێوان پێداویستیەکانی کۆمەڵگە و واقیع. بەڵام بە خۆشحاڵییەوە سیستمەکە ئێستا لەسەر رێچکەیەکی راست دەڕوات.

**ڕووداو: دۆخی ئێستای سیستمی خوێندن لە کوردستان و عێراق چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**د.دلاوەر عەلائەدین:** ئەو سیستمەی کە بۆمان مایەوە بۆ وڵاتێکی دیکتاتۆر دیزاین کراوە. ئەو سیستمە گونجاو نییە بۆ گەشەکردنی ئابووری و سیاسی ئێستای کوردستان. سیستمێکی بەسەرچووە، خوێندکارەکانمان لەسەر ئاستی کار و بازاڕی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی کەم توانان و وەبەرهێنەران پشت بە هێنانی

## دوای من پرۆسەی ریفۆرم خاو بووەوە

خەڵکانی بەتوانا لە دەرەوە دەبەستن بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان. ئەمەش بارودۆخی بێکاری خراپتر کردووە. بۆیە لە نێوان ساڵانی 2009 تا 2012 کاتێک وەزیر بووم حکومەت پارەیەکی زۆری خەرج کرد لە پێناو باشکردنی کواڵێتی خوێندن و توانای مرۆیی و ژێرخانی ئابووری.

**ڕووداو: بەبڕوای تۆ بەرنامەی تواناسازی مرۆیی کە بواری دا بە خوێندکارانی کورد بچنە دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن هیچ گۆڕانکارییەکی لە کوردستان دروستکردووە؟**

**د.دلاوەر عەلائەدین:** بەرنامەکە یەکێک بوو لە ستراتیژیترین دەستپێشخەری کە تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان کردبێتی. زیاتر لە 4500 خوێندکاری بەهرەمەند لە کوڕو کچ لە پێشبڕکێیەکی کراوەدا هەلی ئەوەیان پێدرا لە باشترین زانکۆ و پەیمانگاکانی دەرەوە بخوێنن. بۆ هەر هەزار کەسێک یەک قوتابی مافی چوونە دەرەوەی بۆ خوێندن هەبوو. لە ماوەی دوو ساڵی دەستپێکردنی بەرنامەکە لە ساڵی 2009 دا لەلایەن سەرۆک وەزیرانی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان د.بەرهەم ساڵح نزیکەی 3 هەزار قوتابی چوونە دەرەوە بۆ خوێندن. ژمارەیەکی بەرچاو لەو قوتابیانە ئێستا گەڕاونەتەوە کوردستان و خزمەت دەکەن. ئەوەی مایەی دڵنیایی بوو، ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان متمانەیان بە شەفافیەتی بەرنامەکە هەبوو، بەتایبەتی من خۆم زۆر خۆشحاڵ بووم کە 30%ی کورسی خوێندنی بەرنامەکە بۆ کچان بوو. دەکرێت ئەمە وەک شۆڕشی کەلتوری تەماشا بکرێت.

**ڕووداو: لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ کارکردنت لەو وەزارەتە، توانیت چەندە ئەنجام بدەی؟ هێشتا چەند ماوە بکرێ؟**

**د.دلاوەر عەلائەدین:** دوو ساڵ و نیوی کاری وەزیریم بەس بوو بۆ ئەوەی چەند ریفۆرمێکی گرنگ ئەنجام بدەین، بەڵام ئەوەندە نەبوو کە بەروبوومی تەواو بدات. ئەو ماوەیە بەس بوو تا سیستمە کۆنەکە جێی پێ لەق بکرێ و چەند گۆڕانکارییەکی ریشەیی ئەنجام بدرێ. نەخشە رێگاو ستراتیژێکی درێژخایەنمان ئامادەکرد. پاش ئەنجامدانی چەند گۆڕانکارییەکی خێرا لە سەرەتای ساڵی 2010دا، بەشێوەیەکی بەرفراوان دەستمان بە جێبەجێکردنی نەخشەڕێگایەک کرد و توانیمان لە چەند گۆشەیەکەوە گۆڕانکاری لە سیستمەکەدا بکەین.

بۆ نموونە، بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراقدا توانیمان سیستمێکی مۆدێرن لە دڵنیایی کواڵێتی وانە گوتنەوە دابین بکەین بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی ئەکادیمی دامەزراوە و تاکەکان. گۆڕانکاریمان کرد لە بابەت و پرۆگرامەکانی خوێندن بە جۆرێک کە لەگەڵ ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بگونجێ و هەروەها هانی قوتابی بدات بۆ بیرکردنەوە و خۆفێرکردن و فێربوونی زمانە نێودەوڵەتییەکان. بە یاسا پێدانی بڕوانامەی زانکۆ و داخستنی ئەو زانکۆیانەی ئاستی زانستییان نزم بوو ڕێکمانخستن. هەروەها ریفۆرممان کرد لە ڕێکخستنی پێکهاتەی زانکۆ حکومییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کواڵێتیان. سیستمی خوێندنی دکتۆرامان گۆڕی لە خوێندنی کۆرسی سێ ساڵەوە بە پارت تایم بۆ چوار ساڵ لە توێژینەوە و کۆرسی چڕ کە تێیدا هەموو قوتابیەکی دکتۆرا لانیکەم 12 تا 18 مانگی توێژینەوەکەیان لە زانکۆ نێودەوڵەتییەکان دەخوێنن. بۆ پشتگیرکردنی ئەم پرۆگرامە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندیمان دا لە نێوان زانکۆکانی کوردستان و زانکۆ نێودەوڵەتییەکان. چوار زانکۆی گشتیمان کردەوە و چەند پەیمانگایەکی تەکنەلۆژیمان گۆڕی بۆ زانکۆی تەکنیکی.

زیاتر لە 200 ملیۆن دۆلارمان خەرج کرد لە ژێرخانی ئابووری خوێندنی باڵاو کڕینی ئامێری گەورە. دووبارە دەڵێم د.بەرهەم ساڵح رۆڵێکی مێژوویی هەبوو لەو ریفۆرمەدا.

چەند یاساو رێنماییەکمان پیادە کرد لە پێناو پارێزگاریکردن لە مافی مرۆڤ و هەلی یەکسان بۆ هەموو لایەک و یەکسانیی جێندەر و تەندروستی و سەلامەتی. رەنگە سەرسام بیت ئەگەر بڵێم هیچ کام لەم رێوشوێنانە لە کوردستان و عێراقیش بوونیان نییە. پرۆسەی دەستنیشانکردنی ستاف لەسەر بنەمای لێهاتوویی لەڕێگەی پێشبڕکێی کراوەوە یەکێکی دیکە بوو لەو شۆڕشە کەلتورییەی کە بە زوویی تەشەنەی کرد بۆ وەزارەت و دامەزراوە گشتیەکانی دیکە. بۆ دابینکردنی یەکسانی و شەفافیەتی زیاتر، سیستمی ئەلیکترۆنیمان بنیات نا بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بۆ زانکۆ کە چەندین قازانجی هەبوو بۆ قوتابیان و زانکۆکان و حکومەتیش.

**ڕووداو: ئەمانە هەموو دەستکەوتی گرنگن، بەڵام لەو بڕوایەدای ئەم دەستکەوتانە برەویان پێدەدرێ لەلایەن کابینەی داهاتووەوە؟**

**د.دلاوەرعەلائەدین:** بۆ پارێزگاریکردن و هێشتنەوەی ئەم گۆڕانکاریانە، پرۆژە یاسایەکمان ئامادەکرد کە ژمارەیەک برگەی نوێی لەخۆگرتبوو بۆ چەسپاندن و دڵنیابوون لە کواڵێتی خوێندن و سەربەخۆیی زانکۆکان لە حکومەت و جێبەجێکردنی نەخشەڕێگاکە. بەداخەوە نەمانتوانی ئەو پرۆژە یاسایە بخەینە بەردەم پەرلەمان بەر لە گۆڕینی کابینەی حکومەت، ئەوەش بەهۆی لۆبیکردن لەلایەن ئەو گرووپانەی دژی ریفۆرمی سیستمی خوێندن بوون. رەشنووسی پرۆژە یاساکە لە وەزارەت مایەوە و پرۆسەی ریفۆرم رووی لە خاوبوونەوە یان نەمان کرد. گومانی تێدا نییە ریفۆرمکردن لە سیستمێکی لەو جۆرە پێویستی بە وزە و قوربانی و خەڵکانی لێهاتووی زۆرە. بۆیە لەکاتی نەبوونی ئەم شتانەدا، پرۆسەی سستبوونی ریفۆرم حەتمییە. سەرەڕای ئەوەش هێشتا گەشبینم بە داهاتوو. لەلایەکەوە چونکە زۆر لەو گۆڕانکاریانەی کردوومانن ناتوانرێ دەستکاری بکرێن و ئەو کەسانەی پشتگیری ریفۆرمن رۆڵیان هەبووە لە پارێزگاریکردنی ئەو دەستکەوتانە. لەوەش گرنگتر، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت جەختی کردووەتەوە لەسەر پابەندبوونی بە بەرنامەی ریفۆرمەوە و بەڵێنی داوە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دووبارە وزە بداتەوە بەو گۆڕانکاریانە. بەبڕوای من میدیا و پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانی وەک گۆڕان و گرووپە ئیسلامیەکان کە قورساییان هەیە لە پرۆسەی سیاسیدا، دەتوانن رۆڵی گرنگ ببینن لە فشار خستنە سەر حکومەت بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمی زیاتر.

**ڕووداو: ئەو ئاستەنگانە چی بوون کە خەڵکانی ئەکادیمی و قوتابی و بەرپرسەکان دروستیان دەکرد لەبەردەم هەوڵەکانت بۆ باشکردنی سیستمی خوێندن؟**

**د.دلاوەر عەلائەدین:** وەک پێشبینی دەکرێت چەندین بەربەست هەبوون بۆ پێشکەوتن. چەندین گرووپ و لایەنی گەورە هەبوون کە بەرژەوەندییەکی زۆریان هەبوو لە مانەوەی سیستمە کۆنەکە و ئامادە نەبوون بەشداری هەڵمەتی ریفۆرم بکەن. هەندێکی دیکە کە خەڵکانی تەقلیدی بوون، ئامادە نەبوون بەپێی یاسا نوێیەکان کاربکەن. هەروەها کاریگەری دەرەکی هەبوو کە بەردەوام دەستیان وەردەدا لە کاروبارەکان و هەوڵیان دەدا سیستمەکە پێشنەکەوێ بۆ بەرژەوەندی خۆیان.

چەندین زانکۆی تایبەت شکستیان هێنا تەنیا بە دەرکردنی چەند رێنمایی و ستانداردێکی سادە بۆ باشکردنی کواڵێتی و شێوازی پێدانی بڕوانامە. هەندێکیان هەوڵیاندا رووبەڕوومان ببنەوە بە هەڵمەتی لۆبیکردن لەنێو سیاسەتمەداران و پەرلەمانتاران و دروستکردنی کاریگەری لە رێگەی گرووپ و رێکخراوی مامۆستا و خوێندکاری. رێکخراوە خوێندکارییەکان لە رابردوودا کاریگەرییەکی بێ سنووریان هەبوو لەسەر دەسەڵات و سەپاندنی خواستەکانیان بەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵادا. وەک پێشبینی دەکرێ ئەم رێکخراوانە لە دژی هەر دەستپێشخەرییەک دەوەستانەوە کە ببووایە مایەی بە دامەزراوەییکردنی پرۆسەی بڕیار و سنووردارکردنی تواناو کاریگەرییەکانیان. بۆیە کەوتنە دروستکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ هەندێک لەو خاوەن زانکۆ تایبەتانەی کە زانکۆکانیان لەژێر مەترسی داخستندا بوون. هەروەها هەندێک لە سەرۆک و لێپرسراوی زانکۆ حکومییەکان کە بەهۆی لایەنگیری یەکێک لە پارتە دەسەڵاتدارەکانەوە لە پۆستەکانیان دامەزرابوون، لایەنگیری ئەو رێکخراوانەیان دەکرد.

وەزارەتەکەمان زۆرترین خۆپیشاندانی لە دژ کرا کە داواکارییەکانیان نایاسایی و نەگونجاو بوون. لەسەرەتاوە هەوڵماندا

## د.بەرهەم ساڵح رۆڵێکی مێژوویی هەبوو لە پرۆسەی ریفۆرم لە سیستمی خوێندن

## رێکخراوەکانی خوێندکاران دژی هەر بڕیارێک دەوەستانەوە کە کاریگەریی ئەوانی سنووردار کردبا

## هەندێک سەرۆک زانکۆ لەبەر پۆستەکانیان پشتگیری رێکخراوەکانی خوێندکارانیان دەکرد

وەڵامیان بدەینەوە بەڵام دواتر بڕیارماندا کە پرۆسەی ریفۆرم پەکناخەین. یەکێک لە خۆپیشاندانەکان گۆڕا بۆ خێوەت هەڵدانێکی سێ مانگە لە بەرامبەر وەزارەتەکەمان.

بەڵام رێگەمان پێدان تا ئەو کاتەی خۆیان وازیان هێنا. بەبیرم دێت جارێکیان میوانێکی بێگانە کە بۆ سەردانم هاتبوو بەهۆی یەکێک لەو خۆپێشاندانانەوە دواکەوتبوو، ئەو وەبیری هێنامەوە کە لەدەرەوە خۆپێشاندان هەیە، ئەگەرنا چیدی گوێ نەدەدرا بەو خۆپێشاندانانە و کاری وەزارەت بە ئاسایی بەڕێوەدەچوو. بەخۆشحاڵییەوە گرووپەکانی دژ بە ریفۆرم کەمینە بوون و هەوڵەکانیان بۆ پەکخستنی ریفۆرم بە هەدەر چوو، بەڵام سەرکەوتوو بوون لە خاوکردنەوەی پرۆسەکە، پاش ئەوەی ئێمە وەزارەتمان جێهێشت.

**ڕووداو: دەتوانی بە چەند وشەیەک باس لە بارودۆخی ئێستای زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بکەی؟**

**د.دلاوەر عەلائەدین:** ئێستا زانکۆکانی کوردستان هەوڵدەدەن بەرەو پێشەوە بچن، سەرەڕای چەندین بەربەست لەبەردەم پێشکەوتن، هەندێک نموونەی زۆر باش هەن. هەرچەندە هەموو زانکۆکان هێشتا زۆریان ماوە تا بگەنە ئاستێکی بەرز.

**ڕووداو: لەنێو ئەو 30 زانکۆ حکومی و تایبەتیانەی لە هەرێمی کوردستان هەن، ئایا چەندیان کواڵێتی ئەوەیان هەیە کە حەزیکەی هەموویان بەو جۆرە بن؟ کامەیان باشترین زانکۆیە لە هەرێمی کوردستان؟**

**د.دلاوەر عەلائەدین:** مەوداکە فراوانە. هەندێک هەن کە هەوڵدەدەن ببنە باشترین زانکۆ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەکاتێکدا هەندێکی دیکەیان هێشتا لە سیستمەکەی رابردوودان. بەبێ دوودڵی دەتوانم بڵێم لەنێو زانکۆ حکومیەکان زانکۆی دهۆک باشترینە و لەنێو زانکۆ تایبەتەکان زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی باشترینە.

**ڕووداو: هێشتا ئامۆژگاری پێشکەشی حکومەت دەکەی لە بواری خوێندن؟**

**د.دلاوەر عەلائەدین:** بەردەوام پشتگیری حکومەت و وەزارەتی خوێندنی باڵام کردووە بەر لە بوونم بە وەزیر و دوای جێهێشتنی پۆستەکەشم، هەر بەوشێوەش دەمێنمەوە. هەموو کابینەیەکی حکومەت وەکو حکومەتی خۆم تەماشا دەکەم، چونکە هەموویان خزمەتی خەڵکەکەم دەکەن، بۆیە شایەنی پشتگیریی ئێمەن.

# ئەفریقای باشوور لە باشووری کوردستان ناچێت

ماندێلا دوژمنەکانی دەشکاند بەڵام شکۆی نەدەشکاندن

لە ئەفریقای باشوور بوتڵی فڕێدراو نادۆزیتەوە

گەندەڵەکانی وڵاتی ماندێلا ئیش بۆ خەڵکی خۆیان دەکەن

دووردەسترین گوندی ئەفریقای باشوور کارەبای هەیە



**هێمن عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- ئەفریقای باشوور**

وەک چۆن وشەی "باشوور" لەنێوان باشووری کوردستان و ئەفریقای باشووردا هاوبەشە، ئاواش هەندێک خاڵی هاوبەش لەنێوان هەردوو وڵاتدا هەن. لە زۆر شتیشدا هەردوو "باشوور" لێک جیاوازن. بۆنموونە سەرەڕای ئەوەی ئێمە خۆمان پێ زۆر لێبووردەیە، بەڵام ئەفریقاییەکان لە ئێمە لێبووردەترن. هەرچەندە وا هەستدەکەین ئەفریقایی خاوێن نین، بەڵام لە سەرتاسەری ئەفریقای باشووردا یەک بوتڵە ئاوی فڕێدراویش لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکان نادۆزیتەوە. هەرچەندە وادەزانین پەروەردەی ئێمە جوانترە لە هی هەموو گەلان، بەڵام هێشتاش ناگەینە ڕەشپێستەکانی گوندەکەی ماندێلا. ئەوەی لێرە دەیخوێنیتەوە ئەو سەرنجانەن کە دوای سەردانی تیمی تۆڕی میدیایی ڕووداو بۆ ئەفریقای باشوور گەڵاڵە بوون.

### هاوینی تەڕ و زستانی وشک

کاتێک لە فڕۆکەخانەی شاری جۆهانسبێرگ-ی ئەفریقای باشوور دابەزین، خۆمان بۆ وڵاتێکی وێران ئامادە کردبوو کە ماندێلا لە بیرەوەرییەکانیدا باسیدەکات. وڵاتێک کە ڕەشەکان شۆڕشیان تێداکردووە و لەدەست سپییەکان ڕزگاریان بووە، بەڵام بەدەست گەندەڵی و نەزانی و ئایدز و دنیایەک دەردی دیکەوە دەناڵێنن. دوای ئەوەی سواری تەکسییەک بووین و بەرەو نێو شارەکە بەڕێکەوتین، لە ڕێگە بە چاوی ئەبڵەقەوە سەیری یەکدیمان دەکرد. ئەو ئەفریقای باشوورەی ئێمە خۆمان بۆ ئامادە کردبوو دەمێک بوو هەر لەنێو کتێبەکان و لە دیمەنی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکاندا بەجێماوە و ئەو وڵاتە بووەتە وڵاتێکی نوێ.

هەرسێ ئەندامەکەی تیمی ڕووداو پێشتر لە وڵاتی جیاوازی ڕۆژئاوایی ژیابوون. کاوە ئەمین لە سوێد و هەژار برینجی لە کەنەدا و منیش لە هۆڵەندا. ئەو دیمەنە سەرەتاییانەی لە ئەفریقای باشوور دەماندیت دروست ئەوە بوو کە لە وڵاتێکی ڕۆژئاوایی پێشکەوتوودا دەیانبینی. زۆرتریش هەستی ئەوەمان هەبوو کە لە بەریتانیاین، چونکە هەموو شتێک لەوێ بە ئینگلیزییە و ئۆتۆمبێلەکانیش سوکانەکانیان لای دەستی ڕاستن. ئەمەش وایدەکرد لە لێخوڕینیشدا تەواو بەپێچەوانەی کوردستان و زۆر وڵاتی دیکەی دنیاوە لە دەستی چەپی جادەکان ئۆتۆمبێل لێبخوڕیت.

ئێمە هەرسێکمان سەرسام بووین بە جوانیی سروشتی ئەفریقای باشوور. درەختەکان سەوز سەوز بوون. لە قەراخی شەقامەکان هیچ قوڕ و پیسییەکمان نەدەبینی. جاددە گەورەکانی دەرەوەی شار و ڕێنماییەکانی هاتوچۆ و ئەو کۆمپانیایانەی لەسەر ڕێگە بوون، دروست ئەوانە بوون کە لە وڵاتانی ئەورووپاییدا هەن. بەڵام لەو نێوانەدا جارجارە هاووڵاتییەکی ئەفریقاییمان دەدیت کە بەپێ لە قەراخی جادە لە شارێکەوە بەرەو شارێکی دیکە دەڕۆیشت.

لە هوتێلێکی نزیک ئەو ماڵە دابەزین کە نێلسۆن ماندێلا، ڕێبەری کۆچکردووی ئەفریقای باشوور، دوایین ساڵەکانی تەمەنی تێدا بەسەربردبوو و گیانی سپاردبوو. بە ڕۆژ خۆرێکی زێڕین و ئاسمانێکی شین لەسەر ئەو وڵاتە دەدرەوشانەوە، بەڵام بەشەو دەبووە بارانێکی هێندە بەتین، وات هەستدەکرد سەیری فیلمێک دەکەی کە تێیدا بەئەنقەست بارانی زۆر دەبارێندرێت. هاوینی تەڕی جۆهانسبێرگ زۆرتر لەوە دەچێت کە مرۆڤەکان خۆیان پلانیان دانابێت وابێت. ئەوەی بە ڕۆژ تۆزی لێ نیشتبایە یان وشک بووبایە، بەشەو باران جوان جوان دەیشووشتەوە. بۆیەش جۆهانسبێرگ هەمیشە سەوز و پاک و جوانە.

کاتێک هەولێرمان بەجێهێشت، خەریک بوو لە زستان نزیک دەبووینەوە. هەولێر لە زستانیشدا هەر وشکە. لە هەولێر، کە قەول وایە ببێتە دوبەی، هێشتاش مرۆڤ جلەکانی بەقوڕ دەبن و پێڵاوەکان ڕۆژێکی تەواو بۆیاخەکەیان وەکو خۆی نامێنێتەوە. لە هەولێر ڕۆژێک خۆت نەشۆیت بۆنی جلەکانت ناخۆش دەبن. بەڵام لە جۆهانسبێرگ هەفتەیەک خۆت مەشۆ، بەبێ ئەوەی لە چڵکنبوون بترسیت.

### لە ئێمەش لێبووردەتر هەن

خەڵکی ئەفریقای باشوور بۆ بەخۆداهەڵگوتن لێبووردە نین. ئەوان لە سەردەمی زوودا کەمینەیەکی سپی پێست حوکمی کردوون کە لەوبەری دەریاکانەوە هاتوون و وڵاتەکەیان داگیرکردوون. ئەو سپییانە کردوویاننە کۆیلە و بەم و بەویان فرۆشتوون. هێندە بێبەزەیی بوون کە ڕێگەیان نەداون بخوێنن و هەمیشە لە شوێنە گشتییەکاندا سووکایەتییان پێکردوون. ژنێکی پیری هاوڕێی کۆنی ماندێلا بۆی باسکردین کە کاتێک ڕەشێک لەسەرشەقام تووشی سپییەک بووە، دەبووایە بۆی بەچۆکدا بێت و بە "خاوەنەکەم" بانگی بکات. کاتێک تووشی منداڵێکی سپیش بووە، دەبووایە پێی بڵێت "خاوەنە بچکۆلەکەم". هیچ ڕەش پێستێک بۆی نەبووە کەسێکی سپی پێست بە ناوی بچووکی بانگ بکات و دەبووایە جگە لە پێشگری بەڕێز، تەنیا بە پاشناوەکەی بانگی بکات. لەبەرامبەریشدا سپییەکان کە بانگی ڕەشێکیان کردووە، گوتوویانە "هۆی، تۆ!".

ماندێلا لە خێزانێکەوە هاتووە کە باوکی بەهۆی لاملیکردن لە داگیرکەرە بەریتانییەکان لە گوندەکەی خۆی دەرکراوە و کوێخایەتیی گوندەکەی خۆیان لێسەندووەتەوە. بۆخۆی 27 ساڵ لە زینداندا بووە و ئازار دراوە. ژنەکەی بە بەرچاوی دوو منداڵە بچکۆلەکەیەوە بۆ ساڵ و نیوێک بردراوەتە زیندان. هەر لە زینداندا بووە کە دایکە پیرەکەی گیانی سپاردووە. کاتێک چووە نێو زیندان قژێکی ڕەشی پڕی هەبوو، کاتێک هاتە دەرەوە، قژی سپی سپی ببوو. کەچی هەموو ئەو ڕابردووەی لەبیرکرد و لە دوژمنەکانی دوێنێی بووری. یەکێک لە سپی پێستەکانی ئەفریقای باشوور پێیدەگوتین: "ئەگەر ئێستا توانیبام قسە لەگەڵ ماندێلا بکەم، تەنیا پێمدەگوت: خواکەی من، سوپاس.. هیچیدیکە نا!".

**ئەوان سووکایەتی بە سەرکردەکانی خۆیان ناکەن**

**لە جۆهانسبێرگ بەدەگمەن جگەرەکێش دەبینیت**

**لێبووردەیی لە وڵاتی ماندێلا تەنیا لەسەر کاخەز نییە**

خەڵکی ئەفریقای باشوور بە دڵ و گیان هزری لێبووردەییان قبوڵکردووە. ڕاستە لەنێویاندا هەن کە هێشتاش دڵیان پێکەوە پاک نییە، بەڵام زۆرینەیان دڵخۆشن بەو لێبووردەییەی کە لە وڵاتەکەیاندا هەیە. کوڕی یەکێک لەو ڕەشپێستانەی سەرکردەیەکی چالاکڤانانی دژی جیاوازیی ڕەگەزایەتی بووە و گیانی لەدەستداوە، دەیگوت: "کاتێک دەبینم سپی پێستێک لە گەڕەکەکەماندا پیاسە دەکات، دڵخۆش دەبم. چونکە دەزانم ئێمە بۆ ئەمە خەباتمان کرد".

ئێمە لە باشووری کوردستان بە سەرزارەکی دەڵێین لێبووردەین. بەڵام تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە وەکو پێویست بەرامبەر کوردی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێبووردە و خۆگونجێن بین. کە گەنجێکی ڕۆژئاوا کارێکی خراپ دەکات، هەموو خەڵکی ڕۆژئاوا لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و شارەکانی دیکە باجی ئەو هەڵەیە دەدەن. هێشتاش ڕۆژهەڵاتییەکان لەلامان "ئێرانی"ن. هێشتاش هەولێری و سلێمانی و دهۆکی لەنێوان یەکدیدا جیاوازی دادەنێن. لێبووردەییەکەی ئێمە زۆرتر لەنێو میدیاکان و لەسەرزاری سەرکردەکانمان دەبیستریَ. بەڵام لێبووردەییەکەی ئەفریقای باشوور لە دەمی خەڵکەوە و لەسەرشەقام دەبیستریَ.

### ئەوان قارەمان سووک ناکەن

ماندێلا لە ماڵێکدا دوایین ساڵەکانی تەمەنی بەڕێکرد و ژیا کە لە ماڵی زۆر لە بەرپرسانی کوردستان خۆشتر و گرانبەهاترە. ئەو گەڕەکەی ئەو و کاربەدەستانی دیکەی دەوڵەت تێیدا دەژیان و دەژین، لە سویسراش بەو شیکی و خۆشییە نادۆزرێتەوە. سەرەڕای ئەوەش کاتێک لەگەڵ هاووڵاتییەکی ئەفریقای باشوور قسە دەکەی، ئامادە نین بە خراپە باسی ماندێلا بکەن. لەگەڵ یەکێک لەوانە لەبەردەم ماڵەکەی ماندێلا ڕاوەستابووین و قسەمان دەکرد. پێمانگوت: "سەیرکە ماندێلا لە کوێدا ژیاوە و مردووە. چ پێویست دەکات وای بۆ بکەن؟ ئەو جیاوازیی چییە لەگەڵ بەرپرسە گەندەڵەکانی دیکەی ئەم وڵاتە؟" کەچی ئەو وەڵامیداینەوە: "ماندێلا شایستەی هەموو شتێکە، چونکە ئەو چاوی ئێمەی کردەوە. ئەو هەرچەند پارەی هەبووبێت ناکاتە ئەوەی ڕێبەرایەتیی ئێمەی کرد".

وامان هەستدەکرد تەنیا ڕەشەکان ئاوا شەیدای ماندێلان. کاتێک کەوتینە قسە لەگەڵ سپییەکان، ئەوانیش هەروا بوون. ئەوانیش ڕەخنەیان لە حکومەتەکەیان دەگرت و نیگەران بوون، بەڵام بە خراپە باسی ماندێلایان نەدەکرد. هەرچەندە ماندێلا ڕەخنەی زۆری لەسەربوو کە چاوی لە گەندەڵیی هاوڕێیانی پێشووی نووقاندووە و هەموو شتێکیان لێ قبووڵ دەکات، بەڵام خەڵکەکە بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە ناوی ماندێلایان دەهێنا.

لەبەردەم ماڵەکەیدا بە بەردی ڕەنگاوڕەنگ جوانترین وشەکانی سوپاسگوزاری و ڕێزگرتن لە سەرکردەکەیان نووسیبوو. هەموو ڕەنگەکان پێکەوە بە دەوری ماڵەکەیدا دەهاتن و دەچوون، بۆئەوەی بیر لە کارەکانی و بیرکردنەوەکانی بکەنەوە. ژنێکی جوولەکەی سپی پێست دوو منداڵە بچووکەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو دەیگوت: "دەمەوێ منداڵەکانم لەئێستاوە بزانن ماندێلا چی بووە و چەند گرنگ بووە".

کاتێک ئەو دیمەنانەم دەبینی، بیرم لە خۆمان دەکردەوە کە چۆن سەرکردە قارەمانە لەدەستچووەکانمان سووک دەکەین. ئەو سووککردنەش تەنیا خەڵک نایکەن، بەڵکو پێش هەموو کەس میراتگرانی ئەو سەرکردانە دەیکەن. لە وڵاتی ئێمە حیزبەکان ناهێڵن سەرکردەکان هی هەمووان بن، بەڵکو دەیانکەنە ئایکۆنی حیزبی و ماندووبوون و خەباتەکەی بەبا دەدەن.

### هەموو گوندێک خزمەتگوزاریی هەیە

ماندێلا تەنیا پیاوی لێبووردەیی و کردەوەی عیسایانە نەبووە، بەڵکو کاتێک بووەتە سەرۆک کۆمار بنەمای ژێرخانێکی پتەوی بۆ وڵاتەکەی داناوە. لە جۆهانسبێرگەوە تاوەکو کونو، زێدی ماندێلا، بە ئۆتۆمبێل نزیکەی 11 کاژێر لە ڕێگە بووین. لە سەرتاسەری ئەو ڕێگەیەدا هیچ شوێنێکمان نەبینی کە جادەی نووژەن و کارەبای ڕێکوپێک و پرۆژەی ئاوی نەبێت. هەرچەندە زۆر باسی گەندەڵیی بەرپرسانی حکومەتی ئەفریقای باشوور دەکرێت، بەڵام لەوە تێگەیشتین کە ئەو بەرپرسانە چەندە گەندەڵن هێندەش ئیش بۆ وڵاتەکە دەکەن. لە جۆهانسبێرگ و شوێنەکانی دیکەی ئەفریقای باشوور حکومەت چەند ملیۆن خانوویەکی دروستکردووە و بە قەرز بە هاووڵاتییانیان دەفرۆشێتەوە.

ئەوەی بیەوێ کاربکات هەلی کاری بۆ دەستەبەر کردووە. تەنانەت لە گوندە زۆر دواکەوتووەکانیش خەڵک دوایین ژمارەی ڕۆژنامەکانی وڵاتیان بۆ دەڕوات و دەیخوێننەوە. هەرچەندە لە گوندی ماندێلا ڕۆژنامەکان کۆن بوون و هی دوو ڕۆژ پێشتر بوون. لەوەوە زانیم خەڵکی ناوچەکەی ئەو هێشتاش ئەهلی خوێندنەوە نین.

لەوێ بیرم لە باشووری کوردستان دەکردەوە. لەلای ئێمە چش لەوەی کە لێبووردەیی تەواوەتی نییە، ئاواش ژێرخانمان نییە. جا چ بگات بە ژێرخانێکی پتەو. لە هەولێرەوە تاوەکو دۆڵی خۆشناوەتی بڕۆ، جادە نییە بێ کێشە بێت و ئۆتۆمبێلەکەت ئازار نەدات. گوند نییە کێشەی کارەبای نەبێت. کاتێک باسی بەرپرسە گەندەڵەکانمان دەکەین، زۆربەیان ئیشێکی وایان تەنانەت بۆ ناوچەکەی خۆشیان نەکردووە کە شایانی باسکردن بێت. بۆیە ناکرێ ئێرە و ئەوێ بە یەکدی بەراورد بکەین.

### فێرنەبوون بەڵام پەروەردەیان هەیە

ماندێلا لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا (ڕێبڕینێکی درێژ بەرەو ئازادی) باسی بنەماڵەکەی خۆی دەکات و وا دەیانناسێنێت کە بایەخی زۆر بە پەروەردە دەدەن. کاتێک مرۆڤ ئەو دێڕانە دەخوێنێتەوە، یەکسەر بیری بۆ پەروەردەی خۆمان دەچێت کە بریتییە لە ڕێزگرتن لە گەورە و بچووکی لەنێو خێزاندا، پەیوەندیی باش لەگەڵ هاوسێیان و زۆر نەریتی جوانی دیکەی کوردی کە شایانی شانازی پێوەکردنن. بەڵام ئێمە بە چاوی خۆمان بینیمان کە پەروەردە شتێک واوەترە لەو شتانەش.

خەڵکی ئەفریقای باشوور تێیاندا هەیە کە نەخوێندەوارە، بەڵام کەم کەسیان هەیە بێ پەروەردە بێت. بۆنموونە لەو ماوەیەی لەوێ بووین تەنانەت بۆ جارێکیش نەمانبینی شۆفێرێک سەرپێچی لە ڕێنماییەکانی هاتوچۆ بکات. قەت کەسێکمان نەبینی نەک بوتڵە ئاو، بەڵکو سووتووی جگەرەش لەسەرشەقام فڕێبدات. لە وڵاتانی ئەورووپی کێشەیەکی گەورە کێشەی فڕێدانی بنێشت و جگەرە و دەستماڵ کاخەزییە لەسەر شەقام، بەڵام لە ئەفریقای باشوور ئەوەشمان نەبینی. لەوێ زۆر زۆر بە کەمی خەڵکمان بینی جگەرە بکێشن. بە کەمی دیتمان عاموودێک شکێندرابێت یان شوێنی وەستانی پاس ناشیرین کرابێت. قەت نەمانبینی جادەیەک تاسەی لەسەر دروستکرابێت. هەر نەمانبینی کەسێک لەسەرشەقام بە مۆڕەوە قسە لەگەڵ یەکدی بکات. دەستمان بۆ هەرکەسێک هەڵدەهێنا و سڵاومان دەکرد، جا لە گوندەکان بێت یان لە شار، بە دڵگەرمییەوە وەڵامی سڵاوەکەی دەدایەوە. بەجۆرێک وات هەستدەکرد ئاموزایەکی دەبینێت کە ساڵێکە یەکدییان نەدیتووە.

ئەو هەڵسوکەوتانە ناکرێ لەدوای ماندێلاوە هاتبنە ئەفریقای باشوورەوە، بەڵکو وەک بۆخۆیشی لە کتێبەکەیدا باسیکردووە، نیشانەی ئەوەیە کە ئەوانەی لەو وڵاتەدا ژیاون، هەمیشە ڕێزیان بۆ پەروەردەیەکی جوان داناوە و دەماودەم بۆ منداڵەکانیان گواستوویانەتەوە.

قسەیەکی جوانی ماندێلا ئەوەیە کە باسی سەردەمی منداڵیی خۆی دەکات و دەڵێت لە شەڕێکدا دۆڕاندوویەتی. دواتر هاوڕێکانی گاڵتەیان پێکردووە. ئەو دەڵێت: "لەو ڕۆژەوە فێربووم کە نابێ ئەوکاتەی دوژمنەکەت دەشکێنی، شکۆی بشکێنی". ئەو هەر واشیکرد، بۆیە کەرە لادێییەکی کوردی وەکو من، دوای سەردانەکەی، بەو سەرسامییەوە لاپەڕەی ڕۆژنامەیەک بە باسکردنی وڵاتەکەی ئەو پڕدەکاتەوە.



ئەحمەد عاسی جەربا، سەرۆکی ئیئتیلافی نیشتمانی سووری کە گەورەترین چوارچێوەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریایە، لە یەکەم هەڤپەیڤینیدا لەگەڵ دەزگایەکی میدیایی کوردیدا، وەڵامی چەند پرسیارێکی تۆڕی میدیایی ڕووداوی دایەوە سەبارەت بە سەردانەکەیان بۆ هەرێمی کوردستان، کۆنگرەی جنێڤ 2 ، ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و ئیدارەی خۆجێیی پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD لە ڕۆژئاوای کوردستان.

هەڤپەیڤین: دڵخواز بەهلەوی

**کاک مەسعود پشتیوانێکی گەورەی شۆڕش و گەلی سووریایە**

## ئەحمەد جەربا، سەرۆکی ئیئتیلافی نیشتمانی سووری:

# ئێمە لەگەڵ ئیدارەی خۆجێیی PYD نین

**ڕووداو: لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە، گرنگترین ئەو خاڵانە چی بوون کە لە کۆبوونەوەکەدا باستانکردن و، ڕەوشی کۆبوونەوەکە بەگشتی چۆن بوو؟**

**جەربا:** ئێمە لەسەر بانگهێشتێکی سەرۆک مەسعود بارزانی سەردانی هەولێرمان کرد، شتێکی ئاساییە کە لەگەڵ برایانمان لەهەولێر دابنیشین و لەگەڵ سەرۆک بارزانی بەتایبەتی لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا کە سووریا تێیدا دەژیت، بەتایبەتیش کە بارودۆخەکە پەیوەستە بە سووریا بەشێوەیەکی گشتی و پەیوەستە بە عێراقیشەوە. هاوپەیوەندییەک هەیە لەنێوانماندا سەبارەت بە هەموو مەسەلەکان، لە مەسەلە سیاسی و مەیدانییەکاندا، هەروەهاش بارودۆخە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانیش. من بەشێوەیەکی ورد بارودۆخەکەم بۆ شرۆڤەکرد، گوێشم لەوگرت. من لەو بڕوایەدام کە دیدارێکی زۆر ئیجابی و گەرمبوو، دیدارێکی ڕاشکاوانە و ڕاستگۆیانە بوو، هەروەک هەموو دیدارەکانی دیکەمان لەگەڵ کاک مەسعود. بێگومان ئەو پشتیوانێکی گەورەی گەلی سووریایە، پشتیوانێکی گەورەی شۆڕشی سووریایە. ئەوەش هەڵوێستێکی تازەی نییە، بەڵکو لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەو جوڵانەوەیە زۆر هەڵوێستی سەرنجڕاکێش و گرنگی هەبوونە بەو ئاراستەیەدا. جگە لەوە بێگومان ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەرانی سووریا لە هەرێمی کوردستانی عێراقن، هەرێمی کوردستان هاوکاری ئەو پەنابەرانە دەکات، لەسەر ئەو هاوکارییەش سوپاسمان کردن. لەو سەردانەماندا سەردانی هەندێ لە کەمپەکانی پەنابەرانیش دەکەین.

**ڕووداو: سەبارەت بە بەشداریکردنی ئیئتیلافی نیشتمانی سووری لە کۆنگرەی جنێڤ 2 دا، ئایا بڕیاری بەشداریکردنتان یەکلایی کرایەوە. ئایا شێوەی بەشداریی کورد لە جنێڤ 2 دا چۆن دەبێت، کێشەی کورد لە جنێڤ 2 دا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت؟**

**جەربا:** ئێمە لە کۆبوونەوەی ڕابردووماندا ڕوانگە و خاڵەکانی ئیئتیلافی ئۆپۆزیسیۆنی سووریامان دیاریکردن بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی جنێڤ، تائێستا هەموو ڕێگە و دۆسیەکان کراوەن، ئێمە نیازمان هەیە بچینە جنێڤ، بەڵام ئێمە زۆر موکوڕین لەسەر ئەوەی کە بچینە جنێڤ نەک تەنیا لەپێناو بەشداریکردن، بەڵکو بۆ سەرکەوتنی جنێڤ 2، سەرکەوتنەکەشی بریتییە لە ڕزگاربوونی سووریا. ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین تەنیا مەبەست لێی هەر چوون و پڕوپاگەندە و تەنیا بۆ خۆدەرخستنی میدیایی بێت، پێموایە ئەوە سوودمەند نابێت. ئەوە دەرفەتی کۆتاییە و نابێ لەدەستبدرێت. پێویستە بەڕاشکاوییەوە بچینە جنێڤ 2 . بۆ سەرکەوتنی جنێڤ 2 ، دەبێ جنێڤ 1 مەرجەعیەت و بنچینەکەی بێت. هیچ ئایندەیەکیش بۆ ئەسەد نییە نە لە قۆناغی گواستنەوەدا و بێگومان نە لە قۆناغی دوای گواستنەوەشدا. ئەوە بنەما نەگۆڕەکانی ئێمەن. سەبارەت بە بەشداری برایانی کوردیش ، بێگومان تۆ دەزانی تەنیا دوو شاند دەبن، شاندی ڕژێم و شاندی ئۆپۆزیسیۆن بەسەرۆکایەتی ئیئتیلاف. ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردیش خۆیان ئەندامن لە ئیئتیلافدا ، بەوشێوەیەش شتێکی ئاساییە کە کورد نوێنەریان هەبێت لە شاندی ئۆپۆزیسیۆن و ئیئتیلافدا بۆ جنێڤ 2 . بێگومان لەو کۆنگرەیەدا هەموو دۆسیەکان کراوە دەبن، هیچ شتێکی داخراو نییە، واتە هیچ شتێک نییە کە تابوو و ڕێگەپێدراو نەبێ بۆ باسکردن.



**ڕووداو: ئێستا کە ئێوە لە هەولێرن ، دانوستاندن لەنێوان ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد و ئەنجوومەنی گەلی ڕۆژئاوای کوردستاندا هەیە. ئێوەش بەنیازن پردی پەیوەندی و گفتوگۆکردن لەگەڵ PYD دروستبکەن . تێڕوانینی ئێوە چییە بەرامبەر بە PYD و هەڵوێستەکانی؟**

**ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد نوێنەری دەبێ لە شاندی ئیئتیلافدا بۆ جنێڤ 2**

**خۆشحاڵین بە گفتوگۆی نێوان ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد و PYD**

**جەربا:** پێش هەموو شتێک سەردانەکەم بەشێوەیەکی سەرەکی بەمەبەستی دیتنی مەسعود بارزانی بوو، هیچ شتێکی دیکە لەکارنامەکەدا نییە. کۆبوونەوەکانی نێوان ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد و پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD کارێکی باشە ، ئێمە پێمانخۆشە. ئێمە زیاتر لە جارێک PYDمان بینیوە، منیش لەگەڵ کاک ساڵح موسلیم دانیشتم، یەکتربینینەکانیش بەردەوامن و لە شەو و ڕۆژێکدا تەواو نابن. ئێمە هیواخوازین کارەکان ئیجابی بن لەهەموو ناوچەکەدا و هەڵوێستی هەمووشمان بە ئاراستەی شۆڕشی سووریا و بە ئاراستەی ڕژێمدا هەموویان هاوشان و ڕوون بن. جارێکی دیکەش دووبارەی دەکەمەوە سەردانەکەمان بۆ لای سەرۆک مەسعود بارزانی، بۆ گفتوگۆکردن بوو لەگەڵی و بۆ ئاڵوگۆڕکردنی تێڕوانینەکان بوو لەنێوانماندا. هەروەها دووبارەی دەکەمەوە کە ئێمە هانی هەموو لەیەکترنزیکبوونەوەیەک دەدەین لەنێوان ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد و PYD . هەروەها لەنێوان ئیئتیلاف و لایەنەکانی دیکەدا، لەوانەش PYD.

**باسکردنی کێشەی کورد لە جنێڤ 2 تابوو نییە**

**ڕووداو: هەڵوێستی ڕاشکاوانەی ئێوە چییە بەرامبەر ئەو ئیدارە خۆجێییەی کە PYD ئامادەکاری بۆ ڕاگەیاندنی دەکات؟**

**جەربا:** سەبارەت بەئیدارەی خۆجێیی ، لەڕاستیدا ئێمە لەگەڵ ئیدارەی خۆجێیی نین ، چونکە ئێمە وەک ئیئتیلاف حکومەتێکی کاتیمان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادکراوەکان ، تەنانەت برایەکی کوردیش لەو حکومەتەدایە کە تێیدا وەزیری دارایی و ئابوورییە و ئەوەش وەزارەتێکی گرنگە . پێویست دەکات کە ئەو حکومەتە لەهەموو ناوچە ئازادکراوەکاندا هەبێت و یارمەتی ڕۆڵەکانمان بدات لە هەموو ناوچە ئازادکراوەکاندا . لە حاڵەتێکی لەوشێوەیەدا تێکەڵی و پێکەڵییەک دروستدەبێت ، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی دوو ئیدارە هەبن ، ئەوەش شتێکی بەسوود نییە . ئەوکات بەوشێوەیەی لێدێت کە سێ ئیدارە دەبن، واتە ڕژێم، ئیدارەی خۆجێیی و ئیدارەی کاتی. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئاڵۆزییەک دروستببێت . من پێموایە بە گفتوگۆ هەموو شتێک بەڕێوەدەچێت . هیواداریین حکومەتی کاتی بگاتە ئەو ناوچانە و دەبێ کاری لەسەر بکەین، لەبەرئەوەی ئەگەر نەگات شکستدێنێ .

**جنێڤ 2 دەرفەتی کۆتاییە و نابێ لەدەستبدرێت**

**ڕووداو: پێش چەند ڕۆژێک چەند فڕۆکەیەکی نەتەوەیەکگرتووەکان کە هاوکارییە مرۆییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانیان هەڵگرتبوو لە هەولێرەوە بەرەو قامشلۆ فڕین. وەک دەزانین فڕۆکەخانەی قامشلۆ لەژێر کۆنترۆڵی ڕژێمی ئەسەددایە. لەوبڕوایەدان هاوکارییەکان بگەنە کەسانی موستەحەق؟**

**جەربا:** بۆچوونی ئێمە لەسەر ئەو هەنگاوە ئەوەیە کە ئەو هەنگاوە لەژێر سەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتووەکاندایە، بەڵام گەلی ئێمە لە بارودۆخێکی زۆر ناخۆشدایە، ڕاستە ئێستا فڕۆکەخانەی قامشلۆ لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمدایە ، بەڵام بەلامانەوە گرنگ نییە ئەو فڕۆکەخانەیە لەژێر کۆنترۆڵی کێیە، بەڵکو ئەوەی بەلامانەوە گرنگە ئەو هاوکاریانە بگەنە گەلەکەمان و ئەو خەڵکەی برسی و ڕووتن ، هەروەها یارمەتییەکان بگەنە ئەو خەڵکانەی سڕگرتووبوونە لەو زستانە سارد و سەخت و کارەساتبارەدا . لەبەرئەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەخۆی ئەوکارە ئەنجامدەدات ، لەبەرئەوەش پێویستە بەخۆی هاوکارییەکان بگەیێنێتە خەڵکە موستەهەقەکە ، هەندێ خەڵک لەژێر ئیدارەی ڕژێمدان ، بەڵام ئەوانەش گەلی ئێمەن و لە هەسارەیەکی دیکەوە نەهاتوون . ئەو بارودۆخەی لە ناوچە ئازادکراوەکان و ناوچەکانی دیکەدا هەیە، هەمان بارودۆخە و وەک یەکە، بەڵام ئێمە داوامان لە نەتەوەیەکگرتووەکان کردووە کە ئەوان بەخۆیان لەوێ ئامادەبن ، بۆئەوەی دابەشکردنی خۆراک و جلوبەرگ بەشێوەیەکی پیشەییانە بێت و هیچ گەندەڵی تێدا نەبێت .ئێوە خۆتان دەزانن ڕژێم گەندەڵە ، ئەگەر ئەو کەلوپەلانەی بکەوێتە بەردەست ، گوێناداتە ئەوەی میللەت برسی و ڕووتە . لەبەرئەوە ئەوەی گرنگە بەلای ئێمەوە ئەوەیە کە ئەو هاوکاریانە بگەنە خەڵکی موستەهەق.

**ئەسەد هیچ ئایندەیەکی نییە نە لە قۆناغی گواستنەوە و نە دوای ئەویش**

**ڕووداو: ئێوە سەردانی کامپەکانی پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکەن لە هەولێر ، دەڵێن هاوکاریشتان لەگەڵ خۆتان هێناوە، ڕاستە؟**

**جەربا:** بەڵێ ئێمە هاوکاریمان لەگەڵ خۆمان هێناون و بەسەر کەمپەکاندا دابەشدەکرێت . من لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی و بەرپرسان لە هەولێر قسەم کرد بۆ کردنەوەی نووسینگەیەک بۆ یەکەی هاوکاری و هاوئاهەنگی کە باڵی ئابووریی ئیئتیلافە، بەمەبەستی پێشکەشکردنی هاوکاری بە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان کە لە هەولێر پەنابەرن . لەوبڕوایەدام کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا نووسینگەکە دەکەینەوە ، دوای ئەوەش دەستدەکەین بەکاری هاوکاریکردن و بەهاوارەوەهاتن لە هەولێر .

**ڕووداو: پێش هەڤپەیڤینەکە گوتت تەماشای ڕووداو دەکەی و گوتت پێتانباشە ڕووداو بە زمانی عەرەبیش هەبێت، تێڕوانینت بەرامبەر ڕووداو چییە؟**

**جەربا:** ڕووداو کەناڵێکی چالاکە ، ئامانجدار و بەسوودە ، خاوەن پەیامە ، هیواخوازبووم کە هەندێ بەرنامەشی بە زمانی عەرەبی هەبووان ، بۆ ئەوەی هەموو گەلی سووریا و هەموو گەلی عێراق سوودیان لێ دیتبایە . بۆ ئەوەی بۆ هەموو گەلی سووریا و هەموو گەلی سووریا بووایە ، هەروەها بۆ هەردوو گەلی کورد و عەرەب بووایە . بەهیوای ئەوەم.

# کورد شەڕی قاعیدە دەکات و ئەمریکاش پشتیوانی ناکات

## چەکدارێکی کورد: ئێمە ئەو جەنگە دەکەین کە ئەمریکا لە دژی تیرۆریستان ڕایگەیاندووە



چەکدارێکی یەکینەکانی پاراستنی گەل

**زوبێر هەورامی**
**ڕووداو- واشنتن**

کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان دەڵێن شەڕ و ململانێیان لەگەڵ چەکدارانی ئەلقاعیدە هیچ پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی بۆ ئەوان مسۆگەر نەکردووە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەنیا چاوی لەسەر ئەو هێزانەی ئۆپۆزیسیۆنە، کە لە دژی ڕژێمی بەشار ئەسەد دەجەنگن.

دژوار عوسمان، جەنگاوەرێکی سەر بە یەکینەکانی پاراستنی گەل YPGیەو بەم دواییە بە گۆڤارێکی ئەمریکی گوتبوو "ئێمە ئەو جەنگە دەکەین کە ئەمریکا لە دژی تیرۆرستان ڕایگەیاندووە". دژوار گوتیشی "دوژمنەکانمان ئەو چەکدارانەی ئەلقاعیدەن کە دەیانەوێ کەلتوری 4000 ساڵمان لەناوبەرن".

پاش هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی سووریا، کوردی ئەو وڵاتە هەوڵیاندا بێلایەن لەو شەڕەدا بمێننەوە، بەڵام کە ئێستا تێوەگلاون لە جەنگێکی خوێناوی لەدژی گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان، ئەوان پێیانوایە جەنگەکەیان شایەنی پشتیوانی لێکردنە.

ساڵح موسلیم، سەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی لە سووریا لە هەڤپەیڤینێکیدا بە ڕۆژنامەی (ڕووداو)ی گوت "ئەوانەی هێرشیان کردە سەر خەڵکی ئەمریکا، ئێستا ماڵ و حاڵی ئێمە داگیردەکەن و هێرش دەکەنە سەر کورد. بۆیە دەمانەوێ خەڵکی ئەمریکا پشتگیریمان لێبکەن لە جەنگەکەمان دژی ئەوانەی هێرشیان کردە سەریان و تووشی ئازار و خەمێکی گەورەیان کردن."

مانگی ڕابردوو، لە پاش شەڕ و پێکدادانێکی قورس لەگەڵ چەکدارانی بەرەی نوسرە و دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شام، هێزەکانی پاراستنی گەل توانییان دەستبگرن بەسەر ناوچەی ستراتیژی "تەل کۆچەر" کە دەکەوێتە سەر سنووری نێوان عێراق و سووریا.

سەرەڕای ئەم پێشکەوتنانە، کەچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکا تەنیا چاویان لەسەر جەنگاوەرانی سوپای سووریای ئازادە کە لەدژی ڕژێمی ئەسەد دەجەنگن.

لوئەی ئەلمیقدادی، قسەکەری سوپای سووریای ئازاد بە کەناڵی (CNN)ی گوت "ئیدارەی ئەمریکا بەڵێنی ناردنی چەک و تەقەمەنییان لە ماوەیەکی کورتدا پێداون، بەڵام تائێستا هیچ چەک و تەقەمەنییەکیان لەلایەن ئەمریکاوە پێنەگەیشتووە."

لوئەی دانی بەوەدانا کە یارمەتی دیکەیان پێگەیشتووە، بەڵام لە نێو ئەو یارمەتیانە چەک و تەقەمەنی تێدا نەبووە. لوئەی گوتیشی "وڵاتانی یەکێتی ئەورووپاو ئەمریکا بەڵێنی هاوکاری و پشتگیرییان پێداوین، هیواداریین لە ماوەیەکی کورتدا ئەو چەک و پێداویستیانەمان بە دەست بگات".

ئیدارەی کۆشکی سپی تا ئێستا نەچووە بەدەم داواکانی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا و دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا بۆ چەکدارکردنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووری، بەڵام چاوپۆشی کردووە لە ناردنی یارمەتی و چەک و تەقەمەنی لە وڵاتانی عەرەبییەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنی سووریدان.

مانگی ئابی ڕابردوو ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز ڕایگەیاند کە نزیکەی 400 تۆن لە چەک و تەقەمەنی و بە دەیان ملیۆن دۆلار لە وڵاتانی کەنداوەوە بە تایبەت سعودیە و قەتەر گەیشتووەتە دەست چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی سووری.

محمەد سالم، لێپرسراوێکی سوپای سووریای ئازاد، گوتی "بیست کامیۆنی پڕ لە چەک و تەقەمەنی لە سنووری تورکیاوە گەیشتوونەتە ناو خاکی سووریا و لەوێ دابەشکراون بەسەر چەند کەتیبەیەکی ئۆپۆزیسیۆن لە باکووری وڵات".

وادەردەکەوێ کە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا ئەو گەرموگوڕی و پشتیوانییەی سەرەتایان بۆ چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی سووری نەمابێت، ئەمەش بەتایبەتی پاش ئەوەی سوپای سووریای ئازاد بەش بەش بوو بەسەر چەند گرووپێکی بچووک، بەڵام وڵاتانی عەرەبی هێشتا بەردەوامن لە ناردنی یارمەتییەکانیان بۆ سووریا، ئەمەش لەکاتێکدایە کە بەرپرسانی کورد لە سووریا هۆشداری توندیان داوە لەبارەی کاریگەری خراپی ئەو یارمەتیانە لە کۆتاییدا.

سیپان حەمۆ، فەرماندەی یەکینەکانی پاراستنی گەل بە (ڕووداو)ی گوت "شۆڕشی سووریا گەیشتووەتە خاڵێکی ئاڵۆز و چارەنووسساز. چەکدارە ئیسلامییە توندڕەوەکان بەئاشکرا لە بەرەکانی جەنگ دەبینرێن، ئەگەر ئەمریکا و ئەورووپا حساب بۆ کوردی سووریا نەکەن ئەوا ئەو چەکدارانە سەرکەوتن بە دەستدەهێنن و ئەوەش دەبێتە مایەی دابەشبوونی خاکی سووریا".

مایک مۆرێلی جێگری بەڕێوەبەری پێشووی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا لە لێدوانێکیدا بۆ تەلەفزیۆنی CBSی ئەمریکی،


هۆشداری دا لە ڕووخانی حکومەتی ناوەندی و بەرپابوونی شەڕی تایفی و هەروەها هاتنەکایەی هەلێکی گونجاو بۆ چەکدارانی ئەلقاعیدە تا سووریا بکەنە حەشارگەیەکی ئارام بۆ خۆیان، حەشارگەیەک کە هیچ جیاوازییەکی نەبێت لەوەی کە لە ئەفغانستان هەیانبوو.

## عەلی ئەحمەد ئاشکرای ناکات



**هیوا سەلاح/ رووداو- هەولێر**

ئەکتەری دراماو شانۆی هەولێر عەلی ئەحمەد سەرەڕای بەتەمەنی، کەچی ئێستا 70 ئەڵقەی درامایی ئامادەیە بۆ نمایش و دەشڵێت هەتا هەناسە بدات کاری هونەری دەکات. ناوبراوی بە (رووداو)ی گوت "زیاتر لە 40 ساڵە خزمەتی هونەری شانۆ و درامای کوردی دەکەم، ئێستاش خەریکی زنجیرە درامایەکی تەلەفزیۆنی 15 ئەڵقەی ئامادەکاری بۆ دەکەین کە کاری دەرهێنانی بە هاوبەشی لە نێوان هیوا سوعاد و بەکر مەعروف بۆ دەکرێت، بەڵام جارێ ناوی درامایەکە ئاشکرا ناکەین".



لە بۆلیوودەوە بۆ (رووداو) دەدوێن

# مادهوبالا و ئارکەی: ئەگەر بانگهێشت بکرێین دێین بۆ هەولێر

## ئارکەی چیرۆکی خۆشەویستییەکەی بۆ (رووداو) ئاشکرا دەکات

**تەیار عادل گۆران**
**رووداو- هیندستان**

چوونە ژوورەوە بۆ نێو شاری سینەمایی "بۆلیوود" لە مۆمبای کە بە "سینەما ستی" ناسراوە، کارێکی ئاسان نییە، بە تایبەتیش بۆ بیانییەکان. ئینجاش ئەگەر بزانن رۆژنامەنووسیت، ئەوا چوونە ژوورەوەت زۆر ئەستەمە و دەبێت مۆڵەت لە بەرپرسی ئەو هێزەی پۆلیس وەربگری کە شارەکە دەپارێزن. چونکە ئەکتەرەکانی شارەکە دەترسن نهێنی کار و ژیانیان لە رێگەی رۆژنامەنووسانەوە بچێتە دەرەوە. تەنانەت چوونە ژوورەوە بۆ رۆژنامەنووسان پێویستی بە برە پارەیەکی زۆرە.

ئەو رۆژەی (تۆری میدیایی رووداو) سەردانی بۆلیوودی کرد یەکشەممە بوو کە پشووی فەرمییە لەو وڵاتەدا، بەڵام بۆلیوود پشووی نییە و بەردەوام فیلم و درامای تازەی لێ بەرهەم دێت.

بۆلیوودی هیندی کە زۆرجار بە رکابەری هۆلیوودی ئەمریکی ناوی دەهێنرێت، لەسەر رووبەرێکی فراوان دروستکراوە، دیمەنی شارەکە و رووبەرەکەی و هەڵکەوتە جوگرافییەکەی زۆر لە شارۆچکەی شەقڵاوەی هەرێمی کوردستان دەچێت.

هەر کە لە دەروازەی بۆلیوود دەچیتە ژوورەوە، چەندین هۆڵ و خانووت بەرچاو دەکەون کە ستافێکی تێدایە و سەرقاڵی بەرهەمهێنانی دراما و فیلمی سینەمایین.

لە نێو ئەو خانووانەدا زۆربەی ئەو دیمەنانەی لە فیلمەکان بەکاردێن هەن وەک رووبار، ئاگر، ئۆتۆمبێل، چیا، خانوو، زیندان، کۆشکی شاهانە، ماڵی ئاسایی و دارستان و...هتد.

(تۆری میدیایی رووداو) بە مەبەستی ئامادەکردنی راپۆرتێک لەسەر زنجیرە درامای "مادهوبالا" و دیداری چەند ئەکتەرێکی بەناوبانگی هیندی، سەردانی بۆلیوودی کرد. دوای دەمێک گەڕان، ستافی درامای مادهوبالای لە نێو یەکێک لە خانووەکاندا دۆزییەوە کە سەرقاڵی وێنەگرتنی دراماکە بوون.

درامای مادهوبالا کە باس لە چیرۆکی ئەڤینداری کچێکی ئاسایی و کوڕە سوپەرستارێکی هیندی دەکات، شەوانە بە دۆبلاژی کوردی لە کەناڵی کوردماکس پەخش دەکرێت و خەڵکێکی زۆر لە کوردستان سەیری ئەو درامایە دەکەن.

چەند پۆلیسێک لە بەردەم دەرگای خانووەکە وەستابوون، ئەوانەی پەیوەندیان بە کاستی دراماکەوە نەبووایە رێگەیان پێ نەدەدرا بچنە ژوورەوە، بەڵام دوای هەوڵێکی زۆر رێگەیان پێداین بچینە ژوورەوە.

مادهوبالا و ئارکەی لە بەردەم کامێرا وەستابوون بۆ تۆمارکردنی دیمەنێکی نوێی دراماکە، زیاتر لە 4 کامێرامان و دەنگهەڵگر و رووناکی و دەرهێنەری دراماکە و هاوکارانی لە پشت کامێراوە وەستابوون و دیمەنەکانیان بە ئەکتەرەکان دووبارە دەکردەوە.

کاژێر دووی پاشنیوەڕۆ دەرهێنەر دوای چەپڵەیەکی بەهێز، بە دەنگێکی بەرز ئەکتەرەکان و ستافی پشت کامێراکانی ئاگادار کردەوە کە کاتی پشوودان و نان خواردنە. دوای قسەی دەرهێنەر ستافەکە پەرشوبڵاوبوون و بەسەر رێستورانتەکانی نێو بۆلیوود دا دابەش بوون.

(رووداو) لە کاتی پشوودا توانی هەردوو ئەکتەری سەرەکی دراماکە ڤیڤان دشینە (ئارکەی- RK) و درەشتی دهامی (مادهوبالا) بدوێنێ و هەندێک زانیاری لەسەر ژیانی تایبەتییان و کارە هونەرییەکانیان وەربگرێت.

### ئارکەی: زۆر بێ چانسم

ڤیڤان دشینە (AR) کە لەو درامایەدا وەکو سوپەرستاری دراما و فیلمەکان دەردەکەوێت، دەکەوێتە داوی خۆشەویستی کچێک بە نێوی مادهوبالا، ژیانی ئەوان پڕە لە رەنجان و ئاشتبوونەوە، ئەوان خۆشەویستی یەکدین و دواجار بۆ یەکدی دەبن، بەڵام چەندین کەس دەبنە کۆسپ لەبەردەم ئەو خۆشەویستییەیان، لەوانەش سوڵتان کە زڕبرای ئارکەیە و کەوتووەتە داوی خۆشەویستی مادهوبالا و هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی ئەو ژن و مێردە لە یەکدی جیا بینەوە، ئارکەی هەموو هەوڵێک دەدات سوڵتان لە ژیانی خۆیان بباتە دەرەوە، تا دواجار هەوڵی کوشتنی دەدات و بەو هۆیەوە دەکەوێتە زیندان.

ئارکەی تەمەنی راستەقینەی خۆی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و گوتی لە 1988/6/28 لە ناوچەی ئۆجاین لە ویلایەتی مادیا پرادیشی هیندستان لە خێزانێکی کریستیان لەدایکبووە. ئەو بە پێکەنینیشەوە گوتی "کەلووەکەشم قرژاڵە و زۆریش بێ چانسم".

یەکەم کاری هونەریی ڤیڤان لە ساڵی 2007 بووە، کاتێک بەشداری لە زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی کردووە بە ناوی "qasam" واتە "سۆز" کە لە شاشەی زێد تیڤی پەخش دەکرا.



### "رۆژانە کورد نامەم بۆ دەنێرن"

بەهۆی زنجیرە درامای مادهوبالا، ئارکەی جەماوەرێکی زۆری لەنێو گەنجانی کوردستان و بەتایبەتی کچان پەیدا کردووە، ئەو گوتی کە ئاگادارە ئەو درامایە دۆبلاژی کوردی کراوە و هەوادارێکی زۆریشی هەیە لە کوردستان.

سەبارەت بە زانیاری لەبارەی کوردەوە ئارکەی گوتی "بەڵێ زانیاریم لەسەر گەلی کورد هەیە، زۆرجار خەڵکی کوردستان لە رێگەی فەیسبووکەوە پەیامم بۆ دەنێرن".

### مەدهو مانگی هەنگوینی لێ تێکدا

لەو درامایەدا ئارکەی بەهۆی ئەوەی سوپەرستارە و رۆژانە بەشداری فیلم و دراماکان دەکات، زۆرجار بە کەسێکی زۆر لەخۆبایی دەردەکەوێت بە ر ا مبە ر خۆشەویستەکەی، هەندێکجاریش چۆکی بۆ دادەدات.

ئارکەی ئاشکرای کرد کە ئەو خێزاندارە، بەڵام ژنەکەی پاڵەوانی نێو دراماکە (مادهوبالا) نییە، بەڵکو کەسێکی دیکەیە. ئارکەی لە 2013/1/7 بە خۆشەویستی ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ کچە ئەکتەرێکی هیندی بەناوی (ڤەهبێز دۆرابجی) پێکهێناوە.

ئارکەی چیرۆکی خۆشەویستی خۆی لەگەڵ دۆرابجی گێڕایەوە و گوتی لە ساڵی 2011 لەگەڵ ئەو ئەکتەرە کچە



بەشداری لە فیلمێک کردووە بە ناوی (piyar kiya) واتە "خۆشەویستی" کرد کە ئەوان کاراکتەری سەرەکی فیلمەکە بوون.

ئارکەی گوتی "لە کاتی کارکردندا خۆشەویستییەکی راستەقینە و دوور لە نواندن لەنێوانمان دروست بوو". ئارکەی لە ساڵی 2012 ئەڵقەی دەزگیرانداری لەگەڵ دۆرابجی گۆڕیوەتەوە و ئەمساڵیش چوونەتە نێو قەفەزی زێڕینی هاوسەرگیری، بەڵام دەڵێت "لەبەر مادهوبالا لەگەڵ خێزانەکەم نەمتوانی بچمە مانگی هەنگوینی، چونکە تاوەکو ئێستاش سەرقاڵین بە وێنەگرتنی دراماکە".

هەرچەندە خێزانەکەی ئارکەی هیندۆسە و خۆیشی کریستیانە، بەڵام دەڵێت "تاوەکو ئێستا هیچ کێشەیەک نەکەوتووەتە نێوانمان و هەریەکەمان عیبادەتی خۆمان دەکەین".

### ئارەزووەکانی ئارکەی

ئارکەی ئارەزووەکانی خۆی بۆ (رووداو) ئاشکرا کردن و گوتی زۆر ئارەزووی وەرزشکردن دەکات و حەزی لە ئەسپسواری و یاری تۆپی پێیە، زۆر سەرسامە بە کریستیانۆ رۆنالدۆ یاریزانی پورتوگالی یانەی ریال مەدرید.

ئەگەر ئەکتەری نەبووایە رەنگە ئێستا ئارکەی یەکێک بووایە لە یاریزانەکانی یانەیەکی هیندی یان هەڵبژاردەی ئەو وڵاتە.

ئەو دەڵێت "تاوەکو قوتابخانەم تەواو کرد هەر یەکەمی سەر بەشەکان و قوتابخانەکانی دیکەش بووم وەکو باشترین یاریزان، تەنانەت تاوەکو ئەو کاتەی کۆلیژی ئەندازیاریشم تەواو کرد هەر یاریم دەکرد".

ئارکەی خەونی هەرە گەورەی ئەوە بووە کە ببێتە یاریزانی تۆپی پێ و لە سەرانسەری دونیا ناسراو بێت، بەڵام ئەو خەونەی نەهاتووەتە دی و وەک خۆیشی دەیگوت باوکیشی راهێنەری وەرزشی هۆکییە.







(فۆتۆ: رووداو)

### "با کچانی کورد دڵیان بە من خۆش نەبێت"

ڤیڤان دیشین یەکێکە لە 50 گەنجە هەرە سەرنجڕاکێشەکان و ئێستا کارەکانی بینەرێکی زۆریان لە هیندستان دەرەوەی هیندستانیش هەیە. لە کوردستانیش خاوەن جەماوەرێکی تایبەتە و زۆر لە کچانی کورد وێنەی ئەویان لە لاپەڕەی سەرەکی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک داناوە.

کاتێک ئەو قسەیەی بیست کە کچانی کورد وێنەی ئەو لە لاپەڕەکانیان دادەنێن لە فەیسبووک، ئارکەی بە پێکەنینەوە گوتی "تازە من ژنم هێناوە و با کەس دڵی خۆی بە من خۆش نەکات".


سەبارەت بە سەردانیکردنی کوردستان، بە تایبەت دوای ئەوەی بیستوویەتی هەواداری بۆ پەیدا بوون، ئارکەی گوتی "ئەگەر بانگهێشت بکرێم بە خۆشحاڵییەوە دێم بۆ هەولێر و حەز دەکەم لە نزیکەوە هەوادارانی خۆم ببینم و لێرەوە رێز و سڵاوی خۆمیان ئاراستە دەکەم".

### زنجیرە درامای مادهوبالا

(مادهوبالا) زنجیرە درامایەکی هیندییە کە چیرۆکی خانمە ئەکتەرێکی کلاسیکی بۆلیوودی هیندییە و لە ساڵی 1933 لەنیودەلهی لەدایکبووە.

مادهوبالا شارەزای بواری جوانکاریی بووە و لەژیانی خۆیدا ئاسوودە بووە، تا ئەو کاتەی کەسێک بەناوی (ئارکەی) دەناسێت و تەواوی ژیانی دەگۆڕێت. ئارکەی سوپەرستارێکی ئەوکاتی هیندستان بووە. مادهوبالا دووچاری زەحمەتی زۆر دەبێتەوە، بەڵام بەسەریاندا زاڵ دەبێت. وردە وردە ئارکەی دەکەوێتە داوی خۆشەویستی مادهوبالاوە، بە هەمانشێوە مادهوبالاش ئەوی خۆشدەوێت.

مادهوبالا کەسێک بەناوی سوڵتان دەناسێت، گوایە یارمەتی دەدات، بەڵام دواتر سوڵتان هەوڵی لێکدوورخستنەوەی ئارکەی و مادهوبالا دەدات. ئەو هەڕەشە لە مادهوبالا دەکات، ئەگەر لەئارکەی جیانەبێتەوە، ئەوا ئارکەی دەکوژێت. دواتر ئارکەی و مادهوبالا راستییەکەیان بۆ دەردەکەوێت و پێکەوە کاردەکەن و سوڵتان دەکوژن.





### کچە شەمپانیاکەی بۆلیوود

رۆژانە بەردەم بۆلیوود جمەی دێت لە هەوادارانی ئەکتەرە هیندییەکان، بە تایبەتیش ئەکتەرە کچەکان، رۆژانە چەندین گەنج دەچنە بۆلیوود بۆ ئەوەی وێنە لەگەڵ ئەکتەرە کچەکان بگرن، یەکێک لە کچە سەرنجڕاکێشەکانی بۆلیوود درەشتی دهامی (مادهوبالایە).

مادهوبالا، بە پێچەوانەی کچە هونەرمەندەکانی کوردستان کە تەمەنی راستەقینەی خۆیان دەشارنەوە، تەمەنی خۆی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و گوتی لە 1985/1/10 لە شاری مۆمبای لە خێزانێکی گوجراتی لەدایکبووە.

گوجرات ویلایەتێکە لە نزیک مۆمبای و خەڵکەکەی بە زمانێکی جیاواز لە زمانی هیندی قسە دەکەن. گوجراتییەکان خاوەن ناوبانگێکی تایبەتن لە جوانی لە سەرانسەری هیندستان.

درەشتی تاوەکو ئێستا ژیانی هاوسەرگیری پێکنەهێناوەو لەگەڵ باوک و برا گەورەکەی و خوشکێکی دەژی و خوشکە گەورەکەی دەرچووی کۆلیژی یاسایە، خۆیشی دەرچووی کۆلیژی ئاداب — بەشی کۆمەڵناسییە.

دەنەنجێ، کە کارمەندێکی پۆلیسە لە شاری سینەما، لەبارەی درەشتییەوە بە (رووداو) گوت "درەشتی لە مۆمبای بە کچە شامپانیاکە ناسراوە، چونکە کە کوڕان دەیبینن بەرگەی جوانییەکەی ناگرن و وەکو شامپانیا هەڵدەچن".

مادهوبالا، ئاشکرای کرد کە ئەو سەرەتا مامۆستای سەما بووە و لە بۆلیوود لەسەر شێوازی بینجابی سەمای فێری قوتابیان دەکرد بۆ بەشداریکردن لە فیلمەکاندا.

مادهوبالا لە فیلمەکانی (gayye) و (parayi) بەشداری کردووە وەکو ئەکتەر و لەسەر خواستی مۆهان کۆندەر، دەرهێنەری درامای مادهوبالا، بەشداری لەو درامایە کردووە و رۆڵی مادهوبالای وەرگرتووە کە خۆشەویستی ئارکەیە.

درەشتی لە درێژەی قسەکانیدا گوتی کە ئەو لە داهاتوودا بەرنامەی جوانتری هەیە و جارێ خەریکی وێنەگرتنی ئەو درامایە دەبێت تا ئەو کاتەی کارەکانی کۆتایی دێت.

جوانیی مادهوبالا بووەتە جێی سەرنجی کۆمپانیاکان و داوای رێکلامی لێدەکەن. ئێستا دووگرێبەستی هەیە لەگەڵ کۆمپانیای شیڤرۆلێت و کۆمپانیای ریلانس مۆبایل و رێکلامیان بۆ دەکات.

### داوەتکراون بۆ کوردستان

کچان و کوڕانی کورد شەوان بە دیار مادهوبالاوە دادەنیشن و بۆ ئەوەی ئاگاداری دوایین بەسەرهاتەکانی نێوان ئەو و ئارکەی بن، بەڵام ئەو دەڵێت گەلی کورد ناناسێت، هەرچەندە گوتیشی ئامادەیە بێتە کوردستان و لە نزیکەوە کورد بناسێت. مادهوبالا گوتی "بە خۆشحاڵییەوە دێم بۆ کوردستان و حەز دەکەم لە نزیکەوە هەرێمی کوردستان ببینم".

درەشتی کە لەساڵی 2011 خەڵاتی سینەمایی زێڕینی لە هیندستان بە دەستهێناوە، گوتیشی "رێز و خۆشەویستیم بۆ هەموو هەوادار و بینەرانی فیلمی مادهوبالا هەیە لە کوردستان، قەت نەمزانیبوو لە شوێنێکی ئاوا دووری جیهان کە کوردستانی ناوە هۆگر و هەوادارم هەبێت، سڵاوم بۆیان هەیە و دڵنیایان دەکەینەوە کە لە ماوەی داهاتوودا کاری جوانتریان پێشکەش دەکەین".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، بڕیارە گەورەترین فێستیڤاڵی سینەمایی لە نەورۆزی ئەمساڵدا لە شاری هەولێر بکرێت، زۆر لە ئەکتەرە گەورەکانی جیهان بەشداری بکەن و لەسەر خواستی لیژنەی ئامادەکار لە رێگای پەیامنێری (رووداو) لە هیندستان، بڕیارە ئارکەی و مادهوبالاش بانگهێشت بکرێن و فیلمەکەی ئەوانیش بەشدار بێت، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو بابەتە لەلایەن ئەو دوو ئەکتەرەوە یەکلایی نەبووەتەوە.



## گەورەترین خوێندنگەی کوردی لەنەمسا دەکرێتەوە

**ڕووداو- نەمسا**

یەکەمین خوێندنگەی فێربوونی زمان و ڕێنووسی کوردی لە شاری گراتسی نەمسا بەئامادەبوونی ژمارەیەک کاربەدەستی پەروەردەیی نەمساوی دەکرێتەوە. دەستەی سەرپەرشتی خوێندگەکە ڕێورەسمێکی بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری کوردانی دانیشتووی شارەکە و مامۆستایانی زمانی کوردی و ژمارەیەک کاربەدەستی پەروەردەیی نەمساوی سازکرد. م.کەژاڵ محەممەد خۆبەخشانە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە کردنەوەی ئەو خوێندنگەیە و لە لێدوانێکیدا بە PUKmedia ی ڕایگەیاند "من و هاوڕێکانم ئامادەین خۆبەخشانە لەو پرۆژەیەدا کار بکەین، لە وتنەوەی وانە و سەرخستنی ئەو پرۆژەیە لەپێناو فێرکردنی منداڵانی کورد بۆ زمانی زگماکی خۆیان".

## چاکەت و پانتۆڵ لە شاڵی کوردی دروست دەکات

# کوردێک لە دانیمارک شاڵی کوردی دەخاتە نێو وانەی فاشن







**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو- سلێمانی**

فوئاد شابان، گەنجێکی شاری سلێمانییە و ئێستا نیشتەجێی دانیمارکە، پێش سەفەرکردنی بۆ ئەورووپا لە سلێمانی کاری دروومانی کردووە، دوای ساڵانێک نیشتەجێبوونیش لەو وڵاتە، بۆی دەرکەوت کە شاڵی کوردی جێی گرنگییە لای ئەورووپییەکان، لەبەرئەوەی لە خۆرئاوا زیاتر گرنگی بەو قوماشانە دەدرێت کە دوورن لە پێکهاتە کیمیاییەکان.

فوئاد شابان، توانیویەتی شاڵی کوردی بکاتە قوماشێکی ناسراو و خواستراو لەو وڵاتە، بێجگە لەوەش لەبواری خوێندنەکەیدا لەسەر شاڵی کوردی بەرزترین نمرەی هێناوە، شابان توانیویەتی شاڵ بەکاربهێنێت لە دروستکردنی چاکەت و پانتۆڵدا.

کاتێک بڕیاری سەفەرکردن دەدات بۆ ئەورووپا، بیر لەوە دەکاتەوە پیشەکەی خۆی کە دروومانییە لەبیرنەکات و لەوێش پێوەی سەرقاڵ بێت، دەڵێت "کاتێک سەفەرم کرد بۆ ئەورووپا، یەکەم وێستگەی کارکردنم بە شارەزاییەکی زۆرەوە لە بواری بڕین و دروومان‌دا لە ئەسینای پایتەختی یۆنان بوو، لەوێ لە کارگەیەکی جلوبەرگدا کارم دەکرد".

وەک فوئاد باسیکرد، چەندین جۆری جیاواز قوماش دەهاتن بۆ ئەو کارگەیە کە زۆربەیان سروشتی بوون "ئەوە بیرۆکەی بەکارهێنانی شاڵی لا دروستکردم". بەڵام بەهۆی ناسەقامگیری ژیانی لە ئەسینا، بیرۆکەکەی لای خۆی هێشتەوە تاوەکو گەیشتە دانیمارک.

پاش گەیشتنی بە دانیمارک، جگە لە سەرقاڵبوون بە خوێندن، دەستی بە جێبەجێکردنی پرۆژەکەی کرد کە ئەویش دروستکردنی چاکەت و پانتۆڵ بوو لە قوماشی شاڵ.

فوئاد شابان، سەرەتا زمانی خوێندووە، پاشان لە بواری فاشندا خوێندوویەتی و دەڵێت "خۆشبەختانە لە دووەمیاندا توانیم بەرزترین نمرە بهێنم، تەنانەت مامۆستایانی لیژنەی هەڵسەنگاندن داوای لێبووردنیان کرد کە نمرە لە 12 زیاتر نییە بیدەن بە کارەکانی من".

فوئاد باسی چۆنیەتی ناساندنی شاڵی کوردی دەکات بە دانیمارکییەکان و دەڵێت "لە کاتی خوێندنەکەمدا ڕاپۆرتێکم لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی شاڵ پێشکەش کرد کە بووە جێی سەرنجی سەرجەم مامۆستایان و خوێندکاران، تا ئەو ڕادەیەی مامۆستای بابەتی قوماش، نموونەی شاڵی لێوەرگرتم و بڕیاری دا لە وانەی قوماشدا شاڵ وەک قوماشێکی دەستکرد بە فێرخوازان بناسێنێ".

بەقسەی فوئاد، ئێستا شاڵی کوردی بووەتە جێی سەرنجی دانیمارکییەکان، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەورووپییەکان گرنگییەکی زۆر بە بەرهەمی دەستکرد دەدەن، لەبەرئەوەی پێکهاتەی کیمیاییان تێدا نییە. کەرەستە خاوەکانی شاڵیش سەرجەمیان سروشتین، ڕستن و چنینەکەشی کاری دەستە، ئەوانە ئەو هۆیانەن کە شاڵی کردووەتە جێی گرنگیپێدان لای دانیمارکییەکان. بەڵام دەشڵێت "زبری و بۆنەکەی پاش تەڕبوون وایکردووە کە بەکارهێنانی سنووردار بێت".

فوئاد شابان جگە لەوەی توانیویەتی بەهۆی بەکارهێنانی شاڵ لە دروستکردنی چاکەت و پانتۆڵ بناسرێت، لە ڕێگەیەکی دیکەشەوە خۆی ناساندووە، ئەویش بەهۆی ئەو دیزاینە تایبەتەی لە دروینی جلوبەرگ بەکاریدێنێت.

فوئاد لەو کارەدا بە تەنیا نییە، بەڵکو هێمنی برای هاوکار و یارمەتیدەریەتی، فوئاد دەڵێت "لێرە لە دانیمارک توانیومانە ناوبانگێکی باش پەیدا بکەین، هەر لەڕێی دیزاینەکانمانەوە توانیومانە (کورد و مەم و زین) زیاتر بە هاووڵاتیان و گەشتیاران بناسێنین".

ئێستا پرۆژەکەی ئەوان لە دانیمارک بە ناوی "مەم و زین"ە، فوئاد دەڵێت "پێش دەستکردن بە کارەکانمان گەیشتینە ئەو رایەی کە مەم و زین وەکو ناو بۆ پرۆژەکەمان هەڵبژێرین".

# سوێد.. لە منداڵ خستنەوەدا کورد
# بە سۆماڵی و عەرەبی عێراق ناگەن



**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

سوێدییەکان و بەتایبەت ئەوانەی کەمێک بیری ڕەگەزپەرستییان هەیە، ترسی کەمبوونەوەی سوێدییە ڕەسەنەکانیان هەیە و زۆربوونی ڕێژەی بێگانەکان و کارابوونیان لە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، بە "مەترسی" دەزانن بۆ سەر ئایندەی ئەو وڵاتە.

لە دانیشتنەکانی مانگی ڕابردووی پەرلەمانی سوێد ئەم پرسە لەلایەن پارتی (سڤێریا دیموکرات) سوێدییە دیموکراتەکان ورووژێنرا و پارتیە چەپەکانیش بە تایبەتی ئەوانەی ئۆپۆزیسیۆنن، زوو زوو ئەو باسە دەورووژێنن. تەنانەت پارتە دەسەڵاتدارەکانیش درکیان بەوە کردووە.

بەڵام هانس کلارسۆن، کادری چالاکی پارتی مۆدێرات ڕەتیکردەوە لە بەرنامەی پارتەکەیاندا کار بۆ شتی لەم شێوەیە بکرێت و بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "لە نێو مۆدێراتەکان سەتان خەڵکی چالاکی سوێدی هەن، کە هەڵگری ڕەگەزنامەی وڵاتی دیکەن و سوێد وڵاتی دووەمیانە".

سەلام کوردەش کە کادیرێکی کوردی ئەو پارتەیە گوتی "پارتی مۆدێرات دوورە لە هەر بیرێکی ڕەگەزپەرستانە و ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی هەموو دانیشتووانی سوێدە".

کلارسۆن دەڵێت "لەم وڵاتەدا شتێک نییە بەناوی سوێدییە ڕەسەنەکان و نەتەوەکانی دیکە، هەموو سوێدین". بەڵام نکۆڵی لەوەش نەکرد کە "زۆر جیاوازی یاسایی هەیە لەنێوان ئەو سوێدییانەی لە ناوەوە، یان دەرەوە لەدایکبوون".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، سۆماڵییەکان یەکەم پێکهاتەی دانیشتووانی سوێدن کە زۆرترین ڕێژەی منداڵبوونیان هەیە. بچووکترین خێزانی سۆماڵی لە پێنج ئەندام پێکدێت، لە کاتێکدا گەورەترین پێکهاتەی خێزانی ئێستای سوێدییە ڕەسەنەکان 5 کەسە.

هەر بەپێی ئامارەکانی سوێد، دوای سۆماڵییەکان، عەرەبەکانی عێراق، ئینجا ئەلبانی و پاشان باڵکانی و تورک، ڕێژەی منداڵبوونیان زۆرە. بەڵام ڕێژەی منداڵبوون لە نێو کورد بە بەراورد بە ساڵانی نەوەتەکان زۆر کەمی کردووە و دوای کوردیش سوێدییەکان دێن.

ئاسۆ کەریمی، کوردێکی دانیشتووی شاری ستۆکهۆڵم دەڵێت "کوردی سوێد لە ساڵانی نەوەتەکان و کۆتایی سەدەی ڕابردوو یەکێک بوون لەو نەتەوانەی زۆرترین ڕێژەی منداڵبوونیان هەبوو".

هەندێک، زۆر خستنەوەی منداڵ لەو ساڵانەدا دەبەستنەوە بە ئاسانکارییەکانی دەوڵەت، بەتایبەت لەڕووی بەخشینی سۆسیال و بیمەی بێکاری. هەرچەندە خێزانە کوردەکانی سوێد ئەوە ڕەتدەکەنەوە، بەڵام جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ڕێژەی ئێستا و ساڵانی نەوەتەکان هەیە.

مەهاباد، کە لە سوێد دادەنیشێت، دەڵێت "ئەگەر پشت بەتوانای خۆت ببەستی، ئەستەمە توانای بەخێوکردنی زیاتر لە دوو منداڵت هەبێت". ئەو کە خۆی و مێردەکەی کار دەکەن، هەفتەی یەک جار یەکدی دەبینین و دەڵێت "ئاسانکاری بەخشینی سۆسیال و پەیوەندی بە زۆریی ڕێژەی منداڵ وای لە عەرەب و سۆماڵییەکان کردووە زۆرترین منداڵ بخەنەوە".

لە سوێد بەهۆی منداڵبوون، دایکان نزیکەی ساڵێک پشوو بە تەواوی هاریکارییە مادییەکانەوە وەردەگرن و جگە لەوەش پارەی سۆسیالەکە بەهۆی منداڵەوە زیاد دەکات، بەڵام بۆ کەسێکی وەک سوێدییەکان کە پشت بەخۆیان دەبەستن، ئەرکیان قورستر دەکات، ئەمەش کاریگەری لەسەر زۆربوونی ڕێژەی بیانییەکان و کەمبوونەوەی سوێدییەکان هەبووە.

یۆهان ڕیختەر لە سەرکردایەتی ئۆپسالای پارتی چەپی سوێدی بە (ڕووداو)ی گوت "بیرکردنەوەیەکی ڕەگەزپەرستانەیە ئەم بابەتە بە بەشداری سیاسییەوە ببەستینەوە"، بەڵام نکۆڵی نەکرد لەوەی کارابوونی ئەوان لە پرۆسەی سیاسی و ئیدارە، هاوکێشەی سیاسیی وڵاتەکە دەگۆڕێت. بە ڕای یۆهان، ساناترین شت بۆ ئەم گۆڕینە "بەشداریی کارای ئەوانە لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن و دەنگدان".

تارا توانا، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای ستۆکهۆڵم و کادری کوردی پێشکەوتووی پارتی سۆسیال دیموکرات لە چاوپێکەوتنێکی پێشووتری (ڕووداو)دا گوتبووی "ئەگەرچی کورد باشترە لەوانی دیکە، بە گشتی بیانییەکان و تاراوگەنشینانی سوێد سستن لە بەشداریکردن لە دەنگدان". بەڕای تارا، ئەمەش ئەو جۆرە بەشدارییە سست دەکات و سوێدییەکان لە پشتەوە کار بۆ ئەمە دەکەن.

کورد بەو ڕێژە کەمەی کە لەچاو نەتەوەکانی دیکە لە سوێد هەیەتی، بەشدارێکی کارای ژیانی سیاسییە و تا ئێستا حەوت ئەندام پەرلەمان و 21 ئەندامی کارای سەرکردایەتی پارتەکان و زیاتر لە 9 ئەندامی کارای ئەنجوومەن و کۆمۆنەکان و نزیکەی 1000 کادری باڵا و بەرپرسی لەنێو فەرمانگەکاندا هەیە.

بەهۆی زۆربوونی ڕێژەی بیانیان لە سوێد، هزری ڕەگەزپەرستی ڕووی لە زیادبوون کردووە، دوو هەفتە لەمەوبەر یەکێک لەو ماڵپەڕانەی بانگەشەی بۆ مەترسییەکانی گۆڕانی ئەم هاوکێشەیە دەکرد، لەلایەن حکومەتەوە داخرا. ماڵپەڕەکە بڵاویکردبووەوە کە بیانییەکان هەڕەشەن لەسەر سوێد و ئەورووپا و دیمۆگرافیای ناوچەکە دەگۆڕن. ماڵپەڕەکە هەروەها نووسیبووی کە بیانییەکان نانی سوێدییەکان دەخۆن و بە پارەی باجی سوێدییەکان منداڵەکانیان زۆر دەکەن.

ورووژاندنی ئەو بابەتە بە قازانجی سوێدییە دیموکراتە ڕەگەزپەرستەکان شکاوەتەوە و لە پەرلەمان کورسییان زیاد کردووە، ئەوان کە ئێستا 20 کورسییان لە پەرلەمان هەیە، پێشبینی دەکرێ لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ژمارەی کورسییەکانیان بگاتە 25 کورسی.

لە سوێد ئەو خێزانانەی پشت بە بیمەی بیکاری و پاڵپشتی سۆسیال دەبەستن، جگە لە کرێی خانوو و هاریکارییەکانی لۆجستی و گواستنەوە، هەر ئەندامێکیان و بەتایبەتی منداڵ مانگانە 3500 کرۆنی سوێدی (600 دۆلار) وەردەگرێت. کەواتە زۆریی منداڵ، داهاتی خێزان زیاد دەکات. بەڵام ئەگەر کەسێک کاری هەبێ و پشت بەخۆی ببەستێ هاریکارییەکی لەم شێوەیە ناکرێت و ئیدارەکردنی خێزان بۆ ئەو کارێکی ئەستەمە.

ئێستا کوردی نیشتەجێی سوێد پێشکەوتووترن و پشت بەخۆیان دەبەستن و بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی وەک عەرەب و سۆماڵییەکان، کەمتر پشت بە سۆسیال دەبەستن، ئەمەش کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی ڕێژەی منداڵ دروستکردن هەبووە.



# ماڵی کوردی لە تۆرنتۆ..
# ماڵێک دوور لە نیشتمان

**تێسا مانوێلۆ**
**ڕووداو- مۆنتریال**

ناوبانگی ماڵی کوردی لە تۆرنتۆ کە یەکێکە لە شارە گەورەکانی کەنەدا، لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی کورد لەو شارە لە گەشەسەندندایە. ماڵەکە لەلایەن کوردێکەوە بەڕێوە دەبرێت کە ناوی سەرتیپ کاکەییە.

سەرتیپ دەڵێت "تۆرنتۆ شارێکی گرنگە لەڕووی سیاسی و جیۆگرافییەوە، شوێنی گەورەترین ڕەوەندی کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستانە". ئەو هەروەها دەڵێت "لەگەڵ گەورەبوونی جالیەی کوردی لە کەنەدا و بە تایبەت لە شاری تۆرنتۆ، گرنگیی سەنتەرێک یان ماڵێک بۆ ئەوەی هەمووان لە دەوری چالاکی جۆراوجۆر بۆ پەرەپێدانی کەلتور و زمانی کوردی کۆبکاتەوە، زیاتر و زیاتر دەبێت".

ماڵی کوردی لە ساڵی 2006 بۆ کۆکردنەوەی کورد و پارێزگاریکردن لە زمان و کەلتوری کوردی دامەزرا. کاکەیی دەڵێت بۆ ئەوەی بتوانن کوردی هەموو لایەک لێرە کۆبکەنەوە، گرنگە کە سەنتەرەکە خۆی لە لایەنگریی سیاسی بپارێزێت. ئەو دەڵێت "دەرگای ئەم سەنتەرەمان بۆ هەموو کوردێک واڵا کردووە".

سەنتەرەکە بە ئابوونە و هاوکاریی ئەندامەکانی بەڕێوەدەبرێت لەڕووی داراییەوە. کاکەیی دەڵێت بەڵام لە ساڵی یەکەمی دامەزراندنیدا سەنتەرەکە هاوکاری دارایی لە ئۆفیسی سەرۆک وەزیران نێچیرڤان بارزانی و ئۆفیسی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتن وەردەگرت.

کاکەیی دەڵێت جگە لە چالاکیی کەلتوری، ماڵی کوردی کار لەسەر لایەنی سیاسی و فەرهەنگی و تەندروستیش دەکات. لە حەوت ساڵی ڕابردوودا سەنتەرەکە هەموو ساڵێک یادی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالی کردووەتەوە و هەموو ساڵێکیش ئاهەنگی نەورۆزی گێڕاوە.

کاکەیی باسی زەحمەتیی بەڕێوەبردنی ئەو ماڵەی کرد و گوتی "زۆر ئەستەمە ڕێکخراوێکی وەکو ماڵی کوردی بەڕێوە ببەی، بەتایبەت کاتێک کە کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستان و کوردی سەر بە پارتی سیاسیی جیاواز لە سەنتەرەکە هەبن." هەروەها گوتی "دەزانم ئەستەمە بتوانی دڵی هەموو لایەک ڕاگری، بەڵام دەرگای ئێمە بۆ هەر بیرۆکەیەکی نوێ و پێشنیازێک واڵایە و ئێمە پێشوازی لێدەکەین."

سەنتەرەکە هەروەها بانگهێشتی بەرپرسانی حکومیی کەنەدی دەکات بۆ چالاکییەکانی بۆ ئەوەی کەنەدییەکانیش ئاشنای خەڵک و کەلتور و مێژووی کوردستان بن.

کاکەیی لەوبارەیەوە گوتی "بەرپرسانی حکومەتی ناوەندی و هەرێمی، نوێنەری شارەوانییەکان، نوێنەری دامەزراوەی پۆلیس ئامادەی زۆربەی چالاکیەکانمان دەبن". ئەو هەروەها دەڵێت "پێموایە زۆر گرنگە کە ماڵی کوردی ئەم پەیوەندیانە پەرەپێبدات و بەهێزتریان بکات، چونکە ئێمە هێشتا خاوەنی کێشەیەکی نەتەوەیین و پێویستمان بەوەیە کە خەڵکانی دیکە گوێمان لێبگرن".

ئەو دەڵێت خۆی و بەڕێوەبەری پێشووی ماڵی کوردی (فەرەیدون ڕەحمانی) و جێگری بەڕێوەبەری ئێستای سەنتەرەکە (خالید مەجیدی) کار بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان کەنەدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن.

سەرتیپ کاکەیی گوتی "لە 2009دا لەگەڵ پارلەمانتار جیم کاریجیانس چووینە کوردستان. ئەنجامی سەردانەکە پاکێجێکی لێکەوتەوە کە پێشکەشی پەرلەمانی کەنەدی کرا بۆ ئەوەی تاوانی هێرشی کیمیایی سەر هەڵەبجە وەکو تاوانی دژی مرۆڤایەتی بناسێ".

یەکێکە لە ئامانجەکانی ماڵی کوردی ئەوەیە کە حکومەتی کەنەدی ڕازی بکات بەوەی تاوانی ئەنفال وەکو جینۆساید لە دژی گەلی کورد بە فەرمی بناسێنێت.

کاکەیی دەڵێت ماڵی کوردی پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ هەموو سەنتەرە کوردییەکانی دیکەی کەنەدا هەیە و هەروەها هەوڵدەدات گرووپە ئیتنیەکانی دیکەش بهێنێتە نێو چالاکییەکانی سەنتەرەکە.

ماڵی کوردی ئێستا تەرکیز دەکاتە سەر لاوانی کورد بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی کوردی بەهێز لە تۆرنتۆ بنیات بنێت.

گوتیشی "ئەوەی کە من دەمەوێت لە ڕێگەی سەنتەرەکەوە بیکەم، ئەوەیە کە هانی گەنجانی کورد بدەین بەشداری لە بەڕێوەبردنی سەنتەرەکەدا بکەن و هەروەها بەشداری کارا لە بواری سیاسەتی کەنەدادا بکەن تا ببنە پەرلەمانتار و نوێنەری هەرێمایەتی لە پەرلەمانە هەرێمییەکاندا".

ڕووداو
ژنان
ژمارە (290) دووشەممە 2013/12/23

## بکوژی شۆخان دادگایی دەکرێتەوە



**ڕووداو-گەرمیان**

ئەو "بکوژ"ەی بێ ئامادەبوونی لە دادگا، بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووبوو دادگایی دەکرێتەوە، شۆخان محەممەد، 23 ساڵ، لە سەرەتای ساڵی 2012 کوژرا، دادگا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دوو کەس دەرکرد، بەڵام یەکێکیان ئەوکات دەستگیر نەکرابوو، دوای دەستگیرکردنی دادگایی دەکرێتەوە، موقەدەم لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە گەرمیان، ڕایگەیاند "دوای دەستگیر کردنی (ر)، تانەی لە بڕیاری دادگا دا، بۆیە سەر لە نوێ دادگایی دەکرێتەوە".

### پێنج ساڵە دەسماڵی خوشکە کوژراوەکانی لە نێو جانتاکەی هەڵگرتووە

# گەڕایەوە لای ئەو باوکەی ویستی بە ڕۆنی داخکراو و گوللە بیکوژێت



**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- کەرکووک**

ئەو کچەی لەلایەن باوکیەوە لەگەڵ دوو خوشکەکەیدا هەوڵی کوشتنی درا و بەڕێکەوت ڕزگاری بوو، ئێستا گەڕاوەتەوە لای باوکی، چالاکوانێکی ئافرەتانیش دەڵێت "ئەو کچە ناچار بووە بگەڕێتەوە لای باوکی تاوەکو لە شەقامەکان نەمێنێتەوە، ئەگەرنا بە منی گوت، بە بینینی باوکم هەموو ڕووداوەکەم بیردێتەوە".

(سکاڵا. س.ن)، دانیشتووی شارۆچکەی دوبزی کەرکووک، لەساڵی 2008دا بە "موعجیزە" لە مەرگ ڕزگاری بوو، کاتێک باوکی تەقەی لە خۆی و دوو خوشکەکەی کرد و پاشان ڕۆنی داخکراوی پێدا کردن، سکاڵا لەو ڕووداوە ڕزگاری بوو، بەڵام دوو خوشکەکەی کوژران. دوای پێنج ساڵ ژیان لە شەقامەکان و شەڵتەرەکانی ئافرەتان، ناچار بوو لەگەڵ بکوژی خوشکەکانی درێژە بە ژیان بدات.

سکاڵا، خوشک و برایەکی ماوە، کاتی خۆی دایکی لە باوکی جیابووەتەوە. ئاوێزان نووری، چالاکوانی ئافرەتان لە کەرکووک دەڵێت باوکیان ڕۆنی گەرمی لەکاتی خەودا بە کچەکانیدا کرد "پاشان بە دەمانچەی بێدەنگ بەر گوللەی دان، بەڵام یەکێک لە کچەکانی بە ناوی سکاڵا لە مردن ڕزگاری بوو، ئەوکات سکاڵا تەمەنی 14 ساڵ بوو، خوشکە کوژراوەکانیشی تەمەنیان 9 ساڵ و 16 ساڵ بوو".

### "نەیانویست بفرۆشرێن"

بەسەرهاتی سکاڵا و خوشکەکانی وەک ئاوێزان نووری، جێگری بەرپرسی سەنتەری پەنا لە کەرکووک دەیگێڕێتەوە، لەوەوە دەستیپێکرد کە "باوکیان زۆربەی کات سەرخۆش و قەرزار بووە، ویستوویەتی یەکێک لە کچەکانی لەبری قەرز بدات، بۆیە ئەو سێ خوشکە داوایان لە خزمێکیان کردووە باوکیان نەیانفرۆشێت، ئەو خزمەشی کچەکانی بردووەتە ماڵی موختاری گوندی باداوە لە نزیک دوبز، باوکیشیان چووەتە سەر ماڵی موختار و کێشەکە گەورە بووە".

سکاڵا کە لەو ڕووداوەدا بریندار بووە و زۆربەی جەستەی سووتاوە، ڕێکخراوەکانی ئافرەتان هاوکارییان کرد و 5 نەشتەرگەری جوانکاری دەموچاو و مل و سەری بۆ کرا، پاشان ڕەوانەی سەنتەری داڵدەدانی ئافرەتان کرا، ماوەیەک لە سلێمانی و ماوەیەکیش لە هەولێر مایەوە.

سکاڵا کاتی خۆی تەنازولی لە سکاڵاکەی لە دژی باوکی کرد، بۆیە باوکی ماوەیەکی کەم لە زیندان مایەوە و بەپێی ماددەی پاراستنی ناموس ئازادکرا، ئاوێزان نووری دەڵێت "کوشتنەکە هیچ پەیوەندی بە ناموسەوە نەبوو، لە پزیشکی دادوەری دەرکەوت هەرسێکیان هێشتا کچن".

### "دایکم گۆڕی نییە"

بەسەرهاتی دایکی سکاڵا، نزیکە لە بەسەرهاتی کچەکەی. ئاوێزان دەڵێت "سکاڵا بۆی گێڕامەوە ساڵێک بەر لە کوشتنی خوشکەکانی، ڕۆژێک دایکی لە ماڵی خاڵیەوە تەلەفۆنی بۆ دەکات، گوتبووی ناتوانم بتانبینم، ئەوان پلانیان دانابوو هەموویان پێکەوە هەڵبێن، بۆ ڕۆژی پاشتر باوکی پێیگوتوون دایکتان مرد، کارەبا گرتی، جا دیار نییە دایکی چۆن مردووە یان کوژراوە، سکاڵا دەڵێت تەرمی دایکم نەبینی، نازانم گۆڕی هەیە یان نا".

ئەو چالاکوانە دەڵێت "سکاڵا 6 ساڵ لەم شەڵتەر بۆ ئەو شەڵتەر دەگەڕا و زۆر بێ تاقەت ببوو، دەیگوت هەتا کەی لە زیندان بژیم، ئینجا لە شەڵتەر هاتە دەرەوە دەستی بەکار کرد و شووی کرد، بەڵام هەر ماوەی سێ مانگ لای مێردەکەی بوو، مێردەکەی لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا گیانی لەدەستدا، سکاڵا دوای ئەوە هاتە کەرکووک، بەڵام کەس لە خۆی نەگرت".

### گەڕانەوە بۆ لای بکوژ

سکاڵا لە ڕۆژی 2013/7/27 لە سلێمانییەوە ڕووی لە کەرکووک کردووە و چووەتە بنکەی پۆلیسی ڕەحیماوا. عەمید ئەنوەر قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی ڕەحیماوە پێشتر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو کە دووجار سکاڵای بینیوە "پەیوەندیمان بە باوکیەوە کرد، گوتی من کچەکەم ناوێتەوە، سکاڵاش گوتی مادام ئەوان منیان ناوێت دەڕۆم، هەستمکرد ئەو کچە باری دەروونیی تەواو نییە، سکاڵا دەموچاوی سووتابوو، چاوێکی کوێر بووە و گوللەی بەرکەوتووە، سەیر بوو نەمردبوو".

یەکێک لە خزمەکانی سکاڵا بە (ڕووداو)ی گوت "دوای ساڵێک لە ڕووداوەکە، سکاڵا هاتەوە ماڵ، بەڵێننامەمان پڕکردەوە کە پارێزراو بێت، بەڵام لە ماڵ هەڵات و چووەوە شێڵتەر، باشە ئەوە ئێمە خراپین، ئەی بۆ لەو شێڵتەرانە ناحەوێتەوە؟".

بەقسەی ئەو کوشتنی خوشکەکانیشی پەیوەندی بە ناموسەوە هەبووە.

لاوە زەنگەنە، لێپرسراوی لقی کەرکووکی یەکێتی ژنانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "سکاڵا کچێکی بێ چانسە، جارێکی دیکە سەری لێشێوایەوە، بۆ ئەوەی نەگەڕێتەوە سەر شەقامەکان گەڕایەوە لای باوکی، هیچ جێگەی دیکەی نەبوو، ئێستا بە دڵنیاییەوە ژیانی لە مەترسیدایە، نامەوێت بچم سەردانی بکەم، چونکە ڕەنگە کێشەی لێبکەوێتەوە، لانیکەم دەبمە هۆی کولاندنەوەی برینەکانی ئەو کچە، چونکە بە بریندارى و بە سووتاوی و لە نەخۆشخانەو لە شەڵتەر و لای پۆلیس و لە نەخۆشخانەو لە شووکردنی بینیومە".

زەنگەنە لەگەڵ ئەوە نییە کە ئەو کچە گەڕاوەتەوە لای باوکی، بەڵام دەڵێت "ناچارین چونکە لە کەرکووک بێ شوێنین، سەنتەری داڵدەدانی ئافرەتانی لێ نییە، هەر ژنێک لە کەرکووک سەری لێشێوا، ئەگەر بتوانین بەپێی توانا فریای دەکەوین، ئەگینا دەکەوێتە سەر شەقامەکان و تووشی دەیان حاڵەتی نەخوازراو دەبێت".

### "لێرە بم خۆم دەسووتێنم"


ئاوێزان نووری، باسی ئەو ساتە دەکات کە بۆی دەرکەوت سکاڵا گەڕاوەتەوە ماڵی باوکی "2013/10/19 تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی لە ماڵی باوکمم، هیچ ئاسوودە نیم لێرە، ئەگەر بتوانی شوێنێک یان خانوویەکم بۆ بدۆزیتەوە یان کارێکم بۆ بدۆزیتەوە، بتوانم سەربەخۆ بژیم، لێرە بم خۆم دەسووتێنم، گوتم بەمشەوە ناتوانم هیچ بکەم، سبەی دێم بۆ لات، دوای ئەوە ژمارە تەلەفۆنەکەی داخرا و هەتا ئێستا داخراوە، زۆر ترسام شتێکی لێکرابێت، بۆ ڕۆژی دواتر چوومە دوبز، بۆم دەرکەوت لە ماڵی باوکێتی".

وەک ئاوێزان دەڵێت، سکاڵا هیچکات نەیویستووە بگەڕێتەوە لای باوکی "دەیگوت باوکێک دوو خوشکمی لە پێش چاوم کوشت، منیشی کوشت و زیندوو بوومەوە، هەر کات بیبینم ئەو چرکەساتە دێتەوە پێش چاوم، سکاڵا لەڕووی دەروونییەوە تەواو نییە، تا ئێستاش لەناو جانتاکەی سەرپۆشی هەردووخوشکەکەی هەڵگرتووە، ملوانکەی خوشکەکانی تێدایە، تەسبیحی دایکی تێدایە".

ئاوێزان، مانگێکە ئاگاداری ژیانی سکاڵا نییە و نایەوێت بچێت بۆ ماڵیشیان، نەوەکو ببێتە کێشە بۆ سکاڵا. ئەو چالاکوانە بەسەرهاتی سکاڵا بە ناخۆشترین چیرۆکی ژیانی خۆی دادەنێت و دەڵێت "خۆزگە هەرگیز بەسەرهاتی سکاڵام نەبیستایە، یان بمتوانیایە شتێکی بۆ بکەم، زۆر بۆی گریاوم، بەڵام لە وڵاتێکم لەوە زیاتر دەسەڵاتم نییە، دەبووایە تاوانباران سزای خۆیان وەرگرتبا، بەڵام چیبکەم لێرە دەکرێت ژن بکوژرێت و بەپێی ماددەی پاراستنی ناموس پشتگیری لە بکوژەکەی بکرێت".

### لە ماوەی 11 مانگدا لە کەرکووک 36 ژن کوژراون

## بەرپرسی ڕێکخراوێکی ژنان: لە کەرکووک یاسا هانی کوشتنی ژنان دەدات



**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- کەرکووک**

"لە کەرکووک یاسا هانی کوشتنی ژنان دەدات"، ئەوە وتەی بەرپرسی ڕێکخراوێکی ژنانە لە کەرکووک، بەڵگەشی بۆ قسەکانی ئەوەیە کە چەندین "ژنکوژ" لە کەرکووک دەسووڕێنەوە "هەیە دان بە تاوانەکەیدا دەنێت، بەڵام هەر ماوەیەکی کەم دەگیرێت و ئازاد دەکرێت".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک لە ماوەی 11 مانگی ڕابردوودا لەو پارێزگایە "33 ژن بە ئەنقەست کوژراون، 3 ژنیش بە هەڵە کوژراون". هەروەها "28 ژن لە تاوانی کوشتنەوە گلاون، 77 ژن هەڕەشەیان لێکراوە و 10 حاڵەتی دەستدرێژیش بۆ سەر ئافرەتان تۆمار کراوە".

بەڵام لاوە زەنگەنە، لێپرسراوی یەکێتی ژنانی کوردستان لە کەرکووک باوەڕی بەو ئامارانە نییە و دەڵێت "ئەو ئامارانە ڕاست نین و باوەڕمان پێیان نییە، چونکە چەندین ژن کوژراون و کەچی دەڵێن خۆیان کوشتووە، یان ژن هەیە سووتاندوویانە و دەڵێن خۆی سووتاند، بۆیە ئامارەکان لە کەرکووک ڕاست نین".

لاوە زەنگەنە، باسی لەوە کرد کە ژنانی کەرکووک کێشەیان لەگەڵ یاساکان هەیە "کێشەکە لە پۆلیس نییە، زۆربەیان کارەکان باش بەڕێوەدەبەن، بەڵکو کێشە لە یاساکانە، جار هەیە پۆلیس بە بەڵگەوە کەسێک دەستگیر دەکات، ئەو بکوژە دان بە تاوانەکەیدا دەنێت، بەڵام لە دادگای کەرکووک بە یاسایەکی کۆنی عێراقی کە ماددەیەکی تێدایە تایبەت بە پاراستنی ناموس ئازاد دەکرێت و لەنێو کۆمەڵگەش لە جاران زیاتر ڕێزی لێدەگیرێت".

بەپێی ئەو ماددەیە کە لە یاسای سزادانی عێراقی ساڵی 1969دا هاتووە، ئەوەی ژنێک دەکوژێ بە پاساوی لەکەدارکردنی شەرەف، تەنیا مافی گشتی دەگیرێتەوە و سزایەکی کەم دەدرێت.

وەک زەنگەنە دەڵێت "یاساکانمان زۆر کۆنن و خۆی ڕێگە بە کوشتنی ژنان دەدات لە ژێر پەردەی پاراستنی شەرەف کە بەڵگەیەک دەهێنێتەوە، بۆ نموونە دەڵێ مۆبایلی پێگیراوە یان شتێکی کردووە".

زەنگەنە زۆر جەخت لەسەر ئەو مادەیە دەکاتەوە و دەڵێت "چەندین بکوژی ژن هەن لە کەرکووک، دانیان بە تاوانەکانیشاندا ناوە، کەچی ئێستا بە ئازادانە دەسووڕێنەوە و خەریکی کاری خۆیانن، ئێمە چەندینجار هەوڵمان داوە، چەند ڕێکخراوێک سەردانی بەغدامان کردووە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە لەوێ وەزارەتێک هەیە بەناوی وەزارەتی کاروباری ژنان کە باوەڕی بە کێشەی ژنان نییە، بۆیە هەوڵەکانمان بێسوود بوون".

هەفتەی ڕابردوو لەسەر شەقامێکی گشتی لە کەرکووک تەرمی ژنێک دۆزرایەوە کە بە گوللە کوژرابوو. عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووک، ڕایگەیاند "ئەو ژنە ناسنامەی پێ نەبووە و لە گەڕەکی فەیلەق لە نزیک شەقامی سەرەکی دۆزرایەوە، شوێنەواری چەند گوللەیەک بەسەریەوە دیارە و هێشتا کەس خۆی نەکردووە بە خاوەنی".

فرێدانی تەرم لە کەرکووک لە حاڵەت دەرچووە، لاوە زەنگەنە دەڵێت "هەیە لە کەرکووک کچەکەی خۆی دەکوژێت و دەڵێت ڕفێنراوە، پاش ماوەیەک تەرمێک بە شێوێنراوی دەدۆزرێتەوە و ئینجا دەردەکەوێت لەلایەن کەسوکارییەوە کوژراوە، لێرە تیرۆر تێکەڵی کێشەی کۆمەڵایەتی کراوە، لە کەرکووک سەنتەرێک نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان".

عەقید یاسین حەسەن، بەڕێوەبەری پۆلیسی بنکەی ئازادی لە کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت "دوو حاڵەتمان هەبوو کە گوتیان کچەکەیان ڕفێنراوە، دواتر دەرکەوت ئەوە کێشەی کۆمەڵایەتی بووە، کچێکیان ماوەیەک بزر بوو دەرکەوت هەتا دهۆکیش چووە، یەکێکی دیکە تەنیا 4 کاژێری پێچوو گەڕایەوە، دیار بوو ئەوانە کێشەی کۆمەڵایەتی بوون و تیرۆر نەبوون، کەسوکاریشیان سکاڵایان تۆمار نەکرد".

بە بڕوای لاوە زەنگەنە، دیارترین کێشەکانی کەرکووک تەڵاقدان و لەشفرۆشییە، بۆیە "زۆر پێویستمان بە سەنتەرێکی داڵدەدانی ئافرەتان هەیە، ئێستا حاڵەتەکان ڕەوانەی هەولێر و سلێمانی دەکەین، یان ئەوەتا دەبێت لە زیندانی کەرکووک بن، زۆرینەی ئەو کێشانەی دێنە لامان لەسەر خیانەتی هاوسەرگیرییە، یان کێشەی مۆبایلە، یان نەبوونی ماڵی جیایە و هەموو ئەوانەش دەبنە هۆی تەڵاقدان. لە ماوەی هەفتەیەک نزیکەی 10 حاڵەت سەردانمان دەکەن کە بەشێکیان دەگاتە تەڵاقدان".

### ژنکوژەکان چیرۆکی خۆیان دەگێڕنەوە

## "کچەکەم بەقسەی خەڵک کوشت"

**شادیە ڕەسوڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

لە ژێر دیوارێکدا چەند تەسبیحێکی ڕیزکردوون، کاتێک چاوی بە من کەوت گوتی "کچەکەم شێوەی لە تۆ دەچوو، بە قسەی خەڵک کوشتم". ئیسماعیل ئەمین، 57 ساڵ، زوو زوو فرمێسکی پەشیمانی لە چاوەکانی دەهاتنە خوارەوە، بەڵام زوو دەیسڕین و نەیدەویست خەڵک بیبینن.

هەندێک لەو پیاوانەی دەستیان چووەتە خوێنی ژن، کچ و خوشکەکانیان باس لەوە دەکەن کە تەنیا لەسەر بنەمای قسە و قسەڵۆکی خەڵکی ئەو تاوانەیان ئەنجامداوە و پەشیمانیشن لە کارەکەیان. ئیسماعیل ئەمین یەکێکە لەوانە.

### کچەکەیان لەبەرچاوی ڕەش کرد

دوای مەرگی کچەکەی، ئیسماعیل ئەمین تازە گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە قسە و قسەڵۆکی خەڵک بەڵگە نییە بۆ تاوانبارکردنی کەسێک "ئەو خەڵکە هەر قسە دەکەن، بەبێ ئەوەی بزانن خوا هەیە".

ئیسماعیل،بەدەمڕێکخستنیتەسبیحەکانی بەردەمیەوە چیرۆکی کوژرانی کچەکەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی "نامەرد زۆرن، ئەوەندە بە خراپە باسی کچەکەمیان کرد، تاوەکو بڕیارم دا نەچێتەوە بۆ خوێندن".

کچەکەی بەردەوام گریاوە بۆ قوتابخانە، بەڵام باوکی گوێی بەو گریانە نەداوە، بەڵکو هەمیشە گوێی لە خەڵک گرتووە تاوەکو بزانێت چی تازە لەبارەی کچەکەی دەڵێن "دراوسێکان چیرۆکی سەیریان دەگێڕایەوە کە کچەکەم حەز لە فڵانە کوڕ دەکات، ڕۆژێکیان لە داخان ئەوەندەم لێدا تاوەکو لەژێر دەستم بووڕایەوە".

ئەو دەڵێت بە دەستی خۆی کچەکەی خۆی نەکوشت، بەڵام نەیشاردەوە کە هۆکاری کوشتنەکەی بووە "هەمیشە پێمدەگوت، ئەگەر خۆشت نەکوژی، ڕۆژێک دێت هەر دەتکوژم، بەڵام من هێزی ئەوەم نەبوو بیکوژم، تاوەکو ئێوارەیەکیان دایکی تەلەفۆنی کرد و گوتی ئاخری کچەکەت کوشت".

فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتنە خوارەوە و گوتی "چاوانی کچم لە ترسی من چوو بووە حەمام و بەنزینی بەخۆیدا کرد و خۆی سووتاند، فریای خەستەخانەش نەکەوت و مرد".

بەهۆی سکاڵای کچە گەورەکەی، ئیسماعیل زیندانی کرا، بەڵام تەنیا سێ مانگ لە زیندان مایەوە و بە کەفالەت ئازاد کرا. ئەو جگە لە پەشیمانی هیچی دیکەی نەبوو بیگێڕێتەوە "ئیدی ژیانم نەماوە، چونکە من بوومە هۆی مردنی کچەکەم".

### "ژن کە خراپ بوو شار پیس دەکات"

(م، ف)، 34 ساڵ، تۆمەتبار کرا بە کوشتنی ژنەکەی، بەڵام تەنیا ساڵێک لە زیندان مایەوە و بەهۆی لێبووردنی گشتی ئازاد کرا. ئەو وەکو ئیسماعیل پەشیمان نییە و دەڵێت "ژن کە خراپ بوو تەنیا کوشتن چارەسەریەتی، چونکە ماڵی من وێران بکات، ماڵی کەسێکی دیکەش وێران دەکات و شارەکەش پیس دەکات". گوتیشی "ئەگەر ژنێکی دیکەش بهێنم بزانم ئەویش خراپە هەر دەیکوژم، من ئەوەم پێ قبوڵ ناکرێت".



بە قسەی خەڵک خوشکەکەی خۆی کوشت "تەنیا 4 مانگ لە زیندان بووم، هەموو شەوێک بیرم لەو چرکەیە دەکردەوە کە خوشکەکەمم کوشت، تۆ نازانی ئەوەی شەرەفی بشکێت خۆی چۆن دەشکێت لەناو خەڵکدا". ئەمە قسەی (ک.ع)ی تەمەن 46 ساڵە کە خوشکە تەمەن 21 ساڵانەکەی خۆی کوشت، بەڵام بە کەفالەتی مامێکی لە زیندان ئازاد کراوە.

(ک.ع) چیرۆکی کوشتنی خوشکەکەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی "کوڕە مامەکەم گوتی خوشکەکەتم لەگەڵ فڵانە کەس بینیوە، من زۆر گرنگیم پێنەدا، جارێکی دیکە پێیگوتم لەسەرچنار خوشکەکەتم بینی، هەی بێ غیرەت، ئیدی شتەکەم بە جدی وەرگرت، ئەوەبوو شەوێک نامەیەکم پێبینی، ئەو نامەیە شەڕە گەورەکەی لە ماڵمان هەڵگیرساند".

بەڵام خوشکەکەی (ک) نکۆڵی لەوە دەکات کە پەیوەندی لەگەڵ کەس هەبێت "بۆیە بڕیارمدا قسە لەگەڵ ئەو کوڕە بکەم کە خوشکەکەم خۆشیدەویست، بەڵام ئەو گوتی من بەتەمای ژنهێنان نیم، خوشکەکەت خۆی وازم لێ ناهێنێ، ئەوە زۆر تووڕەی کردم".

کێشەکە لێرەدا کۆتایی دێت، بەڵام (ک) دەڵێت جارێکی دیکە خوشکەکەمیان بینیبوو لەگەڵ کوڕەکە "کە گەڕایەوە ماڵەوە زۆرم لێدا، بردمە مەتبەخ، نەمزانی چۆن چەقۆیەکم لێدا، من مەبەستم کوشتنی نەبوو تەنیا دەمویست بیترسێنم، بەڵام کار لەکار ترازا و بەدەستمەوە سارد بووەوە".

دوای ئەو ڕووداوە، (ک) ڕوو دەکاتە ئەوروپا و لەوێ نیشتەجێ دەبێت. نزیکەی ساڵێک دەبێت گەڕاوەتەوە کوردستان و زۆر پەشیمانە لە کوشتنی خوشکەکەی و دەڵێت "باوکم و دایکم بە خەفەتی ئەوەوە مردن و منیش هەمیشە پەشیمانم تاوەکو ئەو ڕۆژەی دەمرم".

## پیاوێک دەکوژرێت



**رووداو-کەرکووک**

لە گەڕەکی راپەڕینی دوو لە کەرکووک پیاوێک دەکوژرێت و ژنەکەیشی بریندار دەکرێت، رۆژی 2013/12/18 پیاوێک لەگەڵ ژنەکەی لەبەر دەرگای ماڵی خۆیان تەقەی لێدەکرێت، ئەو پیاوە ناوی (ع.ح) 40 ساڵ بوو، کاری (کەڵەشاخ)ی دەکرد، ژنەکەیی تەمەنی 27 ساڵە و بریندار بوو. عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک رایگەیاند "ئەوانە بە کلاشینکۆف کوژراون، نازانرێت بکوژ کێن و هۆکاری کوشتنەکانیان چییە".

رووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (290) دووشەممە 2013/12/23

## دەڵێن 800 ملیۆن دیناری خواردوون

# لە سلێمانی 20 کەس سکاڵا لەسەر ژنێک تۆمار دەکەن

**شادیە رەسوڵ**
**رووداو- سلێمانی**

بە تۆمەتی خواردنی پارەکانیان، 20 کەس سکاڵا لەسەر ژنێک تۆمار دەکەن و دەڵێن ئەو ژنە بەناوی دروستکردنی نەخۆشخانە 800 ملیۆن دیناری خواردوون، دادگاش تاوەکو ئێستا تەنیا سکاڵای 3 کەسی یەکلایی کردووەتەوە.

بەپێی زانیارییەکانی (تۆڕی میدیایی رووداو)، ئەو ژنە لە رێگەی بەشداریی هاووڵاتیان وەکو پشکدار نەخۆشخانەیەکی تایبەتی دامەزراندووە کە تایبەت بووە بە نەشتەرگەری گشتی و نەخۆشییەکانی مەمک و جوانکاریی ژنان و منداڵبوون، بەڵام دوای ساڵێک نەخۆشخانەکەی داخستووە، لەکاتێکدا 120 کەس وەکو پشکدار بەشداربوون لە دروستکردنی نەخۆشخانەکە.

عومەر مەحمود ساڵح کە دەڵێت 50%ی پشکەکانی ئەو پرۆژەیە هی ئەو بووە، گوتی "ئێمە نەخۆشخانەکەمان بینی کە هەموو پێداویستی و ئامێرێکی تێدا بوو، ئەو ژنە هیچ مۆڵەتێکی کارکردنی نەبوو کەچی هەموو کارەکانیان بۆ ئاسان کردبوو، تەنانەت ئەو عەریزانەی کە بۆ دکتۆر رێکەوت حەمە رەشید، بەڕێوەبەری ئەوکاتی تەندروستی نوسیووە، ئیمزای پێوە نییە، تەنیا ژمارە تەلەفۆنی نووسیوە و کەس پێی نەگوتووە تۆ چیت یان کێیت، ئەم شتانە تەنانەت بەسەر وەزیریشدا تێپەڕیوە".

عومەر کە خۆیشی ماوەیەک لە نەخۆشخانەکە کاری کردووە، گوتیشی "ئەو ژنە شتەکانی بە قەرز هێنابوو، بەردەوام خاوەن قەرزەکان دەهاتنەسەری و ئێمەش نەخۆشمان زۆر نەبوو، ئیدی دایخست و پارەی ئێمەی خاوەن پشکیش دیار نەما".

ئەو ژنە سەرەتا وەک پزیشکێکی بواری جوانکاری خۆی بە خەڵک ناساندووە و گوایە لە لوبنان بڕوانامەی دکتۆرای لەو بوارەدا هێناوە، عومەر گوتی "ئێمە بڕوامان پێکرد، چونکە پارێزەری لەگەڵ بوو، زۆر بەڵگەی یاسایی پێشاندااین کە بڕوای پێبکەین بۆ ئەوەی وەکو خاوەن پشک بەشداری لە دروستکردنی نەخۆشخانەکەدا بکەین".

گوتیشی "نووسراوێکی پێشاندااین بە ئیمزای دکتۆر رێکەوت حەمە رەشید، وەزیری ئێستای تەندروستی کە ئەوکاتە بەڕێوەبەری تەندروستی سلێمانی بوو، ئێمەش بڕوامان پێکرد".

دوو ساڵ لەمەوبەر، رێکلام بۆ دروستکردنی ئەو نەخۆشخانەیە بەناوی (نەخۆشخانەی جیهانی تایبەت) کرا لە رێگەی پشکەوە، 200 کەس وەکو پشکدار بەشدارییان لە پرۆژەکەدا کرد، نەخۆشخانەکە لە سەرەتای ساڵی 2012 کرایەوە، بەڵام تەنیا یەک ساڵ دەوامی کرد و لە سەرەتای ئەمساڵدا داخرا. دوای ئەوەی خاوەن پشکەکان بێ ئومێد دەبن لە وەرگرتنەوەی پارەکانیان، 20 لەو خاوەن پشکانە لە مانگی نیسانی ئەمساڵ پەنا بۆ دادگا دەبەن، بەڵام تاوەکو ئێستا تەنیا دۆسیەی سێ لە خاوەن سکاڵاکان یەکلایی کراوەتەوە و پارەی خۆیان وەرگرتووەتەوە.

یەکێک لەو خاوەن پشکانە کە ژنێکە و نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "کاتێک لە تەلەفزیۆن بانگەوازی بۆ ئەم نەخۆشخانەیە کرد، هەرچی پارەم هەبوو بۆم هێنا، بەخوا پارەی خێر و زەکات بوو کۆمکردبووەوە و بە دزی براکانمەوە ئەم کارەم کرد، گوتم بەڵکو شتێکم دەستبکەوێت، بەڵام ئەوە ماوەی ساڵێکە نەخۆشخانەکە داخراوە و هیچ دیار نییە".

دامەزراندنی نەخۆشخانەکە بەشێوەیەکی یاسایی بووە و لەلایەن لیژنەیەکی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانییەوە رێگەی پێدراوە، مۆری بەڕێوەبەری هونەری لە فەرمانگەی تەندروستی لەسەر دۆکیۆمێنتەکانی دروستکردنی نەخۆشخانەکە هەیە، بەڵام دکتۆر میران محەممەد، بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی دەڵێت "ئەو کاتەی ئەو نەخۆشخانەیە دروستکراوە، نەخۆشخانە ئەهلییەکان سەر بە فەرمانگەی تەندروستی نەبوون، بەڵکو سەر بە سەندیکای پزیشکان بوون، ئێستا ئەوانەی سەر بە ئێمەن بەردەوام بەدواداچوونیان بۆ دەکەین".

عەدنان حەمە شکور، پارێزەری راوێژکار لە دادگای سلێمانی، باسی لایەنی یاسایی ئەو دۆسیەی کرد و گوتی کە ئەو دۆسیە بەپێی ماددەی 456 لە یاسای سزادانی عێراقیی تایبەت بە خواردنی پارەی هاووڵاتیان و بەکارهێنانی ناوی خوازراو بۆ مەبەستێکی تایبەتی، مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. لە ماددەکەشدا هاتووە "تاوانبار سزا دەدرێت بە بەندکردن، ئەگەر ماڵێکی بەدەستهێنا لە رێگەی دەستبڕین یان لە رێگەی ناو و سیفەتێکی درۆ". ئەو پارێزەرە دەڵێت "ئەو ژنە رێگەی فێڵی گرتووەتەبەر و ئەو کەسانەش کە دەزانن فێڵیان لێکراوە دەتوانن سکاڵا تۆمار بکەن".



---



تامان شاکر

tamanshakir@yahoo.de

# خەونەکانی مورسی و باپیر

کاتی خۆی مشتومڕێکی زۆر لە نێوەندە سیاسی و ئاینییەکانی میسر ورووژا بەهۆی ئەو خەونانەی کە مورسی زوو زوو دەیبینین، جارێک خۆی وەکو حەزرەتی یوسف دەبینی، لە جیاتی مانگ و ئەستێرە، دەیگوت 8 کۆتر لەسەر شانی نیشتوونەتەوە، مانای وایە هەشت ساڵ حوکمی میسر دەکات، کەچی خەونەکانی بەتاڵ دەرچوون و نەیتوانی ساڵێکی تەواو حوکمی وڵاتەکەی بکات.

محەممەد مورسی سەرۆکی لەکارلابراوی میسر، لە خەونێکی دیکەدا پێغەمبەری موسڵمانانی لە مەجلیسێکی نێو مزگەوتدا بینیوە لەکاتی نوێژی عەسر. کاتێک خەڵکەکە ویستوویانە پێغەمبەر پێشنوێژییان بۆبکات، ئەو رەتیکردووەتەوە و فەرموویەتی با سەرۆک مورسی ببێتە ئیمام و پێشنوێژ.

بەشێکی زۆر لە نێوەندە ئاینییەکانی میسر وایان لێکدایەوە کە مورسی دەیەوێ پلەو پایەی خۆی بەرزبکاتەوەو خۆی وەکو رزگارکەری میسر بناسێنێ و هانی خەڵکی هەژار و نەخوێندەواری میسر بدات بۆ جیهاد لە پێناوی ئیخوان موسلیمین نەک لە پێناوی خودا، بۆ ئەوەی لە کورسی دەسەڵات بمێنێتەوە. ئایا ئیسلام رێگە بەوە دەدا لە شوێنێکدا پێغەمبەری خودا ئامادەبێت، مورسی ببێتە پێشنوێژی پێغەمبەر و موسڵمانان، لە کاتێکدا هیچ کام لە خەلیفەکانی راشدین لە وجودی پێغەمبەردا پێشنوێژییان نەکردووە؟ ئایا ئیمامەتی مورسی باشترە لە ئیمامەتی پەیامبەر؟ ئایا خەڵک رازی دەبن بە پێشنوێژیی مورسی و واز لە پێغەمبەری خودا دەهێنن؟ ئایا خەڵکی ئەوەندە ساویلکە و نەزانن کە بڕوا بەم خەونانە بکەن و مورسی بە پیرۆز ببینن. مورسی لەگەڵ بینینی خەونە پیرۆزەکانی دەرکەوت یەکەم سەرۆکی میسرە خیانەتی لە بەرژەوەندیی باڵای وڵاتەکەی کردووە و پەیوەندی بە گرووپە تیرۆریستەکانەوە کردووە بۆ ئەوەی هاوکاری بن لە تێکشکاندنی سوپا و وڵاتی میسر، بەڵێنی دابوو میسر بکاتە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی و بەشێک لە زەویەکانی سینا بدات بە فەلەستینیەکانی غەززە، هەربۆیەش ئەمڕۆ لە زیندانە و رەنگە سزای لە سێدارەدانی بۆ ببڕێتەوە.

خەونەکانی مامۆستا عەلی باپیری ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیش لە خەونەکانی مورسی دەچن.

بۆچی لەم کاتەدا خەون بە پێغەمبەرەوە دەبینێ و بەیەکەوە دەچن بۆ جیهاد؟ جیهاد لە کوی و لەدژی کێ؟ ئایا مامۆستا بەو خەونە دەیەوێ هانی گەنجانی کوردستان بدات روو لە سووریا بکەن بۆ جیهاد و کوشتنی هاونیشتمانانی خۆیان بەناوی ئاین و پیرۆزییەکانی؟ ئەی ئەگەر ئەو خەونەی بینیوە بۆچی خۆی و کوڕەکانی و ئەندام پەرلەمانەکانی واز لە پلەو پۆست ناهێنن و ناچنە سووریا هاوکاری برا موسڵمانەکانیان بکەن و خەریکی جیهاد بن؟ ئەگەر مەبەستی مامۆستا پیرۆزکردنی خۆی و حیزبەکەیەتی لەدوای ئەو هەموو ناڕەزاییەی خەڵکی کوردستان کە رێز لە سروودی نەتەوەیی وڵاتەکەی ناگرێت، ئەگەرچی مامۆستا لە سایەی سروودی ئەی رەقیب و ئاڵای پیرۆزی کوردستان و خوێنی شەهیدانی ئەم کوردستانە پشکی شێری لە خێر و خۆشی ئەم وڵاتە بەرکەوتووە، ئەوە دەیتوانی بەبێ خەون بینین بە پەیامبەر داوای لێبووردن لە دایکانی شەهیدانی کوردستان بکات.

ئەگەر مامۆستا خەونەکەی بۆ کاری خێرە و دەیەوێ دڵی خەڵکانێک نەرم بکات و لێفەکەی نوێ بکاتەوە و خۆی نورانی و پیرۆز نیشان بدات لای ماڵە خەزوورانی تازەی، ئەوە بووکی تازە ژیانی دەوێ نەک جیهاد، پێموایە مرۆڤ بە هەڵوێستەکانیەوە گەورەیە نەک بە خەون بینین.

---

## 23 هەزار بێوەژن مووچە لە حکومەت وەردەگرن

# بێوەژنان دەڵێن 150 هەزارەکە بەشیان ناکات

**ئەڤین سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

بە قورگێکی پڕ لە گریانەوە دەستی بەسەری کچەکانیدا دەهێنا و باسی ژیانی خۆی دەکرد و دەیگوت "کەسم نییە، خۆزگە حکومەت بڕە پارەیەکی وای بۆ دابین دەکردین کە بەشی بژێوی ژیانمانی بکردایە و چاومان لە دەستی خەڵک نەبووایە".

نەهییە ئەحمەد، 36 ساڵ، خاوەنی 3 کچە، 12 ساڵ لەمەوبەر شووی کردووە، بەڵام 4 ساڵە تەڵاقی لە مێردەکەی وەرگرتووە "مێردەکەم تریاککێش بوو، بۆیە لێی جیابوومەوە". کێشەی نەهیە بە تەڵاق وەرگرتن کۆتایی نەهات، بگرە ئەرکی زەحمەتتر بوو "منداڵەکانی لێسەندم و سواڵی پێدەکردن، منیش داوای منداڵەکانم کردەوە، ئەویش بەو مەرجە رازی بوو کە مانگانە 1000 دۆلاری بدەمێ".

ئەو کە ئێستا بێوەژنە، بژێویی ژیانی زۆر سەختە و دەڵێت ئەو 150 هەزار دینارەی لە حکومەت وەریدەگرێت بەشی ناکات. گوتیشی "ئیش نەماوە نەیکەم بۆ ئەوەی مانگانە 1000 دۆلارەکە بۆ باوکی منداڵەکان پەیدا بکەم".

22 هەزار و 819 بێوەژن لە هەرێمی کوردستان ناوی خۆیان لە تۆڕی پاراستنی خێزان تۆمارکردووە و مانگانە بڕی 150 هەزار دینار وەردەگرن، بەڵام دەڵێن ئەو بڕە پارەیە بەشی هیچیان ناکات.

شیراز ساڵح، خاوەنی منداڵێکە و 4 ساڵە لە مێردەکەی جیابووەتەوە، لەبەر ئەوەی هیچ مووچەیەکی نییە بەدەر لەو مووچە کەمەی کە حکومەت وەک مووچەی بێوەژنانە دەیداتێ، بۆیە بە ناچاری لە ماڵی خوشکەکەی دەژیت، شیراز گوتی "ئەو پارەیەی وەریدەگرم بەشی شیری منداڵەکەم ناکات، ئیدی چۆن بەشی کرێی خانوو، خواردن و نەخۆشخانە و پێداویستییەکانی دیکە دەکات".


هەندێک لە بێوەژنان گلەیی ئەوە دەکەن کە لەگەڵ ئەوە پارە کەمەی هەیانە، هیچ کارێکیان بۆ نادۆزرێتەوە و هاوکاری ناکرێن، ئەمەش کاری کردووەتە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونیی ئەوان.

(ئا،ع) کە بێوەژنە، دەڵێت لەبەر خراپیی باری ئابووری سواڵ دەکات و لەدەرگای ماڵان دەدات، (ئا) دەڵێت "ئەو 150 هەزار دینارە بەشی هیچمان ناکات، من کرێچیم، ناچارم سواڵ بکەم بۆ ئەوەی کرێی خانووەکەم پەیدا بکەم و خۆم و منداڵەکانم نەکەوینە سەر شەقامەکان.

ئارام زاهیر، کۆمەڵناس هۆشداری دەدات لەوەی کە کەمدەرامەتی زۆر کات مرۆڤ بەرەو لادان دەبات، بێوەژنانیش لەو کەسانەن کە پێویستە زۆر ئاگادارییان بین و هاوکارییان بکەین، چونکە ئەوان لە رووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووریشەوە پێویستیان بە ئێمەیە.

سۆزان فەقێ، بەرپرسی یەکێتی ژنان لقی ئافرەتان ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو بڕە پارەیەی بۆ بێوەژنان دانراوە کەمە و بەشی پێداویستیەکانیان ناکات، گوتیشی "وەک خۆمان هەوڵێکی زۆرمان داوە کە ئەو بڕە پارەیە زیاد بکەین، بەڵام ئەو بودجەیەی بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی دانراوە هەر ئەوەندە بەش دەکات، چونکە ژمارەی ئەو ئافرەتانە زۆرن کە بێوەژنن یان کەمدەرامەتن یان بێ کەسن".

سۆزان باسی ئەوەشی کرد کە هەندێک لەو ئافرەتانەی دێنە لایان ناوی خۆیان تۆمار دەکەن بۆ کارکردن، ئەوانیش پەیوەندییان لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی باوەڕپێکراو هەیە کە هەر ئافرەتێک داوای کاردەکات بەپێی بارودۆخی ئافرەتەکە کارێکی بۆ دەدۆزنەوە.





د.عیزەدین عەبدولسەمەد ڕەسوڵ

izaddin.rasool@hotmail.com

# دۆرکهایم و خۆکوشتنی ئافرەتان لە کوردستان

لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991، بەهۆی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە کۆمەڵێک گرفتی کۆمەڵایەتی سەریانهەڵدا و بەربەرە پەرەیانسەند. گرفتگەلی وەک: خۆکوشتن، تەڵاق، بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر، کوشتن لەسەر نامووس و هتد کە پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە.

لەم نووسینەدا هەوڵمداوە باس لە هۆکارەکانی خۆکوشتنی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا بکەم بە ڕەچاوگرتنی هۆکارەکان و هەڵسەنگاندنی لەگەڵ هۆکارەکانی خۆکوشتن لە ڕوانگەی دۆرکهایمەوە.

بەر لەوەی باس لە هۆکارەکانی خۆکوشتنیش بکرێت، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم نووسینە پوختەیەکە لە تێزی دکتۆراکەم بەناونیشانی "خۆکوشتن و هەوڵدان بۆ خۆکوشتنی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان/ عێراق: لێکۆڵینەوەیەک لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان".

## سەرچاوەی داتاکان

توێژینەوەکە بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئامانجەکەی، شیکردنەوەی بۆ سێ جۆر داتا کردووە کە بریتین لە:

-1پرسیارنامە: واتە پرسیار کردن لە 100 کەس کە هەوڵی خۆکوشتنیان داوە.

-2 چاوپێکەوتن لەگەڵ 15 کەس لە 4 گرووپی جیاواز:

ا — ڕۆژنامەنووس

ب.پزیشکی دادوەری

پ.زانایانی ئاینی

د.بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەر سێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

-3 کۆکردنەوەی 322 ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی لە ماوەی ساڵانی 2006 تاوەکو 2010 لەسەر خۆکوشتنی ئافرەتان لە 8 ڕۆژنامە و سایتی کوردی کە بریتی بوون لە (ڕووداو، هاوڵاتی، ئاوێنە، میدیا، سبەی، کوردیو، ڕێوان و پەیامنێر).

## ڕێژە و تەمەن

بەگوێرەی ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەو ئافرەتانەی لە کوردستاندا خۆیان دەکوژن یان هەوڵی خۆکوشتن دەدەن 89%یان تەمەنیان لە نێوان 15-30 ساڵیدایە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی تەمەن ڕێژەی خۆکوشتنیش کەم دەبێتەوە. خێزانداری ڕۆڵێکی کاریگەر نابینێت بۆ خۆپاراستنی تاکەکان یاخود هۆکارێکی پارێزگار نییە تاوەکو کەسەکان هەوڵی خۆکوشتن نەدەن، چونکە بەپێی توێژینەوەکە 46%ی ئەوانەی خۆیان دەکوژن یان هەوڵی خۆکوشتن دەدەن خێزانداربوون، ئەم دەرئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی وڵاتانی ئاسیا وەکو: ئێران، پاکستان، هیندستان و هتد. لەو ڕێژەیەش 46.7% بە شێوازی هاوسەرگیریی "باو" هاوسەرگیرییان کردووە، واتە لە ڕێگەی ژن بە ژنییەوە یان لەڕێگەی هاوسەرگیریی بەزۆر.

بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە، 67%ی ئەو ژنانە خاوەن منداڵن و هەروەها 63.6%ی ئەو ژنانە پەیوەندییان لەگەڵ مێردەکانیان خراپ بووە، 52%یش خاوەن ماڵی سەربەخۆ نەبوون، واتا لەگەڵ ئەندامانی خێزانی مێردەکانیان ژیاون، بەواتایەکی دیکە، شێوازی هاوسەرگیری و خراپیی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هاوسەرەکانیان هۆکارێکی کاریگەر بووە بۆ هەوڵدان بۆ خۆکوشتن.

## شوێنی جوگرافی

زۆربەی ئەو ئافرەتانەی لەکوردستاندا هەوڵی خۆکوشتن دەدەن خەڵکی دەرەوەی شارن، یاخود لە لادێکانەوە بەرەو شارەکان کۆچیان کردووە و باکگراوندی شارنشینییان نییە. هەروەها 67%ی بەشداربووانی توێژینەوەکە بێکار بوون، واتە ئافرەتی ماڵەوەن. 21% نەخوێندەوار بوون، 79% توانای خوێندن و نووسینیان هەیە، بەڵام خاوەنی نزمترین ئاستی خوێندەوارین و خاوەنی بڕوانامەی بەرزی وەکو زانکۆ نین.

سەبارەت بە ئامرازە بەکارهاتووەکان بۆ خۆکوشتن، 51% پەنایان بۆ خۆسووتاندن بردووە و ئەم ئامرازەش یەکێکە لە ئامرازە توندوتیژەکان و تێگەیشتن لە هۆکاری بەکارهێنانیشی سەختە. فلۆهر- لۆبان (Fluehr-Lobban 1977) ئاماژە بەوە دەکات کە لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا بۆ گوشارخستنە سەر خێزانەکانیان تاوەکو ڕازی بن بە داواکارییەکانیان، ئافرەت هەڕەشەی خۆکوشتن دەکات. هەروەها هار (Haarr 2010) تێبینی ئەوەی کردووە کە لە ناوەڕاستی ئاسیا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای باشوور شێوازی خۆکوشتن لە ڕێگای خۆسووتاندن وەک ئامرازێکی دراماتیکی بە زۆری لەلایەن ئافرەتانەوە پەنای بۆ دەبرێت وەک وەڵامدانەوەیەکە بۆ توندوتیژیی خێزانی و گرفتەکانی خێزان. ئەمەش پێچەوانەی ئەو لێکۆڵینەوانەیە کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەنجامدراون و ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئامرازی خۆسووتاندن بۆ خۆکوشتن زۆر بە کەمی بەکاردەهێنرێت.

## پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خۆکوشتن

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن بۆ هەوڵدان بۆ خۆکوشتن لە لایەن ئافرەتانەوە. بە گوێرەی دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە 26%ی ململانێی هاوسەرگیری هۆکاری سەرەکی بووە بۆ ئەوەی ئافرەتان هەوڵی خۆکوشتی بدەن. 24%ی هۆکارەکە سەرنەکەوتن لە پەیوەندی خۆشەویستی هاندەر بووە. 19% گرفتی خێزانی پاڵنەری سەرەکی بووە. ڕێژەی 31% هۆکاری جیاواز هەبووە وەکو سەرنەکەوتن لە خوێندن، خەمۆکی، جیاوازی جێندەر، ململانێ لەگەڵ خزمانی هاوسەرەکەی و ئەتککردن پاڵنەری سەرەکی بوون. ڕێژەی 57%ی توندوتیژی خێزانی هۆکاری سەرەکی بووە و زۆربەیان لەلایەن مێردەکانیانەوە یاخود ئەندامانی خیزانەکانیانەوە دووچاری توندوتیژی بوونەتەوە. 61%یش مەبەستیان تۆڵەسەندنەوە لە ئەندامانی خێزانەکانیان بووە لە ڕێگای ئازاردانی خۆیان.

## لایەنی ئاینی خۆکوشتن:

بەپێی توێژینەوەکە 61%ی ئەوانەی هەوڵی خۆکوشتنیان داوە ئەرکە ئاینییەکانیان جێبەجێ دەکرد لە پێش هەوڵدانی خۆکوشتن، بەڵام دوای هەوڵی خۆکوشتن ئەو ڕێژە بەرزبووەتەوە بۆ 67% (هەموو بەشداربووان سەر بە ئاینی ئیسلام بوون). لە هەمانکاتدا بەڕێژەی 83% پێیانوابوو کە هەوڵدانی خۆکوشتن لە ئاینی ئیسلامدا ڕێگە پێنەدراوە و 80% پێیانوابوو کە هەوڵدان بۆ خۆکوشتن تاوانە. پرسیارێک لێرەدا دێتە ئاراوە: ئایا بەشداربووان بەشێوەیەکی دروست لە پرەنسیپەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام تێگەیشتوون یاخود ئەرکە ئاینییەکانیان وەکو داو و نەریت جێبەجێ دەکرد؟

## ڕاگەیاندن و خۆکوشتنی ئافرەتان

ڕۆژانە یاخود هەفتانە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و ماڵپەڕ کوردییەکان و تیڤییەکان هەواڵێک یاخود ڕاپۆرتێکمان بەرچاو دەکەوێت لەسەر خۆکوشتن، بێ ئەوەی ڕاگەیاندکاران بیر لەوە بکەنەوە تا چەند ئەم ڕاپۆرتانە سوودیان هەیە بۆ تاکی کورد و هۆکار چییە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتانە و نیشاندانی وێنەی قوربانی؟ تەنانەت لەوانەیە کاربەدەستە حکومییەکانیش بیریان لەوە نەکردبێتەوە کە ئەم ڕاپۆرتانە تاچەند کاریگەریی سوودبەخش یاخود زیانبەخشی بەسەر تاکی کوردستاندا هەیە. هەرچەندە زۆربەی بەشداربووانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاماژەیان بەوە داوە کە ڕاگەیاندنی کوردستان بەو ڕاپۆرتانەی کە لەسەر ئەم حاڵەتە بڵاویان دەکەنەوە یاخود باس لە خۆکوشتن دەکەن کاریگەری خراپی لەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا هەبووە و بووەتە هۆی پەنابردن بۆ کردەوەیە لە لایەن هەندێ لە تاکەکانی کۆمەڵگە وەک چاولێکەری

بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەیان بەوە کرد کە ڕۆژنامە کوردییەکان زێدەڕۆیی دەکەن لە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت لەسەر خۆکوشتنی ئافرەتان و یاخود زانیاری تەواو لەسەر حاڵەتەکان بڵاوناکەنەوە، بەواتایەکی دیکە تەنیا وەکو هەواڵێک بڵاوی دەکەنەوە. کۆهین (Cohen 2002) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ڕاپۆرتی میدیایی وەکو بۆمبێک یاخود کارەساتێکی سروشتی- بۆ نموونە بوومەلەرزە- وایە. زۆربەی بەشداربووانی پێیانوابوو میدیا لە کوردستان ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لەسەر زیادبوونی ڕێژەی خۆکوشتن بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتانە هانی خەڵک دەدات کە لاسایی حاڵەتەکانی خۆکوشتن بکەنەوە. زۆربەی لێکۆڵینەوە ڕۆژئاواییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بڵاوکردنەوەی یاخود باسکردنی حاڵەتەکانی خۆکوشتن لە ڕاگەیاندنەکاندا کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە و بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆکوشتن. بۆ نموونە مۆتۆMotto 1970)) بەراوردی ڕێژەی خۆکوشتنی کردووە لە ماوەی ٢٦٨ ڕۆژی مانگرتنی ڕۆژنامەکان لە دیترۆیت ((Detroit و لەئەنجامدا بۆی دەرکەوت کە لەم ماوەیەدا ڕێژەی خۆکوشتن کەمی کردووە و بەتایبەتی لە نێوان ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە 35 ساڵ کەمترە. ستەک (Stack 1987) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە لە نێوان ساڵانی 1948-1983 لە ئەمریکا بڵاوکردنەوەی حاڵەتەکانی خۆکوشتنی سیاسییەکان و کەسانی بەناوبانگ کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆکوشتن. هەروەها کۆپینگ و ئەوانی تر (Kopping et al. 1990) لە لێکۆڵینەوەیەکەیاندا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندییەکی کاریگەر هەیە لەنێوان بەرزبوونەوەی ڕێژەی مانگانەی خۆکوشتن لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەواڵی خۆکوشتن لە لاپەڕەی یەکەم لە ڕۆژنامەکاندا لە هۆڵەندا.

بە بەراورد لەگەڵ ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن، کاریگەری تەلەفزیۆن زیاترە. بۆ نموونە فیلیپس و کارستینس (Phillips & Carstenens 1986) ئەوەیان خستووەتەڕوو کە ڕێژەی خۆکوشتنی هەرزەکاران زیادی کرد دوای ئەوەی لە ساڵانی 1973 - 1979 تەلەفزیۆن حاڵەتەکانی خۆکوشتنی بڵاوکردەوە.

فیلیپس (Phillips 1982) لێکۆڵینەوەی لەسەر خۆکوشتن و هەوڵدانی خۆکوشتن لە زنجیرە دراماکاندا لە ساڵی 1977 لە ئەمریکا ئەنجامداوە و گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ڕێژەی خۆکوشتن لەو کاتەدا بەرزبووەوە، بەتایبەت لە نێو ئافرەتان. لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەدا فیلیپس و هاوکارانی (Phillips et al 1992) بەو ئەنجامە گەیشتن کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان بڵاوکردنەوەی چیرۆکی خۆکوشتن و خودی کردەی خۆکوشتن هەیە. واتە هەرچەندە زیاتر چیرۆکی خۆکوشتن لە میدیاکاندا بڵاوبکرێتەوە ئەوا ڕێژەی خۆکوشتن زیاد دەکات.

ستەک (Stack 1992) ئاماژە بەوە دەدات کە لە نێوان میدیای جیاواز و خۆکوشتن وەکو کرداری چاولێکەری (Copycat act) پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە. بە بۆچوونی ستەک (Stack 2007) خۆکوشتنی کەس و ئەکتەرە بەناوبانگەکان کاریگەری تایبەتی هەیە. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە ئەنجامەکانی 106 توێژینەوە لەسەر خۆکوشتن بۆیان ڕوون بووەوە، کە بڵاوکردنەوەی حاڵەتەکانی خۆکوشتنی سیاسەتمەدار و ئەکتەرە بەناوبانگەکان 14 جار کاریگەری زۆرترە لەسەر خۆکوشتنی چاولێکەری (copycat) بە بەراورد لەگەڵ خۆکوشتنی ئاسایی.

لە لایەکی دیکەوە کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک فەیسبووک لە ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن کەمتر نییە. بۆ نموونە لە هەرێمی وێلز- بەریتانیا کچێکی 17 ساڵان بە ناوی ناتاشا ڕیندل (Natasha Rendall) لە ساڵی 2007 خۆی کوشت، پاش بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە لە وێبسایتی (Bebo) کە وێبسایتێکی کۆمەڵایەتیی بەناوبانگە، 25 کەسی دیکە کە تەمەنیان لە نێوان 15-28 ساڵان بوو خۆیان کوشت، کە هەموویان لە ڕێگای خۆهەڵواسین بوو، بێجگە لە یەکێکیان کە خۆی فڕێدایە ژێر شەمەندەفەر. ئەو ڕووداوە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر هاوڕێکانی ئەو کچە، دواتر هاوڕێکانی ئەکاونتێکی یادگارییان بەناوی ئەو کردەوە. ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر هاوڕێکانی بە تایبەتیش هەرزەکارەکان.

لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئاماژەمان پێدا، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە وێبسایتە کۆمەڵایەتییەکان بە هەمانشێوەی ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن کاریگەری زۆریان هەیە بە تایبەتی لەم سەردەمەدا کە ڕێژەیەکی زۆری گەنجان بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەکاریدەهێنن.

هەروەها لە کوردستانیش بە هەمانشێوە ڕاگەیاندن و وێبسایتە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆکوشتن بە تایبەتی لەو حاڵەتانەی کە وێنەی قوربانییەکان بڵاودەکەنەوە .77%ی بەشداربووانی توێژینەوەکەم ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە کەسێکیان بینیوە خۆی کوشتووە لە فیلمەکاندا، نیوەی بەشداربووانیش ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە کاریگەری خراپی لەسەریان هەبووە تا هەوڵی خۆکوشتن بدەن. بۆ نموونە یەکێک لە ڕۆژنامەنووسەکان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە زۆربەی ڕۆژنامەکانی کوردستان ڕاپۆرت لەسەر خۆکوشتن بڵاودەکەنەوە، ئافرەتێک چۆن دەستی دایە نەوت و دەنکە شقارتە و تەماشای دەوروبەری خۆی کرد، ئینجا نەوتەکەی بەسەری خۆیدا کرد و ئاگری لە خۆی بەردا. هەروەها لە کەیسێکی دیکەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئافرەتێک چۆن گوریسێکی بەدەستەوە گرتووەو لە ڕێگای خۆهەڵواسین بە پانکەوە خۆی خنکاندووە. ئەم حاڵەتانە ئامرازی خۆکوشتن پێشانی خەڵک دەدات و هانی خەڵک دەدات کە چۆن و بە چ شێوازێک خۆیان بکوژن.

بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە حاڵەتانە هەندێکجار دەبێتە هۆی هاندانی خەڵکانی دیکە و چاولێکردنەوەی. هەروەها نموونەمان زۆرە کە میدیای کوردستان بەتایبەتی ڕۆژنامە، حاڵەتەکانی خۆکوشتن یاخود وێنەی قوربانی وەک پاڵەوانێک بڵاودەکاتەوە. بۆ نموونە یەکێک لە زانایانی ئاینی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە "بەو شێوازەی ڕاگەیاندن حاڵەتەکانی خۆکوشتن بڵاودەکاتەوە وەک پاڵەوانێک و هانی خەڵک دەدات بۆ خۆسووتاندن لە بری ئەوەی ئیدانەی کرداری خۆکوشتن بکەن". هەندێکجار وێنەی قوربانی بە جلوبەرگی جیاواز و سەرنجڕاکێش بڵاودەکرێتەوە، وەک بە جلوبەرگی بوکێنی، جلوبەرگی کوردی، جلوبەرگی قوتابخانە و... هتد. هەندێکجاریش زیاتر لە یەک حاڵەتی خۆکوشتن بڵاودەکەنەوە لە یەک لاپەڕەدا. هەندێکیان بۆ مەبەستی بازرگانیکردن ئەم ڕاپۆرتانە بڵاودەکەنەوە یاخود بۆئەوەی ڕۆژنامەکەیان بفرۆشرێت، بۆ نموونە یەکێک لە ڕۆژنامەنووسان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد "ئێمە وێنەی قوربانییەکە لە لاپەڕەی یەکەم بڵاودەکەینەوە بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەری زۆر بۆ بابەتەکە و بۆ ڕۆژنامەکەمان".

لێرەدا دەتوانین بڵێین کە زۆربەی ڕۆژنامە کوردییەکان زێدەڕۆیی دەکەن لە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت لەسەر خۆکوشتنی ئافرەتان و بڵاوکردنەوەی وێنەی قوربانیان. لەلایەکی دیکەوە ڕۆژنامە کوردییەکان وشە یاخود زمانی "سەرنجڕاکێش" بەکاردەهێنن لە کاتی ڕووماڵکردنی یاخود بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت لەسەر خۆکوشتنی ئافرەتان. لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕەفتار یاخود ئەخلاقی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتانە لە کوردستاندا جیاوازە لە ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوا. لەڕووی بڵاوکردنەوەی حاڵەتەکانی خۆکوشتن لە کوردستاندا هیچ کۆدێک یاخود ڕێگرییەک نییە لە بڵاوکردنەوەی حاڵەت یاخود کەیسی تاکەکەسی. ئەگەر یاسایەک هەیە بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوکردنەوەی وێنەی قوربانی یاخود حاڵەتەکانی خۆکوشتن و توندوتیژی، ئایا لەبەرچی پەیڕەوی ناکەن و تا ئێستا چەند کەس لەسەر ئەم حاڵەتانە لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراوە؟! من پێموایە پێویستە بەرپرسان سنوورێک بۆ ئەم حاڵەتانە دابنێن لەڕێگای دەرکردنی یاسایەک یاخود کۆدێک بۆ ئەوەی حاڵەتەکانی خۆکوشتن و توندوتیژی ئاوا بەشێوەیەکی بەربڵاو و گشتگیر باس نەکرێت، تا کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر تاکەکان دروست نەکات!

## هەڵسەنگاندنی تیۆری دۆرکهایم

لە زۆربەی لێکۆڵینەوە و وانەکاندا باس لەو تیۆریانە دەکەین کە لەلایەن توێژەرانی ڕۆژئاوا نووسراون و باس لە پێکهاتەی کۆمەڵگای ڕۆژئاواییەکان دەکەین بێ ئەوەی لێکۆڵینەوە بکەین تا چەند دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوانە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێمە دەگونجێت؟ لێرەدا دەمەوێت باس لە دەرئەنجامەکانی تیۆری دۆرکهایم بکەم دەربارەی خۆکوشتن و تا بزانین تا چ ڕادەیەک دەکرێت لەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا پیادە بکرێت؟ هەروەکو لەسەرەوەدا ئاماژەمان پێیدا زۆربەی ئەو ئافرەتانەی لە کوردستاندا هەوڵی خۆکوشتنیان داوە تەمەنیان لە نێوان 15 — 30 ساڵان بووە و لەگەڵ بەرزبوونەوەی تەمەن ڕێژەی خۆکوشتنیش کەم دەبێتەوە. ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی دەرئەنجامی تیۆرەکەی دۆرکهایم و پۆست دۆرکهایمە وەکو: هالبواکس Halbwachs، سانسبیری Sainsbury ، گیبس و مارتن Gibbs and Martin یاخود دەتوانین بڵێین زۆربەی توێژینەوەکانی خۆرئاوا لەسەر خۆکوشتن گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی ڕێژەی خۆکوشتن بەرزە لە نێوان کەسانی سەرووی 30 ساڵی و لەگەڵ بەرزبوونەوەی تەمەن ڕێژەی خۆکوشتنیش زیاد دەکات.

هەروەها لە کوردستاندا زۆربەی ئەو ئافرەتانەی هەوڵی خۆکوشتنیان داوە خێزاندارن و ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی تیۆری دۆرکهایم و پۆست دۆرکهایم و توێژینەوەکانی خۆرئاوان لەسەر خۆکوشتن، کە ئاماژە بەوە دەکەن سەڵت زیاتر پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن و خێزانداری و هەبوونی منداڵ ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن بۆ پارێزگاریکردنی کەسەکان لە کاتی پەنابردن و هەوڵدانی بۆ خۆکوشتن. بەڵام وادەردەکەوێت کە لە کوردستاندا هەبوونی خێزان و منداڵ هۆکاری کاریگەر نییە بۆ تاکەکان بۆ خۆپاراستن لە خۆکوشتنی و هەوڵدان بۆ خۆکوشتن، بەڵکو هۆکارەکەی گوشار خستنەسەر ئافرەتانە بە پلەی یەکەم. لەوانەیە ئەمەش پەیوەندی هەبێت بە شێوازی هاوسەرگیری و پێکهاتەی خێزان یاخود سەربەخۆیی خێزان.

دەرئەنجامێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە کە پێچەوانەی تیۆری دۆرکهایم و پۆست دۆرکهایمە لەسەر خۆکوشتن ئەوەیە کە زۆربەی ئەو ئافرەتانەی هەوڵی خۆکوشتنیانداوە خەڵکی لادێن یاخود دەوروبەری شارن، خەڵکی نا پرۆفیشناڵ و ئافرەتی ماڵەوەن، شێوازی خۆ سووتاندنیان بەکارهێناوە بۆ خۆکوشتن. هەروەها بەپێی توێژینەوەکە کەسەکان نەخوێندەوارن یاخود لە نزمترین ئاستی خوێندەوارین، کەچی دۆرکهایم و پۆست دۆرکهایم ئاماژە بەوە دەکەن شارنشینەکان زیاتر خۆیان دەکوژن لە لادێ نشینەکان، خەڵکی پرۆفیشناڵ زیاتر خۆیان دەکوژن لە خەڵکی نا پرۆفیشناڵ و پیاوان زیاتر ئامرازی توندوتیژ بەکاردەهێنن بۆ خۆکوشتن و خوێندەوارەکان زیاتر خۆیان دەکوژن لە نەخوێندەوارەکان. لەسەرووی هەموو ئەمانەوە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان هۆکاری سەرەکین بۆ هەوڵدانی خۆکوشتنی ئافرەتان لە کوردستاندا. ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی زۆربەی دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە خۆرئاواییەکانە کە ئاماژە بە هۆکاری دەروونی دەکەن وەک هۆکاری سەرەکی بۆ خۆکوشتن و هەوڵدان بۆ خۆکوشتن لە جیهاندا. ئەم ئەنجامەش وەڵامێکە بۆ ئەو کەسانەی کە تاوەکو ئێستا پێیانوایە کە گرفتە دەروونییەکان یاخود نەخۆشی دەروونی هۆکاری سەرەکین بۆ خۆکوشتن لە کوردستان.

ئەو توێژینەوانەی لە وڵاتێک یاخود ناوچەیەک ئەنجام دەدرێن مەرج نییە دەرئەنجامەکانی لە وڵاتێکی دیکە یاخود ناوچەیەکی دیکە جێبەجێ ببێت. دەتوانم بڵێم دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە جیاوازە لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکانی ڕۆژئاوا و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکانی ڕۆژئاوا لە بواری خۆکوشتن لەسەر کۆمەڵگەی کوردی جێبەجێ نابێت، ئەمەش لەوانەیە نەک تەنیا لە بواری کۆمەڵناسی بەڵکو لەوانەیە لە زانستەکانی دیکەی وەک ڕامیاری، ئابووری ...هتد هەمان ئەنجامی هەبێت.



ڕابەر ڕەشید

### لە سۆنگەی پەرشوبڵاوکردنی کورد لە کەرکووک

# نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان

## سڵاوی ئاهی ئەنفال و خوێنی ئاڵی شەهیدان...

هەرچەندە لە ژیانمدا —وابزانم— ئەمە یەکەم نامەی کراوەمە بۆ بەرپرسێکی باڵای دەوڵەت بینووسم، ئەوەش لە ناچاری و نەبوونی هیچ دەروازەیەکی ترە بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ترسناکی کەرکووک و چارەسەرکردنی کێشەکە بەرلەوەی کار لەکار بترازێت و کەرکووک بکرێتە قوربانی بەرژەوەندیی حیزبایەتی و تاکەکەسی.

بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان (کاک مەسعود بارزانی):

زۆر ڕاشکاوانەو بێ دوودڵی وەکو ڕۆژنامەنووسێکی کەرکووکی ئەو ڕاستییە ڕادەگەیەنم کە لە ئامادەنەبوونی خودی بەڕێز (مام جەلال)دا، بەشێکی گەورەی ئەم بارودۆخەی ئێستا کەرکووک تێیکەوتووە دەکەوێتە ئەستۆی بەڕێزتان و ئەرکی نەتەوایەتی و مێژوویی ئێوە گرانتر دەبێت، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەم ڕێز لەو دروشمەی بارزانی نەمر بگرن کە کاتی خۆی گوتوویەتی: "کەرکووک دڵی کوردستانە"و خۆشتان چەندینجار ئەم دروشمەتان دووبارە کردووەتەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین و ئەو مەترسییانەی کە وەکو ڕۆژی ڕوون هەستیان پێدەکەین، پێچەوانەی ئەو دروشمەو جەختکردنەوەیە لە خەباتکردن لە پێناوی ئەو دڵەی کوردستاندا.

لەبەرئەوەی لایەنێکی سەرەکی و هۆکار لە هەڵوەشاندنەوەی (لیستی کەرکووکی کوردستانی) حیزبەکەی بەڕێزتان و یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان بوو، بۆیە هەر لە ئێستاوە ڕەشبینی و ساردبوونەوەیەکی ئاشکرا لە دەنگنەدان لای تاکی کوردی کەرکووکی دروستبووە، لەلایەکی دیکەشەوە مەترسی ئەوە لەئارادایە کە لە ڕۆژی دەنگدان، جەماوەری هەردوو حیزب لە ئەنجامی هەڵپەی کۆکردنەوەی زۆرترین دەنگ لە گەڕەکە کوردنشینەکانی کەرکووکدا، کێشە بکەوێتە نێوانیانەوەو ژمارەیەکی زۆری سندووقەکانی دەنگدان قردێلەی سووریان لێبدرێت.


بۆیە وەکو ڕۆژنامەنووسێکی کەرکووکیی خەمخۆر بۆ دۆزی ئێستا و ئایندەی کەرکووک، تکا لە بەڕێزتان و بەرپرسانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش دەکەم کە نەک لە دوورەوە، بەڵکو لە نزیکەوە گەورەیی خۆتان بنوێنن و بێنە ناو کێشەکەوەو هەتا بە تەواوی کار لەکار نەترازاوە، ڕێگاچارەیەکی لۆژیکی و گونجاو بۆ یەکخستنەوەی لیستەکان لە هاوپەیمانێتییەکدا بدۆزرێتەوەو ئەم تەمی بێهیواییە لای کەرکووکیەکان بڕەوێتەوەو لە هەڵبژاردنی ئایندەدا کەرکووک نەدۆڕێنین، چونکە بە لەدەستدانی کەرکووک، لایەنە سیاسییەکان دەکەونەبەر تانەو تەشەری خیانەتی نەتەوایەتی و مێژووییەوە.

ئەم هاوارە، تەنها هاواری کەسێک نییە، بەڵکو هاواری سەرجەم کەرکووکییە دڵسۆزەکانەو بۆ مێژووش ئەوە دەڵێم: تا ئێستا بەهۆی ناکۆکی و ململانێی حیزبایەتییەوە زۆر دەسکەوتی گەورەمان لەدەستداوە، تکایە با ئەم دەرفەتەش لە دەست نەدەین.

**ڕۆژنامەنووس**

**کەرکووک- شارۆچکەی پردێ**

رووداو
هەمەجۆر
ژمارە (290) دووشەممە 2013/12/23




## قامیشلۆ دووره له برایه‌تی

ئه‌ڤین سه‌لاح
رووداو- هه‌ولێر

زێڕین و شڤان و شێرکۆ به‌رزنجی که خوشک و بران و کوردی رۆژئاوای کوردستانن، گرووپێکیان دروستکردووه به ناوی گرووپی (برایه‌تی) و گۆرانی به‌سه‌ر خۆشه‌ویستی دایک و نیشتماندا ده‌ڵێن .ئه‌و گرووپه ئێستا سه‌رقاڵی کلیپکردنی گۆرانییه‌کن که ئاواز و تێکستی خۆیانه به ناوی (قامشلۆ دووره)، گۆرانییه‌که باس له غه‌ریبی و خۆشه‌ویستیی نیشتیمان ده‌کات. زێڕین به‌رزنجی به (رووداو)ی گوت "ئێمه له گۆرانییه‌کانمان ده‌مانه‌وێت په‌یامێک به خه‌ڵکی کوردستان بگه‌یه‌نین که له هه‌ر شوێنێک بن هه‌ر کوردن و برای یه‌کدین".

## میکائیل سێ گۆرانی کلیپ ده‌کات



ئه‌ڤین سه‌لاح
رووداو- سلێمانی

گۆرانیبێژ میکائیل سه‌رقاڵی کاری کلیپکردنه بۆ 3 گۆرانی ئه‌لبوومه نوێیه‌که‌ی که له 11 تراک پێکهاتووه و له کوردستان کاری کلیپیان بۆ ده‌کات.

ئه‌و گۆرانیانه‌ی میکائیل ئێستا خه‌ریکه کلیپیان ده‌کات بریتین له: "تۆش وه‌کو من" که ئاوازی چیا مه‌ده‌نییه و بڕیار فه‌تاح کاری ده‌رهێنانی بۆ ده‌کات، هه‌روه‌ها گۆرانی "بگه‌ڕێوه" که ئاوازی عیماد شوکره و ره‌حیم زه‌بیحی کاری ده‌رهێنانی بۆ ده‌کات. شه‌هریار کرمانج، به‌ڕێوه‌به‌ری کاره هونه‌رییه‌کانی میکائیل به (رووداو)ی گوت "میکائیل بۆ ساڵی تازه‌ش گۆرانییه‌کی دیکه کلیپ ده‌کات که گۆرانییه‌کی نیشتمانییه و له‌شیعری مامۆستا هێمن موکریانییه و له هه‌ر چوار پارچه‌ی کوردستان وێنه‌ی ده‌گیرێت".

### ده‌رهێنه‌رێکی کورد نزیکه له شکاندنی ریکۆرد

## میسییه‌که‌ی به‌غدا 24 خه‌ڵاتی وه‌رگرتووه



میوا سه‌لاح
رووداو- هه‌ولێر

به‌هۆی ئه‌وه‌ی ده‌رهێنه‌ری کورد سه‌هیم عومه‌ر خه‌لیفه 24 خه‌ڵاتی بۆ فیلمی "میسی به‌غدا" وه‌رگرتووه، نزیکه له شکاندنی ریکۆردی ئه‌و فیلمه کوردییه‌ی زۆرترین خه‌ڵاتی وه‌رگرتووه.

سه‌هیم له‌وباره‌وه به (رووداو)ی راگه‌یاند "فیلمی میسی به‌غدا که تاوه‌کو ئێستا 24 خه‌ڵاتی نێوده‌وڵه‌تی وه‌رگرتووه، ئه‌گه‌ر یه‌ک خه‌ڵاتی دیکه وه‌ربگرێ ریکۆردی وه‌رگرتنی خه‌ڵاتی فیلمی به‌لجیکی و کوردی ده‌شکێنم که تاوه‌کو ئێستا هیچ فیلمێکیان ئه‌و هه‌موو خه‌ڵاته‌ی له ماوه‌ی یه‌ک ساڵ وه‌رنه‌گرتووه".

دواترین خه‌ڵات که ئه‌م فیلمه به‌ده‌ستی هێناوه له فێستیڤاڵی به‌رشه‌لۆنه‌ی ئیسپانیا بوو، پێشتر فیلمی "خاکی پاڵه‌وانان" که هی هه‌مان ده‌رهێنه‌ر بوو، 24 خه‌ڵاتی وه‌رگرتووه.

## فاتیمه کاریگه‌رترینه

رووداو- ئاژانسه‌کان

له راپرسییه‌کی گۆڤاری (GQ) ی تورکی بۆ هه‌ڵبژاردنی کاریگه‌رترین ئه‌ستێره‌ی ساڵی 2013 له نێوان ده‌یان ئه‌کته‌ر، بێرین سات که به فاتیمه ناسراوه، پله‌ی یه‌که‌می به‌ده‌ستهێنا و له پیاوه‌کانیش کینان ئه‌میر زالی هه‌ڵبژێردرا.

له مه‌راسیمێکی گه‌وره‌دا که له تورکیا به‌ڕێوه‌چوو، ناوی ئه‌و ئه‌کته‌ره وه‌ک به‌هێزترین و کاریگه‌رترین ئه‌کته‌ری ساڵی 2013ی تورکیا ده‌ستنیشان کرا. بێرین سات له‌وباره‌وه گوتی "زۆر خۆشحاڵم که ئه‌مساڵ توانیم کاریگه‌رترین ئه‌کته‌ری ژن بم له تورکیا".

ساڵی رابردوو ئه‌کته‌ری به‌ناوبانگی تورکی مریه‌م ئۆزیرلی، که به سوڵتانه هه‌یام ناسراوه، ئه‌و نازناوه‌ی به‌ده‌ستهێنا.



## ئه‌ربیلی په‌یکه‌ری وشه دروست ده‌کات



میوا سه‌لاح
رووداو- هه‌ولێر

سه‌باح ئه‌ربیلی خۆشنووس له پایته‌ختی قه‌ته‌ر گه‌وره‌ترین مۆنۆمێنتی وشه‌ی دروست کرد که نزیکه ریکۆردی جیهانی بۆ ژماره پێوانه‌ییه‌کان بشکێنێت.

ئه‌م مۆنۆمێنته له چه‌ند دێڕه شیعرێکی دامه‌زرێنه‌ری ده‌وڵه‌تی قه‌ته‌ر شێخ جاسم کوڕی حه‌مه‌د ئال سانی پێکهاتووه که له‌و رۆژانه‌دا له قه‌ته‌ر په‌رده‌ی له‌سه‌ر لادرا.

سه‌باح ئه‌ربیلی به (رووداو)ی گوت "بناغه‌ی ئه‌و په‌یکه‌ره له‌سه‌ر 1.20 مه‌تردارێژراوه‌وبه‌رزییه‌که‌ی نزیکه‌ی حه‌وت مه‌تره که له ئاسن بنیاتنراوه‌و له ئوسترالیا به شه‌ش مانگ ته‌واو کراوه".

هه‌روه‌ها گوتیشی "ئه‌م په‌یکه‌ره‌ی من خه‌ریکه له کتێبی گینس بۆ ژماره پێوانییه‌کان تۆمار بکرێت، چونکه یه‌که‌مجاره په‌یکه‌رێک له وشه به‌و به‌رزییه دروست بکرێت".

هونه‌رمه‌ند سه‌باح ئه‌ربیلی له‌ساڵی 1977 له شاری هه‌ولێر له‌دایکبووه، چه‌ندینجار قورئانی پیرۆزی به ئاوی زێڕ نووسیوه‌ته‌وه و ئێستا له قه‌ته‌ر خه‌ریکی کاری هونه‌رییه.

## به‌ختی رووداو

ئاماده‌کردنی: ئایار فه‌له‌کی
ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
هه‌وڵ بده مامه‌ڵه‌یه‌کی ژیرانه له‌گه‌ڵ گرفته نوێیه‌کان بکه‌یت، مه‌هێڵه ئه‌و شتانه ماندووت بکه‌ن که هیچ سوودێکیان بۆ ژیانت نابێت. به‌ڵێنی گه‌وره به خۆشه‌ویسته‌که‌ت مه‌ده که پێت جێبه‌جێ ناکرێت. ئه‌و کارانه رێکبخه‌ن که به‌نیازن ئه‌نجامیانبده‌ن. دیداره‌کانتان زۆر ده‌بن و هه‌ندێکیشیان به‌و شێوه‌یه ده‌بن که ئێوه ده‌یخوازن.

**گا**
بۆ کارێک خۆت دڵته‌نگ کردووه که نازانیت ئه‌نجامه‌که‌ی چۆن ده‌بێ، هه‌وڵ بده به‌هێمنی بیربکه‌یته‌وه و له‌گه‌ڵ که‌سانێکی نزیکت باسی ئه‌و بابه‌ته بکه‌یت، هه‌تا راوبۆچوونی جیاوازت ده‌ستده‌که‌وێت. په‌یوه‌ندییه‌کانت له‌گه‌ڵ شوێنه دووره‌کان به‌هێز ده‌بێت.

**جمک**
که‌للە‌ره‌قی دۆخه‌که به‌ره‌و خراپتر ده‌بات، پێویسته خۆت له‌گه‌ڵ چوارده‌وره‌که‌ت بگونجێنی. فرسه‌تێکی له‌ده‌ستچووت بۆ ده‌گه‌ڕێته‌وه. باری ده‌رامه‌ت باشتر ده‌بێت. به‌هۆی سه‌رنجڕاکێشیتان کاریگه‌ری ده‌خه‌نه سه‌ر ئه‌و که‌سانه‌ی دیداریان ده‌که‌ن. هاوکاری هاوکاره‌کانت بکه بۆ ئه‌وه‌ی پشتیوانیت بکه‌ن.

**قرژاڵ**
ئه‌م هه‌فته‌یه به‌ده‌ستکه‌وتنی بڕه پاره‌یه‌ک ده‌ستپێده‌کات، زۆر گرنگه که بتوانن کارێکی گرنگ ئه‌نجام بده‌ن، له‌سه‌ر بابه‌تێک زانیاری راست ده‌ستده‌که‌وێت که تا ئێستا به‌شێوه‌یه‌کی دیکه بیرت لێده‌کرده‌وه. ماڵ و خێزان به‌ته‌واوی سه‌رقاڵت ده‌که‌ن. هه‌وڵ بده‌ن زیاتر له‌مه‌به‌ستی چوارده‌ور تێبگه‌ی.

**شێر**
تووڕه‌بوون ئاسانه، به‌ڵام دره‌نگ ده‌توانن دۆخه‌کان چاک بکه‌نه‌وه، له‌م ماوه‌یه‌دا هێمنی خۆتان بپارێزن چونکه هێز و چالاکیتان زیاد ده‌کات و ده‌توانن له‌جێبه‌جێکردنی پرۆژه‌کانتاندا سوودی لێوه‌ربگرن، هه‌ست ده‌که‌ن ناحه‌زه‌کانتان به‌نیازی کارێکن، واباشه روونکردنه‌وه به به‌رپرسه‌کانتان بده‌ن.

**گوڵه‌گه‌نم**
به‌رپرسه‌کانت ده‌خوازن کۆنترۆڵت بکه‌ن، به‌ته‌واوی ئاگاداری کاره‌کانت به. رووبه‌ڕووی گرفته‌کانت ببه‌ره‌وه به‌بێ ئه‌وه‌ی خۆت به‌ده‌سته‌وه بده‌یت، گرفته‌کانی ئه‌م ماوه‌یه له‌و جۆره نین که تۆ حه‌زیان پێده‌که‌یت. هه‌ست ده‌که‌ن له‌به‌خته‌وه‌ری نزیک ده‌بنه‌وه.

**ته‌رازوو**
کاتێک بابه‌ته‌کان بۆ به‌رامبه‌ره‌که‌تان رووننده‌که‌نه‌وه ئه‌وه‌نده قووڵی مه‌که‌نه‌وه که گومان دروستبکات. بیرکردنه‌وه‌تان له‌سه‌ر ده‌رامه‌ت چڕبکه‌نه‌وه، چونکه به‌خت له‌و رووه‌وه هاوکارییه‌کی باشتان ده‌کات. دیداری که‌سانی پله‌به‌رز ده‌که‌ن که ده‌توانن هاوکاریتان بکه‌ن.

**دووپشک**
پاش چاره‌سه‌رکردنی گرفته‌کان، له‌ماڵدا و له‌گه‌ڵ خێزان هه‌ست به‌ئاسووده‌یی ده‌که‌ن، سه‌رکه‌وتن و خۆشحاڵییه‌کانتان به‌رده‌وام ده‌بێت. دۆخه‌که له قازانجتان ده‌بێت به‌مه‌رجێک بڕوای ته‌واوتان به‌خۆتان هه‌بێت. چه‌ند هه‌وڵێکی جیاواز بگه‌ڕێخه هه‌تا له‌کۆتاییدا ئه‌نجامه‌کان روون ده‌بنه‌وه.

**که‌وان**
ئه‌و پرۆژانه‌ی خۆتان بۆ ئاماده کردوون به‌هۆی لایه‌نه یارمه‌تیده‌ره‌کانه‌وه ئاسانتر ده‌بن له‌وه‌ی چاوه‌ڕوان ده‌کرێت، چاوه‌ڕوانی فرسه‌تی باشتر بکه‌ن بۆ ئه‌و کارانه‌ی تا ئێستا به‌ئه‌نجام نه‌گه‌یشتوون. به‌هۆی په‌یوه‌ندییه‌کانتانه‌وه رووبه‌ڕووی بواره سۆزدارییه‌کان ده‌بنه‌وه.

**کاژۆڵه**
به‌ره‌و گه‌شبینی ده‌چن و فرسه‌تێکی باشه بۆ ئه‌وانه‌ی که ده‌یانه‌وێ چاره‌سه‌ری نه‌خۆشییه‌ک بکه‌ن. به‌هۆی به‌ره‌وپێشچوون له‌باری سۆزداریدا هه‌ست به‌خۆشی ده‌که‌ن. کاتێکی باشه بۆئه‌وه‌ی هه‌وڵه‌کانتان له‌سه‌ر ده‌ستکه‌وتی ماددی چڕبکه‌نه‌وه، به‌ختیش هاوکاریتان ده‌کات.

**سه‌تڵ**
کاتێکی باشه بۆ ئه‌نجامدانی کاره‌کان، به‌باشی خۆتان ئاماده‌بکه‌ن چونکه هه‌موویان پێکه‌وه پێویستیان به‌گرنگیپێدان هه‌یه. هه‌ست ده‌که‌ن که‌سایه‌تیتان کاریگه‌ر و به‌هێزتر ده‌بێت و ده‌توانن هه‌نگاوه‌کانتان جێبه‌جێ بکه‌ن. ده‌رگاکانی به‌خته‌وه‌ری به‌سه‌رتاندا ده‌کرێته‌وه و گۆڕانکاری چاوه‌ڕوانکراو له‌ژیانتاندا رووده‌دات.

**نه‌هه‌نگ**
کاره‌کان رێچکه‌یه‌کی باشیان وه‌رگرتووه و به‌ره‌و گه‌شبینی هه‌نگاوی نوێ ده‌نێن، له‌هه‌موو هه‌نگاوه‌کاندا رووبه‌ڕووی سۆزداری ده‌بنه‌وه. چالاکییه‌کانتان له‌هه‌ردوو لایه‌نی جه‌سته‌یی و فکرییه‌وه به‌هێز ده‌بێت. له‌م کاته‌دا ده‌توانن له‌دوو کاری جیاوازدا سه‌رکه‌وتن به‌ده‌ستبهێنن.

**به‌کشتی:**

### کاتی گه‌شبینییه

ئه‌وانه‌ی له‌شکست ده‌ترسن ناتوانن سه‌رکه‌وتنی گه‌وره به‌ده‌ستبهێنن، ده‌سکه‌وته مه‌عنه‌وییه‌کانی مرۆڤ به‌نده به سه‌رکێشییه‌کانیه‌وه، به‌ڵام سه‌رکێشی بۆ کارێکی شیاو، نه‌ک ژیانمان بکه‌ینه زنجیره‌یه‌کی گرێدراو له‌سه‌رکێشی. ئه‌گه‌ر ئێستا ده‌روونی خۆمان بخوێنینه‌وه به‌راورد به‌چه‌ند مانگی داهاتوو، ده‌بینین گه‌شبینییه‌ک له‌ده‌روونماندا هه‌یه که نازانین له‌کوێوه سه‌رچاوه‌ی گرتووه، به‌ڵام هه‌میشه که تیشکی هه‌تاو ده‌چێته بورجی گیسک، خه‌ڵک ده‌ستبه‌رداری هه‌ندێک له خه‌مه‌کانیان ده‌بن و ئاسووده‌ییه‌ک به‌دڵیاندا دێت، ئیتر کاتی بڕیارێکی نوێیه له‌ژیان بۆئه‌وه‌ی به‌رنامه‌یه‌کی نوێ دابڕێژین و به‌هێز و توانای خۆمان سه‌رکه‌وتن دروستبکه‌ین. به‌ڵام گه‌ڕانه‌وه‌ی هه‌ساره‌ی ڤینۆس واده‌کات توانای خۆشه‌ویستی و سه‌رنجڕاکێشان به‌ته‌واوی که‌مبێته‌وه، تێگه‌شتنێکی باش له‌نێوان ئه‌ڤینداره‌کان دروست نابێت، ئه‌وانه‌ی ژیانی هاوسه‌رییان پێکهێناوه ده‌بێت گرنگی به‌هاوسه‌ره‌کانیان بده‌ن و گرفتی گه‌وره بچوک بکه‌نه‌وه.

## عادل ئیمام: سیسی جێگره‌وه‌ی نییه



رووداو- ئاژانسه‌کان

عادل ئیمام، هونه‌رمه‌ندی به‌ناوبانگی میسری رایگه‌یاند که بۆ سه‌رۆکایه‌تی میسر له عه‌بدولفه‌تاح سیسی گونجاوتر و دڵسۆزتر ده‌ستناکه‌وێت و جێگره‌وه‌شی نییه.

عادل ئیمام له لێدوانێکیدا ده‌رباره‌ی ئه‌و مشتومڕه‌ی له‌سه‌ر عه‌بدولفه‌تاح سیسی دروست بووه، ده‌ڵێت "تاوه‌کو ئێستا سیسی باشترین سه‌رۆکی میسر بووه، ئه‌و په‌یمانه‌ی به خه‌ڵکی داوه جێبه‌جێی کردووه، من هیچ که‌سێکی دیکه به شایسته‌ی سه‌رۆکی میسر نازانم جگه له سیسی، بۆیه داوا له‌و ده‌نگه ناڕازییانه ده‌که‌م واز له گێره‌شێوێنی بهێنن".

عه‌بدولفه‌تاح سیسی که ئیخوان موسلیمینی له‌ده‌سه‌ڵات دوورخسته‌وه، له‌لایه‌ن توێژی هونه‌رمه‌ندانی وڵاته‌که‌یه‌وه به‌توندی پشتیوانی ده‌کرێ.



## شاکیرا میوانی فیرعه‌ونه‌کانه

رووداو- AlFan

زۆربه‌ی گۆرانیبێژانی میسری بۆ به‌رهه‌مهێنانی ئه‌لبوومی گۆرانی روو له ئه‌وروپا و ئه‌مریکا ده‌که‌ن، گه‌چی شاکیرا پێچه‌وانه‌ی ئه‌وان له میسر به‌رهه‌مه‌کانی خۆی تۆمار ده‌کات.

شاکیرا له لێدوانێکیدا بۆ میدیاکانی میسر ئاشکرای کردووه که ئه‌و ئێستا کار له‌گه‌ڵ ژه‌نیاره میسرییه‌کان ده‌کات و له ستۆدیۆی ئه‌هرام به سه‌رپه‌رشتی حوسام ره‌مزی گۆرانییه‌کانی تۆمار ده‌کات.

هه‌روه‌ها له‌سه‌ر تۆڕی کۆمه‌ڵایه‌تی تویته‌ر نووسیویه‌تی "زنجیره کاره‌کانی ئه‌لبوومه نوێیه‌که‌م له قاهیره تۆمار ده‌که‌م و له لای فیرعه‌ونه‌کان میوانم".





## سیرین و غاده شه‌ڕیانه

رووداو- ئاژانسه‌کان

به‌شێوه‌یه‌کی کتوپڕ و چاوه‌ڕواننه‌کرا، غاده عه‌بدولڕازق، ئه‌کته‌ره مشتومڕ هه‌ڵگره‌که‌ی میسر خرایه شوێنی ئه‌کته‌ری لوبنانی سیرین عه‌بدولنوور بۆ رۆڵگێڕان له زنجیره درامای خانمی یه‌که‌م که که‌ناڵی CBC میسری به‌رهه‌می ده‌هێنێت.

وه‌ک به‌شێک له رۆژنامه میسرییه‌کان بڵاویانکرده‌وه، به‌هۆی ئه‌وه‌ی هاوسه‌ری غاده له‌و که‌ناڵه وه‌ک راوێژکار کار ده‌کات، فشاری زۆری دروستکردووه تاوه‌کو سیرین ئه‌م رۆڵه نه‌بینێت و بدرێته غاده‌ی هاوسه‌ری، به‌و هۆیه‌شه‌وه شه‌ڕه قسه له نێوان سیرین و غاده گه‌رم بووه.

به‌پێی هه‌واڵه‌کان، محه‌ممه‌د فۆده‌ی هاوسه‌ری غاده به ستافی دراماکه‌ی گوتووه، به‌هۆی ئه‌وه‌ی غاده له‌گه‌ڵ ده‌رهێنه‌ر محه‌ممه‌د سامی کێشه‌ی هه‌یه و له بارێکی ده‌روونی خراپدایه، له‌وانه‌یه ئه‌م درامایه هۆکارێک بێت بۆ هێوربوونه‌وه‌ی غاده، بۆیه ستافه‌که‌ش رازی بوونه.



# پرۆژەی TANAP..
# دەروازەیەکی گرنگ بۆ هەرێمی کوردستان

**عومەر ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

رۆژی 2013/12/17، ئەو لایەنانەی کە وەبەرهێنان لە قۆناغی دووەمی پرۆژەی پەرەپێدانی کێڵگەی غازی شاهدەنیزی ئازەربایجان و هەناردەکردنی بۆ ئەوروپادا دەکەن، بڕیاری کۆتایی وەبەرهێنانیان لەو کێڵگەیەدا واژووکرد. لە رێوڕەسمێکدا کە چەندین بەرپرسی گەورەی وڵاتانی وەک سەرۆکی ئازەربایجان، سەرۆک حکومەتەکانی ئەلبانیا، بولگاریا، جۆرجیا و کرواتیا، سەرۆکی مۆنتینێگرۆ، وەزیرانی دەرەوەی بەریتانیا و ئیتالیا و وەزیری وزە لە کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەوروپا و تورکیا ئامادەی بوون، چوارچێوەی سەرمایەگوزاری لەو پرۆژەیەدا دیاری کرا.

ئەو رێککەوتنە هەنگاوی یەکەمە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی نوێی پەرەپێدانی هێڵی باشووری قەفقاز کە لە ئازەربایجانەوە دەستپێدەکات و بە جۆرجیادا تێدەپەڕێ و لەوێوە دێتە ناو خاکی تورکیا و بە پرۆژەی هێڵی غازی سروشتیی ترانس ئاناتۆلی (TANAP) ناسراوە تا دەگاتە سنوورەکانی رۆژئاوای تورکیا. غازی سروشتی هێڵی TANAP لە سنووری یۆنانەوە بەهێڵێکی دیکە کە بە پرۆژەی TAP (ترانس ئەدریاتیک پایپ لاین) ناسراوە، دەگوازرێتەوە بۆ ئیتالیا. کۆی ئەو دوو پرۆژەیە لەگەڵ هێڵی گواستنەوەی غازی سروشتی بۆ بولگاریا، بە پرۆژەی رێڕەوەی نوێی غازی باشوور (Southern Gas Corridor) ناسراوە.

پرۆژەی هەناردنی غازی ئازەربایجان لە کێڵگەی زەبەلاحی غازی سروشتیی شاهدەنیزەوە بۆ وڵاتانی ئەوروپا، وەک جێگرەوەی هێڵی غازی رووسیا هەژمار دەکرێت و گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت.

کڕیارانی ئەوروپی غازی سروشتی دەمێکە هەوڵدەدەن جێگرەوەیەک بۆ غازی رووسیا کە لەلایەن کۆمپانیای گازپرۆم سەرپەرشتی دەکرێ، بدۆزنەوە. بەوپێیەی گازپرۆم نرخی غازی سروشتی گرێداوە بە نرخی نەوت و لە گرێبەستەکانی فرۆشتندا غاز بە نرخێکی بەرزتر دەفرۆشێتە کڕیاران، هاوکات وەکو کارتێکی سیاسیش مامەڵەی پێوەدەکات.

جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە، نەخشەی وزە لە ناوچەکەدا دەگۆڕێت و یارمەتی ئازەربایجان دەدات بەرەو گەشەکردنێکی بەردەوام هەنگاوبنێت. قۆناغی دووەمی شاهدەنیز و پرۆژەی رێڕەوی غازی باشوور نەک تەنیا نەخشەی وزەی ناوچەکە دەگۆڕێت، بەڵکو دەبێتە هۆکاری دەستخستنی راستەوخۆی غازی ئازەربایجان بۆ یەکەم جار بۆ وڵاتانی ئەوروپا.



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

ئەو بەڵگەنامانەی کە لە باکۆی پایتەختی ئازەربایجان، هەفتەی رابردوو واژووکران، پەیوەستن بە چۆنیەتی وەبەرهێنان لە قۆناغی دووەمی کێڵگەی شاهدەنیز و هەروەها دوو پرۆژەی TANAP و TAP. لەو پرۆژانەدا، چەندین کۆمپانیای گەورەی ئەوروپی وەک STAT Oilی نەرویجی و BP ی بەریتانی و TPAOی تورکی هاوبەشن لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی ئازەربایجان ناسراو بە SOCAR.

یەدەگی غازی شاهدەنیز بە 1.2 تریلیۆن مەتر سێجا خەمڵێنراوە و چاوەڕوان دەکرێت ساڵانە 16 ملیار مەتر سێجا غاز رەوانەی ئەوروپا بکات کە 6 ملیاری بۆ تورکیا و 10 ملیارەکەی دیکەشی بۆ وڵاتانی یۆنان و بولگاریا و ئیتالیا هەناردە دەکرێت.

یەکەم بەشی غاز بڕیارە لەساڵی 2019 لە رێگەی ئەو پرۆژەیەوە بدرێتە تورکیا. کۆمپانیای SOCAR گرێبەستی هاوبەشکردنی بەرهەمی کێڵگەی شاهدەنیزی بۆ ساڵی 2048 درێژکردووەتەوە و هاوبەشەکانی بەپێی ئەو رێککەوتنە کارەکانی پەیوەست بە پەرەپێدان و دۆزینەوە لەو کێڵگەیەدا دەگرنە ئەستۆ.

پێش ئەوەی کە پرۆژەی TAP بەهۆی کورتبوون و کەمیی تێچووەکەی و بەرزبوونی نرخی غاز لە ئیتالیا لەلایەن کۆنسێرتیۆمی شاهدەنیز-2 لە هاوینی ئەمساڵدا لە جیاتی پرۆژەی Nabucco هەڵبژێردرێ، وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان هەوڵی زۆری دا گرنگیی سەرچاوەکانی غازی هەرێمی کوردستان بۆ هێڵی Nabucco بسەلمێنێ و تا رادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بوون لە قەناعەتهێنان بە بەرپرسە نێودەوڵەتییەکان لە بەستنەوەی سەرچاوەکانی غازی هەرێمی کوردستان بەو هێڵەوە. بەڵام هەوڵەکانی ئەوان بەهۆی بەلاوەنانی پرۆژەی نابووکۆ بەهەدەر چوون، چونکە پرۆژەی TAP بەشی ئەوروپای رێڕەوەی غازی باشوورە و سەرچاوەکانی هەرێمی کوردستان هێشتا گرنگییەکی تایبەتیان هەیە، لەبەرئەوەی دەکرێ ببەسترێتەوە بە پرۆژەی TANAP لەنێو خاکی تورکیا.

رەنگە روویەکی گرنگی غازی سروشتیی هەرێمی کوردستان، پێویستی تورکیا بێ بە سەرچاوەی هەرزان و لەبەردەستی وزە، بەڵام رووەکەی دیکەی، گرێدانی سەرچاوەکانی غازی هەرێمی کوردستانە بە ئەوروپاوە لەڕێی پرۆژەی TANAP.

نهێنیی هەوڵەکانی تورکیا بۆ کڕینی غازی سروشتیی هەرێمی کوردستان و هەروەها درێژەپێدانی وتووێژەکانی لەگەڵ ئێران بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی هێڵی گواستنەوەی غازی سروشتیی ئەو وڵاتە کە دووەم سەرچاوەی گەورەی غازی جیهانە بۆئەوروپا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەیەوێت ئەو دوو پرۆژەیە گرێبدات بە پرۆژەی TANAP.

بەوپێیەش رەوتێکی نوێی گەورەی وزە کە پێکدێت لە سەرچاوەکانی غازی سروشتیی ئازەربایجان و ئێران و هەرێمی کوردستان لەناو خاکی تورکیا پێکەوە گرێدەدرێن و لە ئەنجامدا پێگەی تورکیا وەک پردی وزەی ئەوروپا لەجاران بەهێزتر دەکات.

سەرکەوتوویی تورکیا لە گرێدانی سەرچاوەکانی وزەی هەرێمی کوردستان و ئێران بە پرۆژەی TANAP ، نەک تەنیا دەسکەوتێکی گەورەی ئابوورییە، هاوکات سەرکەوتنێکی سیاسیشە بۆ کۆتاییهێنان بە ناکۆکییەکانی ناوچەکە. هەر بۆیە تورکیا دەبێتە سیاسەتی دڵنیایی ئەوروپا، ئەگەر هاتوو نێوانی یەکێتی ئەوروپاو رووسیا تێکچوو.

ئازەربایجان کە یەکێک لە وڵاتە گرنگەکانی دابینکاری وزەی جیهانە، هێندەی کوردستان سەرچاوەی غازی سروشتیی نییە. ئەگەر بەرزترین خەمڵاندنەکان بۆ یەدەگی غازی ئازەربایجان رەچاوبکەین کە 3 تریلیۆن مەتر سێجایە، دەبینین ئینجا بەرابەرە لەگەڵ کەمترین خەمڵاندنەکانی یەدەگی غازی هەرێمی کوردستان.

یەدەگی غازی سروشتیی هەرێمی کوردستان بە 3 تا 6 تریلیۆن مەتر سێجا خەملێنراوە. لێرەوە گرنگیی سەرچاوەکانی غازی هەرێمی کوردستان دەردەکەوێت.

قۆناغی دووەمی پەرەپێدانی کێڵگەی شاهدەنیز کە پێشبینیکراوە زیاتر لە 40 ملیار دۆلاری تێبچێت (زیاتر لە بودجەی 5 ساڵی رابردووی هەرێمی کوردستان) بڕیارە لە ساڵی 2019 دەستبکات بە هەناردەکردنی ساڵانە 16 ملیار مەتر سێجا غاز بۆ ئەوروپا.

پێویستی غازی ئەوروپا تا ساڵی 2020 بەپێی داتاکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە IEA، ساڵانە 500 ملیار مەتر سێجایە کە تەنیا دەتوانێت 135 ملیاری لەناوخۆوە دابین بکات و ناچارە ساڵانە 359 ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی هاوردە بکات.

بە بەراورد لەگەڵ گرێبەستی ئەو دواییانە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا کە لەبەر نەورووژاندنی بەغدا زانیاری زۆری لێ ئاشکرا نەکراوە، بڕیارە تا ساڵی 2017 ساڵانە 10 ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی هەناردەی ئەو وڵاتە بکات، تەنانەت ئەو رێژەیە دەتوانێت بەرزبێتەوە بۆ ساڵانە 20 ملیار مەتر سێجا.

لێرەدا گرنگیی و گەورەیی سەرچاوەکانی غازی هەرێمی کوردستان نەتەنیا بۆ داهاتووی ئەم هەرێمە، تەنانەت بۆ تورکیا و وڵاتانی ئەوروپاش دەردەکەوێت. لە راستیدا، سەرچاوەکانی غازی هەرێمی کوردستان دەتوانن نزیکەی 100 ساڵ پێویستی غازی سروشتیی تورکیا و نزیکەی 10 ساڵ پێویستی غازی ئەوروپا دابین بکەن.

گرنگیی رێککەوتنی وزەی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا لەوەدایە کە بەهۆی ئەوەی تورکیا ئێستا پردی گەیاندنی وزەی ئەوروپایە و پێشتر ژێرخانی گواستنەوەی نەوت و غازی داناوە، باشترین بژاردەو بەختی هەرێمی کوردستانە بۆ ناردنە دەرەوەی سامانی سروشتیی خۆی بۆ بازاڕەکانی جیهان.

# سیاسەتی باش بەکارهێنانی وزە لە هەرێمی کوردستان









**عومەر ئەحمەد**

سەرەڕای ئەوەی کە هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بە جۆرەکانی وزە، لە نێویشیاندا سامانە سروشتییەکان و لە 10 ساڵی رابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بووە لە دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی سامانی نەوت و غازدا، بەڵام هێشتا هیچ سیاسەتێک و پلانێکی سەبارەت بە چۆنێتی بەکارهێنانی وزە رانەگەیاندووە. لە راستیدا سیاسەتەکانی چۆنێتی بەکارهێنانی وزە لەسەر ئاستی جیهان، حاڵی حازر بابەتی گەرمی ناوەندە ئەکادیمیەکانە و وڵاتانی جیهانی لە چەند ساڵی رابردوودا بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

بەڕێوەبردنی چۆنێتی بەکارهێنانی وزە لەلایەن وڵاتانی جیهانەوە گرنگییەکی زۆری پێدەدرێ. باش بەکاربردنی وزە بە مانای هەڵبژاردن و پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی بەکارهێنانی وزەیە کە بۆ ئابووریی وڵات بەسوود بێت و بەردەوامیی وزە بۆ نەوەکانی داهاتوو گەرەنتی بکات.

هەر لەو روانگەیەوە دەبێ جۆرە جیاوازەکانی وزەی وڵات لە چوارچێوەی سیاسەتی بەرفراوانی باش بەکارهێنانی وزەدا دەستنیشان بکرێت و لەدرێژخایەندا بۆ باشتر بەکاربردن و پاراستنی، پلانی بۆ دابڕێژرێ.

باش بەکارهێنانی وزە نەتەنیا دەبێتە مایەی بەردەوامیی ژیان و گەشەی کۆمەڵگا، بەڵکو دەبێتە هۆکاری پاراستنی وزە بۆ نەوەکانی داهاتووش و راگرتنی ژینگە بە خاوێنی.

دامەزراندنی وێستگەکان و تۆڕەکانی کارەبا لە هەر وڵاتێکدا سەرمایەیەکی زۆری پێویستە. دابینکردنی هەر کیلۆ واتێک کارەبا لە کاژێرێکدا بڕی 800 دۆلاری تێدەچێت. سەرەڕای تێچووی ماددی، دروستکردنی وێستگەیەکی کارەبا نزیکەی 3 تا 8 ساڵ کاتی پێویستە. لەلایەکی دیکەوە تێچووی گۆڕاو و نەگۆڕاوی ساڵانەی راگرتن و بەکارخستنی وێستگەکانی کارەبا زۆرجار زیاترە لە 20%ی سەرمایەی سەرەتایی دامەزراندنی وێستگەکانی کارەبا. هەربۆیە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی وزە دەتوانێت کاریگەرییەکی زۆر لەسەر پاراستنی سەرمایەی نیشتمانی وڵات دابنێت.

هەرچەندە چۆنێتی بەکارهێنانی وزە لە پیشەسازیدا بابەتێکی زۆر گرنگە و راستەوخۆ پەیوەستە بە قازانج و داهاتی پیشەسازییەکان، بەڵام بەوپێیەی کە هێشتا هەرێمی کوردستان وڵاتێکی پیشەسازی نییە، سەرەتا چۆنێتی بەکارهێنانی وزە لە ناو ماڵان دەبێت پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.

شێوازەکانی دابینکردنی گەرمی و ساردی لە شارو شارۆچکەکان دەبێت گۆڕانی بەسەردا بێت. سەرەڕای ئەوە دەبێت لە چوارچێوەی پلانێکی ستراتیژی، چاوبخشێنێتەوە بە یاساکانی دروستکردنی خانووبەرەو هێنانی ستانداردی نێودەوڵەتیی بیناسازی کە تایبەتمەندی پاراستنی وزەی تێدا رەچاوکرابێت.

بەپێی راگەیەندراوێکی ئەم دواییەی وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان، بڕی بەکارهێنانی کارەبا بۆ هەر ماڵێک 5 بەرابەری وڵاتانی دەوروبەرە، ئەوەش لە کاتێکدایە کە بڕی بەکارهێنانی کارەبا لە وڵاتانی دەوروبەر نزیکەی 3 بەرابەری ستانداردە نێودەوڵەتییەکەیە، بەوپێیە دەبێت لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە 15 بەرابەری ستانداردە نێودەوڵەتییەکە کارەبا لەلایەن هاووڵاتیانەوە بەکارببرێ.

روویەکی زۆریی بەکارهێنانی کارەبا دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کەلتووری باش بەکارهێنانی وزە، بەڵام رووەکەی دیکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەگونجاویی شێوازەکانی دابینکردنی وزە لە هەرێمی کوردستان.

هۆکاری ئەو بەرزییەی ئاستی بەکارهێنانی کارەبا لەلایەن هاووڵاتیانەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بژارەکانی دیکەی گەرمکردنەوە و ساردکردنەوە لە وەرزەکانی زستان و هاویندا.

ساڵانە بەشێکی زۆری نەوتی خاوی بەرهەمهاتووی هەرێمی کوردستان بۆ پاڵاوتن و بەرهەمهێنانی نەوتی سپی و گازوایل تەرخان دەکرێت کە نەوتی سپی لەلایەن هاووڵاتیانەوە بۆ گەرمکردنەوە بەکاردەبرێت و گازوایلیش تا ئێستا بۆ دابینکردنی سووتەمەنی ئۆتۆمبێل و مۆلیدەکانی کارەبا. سەرەڕای ئەوە ساڵانە پارەیەکی زۆر بۆ دابینکردنی سووتەمەنی گازوایل و غازی وێستگەکانی هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان دەڕوات.

یەکێک لە سیاسەتە باشەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، هەوڵەکانیەتی بۆ گۆڕینی سووتەمەنی پێویستی وێستگەکانی کارەبا لە گازوایلەوە بۆ غازی سروشتی، بەو پێیەی کە بەکارهێنانی غازی سروشتی لە وێستگەکانی کارەبا لە جیاتی گازوایل تێچووەکەی زۆر کەمترە، بەڵام ئەو رێژە زۆرە لە کارەبای بەرهەمهاتوو، بەشێکی زۆری بۆ گەرمکردنەوە و ساردکردنەوە بەکاردەهێنرێت.

بۆ رێگرتن لە بەکارهێنانی زۆری کارەبا، وەکو پێشنیاز، ئەگەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەستبکات بە راکێشانی بۆڕیی غاز بۆ ماڵان، سەرمایەیەکی نیشتمانی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ وڵات. بەکارهێنانی غازی سروشتی هەم هەرزانتر رادەوەستێ و هەم ژینگەش کەمتر پیس دەکات.

ئەوەش لە دوو رووەوە بارێکی زۆر لەسەر شانی حکومەت لادەدات، ئەگەر ئەو بڕە کارەبایە کە بۆ گەرمکردنەوە بەکاردێت بە راکێشانی غاز بۆ ماڵان بگەڕێتەوە، ئەو سێ وێستگەیەی کارەبا کە ئێستا کاردەکەن بە زۆریی بەشی کارەبای 24 کاژێری هاووڵاتیان دەکات و پرۆژەکانی داهاتووی پەرەپێدانی وێستگەکانی کارەباش دەکرێ بۆ بەرزبوونەوەی خواستی داهاتوو بەتایبەت لە کەرتی پیشەسازی و هەناردەکردنی کارەبا بۆ پارێزگاکانی دیکەی عێراق تەرخان بکرێت.

لەلایەکی دیکەوە ساڵانە ئەو رێژە نەوتی سپییەی کە دەسووتێنرێ بۆ گەرمکردنەوە، وەک سەرمایە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم و دەکرێت لە بوارەکانی دیکەدا تەرخان بکرێت. روویەکی دیکەی باشتر بەکارهێنانی وزە، دارشتن و پەیڕەوکردنی ستانداردە جیهانییەکانی بیناسازین کە ئێجگار زۆر گرنگیی پێدەدرێت. لەم کاتەدا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرزکردنەوەی کواڵیتی کەرتی بیناسازی و خانووبەرە لێژنەیەکی پێکهێناوە، دەبێت ئاگاداری ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی دروستکردنی خانووبەرە بێت کە هەموویان پێداگری لەسەر پاراستن و باشتر بەکارهێنانی وزە دەکەن لە خانووبەرەکاندا.

بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی بیناسازی، بەگشتی دەبێت هەم لەڕووی دیزاینەوە و هەم لەڕووی کەرەستە و مەوادەکانی بیناسازی، بە شێوازێک خانووبەرە دروستبکرێت کە کەمترین وزە بۆ گەرمکردنە و ساردکردنەوەی پێویست بێ.

ئەگەر هەرێمی کوردستان سەرچاوەی پێویستی وزەی نەبووایە، ئەوا هاووڵاتیانی ئێستا و نەوەی داهاتوو لەبەردەم قەیرانی کەمیی وزەدا دەیانناڵاند، بەڵام بەهۆی سەرچاوەی سروشتیی زۆرو زەوەند، دەبێت سیاسەتی حکومەتەکانی داهاتووی کوردستان لە هەموو بوارێکدا رووبکەنە بەڕێوەبردنی باشتر و کەڵگ وەرگرتنی شیاوتری وزە بۆ بەفیڕۆنەدان و دەستەبەرکردنی داهاتوویەکی دڵنیا بۆ نەوەکانی داهاتوو.

باشتر بەکاربردنی وزە جگە لە قازانجە ماددییەکەی و ئاسوودەیی هاووڵاتیان، یارمەتیدەری پاراستن و جوان راگرتنی سروشتی هەرێمی کوردستانیشە.

## لە کوردستاندا 8831 پەرستار هەن

# خزمەتگوزاریی پەرستاری لە کوردستان نەخۆش رازی ناکات

**سەروەر سالار**
**رووداو- سلێمانی**

بروا ئەسعەد، 28 ساڵ، دەڵێت مانگی رابردوو وەک یاوەری نەخۆش چەند رۆژێک لە قاوشی نەخۆشخانە ماوەتەوە و لەچاو ئەو نەخۆشییە سەختەی باوکی، وەک پێویست رێنمایی و خزمەتی پەرستاری پێشکەش بە نەخۆشەکەی نەکراوە.

بروا چەند ساڵێک لە دەرەوەی وڵات ژیاوە و وەک خۆی دەڵێت مامەڵەی پەرستارەکانی ئەوێ زۆر نەرمونیانتر بووە و باشتریش خزمەت و رێنماییان پێشکەش بە نەخۆشەکان کردووە.

هەر تەنیا نەخۆش و یاوەرەکانیان هەست بەم کەموکورتییەی خزمەتی پەرستاری لە کوردستان ناکەن، بەڵکو پزیشکەکانیش دان بەم راستییەدا دەنێن و دەڵێن بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕێن.

لە زانستی پزیشکیدا، پزیشک جۆری نەخۆشیی کەسی نەخۆش دەستنیشان دەکات و چارەسەری بۆ دەنووسێت. پەرستاریش کەسێکی راهێنراوە کە ئەو چارەسەرییەی پزیشک دیاری کردووە لەسەر نەخۆشەکە جێبەجێی دەکات و چاودێری رەوشی نەخۆش و وەڵامدانەوەی بۆ چارەسەر دەکات و وردەکاری چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەر نەخۆشییەک رادەپەڕێنێت.

دکتۆر خالس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی گوت کە لە کوردستاندا 21 هەزار و 157 کارمەندی تەندروستی هەن و 8 هەزار و 831 کەسیان بە ناونیشانی پەرستار کاردەکەن.

د.رێبین رەحیم سەعید، هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە گورچیلەزانی و خوێندکاری بۆردی کوردستانی بۆ زانستە پزیشکییەکان، دەڵێ ئەوە پرسیاری ئەویشە کە بۆچی پەرستارانی دەرەوە ئەوەندە باشتر و پرۆفێشناڵانەتر کارەکانیان رادەپەڕێنن.

دکتۆر رێبین کە لە نەخۆشخانەکانی بەریتانیا و کوردستانیش کاری کردووە، ئەو پرسیارەی ئاراستەی پزیشکەکانی بەریتانیا کردووە "گوتیان ئێمەش چەند دەیەیەک لەمەوپێش ئەو گرفتەمان هەبوو، بەڵام بە زیادکردنی چانسی پێشکەوتن و پسپۆڕبوون، هانی پەرستارەکانمان دا هەوڵ و کاری زیاتر ئەنجام بدەن".

پزیشکە بیانییەکان بە دکتۆر رێبینیان گوتووە کە پەرستارەکانی لای ئێوە چانسی خوێندن و پێشکەوتنیان وەک پێویست پێنادرێت و زۆربەیان بۆ هەتا هەتایە بە بڕوانامەیەکی نزم و ئەنجامدانی هەمان ئیشەوە دەمێننەوە و شکۆی پیشەکەشیان وەک پێویست پارێزراو نییە.

ئەو پزیشکە پێیوایە ئەگەر پەرستارەکانیش چانسی خوێندن و بینینی خولی پسپۆڕێتییان بۆ بکرێتەوە، هانیان دەدات هەمیشە لە خەمی نوێکردنەوەی ئاستی زانستی و شێوازی مامەڵەیاندا بن "لە وڵاتانی پێشکەوتوو، پەرستاریش دەتوانێ ببێتە هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا و رۆڵی پەرستاری راوێژکار ببینێ".

ئەو پزیشکە کوردە کە ئێستا لە بەریتانیا سەرگەرمی مەشق و راهێنانە، پێیوایە رۆیشتن لەسەر ئەم رێگایە هەم خەڵکی رەزامەندتر دەکات لە سیستمی تەندروستی و هەم ئەرکێکی زۆر لەسەر شانی پزیشکانیش کەمدەکاتەوە.

ئێستا لە نەخۆشخانەکانی کوردستاندا پرۆتۆکۆڵێکی کۆنکریتی نییە بە وردی کاری پزیشک و پەرستار جیابکاتەوە، هەریەک لەو دوو توێژەش خۆی بە قوربانیی سیستمی تەندروستی کوردستان دەزانێت.

دکتۆر داهات جەمال حەوێزی، پزیشکی پایەبڵندی هەناوی بە (رووداو)ی گوت "یەکەم هەنگاو لە پرۆسەی باشکردنی خزمەتی پەرستاریدا، دەبێت بریتی بێت لە بەرنامەڕێژییەکی وردی دیاریکردنی ئەرکی هەریەک لە توێژە مرۆییەکانی کەرتی تەندروستی".

پرۆگرامی خوێندنی کارمەندانی تەندروستی لە کوردستاندا وەک پێویست نییە و تەنیا بریتییە لە دوو ساڵ خوێندنی پەیمانگا و ماوەیەکی کەمی وانەی پراکتیکی.

دکتۆر کۆیان زاهیر، پزیشکی پسپۆڕی منداڵان، دەڵێت پرۆسەی باشکردنی خزمەتی پەرستاری دەبێت لە قۆناغی خوێندنەوە دەستپێبکات "باشترە کارمەندی تەندروستی چوار ساڵی زانکۆ تەواو بکات و تەواوی خوێندنی بە زمانی ئینگلیزی بێت و وانە کردارییەکانیشیان لەلایەن پزیشکەوە بە وردی چاودێری بکرێت، نەک وەکو ئێستا تەنیا دوو ساڵ و ماوەیەکی رێکنەخراوی پراکتیکی".

باشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی تەنیا بە زیادکردنی ئەرکەکانیان نابێت، بەڵکو دەبێت شکۆی ئەم پیشەیە بەرز رابگیرێت و ژیانێکی ئاسوودەشیان بۆ دابین بکرێت کە ناچار نەبن لە دەرەوەی نەخۆشخانە کاری دیکە بکەن.



## لەسەر داوای کۆمپانیایەکی نەوت

# دوو پزیشکی ئیسپانی پشکنین بۆ چاوی منداڵانی کوردستان دەکەن

**زنار ئالا**
**رووداو- مەدرید**

مانگی رابردوو، دەزگای (Ruta de la Luz- رێڕەوی رووناکی)ی ئیسپانی سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ ئەنجامدانی کارێکی تەندروستی. ئەو کارە بەهاوکاری کۆمپانیای (Petrol Repsol)ی ئیسپانی ئەنجامدرا و چوار پزیشکی چاوانیش بەشدارییان تێدا کرد.

ئەو پزیشکانە سەردانی هەولێریان کرد و لەوێشەوە روویانکردە چەند گوندێکی دەوروپشتی دەریاچەی دووکان لە نزیک شاری سلێمانی و پشکنینیان بۆ چاوی 1078 منداڵ کرد کە تەمەنیان لەنێوان 5 تاوەکو 17 ساڵان بوو، 176 کەس لەوانەی پشکنینیان بۆ کرا پێویستیان بە چارەسەری هەبوو.

دوو لەو پزیشکانەی دەزگای "Ruta de la Luz"، لەبارەی ئەو سەردانەیان بۆ کوردستان قسەیان بۆ (تۆڕی میدیایی رووداو) کرد. نێریا سان سباستیان، پزیشکی هەرێمی باسک گوتی "بەڕاستی ئەوە ئەزموونێکی زۆر خۆش بوو. خەڵکەکەی زۆر رووخۆش بوون و رەفتاری باشیان لەگەڵ دەکردین و هاوکارییان دەکردین. ئەو خەڵکە لە هەموو شوێنێک میوانداریيان دەکردین و چایی و چوکلێتیان بۆ دادەناین."

نێریا لەبارەی ئەوسەردانەیان بۆ چەند گوندێکی دەوروپشتی دەریاچەی دووکان دەڵێ "کۆمپانیای (Repsol) کە لەو ناوچەیە کاردەکات، تێبینی ئەوەی کردبوو کە دانیشتووانی ئەو ناوچەیە پێویستیان بە پشکنینی چاو هەیە، نزیکترین پزیشکی چاویش بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە لە شاری هەولێرە کە 3 کاژێر بە ئۆتۆمبێل دوورە، بۆیە (Repsol)پەیوەندی بەئێمەوە کرد بۆ ئەوەی هاوکارییان بکەین لەو پرۆژەیەدا. ئێمە چاوی منداڵی شەش گوند، مامۆستاکان و هەندێک گوندنشینانی دیکەشمان پشکنی".

سەبارەت بە ئەنجامی پشکنینەکانیش نێریا گوتی "ژمارەیەکی زۆر لەوانەی پشکنینیان بۆ ئەنجامدرا، رێژەی ئاستیگماتیزمیان بەرزبوو".

نێریا کە لەو بوارەدا ئەزموونێکی درێژی هەیە، لەبارەی هۆکاری زۆربوونی ئەو کەسانەی تووشی ئەو نەخۆشییە بوونە گوتی "پێموایە هۆکاری ئەوە وشکبوونە و تۆزەکەش وادەکات خەڵکی ناوچەکە چاوەکانیان بخورێنن. ساڵێک لەمەوبەر من لە بۆلیڤیا بووم، لەوێش رێژەی ئاستیگماتیزم بەرزبوو. لەوێش وشکبوون و تۆزی زۆر هەیە. بۆچوونێک هەیە دەڵێ خورانی چاو قەرەنییەی چاو تێکدەدات. بەپێی ئەوەی لەو ناوچانە بینیومن، ئەمە بۆچوونێکی لۆژیکییە".

ئەوەی بووەتە جێگەی سەرنجی دکتور مادو خاتنانی، ئەوەبوو کە کورتبینی (miopía) لەنێو منداڵاندا زۆر کەمبوو "بەپێی ئەو پشکنینانەی ئێمە دیاربوو کە ژمارەی ئەو کەسانەی کورتبینییان هەیە کەم بوو. ئەوەش پێچەوانەی ئەو رەوشەیە کە لەنێو خەڵکی وڵاتانی رۆژئاوادا هەیە. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بەکارهێنانی کۆمپیوتەر، تەلەفۆنی دەست و ئایپاد کورتبینی زیاد دەکات. ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەو ئامێرانە هێشتا زۆر لێرە بڵاونەبوونەتەوە بۆیە کورتبینی کەمە".

مادو دڵخۆشە بە سەردانیکردنی هەرێمی کوردستان "ئێمە کە بە خەڵکەکەمان دەگوت دەچینە عێراق، زۆر دڵتەنگ دەبوون. چونکە میدیا لێرە وەک ناوچەیەکی مەترسیدار باسی رەوشی ئەمنیی عێراق دەکات، بەڵام ئەوەی لە کوردستان بینیمان زۆر خۆشبوو. ئەزموونێکی ئەوەندە خۆش بوو کە هەرگیز لەبیرناکرێت. ئارامی هەیە و سروشتی کوردستانیش زۆر جوانە. رەفتاری خەڵک لەگەڵ ئێمە زۆر گەرموگوڕ بوو. دەرگای ماڵەکانیان هەمیشە کراوەبوو."



# چارەسەری قەبزی لە کاتی سکپڕی



**رووداو- Fox news**

قەبزی دیاردەیەکی تەندروستی بێزارکەرە، بەتایبەت لەکاتی سکپڕیدا کە هاوکات دەبێت لەگەڵ ئەو گۆڕانە جەستەیی و دەروونیانەی لەکاتی سکپڕیدا روودەدەن. لەگەڵ ئەمەشدا دیاردەیەکی باوە و 72%ی ژنانی سکپڕ تووشی دەبن. ناشکرێ هەتا کاتی منداڵبوون بەم حاڵەوە بمێنیتەوە.

لەم بابەتەدا روونی دەکەینەوە بۆچی قەبزی لەکاتی سکپڕیدا هێندە بڵاوە و چۆن خۆتی لێ دەرباز دەکەیت.

### بۆچی قەبزی لە کاتی سکپڕی روودەدات؟

هەرچەندە قەبزی دەکرێ لە هەر قۆناغێکی سکپڕیدا رووبدات، بەڵام لە سێ مانگی یەکەمی سکپڕیدا لە هەموو قۆناغەکانی دی بڵاوترە. هۆکاری ئەمەش بەرزیی ئاستی هۆرمۆنی پرۆجیسترۆنە لەو قۆناغەدا. ئەم هۆرمۆنە دەبێتە هۆی خاوبوونەوەی لووسە ماسولکەکانی ریخۆڵە و سەرەنجام بە هێواشی خۆراکی هەرسکراوی پێدا تێپەڕ دەبێت، هەر ئەمەش خودی قەبزییە.

هۆکارێکی دیکەی گرنگ، ماددەی ئاسنە کە دەدرێتە ژنانی سکپڕ وەک چارەسەر و خۆپاراستن لە کەمخوێنی لە کاتی سکپڕی. کەمخواردنی ریشاڵە خۆراکییەکانیش لە خۆراکدا قەبزیی کاتی سکپڕی زیاتر دەکات.

ئەو ژنانەی بەر لە سکپڕی قەبز بوون، لەکاتی سکپڕیدا بەشێوەیەکی توندتر تووشی دەبن. جگە لەمانەش، ئەو فشارە دەروونییەی ژنان لەکاتی سکپڕیدا تووشی دەبن، قەبزی دروست دەکات.

### چارەسەری قەبزیی کاتی سکپڕی:

**1-ریشاڵە خۆراکییەکان:** زۆر بەکارهێنانیان جووڵەی ریخۆڵەکان خێراتر دەکات و دەبێتە بەشێک لە چارەسەری سکپڕی. ریشاڵە خۆراکییەکان لە میوە و سەوزە و پاقلەمەنی و دانەوێڵەکاندا هەن.

**2- ئاو خواردنەوە:** ئاو یارمەتی راماڵینی خۆراکی ناو ریخۆڵەکان دەدات. بەڵام لەسەر خوانی نان خواردن ماوەیەکی کەم دوای نان مەیخۆرەوە، چونکە هەست بە باکردنی سک دەکەیت. باشترە لەنێوان ژەمەکاندا زیاتر ئاو بخۆیتەوە.

**3- وەرزش:** راستەوخۆ دوای نان خواردن 5-10 خولەک بەپێ بڕۆ بۆ کەمکردنەوەی ئەو بێزارییەی دوای نان خواردن روو لە سکت دەکات.

**4- رایمەگرە:** هەر کاتێک هەستت بە تەنگاوی کرد، بچۆرە سەرئاو، چونکە دواخستنی دەبێتە هۆی ئەزیەتدانی ریخۆڵەکان و هەمانکات رێگاش خۆشدەکات بۆ تووشبوون بە سکچوون، کە ئەمیش لە ژنانی سکپڕدا بڵاوترە.

**5- دەرمانی شلکەرەوەی پیسایی:** ماددەگەلێکی سەلامەتن لەکاتی سکپڕیدا، بەڵام دەبێ دان بەخۆداگریت، چونکە 2-3 رۆژیان دەوێت تا کاریگەرییەکەیان دەردەکەوێت.

**6- دەرمانی گرژکەری ریخۆڵە:** لەماوەیەکی کەمدا کاردەکەن و ریخۆڵەکان دەجووڵێنن و پیسایی دەکەنە دەرەوەی لەش، بەڵام نابێت خۆبەخۆ بەکاریان بهێنیت، چونکە پێدەچێت جەستەت رابێت لەگەڵیان و بێ ئەوان وەک پێویست نەجووڵێیت. دەبێ پزیشک بۆت دیاری بکات بۆ ماوەیەکی سنووردار.

## هەواڵ و دۆزینەوەی نوێی پزیشکی

### تاڵیبان ناهێڵێ منداڵان بکوترێن

**رووداو- bbc**

بزووتنەوەی تاڵیبان لە پاکستان سێ ئەندامی تیمێکیان کوشت کە خەریکی کوتانی منداڵان بوون لەدژی ئیفلیجی. بزووتنەوەکە هەڕەشە لە تیمەکانی کوتانی منداڵان دەکات و بە سیخوڕیکردن بۆ رۆژئاوا تۆمەتباریان دەکات. لە 10 ساڵی رابردوودا چەکدارانی تاڵیبان لە پاکستان و ئەفغانستان چەندین جار هەڕەشەیان لە تیمە تەندروستییەکانی کوتانی منداڵان کردووە و دەڵێن ئەو کوتانە بۆ ئەوەیە موسڵمانان نەزۆک بکەن و گەلانی موسڵمان نەوەی کەم بخەنەوە.

### "ڤیاگرای ژنان" رەتکرایەوە

**رووداو- CBC news**

کۆمپانیای دەرمانسازیی سپرایت ناڕەزایی دەربڕی بەرامبەر رەتکردنەوەی دەرمانی flibanserin کە دەڵێت ئارەزووی سێکسیی ژنان زیاد دەکات و کاریگەرییەکەی وەک ڤیاگرای پیاوانە، بەڵام دەزگای دەرمان و خۆراکی ئەمریکی FDA دەڵێت کۆمپانیاکە نەیتوانیوە وەک پێویست بیسەلمێنێ کە ئەو دەرمانە کاریگەرە، بۆیە دەزگاکە دان بە کاریگەرییەکەیدا نانێت.

ساڵی 2004 کۆمپانیای فایزەر کە بەرهەمهێنەری ڤیاگرایە، ویستی بەهەمان شێوەی ڤیاگرای پیاوان حەبێک بۆ ژنانیش دروست بکات، بەڵام نەیتوانی وەکو پێویست کاریگەرییەکەی بسەلمێنێ.

بەپێی زانیارییەکانی وێبمێدیسن، 43%ی ژنان گرفتی سێکسیان هەیە کە دیارترینیان لاوازیی ئارەزووی سێکسکردنە.

### منداڵانی سووریا ناکوترێن

**رووداو- Reuters**

رژێمی سووریا پارێزگای دێرەزووری لە هەڵمەتی کوتانی دژی ئیفلیجی بێبەش کردووە و ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی نەخۆشی ئیفلیجی لە نێو منداڵانی ئەو پارێزگایەدا. بەپێی راپۆرتی رێکخراوی تەندروستی جیهانی، تا ئێستا 15 حاڵەتی ئیفلیجی منداڵان لەو پارێزگایەدا تۆمارکراون کە ئێستا لەژێر دەسەڵاتی رژێمی ئەسەددا نییە. ئیفلیجی منداڵان بەهۆی ڤایرۆسێکەوە روودەدات کە بە خێرایی بڵاودەبێتەوە و هەر منداڵێک تووشی بوو، ئیدی چاک نابێتەوە. بەهۆی هەڵمەتەکانی کوتانەوە، ئەم نەخۆشییە لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان بنبڕکراوە.

### ئاگاداری مەڵتی ڤیتامینەکان بن

**رووداو- ئاژانسەکان**

چەندین توێژینەوەی نوێ گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە بەکارهێنانی ڤیتامینەکان بێئەوەی پزیشک دیاری بکات، هیچ سوودێکی نییە. هەندێک خەڵکی بە ئومێدی پاراستنی تەندروستییان حەب و پاودەر و گیراوەی ڤیتامین و کانزاکان بەکاردەهێنن و هیوادارن ئەوە بەرگرییەکی بەهێز و جەستەیەکی تەندروستیان پێ ببەخشێ، بەڵام ئەنجامەکانی سێ توێژینەوەی باوەڕپێکراو کە لە گۆڤاری زانستی Annals of Internal Medicine دا بڵاوبوونەتەوە، دەڵێن خواردن و نەخواردنی مەڵتی ڤیتامینەکان هیچ جیاوازییەکیان نییە، بەڵکو تەنیا ئەوکاتە سوودی هەیە کە پزیشک بیسەلمێنێ کێشەی کەمیی ڤیتامین یان کانزایەکی دیاریکراوت هەیە و بەپێدانی دەرمان قەرەبووی ئەو ماددەیە بۆ لەشت بکاتەوە.

## بەیان سامی عەبدولڕەحمان، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەریتانیا:

# پەیوەندی نێوان کوردستان و بەریتانیا زیاتر بازرگانییە



بەیان سامی عەبدولڕەحمان، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەریتانیا لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەریتانیا دەکات و دەڵێت گەشەکردنی ئابووریی کوردستان کاری ئەوی وەک نوێنەری هەرێمێک ئاسان کردووە. گوتیشی بەرژەوەندییەکی زۆر لە پەیوەندییەکانی هەردوولادا هەیە بە تایبەت لە وەبەرهێنان و بازرگانی. ئەو دەڵێت ئەو پەیوەندییەی تا ئەم ساتە لەنێوان هەردوولادا هەیە زیاتر بازرگانییە نەک سیاسی.

هەڤپەیڤین: جۆرج ریچاردس

## زۆرترین قوتابی کورد لە زانکۆکانی بەریتانیا قبوڵ دەکرێن

**ڕووداو: بەگشتی چۆن تەماشای پەیوەندییەکانی نێوان بەریتانیا و هەرێمی کوردستان دەکەی؟**

**بەیان سامی:** پەیوەندییەکان باشن و وردەکارییان هەیە، مەبەستم ئەوەیە کە تەنیا پەیوەندییەکی دەستکرد نین. پەیوەندییەکان گەشەکردن و بەرفراوانبوون بەخۆوە دەبینن و پێدەنێنە قۆناغێکی نوێوە. هەوڵدەدەین پەیوەندییەکانیشمان لەگەڵ پەرلەمانی بەریتانیا توندتر بکەین. بەرژەوەندییەکی زۆر لە پەیوەندییەکاندا دەبینرێ لە ڕووی بازرگانی و وەبەرهێنانەوە، بەڵام لەم قۆناغەدا زیاتر بازرگانییە. پەیوەندی بازرگانی ڕێگایە بۆ کردنەوەی دەرگاکە. لەگەڵ زیادبوونی زانیاری خەڵک لەسەر مارکێتینگ و وەبەرهێنانیش بەهێزتر دەبێت.

لە ئاستی خوێندنی باڵادا، قوتابییەکی زۆر لە کوردستانەوە لەسەر ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خوێندن دێنە بەریتانیا. زۆرترین قوتابی کورد لە زانکۆکانی بەریتانیا قبوڵ دەکرێن و زانکۆ و دامەزراوە پەروەردەییەکانی ئەم وڵاتە گەشە بە پەیوەندیەکانیان دەدەن لەگەڵ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

چەندین کۆنفرانس لەلایەن بەریتانیاوە لە هەرێمی کوردستان ڕێکخراون کە زۆر لە قسەکەرانی ئەو کۆنفرانسانە خەڵکی بەریتانیا بوون. لە دواترین هەنگاوی ئەم پەیوەندیانەدا بەشی بازرگانی و وەبەرهێنانی بەریتانیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنفرانسێکیان لە لەندەن ساز کرد بۆ کۆمپانیا کوردییەکان تا سەردانی لەندەن بکەن. بەریتانیا ئارەزووی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کوردستان هەیە، بەتایبەتی بەم دواییە ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە کە چەندین کۆمپانیای گەورەو سەرمایەدار لە کوردستان هەن، بۆچی بانگهێشتیان نەکەین تا وەبەرهێنان لە پرۆژەی گەورە بکەن لەم وڵاتە؟

لەڕووی پەیوەندی کەلتوورییەوە، زۆر لە پەیوەندییەکان لەڕێگەی ئەو کوردانەوەیە کە لەم وڵاتە دەژین. ئێمە وەک نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ بۆنەیەکی کەلتووری ڕێکناخەین. بەڵام یارمەتی و هانیان دەدەین و پەیوەندییان بۆ دروستدەکەین. ئێمە پەیوەندییەکی زۆرمان هەیە لێرە. بۆ نموونە لەڕێگەی کارەکەمەوە چەندین پەیوەندیم دروستکردووە لەبواری پیشەسازیی فیلم. فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لەندەن کە لەلایەن کوردانی دانیشتووی بەریتانیاوە ڕێکخرا، داوای یارمەتییان لە ئێمە کرد. ئێمەش یارمەتیمان دان و هەروەها پەیوەندیمان بۆ دروستکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی دەیانناسین لێرە.

**ڕووداو: یەکێک لە کەموکوڕییەکانی ئەو پەیوەندییانە نەبوونی هێڵی ئاسمانیی ڕاستەخۆیە لە بەریتانیاوە بۆ هەرێمی کوردستان. هۆی ئەمە چییە؟ هۆکارەکە سیاسییە، بەهۆی پەیوەندییەکانی بەریتانیایە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە بەغدا؟**

**بەیان سامی:** ڕەنگە، بەڵام هۆکارەکە زیاتر تەکنیکییە. هیچ هێڵێکی ئاسمانی ڕاستەوخۆ نییە لە نێوان بەریتانیا و بەغدایش. کێشەکە زیاتر تەکنیکییە نەک سیاسی.

ئەمە پێویستی بە شیکارو بڕیاری بازرگانییە وەک ئەوەی ئایا هێڵی ئاسمانیی کوردی گەشت دەستپێبکات بۆ لەندەن لە هەولێر و سلێمانییەوە یان هێڵێکی ئاسمانی بەریتانی ئەو گەشتانە دەستپێبکات.

## هۆکاری نەبوونی هێڵی ئاسمانی نێوان هەولێر و لەندەن تەکنیکییە نەک سیاسی

یەکێکی دیکە لەو کێشانە ئەوەیە کە فڕۆکەخانەکانی بەریتانیا ڕێوشوێنێکی ئەمنی توندتر دەگرنەبەر بە بەراورد بە وڵاتانی دیکەی ئەوروپا. لەگەڵ ئەوەشدا قەرەباڵغییەکی زۆر لە فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە. گرووپی ئیدارەی هەموو پەرلەمانتارە بەریتانییەکان لەسەر کوردستان خەریکی تاوتوێکردنی ئەم بابەتەن.

**ڕووداو: پێتوایە گەشەکردنی ئەم پەیوەندییانە ئەنجامی هەستکردن بێت بە تاوان لەلایەن بەریتانیاوە لەپای پشتگوێخستنی هەرێمی کوردستان لە سەردەمی ڕژێمی سەدام حوسێندا؟**

## بەریتانیا پشتگیری پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان دەکات

**بەیان سامی:** نەخێر، خەڵکی بەریتانیا خەڵکێکی زۆر بزنسکارن. ڕەنگە ئەوەیان وەبیر بخرێتەوە لەلایەن بازرگانە کوردەکانەوە کە وڵاتەکەیان چی کردووە یان نەکردووە بە کوردستان. مێژوویەکی تێکەڵ هەیە سەبارەت بە تێوەگلانی بەریتانیا لەوەی لە کوردستان ڕوویداوە. بۆ نموونە وینستن چێرچل لەلایەکەوە پشتگیری حکومەتی سەربەخۆی کوردستانی دەکرد لەلایەکی دیکەوە فەرمانی دەدا بە بۆردومانکردنی کوردستان، هەتا بە چەکی کیمیاویش. تەنانەت کەسێکی وەک وینستن چێرچلیش بیرۆکەیەکی تێکەڵی هەبوو سەبارەت بە کوردستان.

بەڵام دڵخۆشین بەوەی کە تێڕوانینی ئەم دواییانەی بەریتانیا تێڕوانینێکی پۆزەتیڤە. لە ساڵی 1991 کاتێک جۆن مەیجەر، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بوو کە زۆر چالاک بوو، بەریتانیا، ئەمریکا، فەرەنسا و تورکیا بڕیاری دامەزراندنی ناوچەی دژە فڕینیان سەپاند بۆ پارێزگاریکردن لە کوردستان. ئەم بڕیارە زۆر شتی گۆڕی. خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی گەلەکەمان. دووبارە لە ساڵی 2003 حکومەتی بەریتانیا بەشداری کرد لە ئازادکردنی عێراق لە دەست ڕژێمی سەدام حوسێن، هەرچەندە ڕووبەڕووی فشارێکی زۆر بووەوە بەو بڕیارەی. لەبەرئەوە ئەگەر منیش ئەمانە وەبیر خەڵکی بەریتانیا نەهێنمەوە بازرگانە کوردەکان ئەوە دەکەن.

**ڕووداو: وەک نوێنەری هەرێمی کوردستان لە بەریتانیا ئایا هەست بە هیچ تەنگژە و فشارێک لە پەیوەندییەکانی لەندەن لەگەڵ بەغدا و هەرێمی کوردستان دەکەی؟**

**بەیان سامی:** هیچ تەنگژەیەک نییە. چەند ساڵێک لەمەوبەر بۆ ماوەیەک کاتێک هێشتا سوپای بەریتانیا لەناو خاکی عێراقدا بوو و چەند کۆمپانیایەکی گەورەی نەوتی بەریتانی وەک بریتش پترۆڵیەم و شێڵ هەوڵیاندا چەند گرێبەستێکی نەوتی لە باشووری عێراق ئیمزا بکەن. هەرچەندە ئەوە تەنگژەش نەبوو. هەمیشە پەیوەندییەکانمان باش بووە. بۆ ماوەیەکی کەم چەند جیاوازییەک هەبوو چونکە بەریتانییەکان هەوڵیاندەدا خۆیان بە دوور بگرن لە هەرێمی کوردستان و بە تایبەت نوێنەرایەتییەکەی لێرە.

بەگشتی ئەمڕۆ بەهیچ جۆرێک هەست بەو جۆرە تەنگژەیە ناکەم. بەریتانیا هەڵوێستی ئاشکرایە کە پشتگیری دەستوور و یەک پارچەیی خاکی عێراق دەکات. هەروەها پشتگیری پرۆسەی دیموکراتی لە عێراق دەکات بە تایبەتی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

**ڕووداو: پەیوەندی نێوان نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان و باڵیۆزخانەی حکومەتی عێراق لە لەندەن چۆنە؟ ئەو دەسەڵاتانە چین کە باڵیۆزخانەی عێراق بەسەر نوێنەرایەتییەکەتانەوە هەیەتی؟**

**بەیان سامی:** بەرلەوەی باس لە پەیوەندییەکان بکەین لەسەر ئاستی باڵیۆزخانە، دەبێت بڵێم کە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندی هەیە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی عێراق و هەردوولا هەماهەنگی دەکەن لەسەر چەند بابەتێک.

لەسەر ئاستی پەیوەندی باڵیۆزخانە، لەوکاتەوەی بووم بە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپاش جەنگی ئازادی عێراق، هەمیشە پەیوەندییەکی باشمان هەبووە. باڵیۆزخانەی عێراق بۆ ماوەیەکی زۆر لە هەشتاکاندا داخرا، ئەو کوردانەی کە لە بەریتانیا دەژیان وەک من خۆپیشاندانمان لەبەردەم ئەم باڵیۆزخانەیە دەکرد، چونکە باڵیۆزخانەی ڕژێمی سەدام بوو.

لەوکاتەوەی ئەو باڵیۆزخانەیە کراوەتەوە لەپاش ساڵی 2003 ئەوکاتەی من بووم بە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لێرە، هەمیشە پەیوەندییەکانمان باش بووە. باڵیۆزی پێشووی عێراق دکتۆر خالید شێخلی پەیوەندییەکی باشی لەگەڵمان هەبوو. لەڕاستیدا باڵیۆزی ئێستای عێراق کە تازە دەستنیشان کراوە کوردێکە بە ناوی فایەق نێروەیی.

پەیوەندییەکەمان لەسەر بنەمای ڕێزە. هیچ سوودێک نابینین لە بێڕێزیکردن بە یەکدی. ئەگەر پێویستمان بە یارمەتی بێت بەبێ دوودڵی داوایان لێدەکەین ئەوانیش ئەگەر بتوانن یارمەتیمان دەدەن. ئەگەر نەتوانن ئەوا ڕاستگۆن لەگەڵمان و بەپێچەوانەوە. لەسەر ئاستی خزمەتگوزاری کونسوڵخانە ئەگەر کێشەیەک پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەبێت دەڵێن بڕۆ بۆ نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوێ کێشەکە زووتر چارەسەر دەکرێ.

باشیی پەیوەندییەکانمان لەبەرئەوە نییە کە باڵیۆزی عێراق کوردە بەڵکو پەیوەندییەکانمان هەر باش بووە لە سەردەمی باڵیۆزی پێشووش کە عەرەب بوو.

**ڕووداو: ئەو کێشەو گرفتە پراکتیکیانە چین لە نوێنەرایەتیکردنی هەرێمێک لە بری حکومەتێکی سەربەخۆ؟**

**بەیان سامی:** ئەوە شتێکم بیردەخاتەوە کە پەیوەندی بە پرسیاری پێشووترەوە هەیە. دەمەوێت بڵێم کە پەیوەندییەکی باشیشمان هەیە لەگەڵ نوێنەرایەتی هەرێمەکانی دیکەی وەک کاتالۆنیا و کیوبیک و فلاندەرس و ئەوانی دیکە لە بەریتانیا. بۆ تایوان نازانم بە هەرێم ناودەبرێ یان حکومەت هێشتا ئەوە یەکلایی نەبووەتەوە، لەگەڵ هەموویان پەیوەندیمان باشە.

نوێنەرایەتیکردنی هەرێمێک زۆری کەمتر نییە لە نوێنەرایەتیکردنی حکومەتێکی سەربەخۆ. بێگومان لە هەندێ کۆڕو کۆنفرانسی دیبلۆماتی بانگهێشت ناکرێم، چونکە من باڵیۆز نیم، یاخود پێگەی دیبلۆماسیم نییە. بەڵام لەڕووی پراکتیکیەوە هەموو شتێک لای ئێمەوە جێبەجێ دەکرێ. پەیوەندی دیبلۆماسی گرنگە، بەڵام تائێستا هیچ کێشەیەکم ڕووبەڕوو نەبووەتەوە بە جۆرێک کە بڵێم ئەگەر باڵیۆز بوومایە یان ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ بووایە وا دەبوو. هەمیشە ڕێگەیەکمان دۆزیوەتەوە بۆ مامەڵەکردن و چارەسەرکردنی کێشەکان و حکومەتی بەریتانیاش هەمان ڕێگەی بەکارهێناوە. ئەمەش چونکە لە بەرژەوەندی بەریتانییەکانە ئەگەرنا دەیانتوانی بیانووی پێگەی دیبلۆماتی بەکاربهێنن بۆ پەکخستنی هەر شتێک کە بیانویستبایە.

## میدیای بەریتانی زۆر گرنگی بە هەرێمی کوردستان نادات

**ڕووداو: ئەو کێشەو گرفتانە چی بوون کە لەکاتی بوونی دوو نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لە بەریتانیا بەرەوڕووتان دەبووەوە؟**

**بەیان سامی:** ماوەیەکی زۆر لەکاتی ئەو دوو نوێنەرایەتییە من نوێنەر نەبووم، بۆ ماوەیەکی کەم ئەزموونی ئەو بارودۆخەم کرد، بە ڕاستی ئاسان نەبوو، بەڵام کارەکانمان زۆر بچووک بوون و پەیوەندی جیاوازمان هەبوو لەگەڵ حکومەتی بەریتانیا. حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی و پێگەی پەیداکرد لە پاش نووسینی دەستووری عێراق و یەکگرتنی هەردوو ئیدارەی کوردستان.

ئەوکاتەی کە بوومە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لێرە دەمزانی کە نوێنەری یەکێتی نیشتمانی بەوە خۆشحاڵ نەبوو، هەروەها خۆشم بەوە دڵخۆش نەبووم. خۆشحاڵم بەوەی پاش ماوەیەکی کەم ئەم بابەتە چارەسەر کرا. ئەم گرفتە لە واشنتن و چەند وڵاتێکی دیکەش هەبوو.

**ڕووداو: هەندێک ڕەخنەی ئەوە دەگرن کە نوێنەرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتانی دەرەوە بەهۆی ئینتیمای حیزبییەوە بۆ یەکێک لە دوو پارتە دەسەڵاتدارەکە ئەو پۆستانەیان وەرگرتووە. وەڵامی تۆ چییە؟**

**بەیان سامی:** چەند سیستەمێکی جیاواز لە سەرانسەری جیهاندا هەن. لە هەندێ وڵاتدا باڵیۆزەکان خەڵکی مەدەنین و سیاسی نین. لە هەندێ وڵاتی دیکە دەستنیشانکراوی سیاسین. حکومەتی هەرێمی کوردستان سیستمی دووەمی هەڵبژاردووە. هەردوو سیستەمەکە سوود و زیانی خۆیان هەیە. یەکێک لە سوودەکانی دەستنیشانکراوی سیاسی ئەوەیە کە یارمەتی دەدا کاریگەری زیاتری هەبێت لەو وڵاتەی تێیدا نوێنەری. من پارتیم و بوومە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی لە ساڵی 2011. بوونی من وەک پارتی و هەبوونی کەناڵی پەیوەندی لە ڕێگەی یەکێک لە پارتە سەرەکییەکانی کوردستانەوە سوودی سیاسی هەبووە بۆ خۆم و نوێنەرایەتییەکەشم لە وڵاتی بەریتانیا. ئەوە یەکێکە لە سوودەکان، بەڵام زیانیشی هەیە و خەڵک مافی ئەوەیان هەیە ڕەخنە بگرن. چەند سیستەمێکی جیاواز هەیە لە جیهاندا و ئەو سیستەمەی ئێمەش لەخۆوە پەیدا نەبووە، وڵاتانی دیکەش پەیڕەوی یەکێک لەو دوو سیستەمە دەکەن.

**ڕووداو: تۆ وەک کەسێک کە کاری ڕۆژنامەنووسیت کردووە لە ڕابردوودا، وێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن دەبینی لە نێو ڕۆژنامەکانی بەریتانیادا؟**

**بەیان سامی:** جێگەی داخە کە میدیای بەریتانی زۆر گرنگی بە هەرێمی کوردستان نادات. بەڵام ئەگەر هەمان پرسیار لە زۆربەی باڵیۆزی وڵاتان بکەی لە لەندەن هەمان وەڵامیان دەبێت و دەڵێن وڵاتەکانیان تەنیا ئەوکاتانە لە نێو ڕۆژنامە بەریتانییەکان باس دەکرێن ئەگەر شتێکی خراپ ڕووبدات.

بە بۆچوونی من پێویستە میدیای بەریتانی زیاتر بایەخ بە کوردستان بدات، چونکە کوردستان وەک هێزێکی کاریگەر لە ناوچەکەدا دەردەکەوێ. ڕۆژ بە ڕۆژ سیاسەتمەدارانی نێودەوڵەتی درک بەو ڕاستییە دەکەن، هەروەها میدیاش لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێ. لەڕاستیدا ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ئەزموونیان زیاترە هەست بەو ڕاستییە دەکەن، بەڵام ڕۆژنامەنووسە گەنجەکان بە پەلەن لە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک لەسەر ئەو بابەتانەی کە زیاتر ڕەش و سپین. بە خۆشحاڵییەوە کوردستان وڵاتێکی تیرۆریست نییە. هەموو شتێک بەباشی دەڕوات لە هەرێمی کوردستان، بۆیە هیچ شتێک نییە بۆ باسکردن لەوێ. مەبەستم ئەوەیە ئەمە بە تێڕوانینی ئەوان.



ئەبوبەکر عەلی

## پێشمەرجی هەر هەوڵێکی بەدامەزراوەییکردن

# کۆتاییهێنان بە پاشماوەکانی دوو ئیدارەیی

ئەگەر هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەتی هاوبەند یاخود بنکەفراوان سەربگرێت، جیاواز لە جاران بەرئەنجامی گفتوگۆیەکی چەند لایەنە و رێککەوتن لەسەر بەرنامەی حکومەتەکە و قەوارە و جۆری بەشداری دەبێت. هەندێ بیروبۆچوونیش لە ئارادان کە ئێمەش هاوڕایانین، دەخوازن ناو بۆ کابینەکەش دیاری بکرێت. بۆئەوەی ئەو ناوە ببێتە کورتکراوەی بەرنامەی حکومەت و ناونیشانی گەورەی قۆناغەکە و ئاماژە بە ئەرکە بنەڕەتییە هاوبەشەکان. بەبڕوای من (کابینەی چاکسازیی نیشتمانی و بەدامەزراوەییکردن) ناوێکی گونجاوە بۆ کابینەی هەشتەم، چونکە کێشەی سەرەکی قۆناغی رابردوو، نەبوونی حوکمی دامەزراوەکان و سەروەریی یاسا و نانیشتمانیبوونی دامەزراوەکان و گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بوو کە بە گشتی ناعەدالەتی و جیاکاری و ناکارایی ئیداری و نازانستیبوونی بەشێک لە نەخشەو پرۆژەکانی لێکەوتووەتەوە. هەر لەم چوارچێوەشدا، پێموایە دەکرێت کابینەی هەشتەم بە رەچاوکردنی ئەرکەکانی قۆناغەکە و هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی هەرێمی کوردستان بۆ سەر رەوتی گەشەکردنی سروشتیی خۆی، چوار پرس و بنەما بکات بە چوارچێوە گشتییەکانی پێکهێنانی حکومەت کە ئەوانیش لە یەکگرتنەوەی راستەقینەی هەرێمی کوردستان و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی دوو ئیدارەیی و چاکسازیی راستەقینە و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی رۆتین و ناکارایی ئیداری و دارشتنی ستراتیژێکی نەتەوەیی و نیشتمانی یەکگرتوودا خۆی دەبینێتەوە. لەم وتارەدا هەوڵدەدەین بە کورتی قسە لەسەر پرسی یەکەمیان و پەیوەندی ئەو بە مەسەلەی بەدامەزراوەییکردنی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا بکەین.

دیارە پێویست بە بەڵگەهێنانەوە ناکات کە تاوەکو ئێستاش هەرێمی کوردستان بەدەست دەرکەوتە و رەنگدانەوە نەرێنییەکانی قۆناغی دوو ئیدارەییەوە دەناڵێنێ. کاتی خۆی لە وتارێکدا هۆشداریم دابوو کە ئەگەر زوو پرسی یەکگرتنەوە چارەسەر نەکرێت، تێپەڕبوونی زەمەن بە پێچەوانەوەی گوتەزا بەناوبانگەکەوە نابێتە بەشێک لە چارەسەر، بەڵکو کێشەکە ئاڵۆزتر دەکات، بەجۆرێک دابەشبوونەکە دەبێت بە ئەسڵ و دۆخی ئاسایی و جۆرەها پەیوەندی و بەرژەوەندی پێوە پەیوەست دەبێت. هەرچۆنێک بێت، گەرچی رێککەوتنی واشنتن (1998) داوای یەکخستنەوەی هەرێمی کوردستانی کردبوو، بەڵام ئەم هەنگاوە دواکەوت بۆ سەروبەندی رووخانی رژێمی عێراق و دوای ئەو واقیعە تازەیەی هاتبووە کایەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە یەکگرتنەوەکە بەو ئەندازەیەی پەیوەست بوو بە بارودۆخی دوای رژێمی بەعس و دەرکەوتەکانی و فشاری دەرەکی، هێندە بەرهەمی ئیرادەیەکی سیاسی یەکگرتووخوازانەی نیشتمانی نەبوو، بەڵام با واز لە مێژوو بێنین و بگەڕێینەوە بۆ ئێستا.

هەمووان هەست بەوە دەکەین کە سەرەڕای تێپەڕینی چەندین ساڵ بەسەر پرۆسەی یەکگرتنەوەی هەرێمی کوردستاندا، هێشتا ئەو پرۆسەیە ناڕاستەقینە و رواڵەتییە و تاوەکو ئێستاش کۆنترۆڵی ئیداری دەڤەری سەوز و زەرد لەلایەن ئەو دوو حیزبەوە واقیعە و قابیلی نکۆڵی لێکردن نییە. کاتی خۆیشی لە دانیشتنی ساڵی یەکەمی کابینەی پێنجەمی ئەنجوومەنی وەزیراندا سەرنجم بۆ ئەم پرسە راکێشا و باسم لەوە کرد کە ئەگەر لەسەرەتاوە خودی هەنگاوی یەکگرتنەوە بەدەستکەوت دابنرێت و رای گشتی کوردستانی دڵی پێ خۆش بکات، ئەوا دوای (6) مانگی دیکە ئەم دۆخە دەگۆڕێ و خەڵک لە بەرهەم و رەنگدانەوەکانی بەسەر ژیانی ئەوان و هەرێمەکەیاندا دەپرسن. بۆ ئەوەی پرۆسەکەش لە ساتی هەنگاوی یەکەمدا نەوەستێ و پەکینەکەوێت، پێش هەموو شتێک دەبێت پرسی یەکگرتنەوەکە تەنها لە میانەی پەیوەندیەکانی نێوان پارتی و یەکێتی دیاری نەکرێت، چونکە لە دەرەوەی ئەوانیش خەڵک و هێزی دیکە هەن، ئەوانیش مافی خۆیانە و دەبێت هەست بەوە بکەن کە گۆڕان روویداوە و بە ئەرێنی بەسەر ئەواندا شکاوەتەوەو بەشداری و پانتایی ئازادیی چالاکییان فراوانتر بووە. بۆ ئەوەی پرۆسەکەش زیاد لە پێویست درێژە نەکێشێت،

پێویستە هەر لە ئێستاوە هەردوولا واتە پارتی و یەکێتی دەست بە چوونە ناو قۆناغێکی دیکەی پێکەوە ژیان و کاری هاوبەش بکەن و بەشێک لە جومگە ئیدارییەکانی هەردوو دەڤەر بە حیزبی بەرامبەر و حیزبەکانی دیکە بسپێردرێن، چونکە دابەشبوونەکە رووحیەت و هەناسەی حیزبی فەرمانڕەوای لە هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەدا دروستکردووە و پێیان سەختە لە ناوچەکانیاندا کەسانی دیکە بەشدار بن لەگەڵیان.

بۆیە مەسەلەکە پێویستی بە دووبارە راهێنان و ئامادەکردنەوە هەیە و دەبێت سەرەتایەکی جددی لەم رووەوە دەستپێبکات. بەداخەوە لەکاتی خۆیدا (2006) ئەم جۆرە بیروبۆچوونانە وەک پێویست شوێنیان لە بیرکردنەوەی رێبەرایەتی حیزبە حوکمڕانەکاندا نەدەبووەوە، چونکە وا پێدەچوو کەمتر لەبیری ئەوەدا بووبن کە رۆژێک بێت نەخشەی حیزبی و سیاسی هەرێمی کوردستان گۆڕانی بەسەردا بێت و یارییەکە تەنها لە نێوان ئەواندا قەتیس نەمێنێ. هەرچۆنێک بێت گەرچی کابینەی پێنجەم ناونرا بە کابینەی یەکگرتنەوە و لە ئاستێکیشدا رۆڵی لە کەمکردنەوەی هەستیارییەکان و زەمینەسازکردن بۆ قۆناغی دواتر هەبوو، بەڵام نە ئەو کابینەیە و نە کابینەکانی دواتریش نەیانتوانی ئەم ئەرکە بەو جۆرەی پرۆژەی نیشتیمانی کوردستانی و پرۆسەی دووبارە خۆبیناکردنەوەی سیاسی و نەتەوەیی دەیخوازێت، بەرەو تەواوبوون بەرن. ئەوەش هۆکارێکی گرنگی پشت بەشێک لەو کێشانە بوو کە بەرۆکی حکومەت و کۆمەڵگای دەگرت و لەمپەر بوو لە بەردەم جوان بەڕێوەچوونی کاروبارەکان و گەشەکردنی مۆدیلی حوکمڕانی و تێپەڕاندنی هەندێ گیروگرفت و چوارچێوە کە لەگەڵ گەشەکردنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی گەلی کوردستاندا ناکۆک بوون.

ئێستا لە سۆنگەی ئەو گۆڕانەی بەسەر نەخشەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، لە چوارچێوەی حکومەتێکی بنکەفراواندا دەرفەتێکی راستەقینە بۆ تەواوکردنی ئەم ئەرکە هاتووەتە پێشەوە و هەق وایە چیتر رێگانەدرێت کەلتوری میرنشینی لە بەرگی دامودەزگای نوێدا درێژە بە بوون و مانەوەی خۆی بدات و رێبگرێت لەوەی دەسەڵاتی دەزگا نیشتمانییەکان سەرتاپاگیر بن و لەسەرجەم هەرێمی کوردستاندا یەک مۆدیل و ئاراستە و یاسا و پەیوەندی کاریان پێبکرێت و کۆتایی بە کۆنترۆڵکردن و پاوانکردنی ناوچەیەکی دیاریکراو لەلایەن پارتێکی دیاریکراوەوە بێت. بەڵکو لەوەش زیاتر بچینە قۆناغێکی گەشەکردووتر و (نفوز)ی حیزبی رەوا و رێپێدراو و سروشتی بخەینە چوارچێوە سروشتیەکەی خۆیەوە کە ئەویش حوکمکردنە لەرێی ئەنجوومەنی پارێزگایەکی چالاکەوە بەگوێرەی قەبارەی لیست و حیزبەکان و گێڕانەوەی ئیعتیبار بۆ سەرکەوتن و بەرزبوونەوەی وەزیفی و پسپۆڕی و بە نیشتیمانیکردنی دەزگا نیشتیمانیەکانی وەکو (ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگە...) بۆئەوەی سەرجەم ئەو دەزگایانە کۆنترۆڵی لایەنێک نەبن و بەو ئەندازەیەی یاسا پەیڕەوکراوەکان رێگا بە حکومەتە نێوخۆییەکان واتە ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەدات، ئیدارەی دەزگاکە لەلایەن حیزبی براوە لە چوارچێوەی ئەرکە پیشەیی و یاسایی و نیشتیمانیەکانی دەزگاکاندا بەڕێوەبچێت.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەبێ یەکگرتنەوەیەکی راستەقینەی هەرێمی کوردستان و کۆتاییهێنان بە سیما و رواڵەتەکانی دوو دەڤەری، بەدامەزراوەییکردنی دامودەزگای حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئێستا خەریکە دەبێتە دروشم و داواکارییەکی سیاسی هاوبەشی هێزە سیاسییەکان، نیمچە مەحاڵە. چونکە دامەزراوەییبوون دوو مەرجی زۆر سەرەکی دەخوازێت کە ئەوانیش سەروەریی یاسا و گشتگیرکردنی لەسەرتاپای هەرێمی کوردستاندا و بە نیشتمانیکردنی دامودەزگاکانە. بەنیشتمانیکردنی دامودەزگاکانیش لە سادەترین پێناسەیدا واتە دامەزراندنەوەیان لەسەر بناغەیەکی نوێ و دەرگاکردنەوە بەڕووی سەرجەم هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستاندا بێ پرسین لە ئینتیمای سیاسییان بۆ خزمەتکردن لەو دەزگایانەدا، لە چوارچێوەی هەمان مەرجی یاسایی بێ جیاکاری و هەڵاواردن و دوورخستنەوە. تا ئەوکاتەی بەوجۆرەی ئاماژەمان پێکرد و حیزب لە حکومەت جیانەکرێتەوە، حیزب نەگەڕێتەوە بۆ حاڵی سروشتی و قەبارەی ئاسایی خۆی بەوجۆرەی ژیانێکی سیاسی و حیزبیی تەندروست و دیموکراسی دەیخوازێت، ئاسان نییە باس لە دامودەزگای نیشتیمانی و حوکمی دامەزراوەکان و، تەنانەت یەکسانیی هاووڵاتیان لەبەرامبەر یاسادا بکەین. ئێمە دەبێت بەڵگەنەویستێکی فکری و سیاسیمان لا روون بێت، ئەویش ئەوەیە کە ئاوێزانبوون و بەیەکداچوون و تێکەڵاوبوونی حیزب و حکومەت لەگەڵ باڵادەستیی حیزبیدا، سیمایەکی سیستمە شمولی و نادیموکراسیەکانە و ئاماژەیە بە مۆدیلی پارتی فەرماندە، یاخود سیستمی تاک حیزبی. لە واقیعی رابردووی هەرێمی کوردستانیشدا و لە سایەی حوکمی دەڤەر و نەبوونی چوارچێوەیەکی دەستووری و یاسایی حوکمڕانیکردندا، یەکێتی و پارتی بە کردەوە لەگەڵ هەندێ جیاوازیدا، نوێنەرایەتی کەلتوری پارتی فەرماندەیان کردووە، ئەگەر لە وڵاتاندا تاکە پارتێکی باڵادەست و فەرماندە هەبووبێت و لەگەڵ جەستەی دەوڵەت و دەسەڵاتدا تێکەڵ بووبێت و سەرکردەکانی حیزبیش حوکمڕانی راستەقینە بووبن، ئەوا لە ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا، بە جیاواز لە هەموو دنیا بۆ زیاتر لە 10 ساڵ دوو حیزبی فەرماندەمان هەبووە و هەریەکەیان لە سنووری دەسەڵاتی خۆیدا بەهەندێ جیاوازی لەگەڵ یەکتریدا نموونەی هەندێ دەسەڵاتی جیهانی سێیەمیان بەرهەم هێناوەتەوە. ئەم راستیەشم لە دانیشتنێکی ئەنجوومەنی وەزیران لە ساڵی (2008) دا بەسەرکردەکانی هەردوولا گوت و ئاماژەشم بەوە کرد کە ئەم دۆخە (10) جۆر وێرانی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە و پێویستە کۆتایی بێت.

هەر ئەم دۆخەش لە پشت سنووردارییی قبوڵکردنی هێزە دەسەڵاتدارەکانەوە بوو بۆ هێزەکانی دیکە. ئەم قبوڵنەکردنەش لەناوچەی بادیناندا لە هەرکوێیەکی دیکە زەقتر بووە.

کەواتە بە دامەزراوەییکردن پرۆسەیەک نییە تەنیا لە ئاستی وەزارەتەکان و کابینەی حکومەتدا ئەنجام بدرێ، بەڵکو دەبێت لە ئاسۆیەکی بەرینترەوە سەیری بکەین و پێویستی بە دووبارە رێکخستنەوەی ئیداری و جومگە جیاوازەکانی حوکمڕانی و کۆتاییهێنان بە هەموو ئەو بەربەستانە هەیە کە ناهێڵێت لەسەر ئاستی کۆمەڵگادا هەست بە بەرئەنجامە راستەوخۆکانی بکرێت. کێشەی هەرە گەورەش لەبەردەم بەدامەزراوەییکردندا پاشماوەکانی دوو ئیدارەیی و یەکێ لە دەرکەوتەکانی ئەم واقیعەیە کە لە حیزبیبوونی دامەزراوەکان و بوونی ناوچەی پاوانکراوی حیزبیدا خۆی دەبینێتەوە، هەربۆیە جددیەتی بانگەشەی بە دامەزراوەییبوون پەیوەندییەکی بەهێز و لێکدانەبڕاوی لەگەڵ هەوڵدان و کاری جددی بۆ یەکگرتنەوەی راستەقینە و سڕینەوەی فەرهەنگی دەڤەرگەرایی هەیە.

بەو ئەندازەیەی هێز و کەسێک نفوز و ئاینده و پێگەی حیزبیی خۆی بە درێژەدان بەم واقیعەی ئێستا بزانێت، بەهەمان شێوە تواناکانی بۆ بەدامەزراوەییکردن لاواز دەبێت و مەسەلەکە دەبێتە هەڵبڕینی دروشمێکی سیاسی بۆ بەرێکردنی قۆناغێکی دیاریکراو کە هیواداریین مەسەلەکە بەوجۆرە نەبێت و تێگەیشتن لە ئەرکەکانی قۆناغەکە و هەست بە لێپرسراوێتی نیشتیمانی و ئەخلاقی و پەیبردن بە گرنگی ئەم پرسە، بۆ ئەمرۆی هەرێمی کوردستان و ئەزموونی حوکمڕانی لە پشتیەوە بێت.

کێشەی دابەشبوونی هەرێمی کوردستانیش لە پەیوەندی بە پرسی بەدامەزراوەییکردنەوە جۆراوجۆرە، دەبێت لە زیاد لە ئاست و گۆشەنیگایەکەوە سەیری مەسەلەکە بکەین و لێکدانەوەی بۆ بکەین.

مانەوەی حوکمی دەڤەر لەلایەن حیزبێکی دیاریکراوەوە جیاوازە لە بەدەستەوەگرتنی حوکمی پارێزگایەک یاخود دەڤەرێک لەڕێی میکانیزمە دیموکراسی و یاساییەکان بەوجۆرەی باسکرا.

لە دۆخی دوو دەڤەریدا یاسا لەو سنوورەدا و بەو جۆرە پیادە دەکرێت کە بەرژەوەندی حیزبی دەسەڵاتدار و تەنانەت هەندێ جار هەندێ بەرپرس و باندی ناو حیزب دەیانەوێت و دەخوازن، هێندەی میزاجی بەرپرسەکان و پێداویستییەکانی ململانێی حیزبی ئاراستەی دامودەزگاکان دەکات، بەو جۆرە یاساکان کاری خۆیان ناکەن. ئۆرگانە بەرواڵەت حکومییەکان، گەرچی بەرواڵەت لەلایەن دەزگا و ناوەندە حکومییەکانەوە ئاراستە دەکرێن و بەڕێوەدەبرێن، بەڵام لەڕاستیدا دەسەڵاتداری راستەقینە بەسەریانەوە ئۆرگان و بەرپرسە حیزبییەکانن. ئاستی دڵسۆزیش بۆ حیزب و هەندێ جاریش بۆ باند و دەستە بەرژەوەندیخوازەکانی ناو حیزب، پێوەری بنەڕەتی ئەرک و لێپرسراوێتی پێسپاردن و لێپرسینەوە و بەرزکردنەوە و سزادانە. ئەمە شتێک نییە پێویستی بە بەڵگەهێنانەوە هەبێت و رۆژانە لەگەڵیدا دەژین و هەست بە رەنگدانەوە ئازاردەرەکانی دەکەین.

واقیعێکی لەم جۆرەش بەرهەمی سروشتی بە حیزبیکردنی دامودەزگا فەرمییەکان و نەهێشتنی هیچ مەودایەکی راستەقینەیە لە نێوانیاندا، ئاخر خزمەتکردن لە دەزگایەکی فەرمیی حکومەتدا بۆ نموونە ئاسایش، پێویستی بە تەزکیەی حیزبی بێت و بۆ ئەندامانی حیزبێکی دیاریکراو پاوان کرابێت و هاووڵاتیانی دیکە مافی ئەوەیان نەبێت خزمەتی تێدا بکەن، چ جیاوازییەکی راستەقینەی لەگەڵ دەزگایەکی حیزبیی ئاساییدا هەیە؟

بەدڵنیاییەوە لە سایەی دۆخ و هەلومەرجێکی لەو شێوەیەدا، کارێکی لەوجۆرە ناواقیعییە، چونکە دەزگاکە بە حوکمی پاوانکردنە حیزبیەکە دەبێتە لایەنگر و بە لایەنگربوونیش بۆ هێزێکی سیاسی دیاریکراو لە نیشتمانیبوون و حکومیبوونی راستەقینە دەکەوێ و دەبێتە نانیشتمانی و بەناو حکومی و فەرمی، چونکە ئەگەر یەکێ لە رەنگدانەوەو دەرکەوتەکانی حوکمی دامەزراوەکان و بە دامەزراوەییبوون وەلانانی میزاجی بەرپرس و گواستنەوەی دەسەڵات بێت لە کەسەکانەوە بۆ دامەزراوەکان لەڕێی دەستوور و یاسا و رێسا پەیڕەوکراوەکانەوە، ئەوا دۆخی دوو دەڤەری و هەژموونی حیزبی بەسەر دامودەزگاکانی حکومەت و شەرکردن لەسەر ئاستی بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی سەرەتاییش، لەجەوهەردا ناکۆکییەکی راستەقینەی لەگەڵ ئەم فۆرمە پێشکەوتوو و تەندروستەی حوکمڕانیکردن هەیە. حوکمی دامەزراوەیی چوارچێوەکانی دەوڵەتی نوێی دەوێت. دەوڵەتی نوێش بەوە دەناسرێتەوە کە دەستوورێکی مەدەنی هەیە و یەک دەسەڵاتی فەرمی هەیە، واتە فرەدەسەڵاتی قبوڵ ناکات، گەرچی لە فۆرمە گەشەکردووەکەیدا دابەشکردنی دەسەڵات و حوکمی لامەرکەزی لە هەرە سیما پرشنگدارەکانیەتی. بەڵام فرەدەسەڵاتی جیاوازە لە دابەشکردنی دەسەڵات. یەکێک لە دەرکەوتە خراپەکانی دابەشبوونی هەرێمی کوردستان و حوکمڕانی حیزبیی دەڤەرەکانیش کە تاوەکو ئێستاش لە پاشماوەکانی رزگارمان نەبووە، شێواندنی ناوەڕۆکی فرەیی سیاسی و گۆڕانی بوو بۆ فرەدەسەڵاتی.

فرەدەسەڵاتیش سیمایەکی دیاری دەوڵەتە شکستخواردووەکان و کۆمەڵگا دواکەوتووەکانە کە هاوڕایە لەگەڵ ئابووریی حیزبی و میلیشیاگەری و نانیشتمانیبوونی دەزگاکان و لاوازیی کوشندەی دامودەزگا ناوەندییەکانی دەوڵەت. گەر بە وردیش سەرنج بدەین و لەگەڵ خۆماندا راستگۆ بین، تاوەکو ئێستاش لە کوردستاندا فرەدەسەڵاتی کۆتایی نەهاتووە و بوونی رووپۆشی ئەنجوومەنی وەزیرانێکی یەکگرتووش لە توانایدا نییە ئەو واقیعە بشارێتەوە. هەر ئەمەش وایکردووە ئاسایش و پۆلیس لە سنوورێکی دیاریکراودا نەبێت، بەتایبەتیش لەکاتی روودانی تاوانە سیاسییەکاندا رەمزی یاسا و حکومەت نەمێنن، ئەگەر نەشبن بە ئامرازی دەستی حیزبی دەسەڵاتدار بۆ سزادانی سیاسی، یاخود پەردەپۆشکردنی تاوانەکانی، ئەوا وەک تەماشاکەری رووداوەکان دەمێننەوە و رووداوەکانیش بەناوی بکەرنادیارە تۆمار دەکرێن! بۆیە پێش ئەوەی باسی بەدامەزراوەییکردن بکەین، یاخود هاوکات لەگەڵ ئەودا، دەبێت نەخشەڕێگا و خشتەبەندی و کۆمەڵێ میکانیزمی راستەقینە و ئیرادەیەکی سیاسی راستگۆمان هەبێت بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی دابەشبوونی هەرێمی کوردستان و حوکمی دەڤەر و ناوچەی حیزبیی پاوانکراو.



کاوە ئەمین

# نەوت و سەربەخۆیی

دەیان ساڵە، هێندەی ئەم چەند ساڵەی دوایی بەگشتی و بەتایبەتیش ئەم هەفتانەی دوایی، میدیا جیهانییەکان بە بایەخەوە باسی کوردیان نەکردووە. ئاخر جاران وەکو گەلێکی چەوساوە، پرسی کوردیشیان وەکو کێشەیەکی ئینسانی و شایەنی بەزەیی تەماشا دەکرد، هەرکاتێکیش تورکیا چاوی سووربکردایەتەوە، یان ئێران و عێراق باسی نەوتیان بهێنایەتە گۆڕێ، ئیدی ئەوانیش دەچوونەوە قاپڵوخەکەی خۆیان و لە درزی پەنجەکانیانەوە شەرمنانە تەماشای کۆکوژیی کوردیان دەکرد، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین کورد و کوردستان و ئاڵاکەی بە بایەخەوە لێی دەڕوانرێت، ئیدی بۆنی نەوتی کوردستان جیهانی تەنیوە و کوردیش وەکو گەمەکەرێکی باش هاتووەتە ناو گۆڕەپانە سیاسی و ئابوورییەکانی جیهانەوە.

ئەگەرچی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان لایەنە پۆزەتیڤەکانی زۆریش بن، بەڵام هەندێک لایەنی نەگەتیڤیش لەخۆدەگرن، ئەگەر سیاسییە کوردەکان لەسەر ئەم ریتمەی ئێستا گەمە بکەن. لایەنی پۆزەتیڤی ئەوەیە کە بەشێکی باشووری کوردستان دەتوانێت بناغەی ئابوورییەکی سەربەخۆ و پتەو دابرێژێت کە دواجار ئەم هەرێمە بەرەو سەربەخۆیی دەبات، یان هەر هیچ نەبێت دەوڵەتی عێراق ناچار دەکات لە چوارچێوەی فیدراڵیدا بەشێکی زۆری مافەکانی ئەوەی ناومان ناوە هەرێمی کوردستان، ددان پێدا بنێت. ئەوەش لەبەر خاتری چاوی کورد نا، بەڵکو لەبەرخاتری مەترسیی جیابوونەوە. بەڵام بەدیوەکەی دیکەدا مەترسی ئەوە هەیە کە کەرکوک بەتەواوەتی لە دەست بچێت، ئێستا کەرکوک لە هیچ هاوکێشەیەکی سیاسەتی ئابووری و سیاسی هەرێمی کوردستاندا خۆی نابینێتەوە، تەنانەت هەوڵی پێکهێنانی لیستێکی هاوبەشیش بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق شکستی هێنا.

زۆر لە چاودێرە بیانییەکان و میدیاکارە ئەوروپی و ئەمریکییەکان هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بە هەنگاوێک بەرەو سەربەخۆیی کوردستان و خەونی بە دەوڵەتبوونی کوردەوە دەبەستنەوە. دەتوانین بڵێین ئێمەی کورد لە دەرەوەی بازنەی نەتەوە و بەدەوڵەتبووندا هێشتراوینەوە و بووین بە قوربانیی چاوچنۆکی و بەرژەوەندخوازیی دەوڵەتە بەهێزەکان کە پەیوەندیەکانیان لەسەر بنەمای ئابووری گرێداوە. ئەگەر نەوت نەبووایە ئەوا بە دڵنیاییەوە رۆژئاوا و بە تایبەتی ئەمریکا هێندە مەیلی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشان نەدەدا. باشترین نموونەش بۆ ئەمە ئەفریقایە کە لەلایەن رۆژئاواوە ئەو گرنگییەی پێنەدراوە و نادرێت. ئێستا کە هاوکێشەکان پێچەوانە بوونەتەوە و کوردیش وەکو نەتەوەیەک حسابی بۆ دەکرێت و لە هەموو ئەگەر و رووداوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ژمارەیە، نابێت نەتەوەی کورد لە هیچ لایەن و هێزێکی قبوڵ بکات کە ئەم فرستە لەدەست بدات، بەتایبەتی گۆڕانکارییەکانی سووریا و عێراق ناکرێت بکرێنە قوربانی بەرژەوەندیی حیزبی، بەڵکو دەبێت کورد هەموو بەرەو یەک ئاراستە برۆن، ئەویش نەتەوەییبوونە، دیارە ئەمە بەو مانایە نا کە رەنگەکان بسڕینەوە و خۆمان لە قاڵب بدەین، چونکە نەتەوە و دەوڵەت ئەگەر لەسەر بنەمای دیموکراسی و مرۆڤایەتی بنیات نەنرێ، دواجار هەرەس دێنێت، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تژییە لە نموونەی دیرۆکی و سەردەمیانە، بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لەم رووەوە پێشەنگن.

ئێستا کورد هەنگاوی یەکەم بەرەو دەوڵەتبوون دەنێت، دەبێت لە ئێستاوە بیر لەوە بکرێتەوە کە هەموو کورد ئەو دەوڵەتە بەهی خۆیان بزانن، ئەوەش کاتێک دەکرێت کە یەکسانی و ئاسوودەیی کۆمەڵایەتی بەدی بێت، دەبێت داهاتی نەوت بەجۆرێک بەکاربهێنرێت کە هەموو تاکێکی کورد بەهی خۆی بزانێت، نەک وەکو ئەو خوێندکارە کوردەی زانکۆ کە لەم رۆژانەدا لە وەڵامی هەناردەکردنی نەوت بە هەموو عەقڵێکییەوە زۆر سادە و ساکارانە دەیگوت جا بە من چی؟ بۆ نموونە هەموو دنیا ناتوانێت نەتەوەی سوێدی وەکو نەتەوە تێکبدات، چونکە بەڕاستی ئەوان (نەتەوە)یان دروستکردووە، بەڵام ئەو نەتەوەیەی کە لە تورکیا و ئێران زیاتر لە 100 ساڵە بنیاتیان ناوە، چونکە لەسەر بنەمای توانەوەی ئەوی دیکە بنیاتنراوە نەک هەر سەری نەگرتووە، بەڵکو هەر رۆژێک بێت بەتەواوەتی دادەڕمێت و نەتەوە چەوساوەکان سەرلەنوێ دەبووژێنەوە، کەواتە دیموکراسی و ئازادی و یەکسانی ئەو سێکوچکەیەن کە نەتەوە دەتوانێت خۆی لەسەر بنیات بنێت و کەس نەتوانێت بیهەژێنێ.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بنەمایانەی باسمکردن و ئەو هەلومەرجەی ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێدا تێدەپەڕێت، باشووری کوردستان بەرەو ئاقارێک هەنگاو دەنێت کە هەموو کورد چاوی تێبڕیوە، بۆیە دەبێت سیاسییەکانی باشووری کوردستان بێ چەندوچۆن مافەکانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لەبەرچاو بگرن و لە زلهێز و وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان بگەیەنن کە ئەگەر دەمانەوێت هەموو وەکو یەک کێکەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەش بکەین، دەبێت سەرلەنوێ چاو بەو دیوارە خوار و خێچەی کە نەتەوەیان لەسەر بنیاتناوە بخشێننەوە و کوردیش دەبێت بە یەکسانی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. نابێت یەک بست زەوی کوردستان سازشی لەسەر بکرێت جا نەوتی تێدابێت یان بورکانی لەسەر بێت.

پرۆفیسۆر رافائیل ئۆتز لە وتارێکیدا هەرێمی کوردستانی، کە ئەو بە هەرێمەکەی بارزانی ناوی بردووە، بە بەچکە پڵنگێک شوبهاندووە لە چیاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەکو دەستەواژەیەک و بەراوردکردن بۆ پێشکەوتنە خێراکانی رۆژهەڵاتی ئاسیا کە بەخێرایی قۆناغەکانیان بڕی و ناویان لێناوە پڵنگەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیا. مادام وایە، دەبێت هەموو کورد هاوکار بن لە بەهێزکردنی بازووەکانی ئەم پڵنگە خۆماڵییەی کە دەتوانێت لە داهاتوودا لە هەموو مەترسییەک بمانپارێزێت، دەنا ئەگەر خۆمان نەکەینە خاوەنی دوور نییە چەقەڵ و گورگەکانی دەڤەرەکە بەهەموویان ماندووی بکەن و بەرەو لەناوچوونی بەرن.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# چەند دیوێکی شاراوەی شەڕی نێوان گویلەن و ئەردۆغان

**یەکەم: پارەی نەوتی کوردستان**

یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی ئەو شەڕە قورسەی کە ئێستا لە نێوان جەماعەتی فەتحوڵا گویلەن و حکومەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە ئارادایە، دەستگیرکردنی بەڕێوەبەری گشتی (هاڵک بانک)ی تورکیایە و هاوکات لەو ئۆپەراسیۆنەی کە ڕۆژی 17ی مانگ لە تورکیا ئەنجامدرا، لەناو ماڵی بەڕێوەبەری گشتیی بانکەکە و لەناو کارتۆنی بەتاڵی پێڵاودا مەبلەغی 4 ملیۆن و 500 هەزار دۆلاری کاش دەستی بەسەردا گیراوە! ئەمە وایکردووە کە بانکەکە بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوەوە، ئەوەش ڕێک دوای ئەوە دێت کە ڕۆژی 13ی ئەم مانگە، واتا 4 ڕۆژ دوای هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بۆ تورکیا ڕوویدا. تا ئێرە ئاساییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بزانرێت کە بەپێی ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی کوردستان و تورکیا دواکراوە کە پارەی فرۆشی نەوتی کوردستان لە بانکێکی گشتیی تورکیادا بخرێتە سەر چەند حیسابێکی بانکی و (هاڵک بانک)ی تورکیش ئەو بانکە بووە کە بەپێی ئەزموونی لەو بوارەدا ناوی لەسەر مێزی دانوستاندنەکانی نێوان ئەنکەرە و هەولێر بووە. (هاڵک بانک) تاکە بانکی دەوڵەتیی تورکیایە لە ساڵانی ڕابردوودا پابەندی ئەو ئابڵوقە ئابوورییانە نەبووە کە خراونەتە سەر ئێران و مامەڵەی لەگەڵدا کردووە.

دوای بڵاوبوونەوەی ئەوەی کە لایەنی کورد و تورک لەسەر ئەو حیسابە تایبەتییەی (هاڵک بانک) ڕێککەوتوون، فۆندی بوژاندنەوەی عێراق (Development Fund for Iraq) کە لە 2003ەوە تەسەڕوف بە پارەی نەوتی فرۆشراوی عێراق دەکات، ناڕەزایەتی دەربڕی، چونکە ئەم دامەزراوەیە 5%ی تێکڕای فرۆشی نەوتی عێراق وەک قەرەبووی جەنگی 1991 دەداتە کوێت و لایەنە زیانلێکەوتووەکان. وەک زانراوە بەپێی گرێبەستی نێوان حکومەتی کوردستان و تورکیا، ئەم 5% ە دیسان وەک قەرەبوو هەر دەدرێتەوە، بەڵام ئەمجارە فۆندەکە نایداتەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ (هاڵک بانک)ی تورکی ئەم کارەی دەکرد و ئەوەش ناڕەزایەتی توندی ئەمریکای لێکەوتەوە و گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوە هاتە سەر خەت. لەم پرۆسەیەی ئێستادا ئەردۆغان بەرگرییەکی سەرسەختانە لە (هاڵک بانک) و دەستکەوتەکانی بانکەکە دەکات.

**دووەم: دانوستاندنەکانی ئۆسلۆ**

دوای ئاشکرابوونی کاسێتی دانیشتنەکانی ئۆسلۆی نێوان PKK و دەزگای هەواڵگریی تورکیا MIT بە سەرۆکایەتی هاکان فیدان، پیاوی ژمارە یەکی ئەردۆغان، سەرەتاکانی شەڕی نێوان جەماعەت و حکومەت بەدیار کەوت. لە شوباتی 2012 داواکاری گشتی داوای لە فیدان کرد لەبەردەمی دادگا ئامادە بێت، بەڵام ئەردۆغان سینەی خۆی بۆ کردە قەڵغان و ڕێگەی بەو کارە نەدا و بە پێچەوانەوە ڕایگەیاند کە دانوستاندنەکان لەگەڵ PKK بەردەوام دەبن. ئەردۆغان ئەو کاتە و ئێستاش دڵنیا بوو لەوەی جەماعەتی فەتحوڵا گویلەن کە دژی دامودەزگای MITن، ئەو و حکومەتەکەیان کردووەتە ئامانج. چونکە ئەردۆغان دەزگای میت وەکو دەزگایەکی حکومەتەکەی خۆی بۆ چاودێریی توند و تەسفیەکردنی جەماعەتی فەتحوڵا گویلەن بەکاردێنێت.

**سێیەم: دۆسیەی KCK**

دۆسیەی پەیوەست بە KCK و دەستگیرکراوانی ئەو کەیسە هێشتا لە تورکیا جێگەی گومانە و دووبارە وەک بەشێک لە ململانێی نێوان گویلەن و ئەردۆغان لێی دەڕوانرێ. بە واتایەکی دیکە ئەردۆغان دەستگیرکردنی ئەو هەموو چالاکڤانە کوردە لە زنجیرە ئۆپەراسیۆنێکدا کە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش ئەنجامیاندا، بە پیلانێک لە دژی خۆی و پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا لێکدایەوە. چونکە دوای ئەوە ئیتر پرۆسەی ئاشتی لەگیانەڵادا بوو.

**شەڕەکە لەسەر چییە؟**

شەڕەکە گەیشتووەتە لووتکە و قەت لە دوو دەیەی ڕابردوودا بەو توندییە ئەردۆغان و گویلەن بەرەوڕووی یەکتر نەبوونەتەوە. کێشە داخستنی (دەرسخانە) کانی سەر بە بزووتنەوەی گویلەن نییە لە تورکیا، چونکە گویلەن خاوەنی 20 زانکۆ و سەدان کۆلێژ و قوتابخانەی تایبەتە لە ناوەوە و دەرەوەی تورکیا. گویلەن و جەماعەتەکەی لە 2004ەوە تا 2010 بێوچان پشتیوانییان لە ئەردۆغان کردووە و دەیانەوێ قسەیان بەسەر حکومەتەوە هەبێت، بەڵام ئەردۆغان ئەو شەراکەتە قەبووڵ ناکات و نایەوێ دەوڵەتی تورکیا لەژێر هیچ جۆرە ئینتیدابێکدا بێت. گویلەن و ئەردۆغان بەیەکەوە تورکیایان لەژێر ئینتیدابی عەسکەر دەرهێنا، بەڵام ئێستا ئەردۆغان دەیەوێ تورکیا لەژێر ئینتیدابی جەماعەتی فەتحوڵا گویلەنیش دەربێنێت.

ئەوەی ئێستا ئەردۆغان دەیکات، ڕیسکێکی گەورەیە، ئەو دەیەوێ لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان و هاوکات لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار لە 2014 خۆی بەبێ گویلەن تاقیبکاتەوە. ئەگەر ئەردۆغان ئەمجارەش بتوانێ سەربکەوێ، یەکێک لە گەورەترین بەربەستەکانی بەردەمی خۆی بۆ 10 ساڵی داهاتوو لادەبات.



پێشەواز فەیزوڵڵا

# پەتای موسڵمانبوون

ماوەیەکە ناوەندە میدیاییەکانی کوردستان هەواڵی موسڵمانبوونی کەسانی تاک و تەرا بڵاودەکەنەوە. لێرەدا هەوڵدەدەم مەغزاکانی ئالوودەبوون بە هەواڵی لەو جۆرە لەڕووی ڕۆژنامەوانی و سایکۆلۆجیای دەستەجەمعییەوە هەڵبسەنگێنم.

یەکێک لە پێگە سەرەکییەکانی هەواڵ بریتییە لە وەڵامی پرسیاری: ئایا ئەم هەواڵە بۆچی گرنگە؟ هەواڵی موسڵمانبوونی کچێکی نەرویجی، یان بەریتانی، یاخود دەرهێنەرێکی هۆڵەندی و فلان و فیسار چ بەهایەکیان هەیە وەکو هەواڵ؟

ئەگەر ئەو کچە نەرویجییە (یان بەریتانییە) یەکەم کچ بێت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بووبێت بە موسڵمان، ئەوا هەواڵەکە بەهای هەیە. ئەگەر ئەو کچە یەکەم کچە لەکاتی شووکردنی بە کوڕێکی کورد (یان زەماوەندی کوڕێکی ناموسڵمان لەگەڵ کچێکی موسڵمان) هاتبێتە سەر ئاینی ئیسلام، ئەوا هەواڵەکە گرنگە و دەهێنێت ئاگاداری بین.

بەڵام چەندین ناموسڵمان دەبن بە موسڵمان و چەندین موسڵمانیش واز لە ئاینەکەیان دەهێنن و دەبنە بێ ئاین یان دەچنە سەر ئاینی دیکە. ئاخۆ ئەم ئالوودەبوونەی میدیای کوردی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئەم کچ و کوڕە تازە موسڵمانبووانە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

ئایا موسڵمانبوون لەم سەردەمەدا جێگەی ناسنامەی نەتەوایەتی گرتووەتەوە؟ واتە موسڵمانبوون لە کوردبوون لە پێشترە؟ ئەگەر ئەم گۆڕانە بەو جۆرە و بەو قووڵییە ڕوویدابێت، پێویستە توێژینەوەی جددی و قسەی زۆری لەسەر بکرێت. گۆڕانێکی لەو جۆرە لەڕووی ناسنامەوە لە نەتەوەوە بۆ ئاین مەغزای زۆر قووڵی هەیە و کاردانەوەی گەورەی دەبێت لەسەر پرسی نەتەوەیی کورد و ناسنامەی کوردبوون لە کوردستان و لە دنیادا.

هاووڵاتیانی کوردستان چەندین سەدەیە ئاینی ئیسلام پێڕەودەکەن، بەڵام هەمیشە ئاین ناسنامەیەکی لاوەکی بووە و ناسنامەی نەتەوایەتی گەورەتر و دیارتربووە. بەڵام لە دوو دەیەی ڕابردوودا دوو گۆڕانکاری گەورە ڕوویاندا: هەڵکشانی ئیسلامی سیاسی و کۆچی بەرفراوانی کورد بۆ تاراوگە و جێگیربوونی خێزانەکان لە وڵاتانی خۆرئاوا. ئەوەی یەکەمیان ئاشکرایە، بەڵام پێویستە قسە لەسەر ئەوەی دووەمیان بکەین.

مەیلی بەناسنامەکردنی ئیسلام بەتەنها مەیلێکی کوردی نییە، بەڵکو زۆربەی نەتەوە موسڵمانەکانی دیکەش دەگرێتەوە. لەبەر زیادبوونی ژمارەی کۆچبەرانی موسڵمان بۆ وڵاتانی ناموسڵمان لە 20 ساڵی ڕابردوودا و لە ئەنجامی سیاسەتە شکستخواردووەکانی ئەورووپا بەرامبەر بە کۆچبەران کە بە سیاسەتی فرەکەلتوری (multiculturalism) ناسراوە، ئەمانە وایانکردووە کۆچبەرە نوێیەکان لە ناوەندی تایبەتی نیشتەجێبووندا کۆببنەوە و تێکەڵ بە کەلتور و سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتە پەنابۆبراوەکان نەبن و لە زۆربەی وڵاتان، کۆچبەرە موسڵمانەکان لە دەوری یەکتر کۆببنەوە. تاقە ناسنامەیەکیش کە پێکەوەیان ببەستێت ئاینی ئیسلامە.

بەناسنامەکردنی ئیسلام لە ئەنجامی لاوازیی ئەو گرووپە نەتەوەییانەوە سەرچاوەی گرتووە کە نە توانای تێکەڵبوونیان هەیە بە کەلتوری وڵاتی دووەم، نە ئەو وڵاتانەش چیتر قبوڵیان دەکەن. ئەمەش وایکردووە کاردانەوەیەکی سایکۆلۆجی-کۆمەڵایەتی دروستبکات و لە دەوری یەکتر کۆببنەوە و گرووپی ئاینی پێکبهێنن. نموونەی مزگەوت وەک ناوەندی کۆمەڵایەتیی سیاسی ئاماژەیەکی دیار و سەرەکی ئەو کۆچبەرانەیە لە وڵاتانی خۆرئاوا. بەهێزبوونی ناسنامەی موسڵمانبوونیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی کەلتوری وڵاتانی پەنابۆبراو (کە زۆرینەیان هەڵگری کەلتور و ئاینی مەسیحین) وایکردووە کوردیش وەک ئەوان زیاتر موسڵماناوی ببێت (ئەم زاراوەیە دارشتەی خۆمە و وەسفێکە بۆ مەیلی پابەندبوون بە ئیسلامەوە لەودیو مەرامەکانی باوەڕەوە).

ئەم مەیلە دەروونییە جارێکی دیکە گواستراوەتەوە بۆ کوردستان و ئاوێتەی کاریگەریی ئیسلامی سیاسی بووە. بێتوانایی میدیاکاران لە بێلایەنبوونیان لە ئاین و تەرزە سیاسییەکان و لەئەنجامی هەڵەی ستراتیژی ئەو پارتانەی کە سەر بە ئیسلامی سیاسیش نین و وادەزانن بە زیادڕۆیی لە پێشاندانی ئیسلامبوونی خۆیان دەتوانن بەرەی خاوەندارێتی ئیسلام لەژێر پێی هێزە ئیسلامییەکان دەربهێنن، ئەم مەیلە زیاتر بەهێز بووە.

عادل باخەوان، توێژەر لە بواری ئیسلامیزمدا بە وردی زاڵبوونی بیری ئیسلامی بەسەر هزری کۆمەڵایەتیدا دەستنیشانکردووە کاتێک دەڵێت پارتە ئیسلامییەکان سەرکەتوو نەبوون لە گرتنەدەستی دەسەڵات، بەڵام سەرکەوتووبوون لە بە ئیسلامیکردنی کۆمەڵ.

ئەوەی جێگەی سەرنج و مەترسییە، ئەوەیە کە تاکی کورد هەموو دەستکەوت و هەستکردنێکی بەبوون و بەهای خۆی کورتبکاتەوە بۆ بەئیسلامبوونی کەسانی بێگانە. ئەم بچوکبوونەوەیەی ناسنامە و کورتکردنەوەی بۆ دیاردەی بچووک و هەندێک جار بێبەها، وایکردووە تاکی کورد پەنا بۆ هەموو شتێک بەرێت لەپێناوی هەستکردن بە بەها و گرنگیدان بە پێگەی خۆی.

هەواڵی بە موسڵمانبوونی کەسانی نەناسراو، بڕواهێنان بە درۆی شاخداری وەک دۆزینەوەی تیۆری زانستی کە تێکڕای فیزیا دەگۆڕێت، ئالوودەبوون بە گۆرانبێژێک کە دەبێتە ڕزگارکەری میللەتی کورد و.. هتد.

ئەم دیاردەیە ڕوو لە زیادبوونە و مەترسی گەورەی هەیە لەسەر ناسنامەی نەتەوە و تاکی کورد.



قەرەنی قادری

# خۆپیشاندانی ئەلیکترۆنی

لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیکدا، خۆپیشاندان مافی هاووڵاتیانە، چونکە یەکێکە لەو ڕێگایانە کە هاووڵاتیان لە فۆرمی گرووپدا خۆ ڕێکدەخەن و بیروڕا و داخوازییەکانیان، جا بە لایەنگری یان بە دژی پرسێک بێت، بە شێوازی دەربڕین، نووسینی دروشم، وتاربێژی و نیشاندانی وێنە لە شوێنە گشتییەکاندا ڕادەگەیەنن. ئەمەش دەکرێت بە ڕێگەی ڕۆیشتن، دانیشتن، ڕاوەستان، خۆبەستنەوە، بێدەنگبوون، مانگرتن یان بە ڕێگەی کۆمەڵە کردارێکی دیکە بەڕێوەبچێت. خۆپیشاندان، بەشێکە لە مافی مرۆڤ و دیموکراسی.

بەڵام ئینترنێت و کارتێکەرییەکانی لەسەر ڕاگەیاندن، هزر و فکری هاووڵاتیان، ئاڵوگۆڕ و شێوەی دیکەی لەو چەمکەدا هێناوەتە کایەوە و چەشنێکی دیکەی لە دەربڕین و خۆپیشاندان وەڕێخستووە.

منداڵە سەربزێو و بەدفەڕەکەی ئینتەرنێت واتە فەیسبووک بە (زیاتر لە ملیارێک و 100 ملیۆن ئەندام)، ئەو دەرفەتەی بۆ تاک و گرووپی ڕەنگاوڕەنگ ڕەخساندووە کە بیروڕاکانیان دەربڕن، بەبێ ئەوەی کەس بەریان پێ بگرێت.

ئەوانەی کە دەستیان بە کەرەسە ڕەسمییەکان ڕاناگات، یان ڕێگەیان پێ نادرێت دەنگ و ویستیان لەوێدا بڵاو ببێتەوە، ئینتەرنێت ئەو دەرفەتەی بۆ تاک چێ کردووە تا خۆی پێشان بدات و ویست و داخوازییەکانی لەوێدا بڵاوبکاتەوە. گەرچی لەو کەرەسانەدا سانسۆر بۆ تاک بوونی نییە و زەحمەتە، بەڵام خۆشاردنەوە و نووسین بە ناوی خوازراوەوە، زۆر ئاسانە.

چەند کەس یان گرووپێک لە فەیسبووکدا، ماڵێک چێدەکەن و داخوازی یان ناڕەزایەتی دەردەبڕن. ئەمە شێوەیەکی نوێیە لە خۆپیشاندان کە دەچێتە خانەی خۆپیشاندانی ئەلیکترۆنییەوە.

ئەم دۆخە کارێکی وای کردووە کە دەستپێڕاگەیشتنی هاووڵاتیان بە ئینتەرنێت، ببێتە بەشێکی گرینگ لە ئازادیی ڕادەربڕین و نووسین. بەڵام دەوڵەتانی دیکتاتۆر و دژ بە ئازادیی دەربڕین، بە پێچەوانەوە، لەشکرێکیان لە ژنان و پیاوانی نەدیتراو و نەناسراو ڕێکخستووە کە کاریان شێواندن، سڕینەوەی ماڵپەڕ و وێبلاگی نەیارانیانە لە ئینتەرنێتدا.

لەمێژە ئینتەرنێت سنووری نەتەوەیی بەزاندووە و ئیدی سنوورەکان، مانا کلاسیکییەکەی خۆیان لەدەست داوە و، بە چەک و تەقەمەنییەوەش ناکرێت بەرەنگاری کەشوهەوای ئەلیکترۆنی ببنەوە. سنوورەکان لەرزۆک بوونە، داخوازییەکانیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە هەڵکشاندان.

بەپێچەوانەی ئەزموونی بیست سی ساڵ بەر لە ئێستا، خۆپیشاندان لە ئینتەرنێت، نە پێویستی بە ئیزنوەرگرتن هەیە و نە دراویشی گەرەکە، تەنیا کاتی دەوێت، هەروەها لە هێڵی سەرەکیدا، پۆلیسیش دەستی پێ ڕاناگات و ناتوانێ کۆنترۆڵی بکات و دەستی بەسەردا بگرێت. کارتێکەریی ئەو دەربڕین و خۆپیشاندانە ئەلیکترۆنیانەش پەیوەندییان بەوەوە هەیە کە بەکارهێنەرانی چەندە شیاو، وشیار و لێزانن.

تاک دەرفەتی بۆ ڕەخساوە، تا ڕاهێنانی تاکێتیی خۆی لەو جیهانە بێسنوورەدا بکات و بڕوابەخۆبوونیش لە تاکدا بەهێز بکات. ئینتەرنێتیش ئەوەی سەلماند کە دەبێ کۆمەڵگە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی تاک ڕێکبخرێت، تاکو گەشەی پێویست بکات. ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی، هێز و دەسەڵاتی هەیە. بەشێکیش لەو دەسەڵاتە، بۆ تاکی کۆمەڵگە گوازراوەتەوە. لەبەر ئەوە، لە جیهانی ئەمڕۆدا بیروڕای گشتی بووەتە بەشێک لە سیاسەت.



عەبدولسەلام مەدەنی
almedeni@yahoo.com

# لەبارەی حوکمڕانی و کارگێڕی حکومەتی دریم تیم

نازانم ئەگەر هەلێکی زێڕینتر لەمەی ئێستا هەرێمی کوردستانی پێدا دەڕوات هەبووبێ. بێگومان هەندێ ساتەوەختی مێژوویی هەبووە کە کورد دەستکەوتێک یان زیاتر لە دەستکەوتێکیان بەدەستهێناوە، بەڵام ئەوەی کە هەموو فاکتەرە جۆراوجۆرەکان و بزوێنەرە نێوخۆیی و دەرەکییەکان و هەلومەرجە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکان کۆببنەوەو بەیەک ئاراستە بڕۆن و وابکەن قیبلەنمای ڕووداوەکان بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان بسووڕێ، ئەمە ڕووینەداوە، لانیکەم لەمێژووی هاوچەرخدا.

ئەگەر ناونیشانی دیار و زەقت دەوێ بۆ زێڕینیی ئەم قۆناغە، ئەوا بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت، بەشداریکردن لە پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان، ڕۆڵی دیار و بەگوێرەی پێویست لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە دۆسیەی سووریا، ئەزموونی دیموکراسیی هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ باقی عێراق، هاوئاهەنگی نێودەوڵەتی لەگەڵ دۆخی بووژانەوە لە هەرێمی کوردستان، زیادبوونی وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی و..هتد، ناونیشانی دیارن بۆ خوێندنەوەی واقیعەکە بە ڕۆشنی و پێشبینیکردنی ڕۆڵی ئایندەیی ئەم هەرێمە و پێوەری ئاستی زێڕینیی ئەو هەلەی کوردستانی تێدا دەژی.

بەوەدا کە من لە بانگەشەکارانی حەتمیبوونی مێژوویی نیم و تێگەیشتنم بۆ دیالێکتیک (بڕیار)ەو بۆ ئاڵوگۆڕیش ئەوەیە کە حەتمی نییە، بەڵکو بەرهەمی خستنەکاری عەقڵ و بەگەڕخستنی تواناکان و ئاراستەکردنی ویستەکانە بۆئەوەی بەشێوەیەک کارلێک بکەن لەگەڵ فاکتەرە هەمەجۆرەکان و بزوێنەرە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بۆ بەدیهێنانی ئەوەی دەمانەوێ لە پلەیەکی دیارکراوی سەرکەوتندا، لەبەر هەموو ئەوانە، گرەوی هەرەگەورە لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردن دەبێت لەگەڵ ئەو هەلە مێژووییە لەم وەرچەرخانە مێژووییەدا. گرەوە گەورەکە ئەوەیە کە دەبێ ئێمە خۆمان بیکەین، حکومەت و گەل، تاکەکەس و داوودەزگا، دانیشتووانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و ئەوانەی دەرەوە جا ڕەنگی ئینتیما یان ئاین و مەزهەبمان هەرچییەک بێت، هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان دەبێ بەشداری بکەن و تەنیا تەماشاوان نەبن، بەتایبەتیش تەماشاوانێکی نێگەتیڤ.

هەر کۆمەڵەیەکی مرۆییش بۆئەوەی سەرکەوتوو بێت، پێویستە سێ فاکتەری تێدا کۆببووبێتەوە (سەرکردایەتی- شوێنکەوتوو- هەلومەرج). سێ پایە کە بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن پێویستن. بۆ سەرکەوتنی کۆمەڵەیەکی مرۆیی تەنیا ئەوە بەس نییە کە سەرکردایەتییەک (جا تاکەکەس بێت یان تیمێک یاخود دامەزراوەیەک بۆ سەرکردایەتی) هەبێت و هەموو خەسڵەتەکانی تێدابێت، بەڵام شوێنکەوتوو نەگونجاو و لە ئاستی قۆناغەکە نەبن و هەلومەرجێکیش کە هاوکار نەبێت. هەروەک چۆن ئەوەش بەس نییە کە شوێنکەوتووانی ئەو سەرکردایەتییە (گەل، فەرمانبەران، کارمەندان، لایەنگران و یان هەر گرووپێکی مرۆیی دیکە، ئامادەبن بۆ کارکردن و قوربانیدان، بەڵام بەبێ سەرکردایەتییەکی باش کە لە ئاستی قۆناغ و هەلومەرجەکە بێت. بەهەمان پێوەر ئەگەر هەلومەرجەکە لەباربێت، بەڵام سەرکردەکان توانای سەرکردایەتییان نەبێ و شوێنکەوتووانیش لەو ئاستە نەبن، ئەوا سەرکەوتن بەنسیبی ئەو گرووپ، کۆمپانیا، ڕێکخراو، یان ئەو گەلە و یاخود هەر پێکهاتەیەکی دیکە نابێت. کەواتە ئەمە پرۆسەیەکی حەتمی نییە، بەڵکو بەرهەمی بڕیار و کارلێک و ئامادەیی و بەدەمەوەچوون و شتی دیکەیە.

ئەوەی لە دۆخی ئێستای کوردستاندا تێبینی دەکەین ئەوەیە کە بارودۆخی دەرەکی و ئامادەگیی کورد لە هاوکێشە نیشتمانی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکاندا بەشێوەیەک بەرچاوە کە پێشتر وێنەی نەبووە. کەواتە (هەلومەرج) لەبارە، هەرچی تایبەتە بە (شوێنکەوتوو)ش، لە چوارچێوە گشتییەکەیدا وادەردەکەوێ کە ڕەوشی نێوخۆ و ئامادەیی جەماوەر و هەروەها چالاکیی مەدەنی و میدیایی و بازرگانی و کارلێکی حیزبی- سەرەڕای هەندێ تێبینی لەسەر ئەدای حیزبی و دیموکراسیی حیزبەکان- لەکۆی گشتیدا جۆرێک لە پێگەیشتنی پێوەدیارە بە بەراورد بە قۆناغەکانی ڕابردوو، هەروەها بەراورد بە زۆر ئەزموونی دیکە لەناوچەکە. ئەمەش بەشێکی گرەوەکەیە و بەشە گەورەکەی ئەو گرەوە دەبێ حکومەتی نوێ بیکات. ئەوەش لەبەرئەوەی حکومەت هێشتا یاریزانە گەورەکەیە لە پرۆسەی (سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵ)دا. کۆمەڵی مەدەنی بەڵێ تائاستێک پێگەیشتووە، بەڵام تا ئەم ساتە ئامادە نییە بۆ گرتنەدەستی جڵەوی سەرکردایەتی. کەرتی قازانجخوازی تایبەتیش ناتوانێ ئەم ڕۆڵە بگێڕێ، کەواتە ئەوە حکومەتە کە قۆناغەکە بەڕێوەدەبات.

بەوەشدا کە حکومەت یاریزانە گەورەکەیە و جڵەوی سەرکردایەتی لەدەستە، دەبێ گرنگییەکی زۆر بەپێکهاتەی حکومەتی نوێ بدەین. دەبێ بەڕاستیش (دریم تیم- تیمی خەونەکان- حکومەتی خەونەکان و بەدیهێنەری خەونەکان) بێت. یەکێک لە سیما پۆزەتیڤەکانیشی ئەوەیە کە لەلایەن کەسایەتییەکەوە سەرۆکایەتی دەکرێ جێی ڕێز و متمانەی هەموانە چ لەدەرەوە و چ لە ناوەوەش.

هیواشم وایە حکومەتێکی تەکنۆکرات پێکبێت کە بەرنامەیەکی ڕوون و ئاشکرای هەبێ و بۆ جەماوەر مەعلوم بێت. پێویستە ئەو بەرنامە حکومییەش بۆ چوار ساڵی داهاتوو ڕەنگدەرەوەی پێداویستی و ئەولەویاتی جەماوەر بێت. پلانەکانی بۆ خەڵک ئاشکرا بن بۆئەوەی بتوانن چاودێریی جێبەجێکردنی بکەن و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە بڕیارەکانی و جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەیدا هاوبەش بن، بەهەمان شێوە ڕاگەیاندنیش. حکومەتێک بێت کە متمانە بۆ هاووڵاتی، بەخۆی و بە حکومەتەکەی و بەڕۆڵ و دۆزی خۆی بگێڕێتەوە.

گەشەکردن و بووژانەوە بەدی نایەت ئەگەر هاووڵاتی تێدا نەکرێتە هاوبەش. هاووڵاتیش هاوبەشێکی کارا نابێت ئەگەر متمانە بە حکومەت نەکات. ئەو متمانەیەش دروست نابێت تەنیا بە ڕێزگرتنی حکومەت لە هاووڵاتیەکانی نەبێت.

لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ هاندەرانی تیمی (ڕیال مەدرید)، تیمی بەرشەلۆنە بە یارییەکانی و سەرکەوتنەکانی و بەوەی کە (دریم تیم)ە، چێژێکی زۆری پێ بەخشیوین، بەرشەلۆنە ڕەنجێکی زۆر دەکێشێ و مەشقێکی زۆر دەکات بۆئەوەی یاری و هونەرێکی پرۆفێشناڵمان پێشکەش بکات، حکومەتیش ئاوایە و دەبێ ماندوو بێت بۆئەوەی ئەدایەکی باش پێشکەش بکات و هاووڵاتی شانازی بەوە بکات کە هاووڵاتی ئەم هەرێمەیە.



ڤلادیمیر ڤان ویلگنبێرخ
wladimir@rudaw.net

# قەیرانی تورکیا و پەیوەندی بە کوردەوە

دەوڵەتی تورکیا ئێستا لە قەیرانێکی گەورەدایە. قەیران و ململانێکە لەنێوان جووڵانەوەکەی گوتاربێژی ئیسلامی فەتحوڵڵا گیولەن کە لە ئەمریکا دادەنیشێت و یەکێکە لە پەیڕەوانی زانای ئیسلامیی کورد سەعید نورسی و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیادایە کە سەر بە پارتی داد و گەشەپێدان AKPیە، بەڵام ئەمە مانای چییە بۆ کورد؟

هەرچەندە زۆرکەس وا بیردەکەنەوە کە کورد لە تورکیا تەنیا پشتیوانی لە پارتی کرێکارانی کوردستان PKK دەکەن، بەڵام لەڕاستیدا دەنگی کورد لە تورکیا لەنێوان PKK و AKP دابەشبووە. جووڵانەوەکەی گیولەن گەیشتووەتە نێو کوردەکانیش و زۆر لەو کوردانە بوونەتە پەیڕەوکاری. ئەو جووڵانەوەیە کە جەختی زۆر لەسەر پەروەردە دەکاتەوە، لە هەموو شارەکانی کوردستانی تورکیادا قوتابخانەی هەن. هەروەها لە کوردستانی عێراقیش، لەماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا زۆر قوتابخانەیان کردوونەتەوە. بەڵام ئەو کێشەیە چ کاریگەرییەکی لەسەر کورد دەبێت؟

یەکەمین هەستیاری لەنێوان جووڵانەوەی گیولەن و AKP ئەوکاتە دەرکەوت کە سەرکردایەتی سوپای تورکیا بە هاوکاریی نێوان AKP و گیولەن تێکشکێندرا. ئێستا کە سوپای عەلمانیی تورکیا نەماوە، AKP و گیولەن ترسی ئەوەیان نەماوە کە سوپای تورکیا لەڕێگەی کودەتای سەربازییەوە بگەڕێتەوە سەر حوکم، وەک ئەوەی لە میسر ڕوویدا. ئێستا کە مەترسیی سوپا نەماوە، گیولەن و AKP هیچ بەرژەوەندییەکی هاوبەشیان لەنێواندا نەماوە. جووڵانەوەی گیولەن هەژموونی زۆری هەیە بەسەر پۆلیس و بازرگانان و دادوەران لە تورکیا. ئەو گرووپە زۆر پشتیوانی لە ڕۆژئاوا دەکات و دژی ئێرانە. ئەمەش لەکاتێکدایە کە هەندێک لایەنی نزیک لە ئەردۆغان سەرسامن بە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران. لەکاتێکدا AKP دەیەوێت دانوستاندن بکات لەگەڵ PKK، بەبێ ئەوەی مافە کەلتوورییەکان بداتە کورد، جووڵانەوەی گیولەن دەیەوێ PKK لەناوببات و مافە کەلتوورییەکانیش بەتەواوەتی بداتە کورد. ئەنجامی ئەمەش ئەوەیە کە ئەو پارتە کوردییە زۆر دژی جووڵانەوەی گیولەن-ە. جووڵانەوەی گیولەن وا لە PKK دەڕوانێت کە هەڕەشەیە لەسەر دەسەڵاتەکەی لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژئاوای تورکیادا، دەشترسێن کە پرۆسەی ئاشتی وابکات PKK و ئێران بەهێز ببن. هەر لەبەر ئەمەش داواکارێکی گشتی کە پشتیوانی لە گیولەن دەکات، لە مانگی شوباتی ساڵی 2012دا، هەوڵیدا هاکان فیدان، بەرپرسی دەزگای هەواڵگریی تورکیا بخاتە زیندانەوە. ئەویش لەبەرئەوەی دەستی بە گفتوگۆ کردووە لەگەڵ PKK. هەروەها هەوڵیاندا سووکی بکەن لە میدیای نێودەوڵەتیدا. کەچی ئەردۆغان یەکسەر داکۆکیی لە فیدان کرد، بەڵام لەبیری نەکرد کە جووڵانەوەی گیولەن هەوڵیداوە گورز لە کەسێکی نزیک لەخۆی بدات.

جووڵانەوەی گیولەن بەشێوەیەکی سەرەکی بەرپرسیارە لە کەیسی KCK کە بەهۆیەوە دەیان کەس لە کوردە هەوادارەکانی PKK دەستگیرکران. هەر ئەو کەیسەش یەکێک بوو لە کێشە گەورەکانی بەردەم پرۆسەی ئاشتی. بە ئاشکراکردنی نێوەڕۆکی کۆبوونەوەکانیش جووڵانەوەی گیولەن هەوڵیدا ڕێگە لە سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی بگرێت.

کەواتە ڕەنگە PKK و عەبدوڵڵا ئۆجەلان پشتیوانی لە ئەردۆغان بکەن نەک لە جووڵانەوەی گیولەن، چونکە ئەو جووڵانەوەیە سەرچاوەی هەڕەشەیە لە PKK و پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا. هەرچەندە PKK حەزی لەوەیە کە هەردوو گرووپە ئیسلامییەکە (واتە ئەردۆغان و گیولەن) لاواز ببن، بەڵام لەکۆتاییدا بۆ ئەوان ئەردۆغانێکی لاواز قازانجی زیاترە بۆ دانوستاندنەکان.

بۆ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕەوشەکە قورسە. هەم تاڵەبانی و هەم بارزانی ڕێگەیان بە جووڵانەوەی گیولەن داوە دەیان قوتابخانە لە کوردستان بکەنەوە بۆئەوەی بواری پەروەردە بەرەوپێشەوە ببەن و پەیوەندی قووڵیش لەگەڵ تورکیا سازبکەن، بەڵام بارزانی چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد هیچ کێشەیەک لەنیوان گیولەن و AKPدا ڕووبدات. لەبەرئەوەی بارزانی پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ ئەردۆغان دروستکردووە، پێی گرنگە هەر ئەردۆغان لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، چونکە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە بۆ ئەو نییە لە تورکیادا. پارتەکانی دیکەی نێو تورکیا زۆر دژی هەرێمی کوردستانن. بۆیە زۆر پێدەچێت کە هەم پارتی و هەم PKK پشتیوانی لە ئەردۆغان بکەن نەک فەتحوڵڵا گیولەن. هەرچەندە زۆر زووە بۆئەوەی بڵێین کام لایەنەیان دەیباتەوە، هەروەها ناشزانین کاریگەریی ئەو ناکۆکییە لەسەر کورد چی دەبێت، بەڵام ئەوە ڕوونە کە کاریگەریی لەسەر پرۆسەی ئاشتی دەبێت لە تورکیا. هەروەها کاریگەری لەسەر پەیوەندییە ئابوورییە ئایندەییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیاش دەبێت.







هیوا محەمود عوسمان
hiwa@rudaw.net

# حیساباتی کۆتایی ساڵ

دیسان ئەوکاتەی ساڵە، کە دەبێ لییەوە ئاوڕ بدەینەوە و لەهەمانکاتدا بۆ پێشەوەش بڕوانین. بە ئاوڕدانەوە ساڵی 2013 هاوراز و نشێوی خۆی هەبوون لە هەرێمی کوردستاندا.

لە ڕووی دیموکراتییەوە، هەڵبژاردنێکی زۆر سەرکەوتوو ئەنجامدرا. هەڵبژاردنێک کە براوە و دۆڕاوی نەبوو، هەڵبژاردنێک کە سەلماندی کوردستان ناتوانرێ لەلایەن یەک حیزب بەڕێوە ببرێت و باشترین ڕێگای بەرەو پێشچوون حکومەتی بنکە فراوانە کە لەسەر بنەمای هاوبەشی ڕاستەقینە دامەزرابێت.

بەڵام هێشتا ئەو حکومەتەمان نییە و هەموو لایەنەکان وا دەردەکەون کە کۆک بن لەسەر بەردەوام بوون لەسەر ڕێچکە باوەکە و کاتی زیاتر بدەن بە نێچیرڤان بارزانی ڕاسپێردراوی فراکسیۆنی یەکەم بۆ تەواوکردنی گفتوگۆکان و دواتر لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بە فەرمی ڕابسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت.

ئەمەش ئەمڕۆ وەک تاکە خاڵی کۆدەنگی سیاسی دەردەکەوێت لە کوردستان. نزیکەی هەموو حیزبێکی سیاسی خاوەن سەنگ وا دەردەکەون دووربکەونەوە لە ئەوانی دیکە بۆ زیادکردنی ئاڵۆزی زیاتر بۆ سیاسەتی نێوخۆی هەرێمی کوردستان.

لە بواری ئازادی ڕاگەیاندندا، یاسایەک کە وادەکات مافی بەدەستهێنانی زانیاری بەدی بێت تێپەڕێنرا، بەڵام لەهەمانکاتدا چاوترسێنی میدیا بەردەوامە و ڕۆژنامەنووسێکی دیکە بەهۆی کارەکەیەوە کوژرا. هەرچەند لە دەرەوە هەرێمی کوردستان وادەردەکەوێت کە شوێنێکی باشتر بێت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەڵام دەکرێ ئەمە لەناوبچێت بەهۆی داینامیکە سیاسییە نێوخۆییەکان و بۆشایی فراوانی نێوان لایەنە جیاوازەکان.

ئەمە پەیوەستیشە بە پێشکەوتنی ئابووری هەرێمەکەوە کە ئێستا ئامادەیە بۆ هەناردەکردنی نەوت، یان لە هەناردەکردنی نەوت بەردەوامە بۆ تورکیا، بەڵام زۆر پرسیار لەبارەی داهاتووی نەوت و داهاتەکەی بێوەڵام دەمێننەوە.

داینامیکە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێ ببنە هۆی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسەتی نەوت و ئابووری لە داهاتوودا.

ساڵی ڕابردوو، لەهەمان ئەم کاتەدا، قسە لەبارەی ئەوەوە دەکرا کە کوردانی عێراق "پڕ دەنە سێوی" سەربەخۆیی، دیسان ئەو پرسیارە قوتبووەوە، کە ئایا ئامادەین؟

ئەمساڵ، کوردی عێراق نزیکتر دەردەکەون لە "پڕ دانە سێوەکە"، بەتایبەت، کە نەوت بەرەو تورکیا هەناردە دەکرێت.

بەڵام ئەمجارە پرسیارەکە ئەوەیە: لەگەڵ ئەم فاکتەرە نوێیە، ئەگەرەکانی بەردەممان چین؟ ئایا دەبینە هەرێمێکی پەراوێزخراو (یان دەوڵەت) لە دەوروبەر و بەتەواوی پشتبەستوو بە تورکیا؟ ئەگەر وابێت، ئایا ئەمە زەمینە خۆشکردن نییە بۆ دووبارەبوونەوەی بەشێکی تاڵ، کە بریتییە لە کەواندنمان لەلایەن دراوسێیەکەوە؟ یان ئایا ئەمە دروستکردنی کۆمارێکی مۆز نییە بۆ تورکیا؟ ئەمە لە ڕووی دەرەوە.

لە ڕووی نێوخۆییەوە، مشتومڕی ئێستا ئەوەیە لەگەڵ هەموو ئەو پارەی نەوتە، ئایا بەرەو مۆدێلێکی وەکو نێجیریا دەچین یان نەرویج؟

ئایا هێندە گونجاوین کە وەک نەرویج بین؟ یان ڕێژەی ململانێی نێوخۆیی و گەندەڵی هێندە بەرزە کە بەس بێت بۆ ئەوەی دامانبەزێنێ بۆ ئاستی نێجیریا؟


ئارگومێنتی سێیەم کە هەندێک حەزدەکەن ببینن ستایلی ئابووری و حوکمڕانی وڵاتانی کەنداوە.

نوخبەیەکی حوکمڕانی نابەرپرسیار کە پارە دەخەنە بەردەم خەڵک و کرێکاری بیانی بەکاردێنن بۆ ئەنجامدانی هەموو شتێک بۆیان.

لەڕاستیدا، هەندێک حەزیان لە گرتنەبەری ئەم بژاردەیە بە هەوڵدان بۆ بەراوردکردنی شارەکانی کوردستان لەگەڵ شارەکانی کەنداو.

لێرە پرسیارەکە ئەوە دەبێت ئایا کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ هەموو مێژوو خوێنڕشتن و چەوساندنەوەی هاوشێوەی کۆمەڵگای کەنداوە؟ مۆدێلی کەنداو لێرە سەرکەوتوو دەبێت؟

ئەمانە هەموویان پرسیارگەلێکن کە بیرمەند و سیاسییەکانمان پێویستە ئامادەبن بۆ ئەوەی قوڵتر لێیان وردببنەوە وەک چۆن دەچنە نێو ساڵی 2014.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw. net

# ئۆجەلان دەبێتە ماندێلا؟

کاتێک نوێترین وێنەکانی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان PKK، بڵاوبوونەوە، لە ئەفریقای باشوور بووم. لە وێنەکاندا ئۆجەلان چیدیکە پیاوە ڕیش و سمێڵ ڕەشە قەترانییەکەی جاران نەبوو. هەرچەندە بە مۆراڵێکی بڵندەوە دەرکەوتبوو، بەڵام مووەکانی سپی ببوون. ئۆجەلانی سەرسپی، ماندێلای سەردەمی بەر لە زیندان و دوای زیندانی بیرهێنامەوە کە چۆن بە قژی ڕەشەوە چووە زیندانەوە و چۆنیش بە سەری سپییەوە هاتە دەرەوە. لەوێ پرسیم: ئۆجەلان دەبێتە ماندێلای سەردەمی خۆی؟ وەڵامەکەشم نەخێر بوو.

لەنێوان ئۆجەلان و ماندێلادا چەندە خاڵی هاوبەش هەن، زۆرتر لەوەش جیاوازی هەن. هەردوو سەرکردە ڕێبەرایەتیی جووڵانەوەیەکیان بۆ ڕزگاربوونی گەلەکەیان کرد. هەردووکیشیان کاتێک دەستگیرکران کە هەموو دنیا وەکو "تیرۆریست" هەواڵی گیرانەکەیانی دەگواستەوە. ماندێلا گەنجێکی چوست و چەلەنگ بوو و لەنێو ئۆتۆمبێلێکدا گیرا کە دەمانچەیەکی شۆڕشەکەی تێدابوو، ئۆجەلانیش لە وڵاتێکدا گیرا کە وەک دواتر دەرکەوت، زۆری نەمابوو لێیەوە بگاتە وڵاتی ماندێلا و تێیدا نوایەکی ئارام بدۆزێتەوە.

هەم ماندێلا و هەم ئۆجەلان لەنێو زینداندا بوونە سیمبولی بەرخۆدانی گەلەکانیان. بۆیە وەکچۆن لە ئەفریقای باشوور مەرجی ئازادکردنی ماندێلا مەرجی لەپێش بوو بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی ئاپارتهاید، ئاواش مەرجی ئازادکردنی ئۆجەلان بۆ هاوەڵەکانی بەردەوام خاڵێکی سەرەکیی نێو ئەجێندای دانوستاندنەکان بووە لەگەڵ حکومەتی تورکان. کاتێک ماندێلا ئازادبوو چیدیکە گەنجە چوست و چەلەنگەکەی جاران نەمابوو، ئەگەر ئۆجەلانیش ئازادببێت چیدیکە پیاوە مووڕەشەکەی جاران نییە. جیاوازییەکان لەدوای ئازادکردنی ماندێلاوە دەستپێدەکەن. کاتێک ماندێلا ئازادبوو، لایەنی بەرامبەرەکەی، ئەگەر نەڵێین دوژمنەکەی، کەمینەیەکی سپی پێست بوو کە حوکمی ئەفریقای باشووری کردبوو. بۆیەش لەدوای ئازادکردنییەوە ئەو کەمینە سپییە لە تۆڵەی زۆرینەی ڕەشپێست دەترسان. لە تورکیا ئەوەی وڵاتی کوردانی داگیرکردووە و چەندین ساڵ زوڵمی گەورەی لە نەتەوەی ئۆجەلان کردووە، تەنانەت دوای ئازادکردنی ئەویش وەکو زۆرینە دەمێنێتەوە و کورد هەر لەڕووی ژمارەوە کەمتر دەبن لەوان. بۆیەش ترسی تۆڵەسەندنەوەی کورد هێندە ترسێکی گەورە نییە بۆیان. هەروەها ماندێلا کە ئازادکرا، کەوتە پێگەیەکەوە کە بڕیار لەسەر لێبووردن یان تۆڵەکردنەوە بدات و دەشیتوانی تۆڵە بکاتەوە، بەڵام ئۆجەلان ناکەوێتە ئەو پێگەیەوە.

خاڵێکی دیکەی جیاوازیی نێوان ئۆجەلان و ماندێلا لەوەدایە کە ماندێلا بێمنەت بوو، دەیزانی بە سندووقی دەنگدان دەتوانێ حوکمی هەموو خەڵکی ئەفریقای باشوور بە ڕەش و سپییەوە بکات، بەڵام ئەگەر ئۆجەلان ئازاد بوو، ئەو دڵنیاییەی نییە و زەحمەتیشە بتوانێ بگاتە ئەو پێگەیە.

جیاوازییەکی دیکە لە شێوازی کارکردن و بڕوابوونی ماندێلادایە بە فرەحیزبی و فرەڕەنگی. ئەو لەدوای ئازادبوونی، بنەمای فرەیی لە دەستووری وڵاتەکەشدا چەسپاند. بۆیە ئێستا مۆتۆی دەوڵەتی ئەفریقای باشوور کە لەسەر زۆر لە باڵەخانەکان نووسراوە، بریتییە لە "یەکێتی لە فرەییدایە".

بەڵام بیر و کردەوە و ڕابردووی ئۆجەلان و پارتی کرێکارانی کوردستان PKK پیشانیدەدات کە تەواو پێچەوانەی ماندێلایە. هەم لە سەردەمی خەباتی شاخدا، کە هێشتا ئۆجەلان ڕێبەرێکی ئازاد بوو، هەم لەدوای ئەویش و لە ئەزموونی ڕۆژئاوای کوردستان و تەنانەت باکووری کوردستانیشدا PKK هیچکات یەکێتی-ی لە فرەییدا نەبینیوە.

بۆیە پێموایە ئۆجەلان ئازادیش بێت نابێتە ماندێلای سەردەمی خۆی. ڕەنگە ئەو مرۆڤەی بەر لە گیرانیشی نەمێنێت و ببێتە ئۆجەلانێکی نوێ. ئۆجەلانێک کە ڕەنگە نە بە کەیفی ئەوانە بێت کە لەسەردەستی خۆی پەروەردە بوون و نە بە کەیفی ئەوانەش بێت کە دەیانەویست ئۆجەلانێکی جیاوازی لێ دروست بکەن.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# وانەگوتنەوە لەبارەی کورد

زۆر لەمەوبەر نا، کتێبێکی نوێم دەستنیشانکرد بۆ گوتنەوەی لە زنجیرە وانەیەکدا دەربارەی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. وادەرکەوت ڕێک بەوجۆرەیە کە من دەمویست، لەڕووی نێوەڕۆک و لەخۆگرتنی 16 بەشی زیادە کە هەر بەشەی تایبەت بوو بە یەکێک لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا.

هیچ بەشێکیشی تایبەت نەکردبوو بە کورد، ئەمازیغ، مەسیحی یان گرووپە کاریگەر و بێدەوڵەتەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (بێگومان جیا لە فەلەستینییەکان)، منیش تارادەیەک لەم بابەتە خۆم کێشاوەتەوە.

ئەو شتەی کێشەم هەیە لە تێگەیشتن لێی، چۆنێتی باسکردنی کوردە لەلایەن ئەو پسپۆڕەی بەشی تایبەت بە عێراقی نووسیوە. بە ڕێبازێکی زۆر باوی لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەشێوەیەکی سیستماتیکیانە گۆشەنیگای کوردی کز کردووە و خستوویەتیە لاوە. لەنێو هەموو ئەو ئەکادیمییانەی ئەمڕۆ بەشێوەیەکی سەرەکی کار لەسەر دۆزی کورد دەکەن، زۆر سەختگیر، تەنیا ئاماژەی بە ڕەخنەگرێکی توند و سەختگیر بەرامبەر بە کورد کردووە.

دەبێ هەندێ نموونە بیرۆکەیەک بدەنە خوێنەر لەبارەی جۆری ئەو گۆشەنیگایەی ئەوجۆرە "پسپۆڕییە" بانگەشەی بۆ دەکات.

شۆڕشە کوردییەکانی ساڵانی 1920 .. سی، چل و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو هەر ئاماژەیان پێنەکراوە لەو بەشەی تەرخانە بۆ مێژووی عێراق. لکاندنی بەزۆری کورد بە عێراقەوە، یان بەڵێنە شکاوەکانی ڕێککەوتننامەکان یان بەڵێنەکانی بەریتانیا لە ساڵی 1922 ئاماژەیان پێنەکراوە. یەکەمین ناوهێنانی ڕۆڵی کورد لە مێژووی عێراقدا لەگەڵ باسکردن لە ڕژێمی قاسم دێت:

"سەرەڕای هەوڵەکانی قاسم بۆ دەستڕاهێشتن بۆ کورد و بانگهێشتکردنی سەرکردەی کورد و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، مستەفا بارزانی بۆئەوەی لە یەکێتی سۆڤێتەوە بگەڕێتەوە عێراق، ساڵی 1961 کێشە لەنێوان ئەو دوو سەرکردەیەدا دروستبوو.

کاتێک بارزانی و سەرکردایەتی کورد ئەوەیانکرد کە قاسم بە داواکاری زیاد لە پێویستی زانین بۆ ئۆتۆنۆمی و فەوجێکی سوپای عێراق لە مانگی مایسی 1961 هێرشی کرایە سەر، سوپای عێراق باکووری داگیر کرد".

ئەو خوێندکارانەی ئەمە دەخوێننەوە ڕەنگە بڵێن بارزانی بۆچی بەر لە 1958 لەیەکێتی سۆڤێت بوو (نووسەرەکە وەڵامی ئەمە ناداتەوە)، لانیکەم وا دەزانن هەموو کێشەی کورد بەهۆی "داواکاری زیاد لەپێویستی کورد" و هێرشکردنە سەر سوپای عێراق لە 1961 دروستبووە. جەنەڕاڵ قاسم هەژار و کوردیش کەم عەقڵ دێنە بەرچاو.

لەم "مێژووی عێراق"ەدا، تەنیا یەک ڕستە هەیە لەبارەی هەڵەبجە و شاڵاوەکانی ئەنفال، بەدوایدا ئەمە دێت "هەروەها، ئەوانە کورد بوون کە ساڵی 2006 مۆنۆمێنتی قوربانیانی هەڵەبجەیان سووتاند وەک نارەزایییەک بەرامبەر پاوانخوازی و گەندەڵیی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان." بەشێوەیەکی ئاسایی نووسەر سەرنجی زیاتر دەخاتە سەر شەڕی نێوخۆی نێوان یەکێتی و پارتی لە ساڵانی 1994 بۆ 1998 (لەوانە ڕووداوەکانی ئابی 1996)، پرسیار دەخاتە سەر دەستکەوتە دیموکراتییەکانی هەرێمی کوردستان، بێ بنەما هەرێمی کوردستان تۆمەتبار دەکات بە "هەڕەشەکردن لەو کوردانەی ئاڵای عێراقیان بەرزکردەوە" لە یارییەکی ساڵی 2007ی جامی ئاسیا بۆ تۆپی پێ، دەشڵێ مەسعود بارزانی و سەدام حوسێن "هاوکارییان کردووە بۆ بە قاچاخ بردنە دەرەوەی نەوت لە عێراق" لە ساڵانی 1990.

کە دێتە سەر عێراقی هاوچەرخ، نووسەرەکە دێتە سەر باسی "گەندەڵی" کوردستان و مۆنۆپۆلی دەسەڵات لەلایەن دوو حیزبە سیاسییە سەرەکییەکەوە. "دەستبەسەرداگرتنی داهاتی نەوت"، "چاوترسکردنی میدیا"، "هەڵاوسان"، "ئۆتۆکراسی" و هەروەها هەرشتێکی دی کە بە خەیاڵیدا دێت.

نووسەرەکە بەشێوەیەکی ناڕوون زیادبوونی پێگەی جەماوەری بزووتنەوەی گۆڕان وەک بەڵگەیەک نیشاندەدات بۆ ڕەتکردنەوەی "مەزهەبگەرایی" لەلایەن گەلی عێراقەوە. ئەمە دەربڕی هەموو ئەو شتانەیە کە لە بەشی تەرخان بە عێراق لەم کتێبە زانکۆییەدا لەبارەی کوردی هەرێمی کوردستان هاتووە.

لەکاتێکدا کورد و هەرێمی کوردستان کێشە و هەڵەی خۆیان هەن، تێگەیشتن لە بارودۆخەکە پێوستی بە تێگەیشتن لە سیاق، خاڵی جیاواز و بەراوردکاری و تێگەیشتن لە چۆنێتی کارکردنی سیاسەت لە سەرتاسەری جیهاندا هەیە (هەوڵدەدەم لە چەند گۆشەیەکی یەک لەدوای یەک هەندێ لەم بابەتانە ڕوونبکەمەوە). جێژم لە ڕەخنەگرتن لەو بەشەی کتێبەکەی ئەو "پسپۆڕە" بینی لە پۆلەکەمدا، هێشتا سوود لەو کتێبە دەبینم، چونکە بەشەکانی دیکەی زۆر لەو بەشەی تەرخانە بۆ عێراق باشترن. بەداخەوە، وام دێتە پێشچاو پرۆفیسۆرێک بەهەموو پسپۆڕییەکانییەوە کورد دەخاتە دەرەوەی باسەکەی و بەمجۆرە بەشەکان دابەش دەکات بەبێ بیرکردنەوەی قووڵتر.

زۆر جار، پێدەچێ هەر بەمجۆرە ئەزموونەکانی کورد بخرێنە بەردەم ئەو خوێندکارە ئینگلیزی زمانانەی چەند وانەیەکی سەرەتایی لەبارەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەردەگرن.

بابەتی فێرکاری لەبارەی تورکیا جەختیان لەسەر جیاخوازی و "تیرۆریزمی پارتی کرێکارانی کوردستان"ە، هەرکات باسی کوردی ئەوێ دەکرێت، هیچ نەبێ لانیکەم هەندێ زانیاری دەخرێتە ڕوو لەبارەی سەرکوتکردنی مافە کەلتووری و زمانەوانییەکان. بابەتی پەیوەست بە ئێران و سووریا باسی کوردی هەر تێدا نییە. ڕەنگە ئەمە هاوکاربێت بۆ شرۆڤەکردنی سیاسەتی حکومەتی ئەمریکا لەم ڕۆژانەدا. هەموو نەوەی خوێندکارانمان پێگەیاندوون بە تێگەیشتنی کەم و پەرۆشیی کەمترەوە بۆ تێڕوانینیان لەبارەی مێژوو و سیاسەتی کورد.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## لە دانیمارک شاڵی کوردی دەچێتە نێو وانەی فاشن

13

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

